# گـــوتــاری تیرۆریــزم

## کۆمەڵێك نووسەر

**وەرگێڕانی**

مراد حەکیم – هیوا مەلا عەلی – محەمەد ئەمین عەبدولقادر

– کاوە چەم – ئارام ئەمین – تەحسین تەها

کوردستان – هەولێر

٢٠٠٦



**ناوی کتێب: گوتاری تیرۆریزم**

– نووسینی: کۆمەڵێك نووسەر

– وەرگێڕانی: کۆمەڵە وەرگێڕێك

– نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی

– بەرگ: سەیوان

– سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات

– ژمارەی سپاردن: ٢٣٧

– تیراژ: ١٠٠٠ دانە

– چاپی یەکەم: ٢٠٠٦

– نرخ: ٢٠٠٠ دینار

– چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

**بنکەی توێژینەوە**

**زنجیرەی کتێب – ٢ –**

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن: 2260311**

www.mukiryani.com

# ناوەڕۆك


**چاوخشاندنێك بە هەنگاوەكانی**............ دیدەخت سادقی حەقیقی ....... ٥

**ئامرازێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم** ....... موریس فلۆری ............. ٤٣

**گووتاری تیرۆریستی: نیشانەكانی، دەوڵەت و**...... جەیمز دێر دێریا.......... ٦٧

تیـــرۆریـــــزم ............................ **محمود ئەلمەراغی** .................. ١٤١

**میدیاو تیرۆریزم: هەڵسەنگاندنێكی دیكە** ..... پۆل وبلكینسۆن ........... ١٥١

**زنجیرە باسێك لەسەر تیرۆریزم** ......**..............** چوار پرسیار .................. ١٧٧

# چاوخشاندنێك بە هەنگاوەكانی كۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی

دیدەخت سادقی حەقیقی

و: مراد حەكیم

## پێشەكی

كۆمەڵگای جیهانی لە زووەوە وەك دیاردەیەكی ئەبنۆرمەل و نامرۆیی كە بەشێوەیەكی شێلگیر مەترسییە لەسەر دیمۆكراسی و ئازادییە گشتییەكان، سەیری تیرۆریزمی كردووە. ئێستاش هەولە تیرۆریستییەكان، دەبنە هۆی قوربانیبوونی مرۆڤەكان و بەفیرۆچوونی سەرچاوەكانی مادی نەتەوەكان.

لەبەر ئاكامە مەترسیدار و هەندێجار قەرەبوونەكراوەی ئەم قەیرانە نێونەتەوەییە، كۆمەڵگای جیهانی هەوڵگەلێكی خستووتەگەڕ بۆ لەناوبردن یاخود رووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا. لەم روانگەیەشەوە زۆر لە بیرمەند و تۆژەران لەم دیاردەیەیان كۆڵیوەتەوە و، هەر یەكێكیان بەپێی كەرەستەی هزری و زانستی خۆی رێگاچارەگەلێكی خستووتەڕوو. لەم رێڕەوەدا رێكخراوە نێونەتەوەییەكانیش



هەوڵیانداوە بەگرتنەبەری رێوشون و خستنەڕووی پرۆگرامگەلێك، تیرۆریزمی نێونەتەوەیی سەركوت بكەن. ئاكامی هەوڵی دامەزراوەكانی ناوبراو ئیقراركردنی چەند كونڤانسیۆنێكی نێونەتەوەیی بووە لەم بوارەدا.

بە زۆربوونی رووداوەكانی تیرۆریستی و جۆراوجۆرییان، دەوڵەت و دامەزراوەكانی نێونەتەوەیی هەوڵیانداوە تاكو ئاراستەگەلێك كە هاوشێوەن لەگەڵ شێوازە جیاوازەكانی كردەكانی تیرۆریستی، بۆ جڵەوكردنیان بگرنەبەر، بەڵام وا دەردەكەوێت كە سەركەوتنێكی وەها لەم بوارەوە بەدەست نەهاتووە.

لەم رێڕوەدا هەنگاوەكانی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە خەباتیدا لە دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی، بەتایبەتی ئەنجوومەنی ئاسایش وەك كوچكەیەك كە بەرپرسیارەتی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لە ئەستۆدایەو، كاریگەری بڕیار و هەنگاوەكانی دامەزراوەی ناوبراو لەسەر كۆمەڵگای نێونەتەوەیی شایانی سەرنجدان و قووڵبوونەوەیە؛ بەتایبەتی كە لە پرۆسەی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزمدا هەندێجار بەرژەوەندیخوازی و كردەی جیاكارییانەی ئەم كوچكەیەمان بینیوە.

نەگەیشتن بە پێناسەیەكی شەفاف و شیاوی پەسەندكردن لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی نەتەنیا هەوڵەكانی كۆمەڵگای جیهانی لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تیرۆریزمدا نەزۆك كردوون، بەڵكو بۆنەتە هۆی ئەوەی كە زۆرێك لە وڵاتەكان لە رێكنەكەوتن لەسەر چەمكی تیرۆریزم بە خراپی سوود وەرگرن و وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی بەكاریبهێنن. ئەم شتە بەتایبەتی لە دوای رووداوە تیرۆریستیەكانی ١١ سپتێمبەری ٢٠٠٠ لە ئەمریكا و خراپ سوودوەرگرتنی ئەم وڵاتە لە تەمومژاویبوونی وشەی تیرۆریزم لە هەوڵەكانیدا لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تیرۆریزمدا بەڕوونی دیارە.

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای جیهـان لـەمڕۆدا شـایەدی بـەربڵاوبوونی (فراوانبـوونی) هەوڵە تیرۆریستیەکان و فرەجۆریەکەی و پەرچەکرداری تاك لایەنە لەلایەن هەندێ لە وڵاتەکان کە بەبەهانەی سەرکۆتکردنی تیرۆریزم دەسپێشخەری بۆ کردەگەلێکی تاکلایەنە دەکەن کە هەڕەشـە لـە ئاسایـشی وڵاتـانی دیکـە دەکـات، گوتـەزای تیرۆریزم و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا بایەخێکی تایبەتی هەیە.

## هەنگاوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

## لە خەباتی دژی تیرۆریزم

لەدوای تیرۆری ئەلیکساندەری پاشای یوگوسلاڤیا لـە ٩ نوڤێمبـەری ١٩٣٤، ئەنجوومەنی کۆمەڵگای نەتەوەکان لە ١٠ دیسێمبەری ١٩٣٤ بڕیـارێکی دا کـە وڵاتەکان نابێت رێگەبدەن هەنگاوە تیرۆریستیەکان لە وڵاتەکانیاندا ئەنجام بـدرێن و ئەوان دەروەستن بە جڵەوکردنی ئەم هەنگاوانە. بەم شێوەیە بابەتی تیرۆریـزم لـە کۆمەڵگای نەتەوەکان خرایەڕوو. پاشان لەم بـارەوە دوو پـلان خرانـە بەردەست: یەکەم پێشنیارکردنی کۆنڤانسیۆنێکی دژی تیرۆریستی لەژێر ناوی «رێگـەگرتن و سزادانی تیرۆریزم»[1] دووەم پێشنیاری دروستکردنی دادگایەکی نێونەتەوەیی سزادان کە لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی، ١٦ نوڤێمبەری ١٩٣٧ لە جنێف بـۆ بڕیـار لـە سەردان، خرایەڕوو.[2]

ئەگەرچی کۆنڤانسیۆنی ناوبراو، هەرگیز دەسـەڵاتی جێبـەجێ کردنـی بەخۆیـەوە نەدی، بـەڵام لەبەرئـەوەی هەوڵـە تیرۆریـستیەکانی بـە تـاوانێکی نێونەتـەوەیی



لەقەڵەمدا، بناغەی تێڕوانینێکی گرنگی سەبارەت بە تیرۆریزم دانا. لـە راسـتیدا پەیماننامـەی نـاوبراو یەکـەمین دۆکیـومێنتی هاوکـاری نێونەتـەوەیی بـوو بـۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم کە لەبەر روودانی جەنگی دووەمی جیهانی و لـە ناوچوونی کۆمەڵەی نەتەوەکان جێبەجێ نەکرا.[3]

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تیرۆریزم لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانـدا باسی لێوەکرا. لە پەیمانەکەدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژەیەك بـە تیرۆریـزم و شێوەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا نەکراوە. رەنگە بتوانین بێدەنگی بڵاوکراوەکە بە دوو هۆ لێکبدەینەوە: یەکەم ئەوەی لە کاتی بڕیـاردان لەسـەر پەیمانەکـە، کـردە تیرۆریستیەکان فرەرەهەند نەبوون و دواتریش، ئاکامە خراپەکانی نەبوونە جێگەی بایەخپێدانی کۆمـەڵگای جیهـانی، دووەم ئـەوەی لـە زۆر حاڵەتـدا گروپگـەلێك پەنایان دەبردە بەر توندوتیژی کە خوازیاری رزگاربوون بوون لە داگیرکەر و رەنگە هەنگاوەکانیان جۆرە شەرعیەتێکی نێونەتەوەیی هەبووبێت.

بەتێپەڕینی کات و فراوانبوونی کردە تیرۆریستیەکان، بابەتی تیرۆریـزم لـە چـەند رووێکەوە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خرایەڕوو. یەکێك لـەم لایەنانـە، بایەخدان بوو بە مافی مرۆڤ. مادەکانی ٥٥ و٥٦ پەیمانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان رێزگرتن و رەچاوکردنی مافی مرۆڤ رووندەکەنەوە. ئەمڕۆ وڵاتان لەسەر ئـەوە کـە هەوڵە تیرۆریستیەکان پێـشێلی مـافی مـرۆڤ دەکـەن کـۆك و تـەبان. بۆیـە لـە کۆمیتەی کۆمـەڵایەتی و مافـەکانی مـرۆڤ لەسـەر تیرۆریـزم بـاس و توێژینـەوە ئەنجامدران کە ئەنجامەکەیان گەیـشتن بـوو بـە بڕیارگـەلێك لـەبارەی تیرۆریـزم و پارێزگاری کردن لە مافەکانی مرۆڤ.[4]

لەلایەکی دیکەوە، لەبەر پێویستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی کە یەکێکە لە ئامانجە بنچینەییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان[5] و پەیبردن بەوەی تیرۆریزم هەڕەشە لە ئاشتی جیهانی دەکات، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەرکە جیاوازەکانیدا پرژاوەتە سەر ئەم بابەتە و ڕێوشونگەلێکی گرتۆتە بەر.

## باسکردنی مەسەلەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە کۆمەڵەی گشتیدا

دوابەدوای زۆربوونی کردە تیرۆریستیەکان و بەتایبەتی چەند ڕووداوێکی لەم جۆرە لە دەیەی ١٩٧٠ کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو[6] نوێنەری ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوەکان داوای دادگایی و سزادان یاخود بەدەستەوەدانی ئەو کەسانەی کرد کە کردە تیرۆریستیەکان ئەنجامدەدەن، کەچی پێشنیاری ناوبراو دەنگی پێویستی بە دەست نەهێنا تا بڕیاری لەسەر بدەن.[7] دوای ئەوەش کورت ڤالدهایم سکرتێری گشتی ئەوکاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە میانەی پێشنیارێکیدا خوازیاری گرتنەبەری ڕێوشون و میکانیزمگەلێك بوو بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە تیرۆریزم و لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی ڕووداوی تیرۆریستییان لێ دەکەوێتەوە. کۆمەڵەی گشتیش لە دانیشتنی بیست و حەوتەمی خۆیدا[8] بە دەرکردنی بڕیارێك[9] خوازیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی تایبەتی بوو کە دوای تاوتوێی بیروڕا و تێبینی دەوڵەتان، ڕاپۆرتەکانی خۆی لە دانیشتنی بیست و هەشتەم تەسلیم بکات.[10]



کۆمیتەی ناوبراو لەدوای دامەزرانی لە سێ بواردا کەوتە جموجول: پێناسەی تیرۆریزم، لێکۆڵینەوەی هۆکار و پاڵنەرەکانی و گرتنەبەری ڕێوشونگەلێك بۆ ڕێگەلێگرتنی.[11]

## پێناسەی تیرۆریزم

بەدرێژایی دانوستانەکانی کۆمیتەی تایبەتی، پێناسەی تیرۆریزم یەکێك بوو لە جەنجاڵترین و پڕ مشتومڕترین حاڵەتەکان و چەقی قورسایی جیاوازی بیروڕای وڵاتانیی جیهانی سێیەم بوو لەگەڵ بلۆکی ڕۆژئاوا.

**هەڵوێستی وڵاتانی جیهانی سێیەم و نادەروەستەکان:**

وڵاتانی جیهانی سێیەم وێڕای دووپاتکردنەوەیان لەسەر ئەولەویەتی پێناسەکردنی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی، تەئکیدیان دەکردەوە کە سەرەتا دەبێت کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بگات بە تێگەیشتنێکی دیار لەم زاراوەیەو دواتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا ڕێوشونگەلێك بگرێتەبەر. ئەوان لەسەر ئەم بنچینەیە، خوازیاری بەستنی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بوون، بۆ پێناسە و راڤەی زاراوەی تیرۆریزم و جیاوازییەکەی لەگەڵ بزاڤە ڕزگاریخوازەکان بەپێی بڕیاری ٣٠٣٤ کۆمەڵەی گشتی، کە بەرگری دەکرد لە شەرعیەتی خەباتی شۆڕشە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان.

بڕیاری ناوبراو سەرچاوەی جیاوازی بیروڕا بوو لەنێوان نوێنەرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. زۆرترین ترسی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو، سنوورداربوونی چالاکی بزاڤە ڕزگاریخوازەکان بوو. بە بڕوای ئەم وڵاتانە هەر جۆرە هەوڵێك بۆ پێناسەی تیرۆریزم

نابێت خەڵەڵێك بۆ چالاكی گروپە ڕزگاریخوازەكان دروست بكات. بۆیە ئەم وڵاتانە لە دانیشتنی بیست و شەشەم ڕایانگەیاند كە پێكهێنانی كۆنفرانسێكی جیهانی، یارمەتی كۆتاییهێنان دەدات بەو جیاوازی بیروڕایەی هەیە لەسەر دەستنیشانكردنی كارە تیرۆریستیەكان و تێكەڵكردنی بە ئەنقەستی تیرۆریزم لەگەڵ خەباتە ڕزگاریخوازەكان.[١٢]

گرفتەكە لە نەبوونی پێناسەیەكی ناسراو و وردی شۆڕشەكانی ئازادیخواز و تیرۆریزم سەریهەڵدابوو. ژمارەیەك وڵاتانی جیهانی سێیەم پەنابردنی ئەم شۆڕشانە بۆ توندوتیژی لە گوتەی ڕێوشونە شەرعیەكانی بەرگریكردن لە خۆ لە بەرامبەر داگیركەردا دەبینی، بەڵام بیروڕای ژمارەیەكی دیكەیان لەسەر بنچینەی ڕەچاوكردنی مافەكانی مرۆڤ بوو لە خەباتكردندا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. واتە كوشتنی بەبێ جیاوازی تاكەكان (عەسكەری و ناعەسكەری) لە تەك خەباتە ڕزگاریخوازەكاندا دەخستە نێو چوارچێوەی تیرۆریزم.

خواستی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەو بڕیارەدا[١٣] دەردەكەوێت كە لە ١٩٩١ لە كۆمەڵەی گشتیدا دەنگی بۆ درا. لەم بڕیارەدا جەخت كرابوو لەسەر پرەنسیپی نكۆڵی لێنەكراوی مافی دیاریكردنی چارەنووسی ئەو خەڵكەی لەژێر چەپۆكی داگیركەر و بەڕەواناسینی بزاڤە ڕزگاریخوازەكان.

لەدوای دانیشتنی چل و شەشەم لەبەر زۆربوونی كردەی توندوتیژی لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەكان، هەڵوێستی ئەو وڵاتانەی بەرگریان لە بەستنی كۆنفرانسێكی نێونەتەوەیی دەكرد بۆ پێناسەكردنی تیرۆریزم لاواز و لە هەڵوێستی ڕۆژئاوا نزیكتر ببۆوە.[١٤] هەروەها جەخت كردن لەسەر جیاوازی نێوان كردە تیرۆریستیەكان و خەباتە ڕزگاریخوازەكان كاڵ ببۆوە. ئەم بابەتە لە بەیاننامەیەكدا



لەژێر ناوی "هەنگاونان بۆ نەهێشتنی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی"[١٥] كە كۆمەڵەی گشتی دەنگی لەسەردا، ڕەنگی دایەوە. لە بەیاننامەی ناوبراودا ئاماژەیەك نەكرا بە جیاوازی نێوان تیرۆریزم و خەباتە ڕزگاریخوازەكان و تیرۆریزم بە هەموو شێوەیەك و پاڵنەرێك مەحكوم كرابوو و لە تەك ناساندنی هەموو شێواز و ڕەفتارە تیرۆریستیەكان وەك كردەی تاوانكارانە و بێ پاساو لە بەشی ڕاپەڕاندندا، داوا لە وڵاتان كرابوو كە بە شێوەیەكی هەماهەنگ بۆ چارەسەری كێشەی تیرۆریزم هاوكاری بكەن.

**هەڵوێستی وڵاتە ڕۆژئاواییەكان:**

ئەم وڵاتانە پێناسەكردنی تیرۆریزمیان نە بە ئیجابی و نە بە كردەیی لەقەڵەمدەدا. لە ڕوانگەی ئەوانەوە كێشەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی هێندە دژوار بوو گرتنەبەری ڕێوشونگەلێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لە پێناسەكردنی لەپێش ترە و، كاریگەرترین و باشترین ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم مامەڵەیەكی حاڵتیانە، واتە ڕووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ بارە جیاوازەكانی تیرۆریزم و ئیقراركردنی چەند كۆنڤانسیۆنێك بوو بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵیدا.

دەوڵەتە ڕۆژئاواییەكانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بەرگرییان لە گشتاندنی چەمكی تیرۆریزم دەكرد بەبێ ئاماژەدان بە هۆكار و پاڵنەرەكانی ئەنجامدانی. بەتەواوی دەشێ لەوە تێبگەین، چونكە بەم شێوەیە ڕێرەوێكی گونجاو بۆ پێكەوە بەستنی پرسی تیرۆریزم لەگەڵ هەڕەشەی ئاشتی دەرەخسێت و ئەنجومەنی ئاسایش ئەو ئیمكانەی دەبێت، كە بە شێوەیەكی سەلیقەیی بە پشتبەستن بە بەشی حەوتەمی بڵاوكراوەكە لەگەڵ قەیرانە نێونەتەوەییەكان ڕووبەڕوو ببێتەوە.[١٦]

## لێکۆڵینەوە لە هۆکار و فاکتەرەکانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی

لەبارەی ئەو هۆکار و فاکتەرانەی کە دەبنە زەمینە خۆشکەری سەرهەڵدانی کردە تیرۆریستیەکان، دیسان جیاوازی بیروڕا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەبینرێت.

**هەڵوێستی وڵاتانی جیهانی سێیەم.** ئەم وڵاتانە بەگشتی لەو باوەڕەدا بوون کە لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی کردە تیرۆریستیەکان پێشترن لەگرتنەبەری ڕێوشونگەلێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا و تا ئەو کاتەی کە هۆکارەکە دیارنەکەوێت ڕێوشون و میکانیزمە پێشبینی کراوەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەی تیرۆریزم کاریگەر نابێت.[17] کەواتە دۆزینەوەی ڕەگوڕیشە و لێکۆڵینەوە لە هۆکار و پاڵنەرەکانی تیرۆریزم پێشمەرجی هەڵبژاردنی ڕێوشون و ئامرازە گونجاوەکانە بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی.

ئەم وڵاتانە باڵادەستی کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی وڵاتان لەلایەن زلهێزەکان و هەروەها چەوساندنەوەیان، بە هۆکاری گرنگی پەنابردنە بەر تیرۆریزم لەقەڵەم دەدا و خوازیاری گرتنەبەری چەند هەنگاوێك بوون لە چوارچێوەی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکەدا لە دژی ئەو دەوڵەتانەی پێشێلکاری بنەماگەلێکی مافەکانی نێونەتەوەیی بوون.[18]

**هەڵوێستی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان.** دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لێکۆڵینەوەی هۆکار و پاڵنەرەکانیان لە باسکردنی کردە تیرۆریستیەکاندا بە نالۆجیکی لەقەڵەم دەدا و بە گشتی خوازیاری بەرنگاربوونەوەی جیدی بوون لەگەڵ تیرۆریزم بەهەر



شێوەیەك، لەهەر شوێنێك و لەلایەن هەر گروپێکەوە بێت. بە بڕوای ئەوان هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە توانایدانییە پاساو بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی بهێنێتەوە و هیچ گروپ یاخود دەوڵەتێك نابێت بە پاڵنەری بەرگریکردن لە خۆی پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت و شۆڕشە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان دەبێت سوود لە ئامرازی گونجاوتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەرگرن.

## گرتنەبەری ڕێوشونگەلێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی

بوونی جیاوازی بیروڕا بەدرێژایی دانوستانەکانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی تیرۆریزم ڕێگربووە لە گەیشتن بە ئەنجامێکی بنەبڕ و ئیقرارکردنی کونڤانسیۆنێکی نێونەتەوەییگشتی و سەرتاپاگیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. بەرهەمی هەوڵەکانی کۆمیتەی ناوبراو لە شێوەی چەند بڕیارێك کە تیایاندا ڕێگا کردەییەکانی نەهێشتنی تیرۆریزم خرابوونەڕوو دەرکەوت. کۆمیتە پەسەندی کرد بە تێگەیشتنێکی گشتی لە تیرۆریزم و ڕایگەیاند کە کردە تیرۆریستیەکان ئاکامی ناخوازراویان دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوان دەوڵەتەکان و دەیانخاتە مەترسییەوە.[19] بۆیە لەم حاڵەتەدا خوازیاری بەدیهێنانی دەروەستەییەکی نێونەتەوەیی بوو، کە جێ پەسەندی دەوڵەتەکان بێت و هەروەها ڕێگر بێت لە بەردەم ڕێکخستن، هاندان یاخود



PDF 4 KURD

بەشداری و یارمەتیدانی هەنگاوە تیرۆریستییەکان لە هەموو وڵاتان و بێدەنگی لە بەرامبەر کردە توندوتیژەکان.[20]

لە لێکۆڵینەوەی هەوڵەکانی کۆمیتەی ناوبراودا، دەتوانین تێبگەین کە مەبەست لە تیرۆریزم و کردە تیرۆریستییەکان بۆ کۆمیتەکەش بەتەواوی روون و دیار نییە. سەبارەت بە کردەکانی راپەڕینە رزگاریخوازەکانیش کۆمیتەی گشتی پشتی بەو بنەمایە بەست کە هیچ بەڵگە و هۆکارێك ناتوانێت پاساو بهێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو هەوڵانەی کە نابودی گیان و ماڵی خەڵکی بێ گوناهی بەدواوە بێت. بەکاربردنی زۆر [هێز] لە دژی تاکە بێ گوناهەکان، بۆ گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری، شتێکە پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە.[21]

لەبارەی هۆکار و پاڵنەرەکانی تیرۆریزم، هەوڵەکانی کۆمیتەی ناوبراو ئەو ئەنجامەی هەبوو کە تیرۆریزم سەرچاوەیەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. سەبارەت بە هۆکاری سیاسی، ئاماژە بە کولۆنیالیزم، رەگەزپەرەستی و دەستدرێژی، باڵادەستی هێزە دەرەکییەکان لەسەر وڵاتان بە یەکێك لەو هۆکارانەدانرا کە رێگەخۆشکەری تیرۆریزمە. لە رەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بوونی سیستەمی ئابووری نادادپەروەرانە و نایەکسان و باڵادەستی دەرەکی لەسەر سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتان لە هۆکارە کاریگەرەکان لە گەشەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی ناسێنران، لەسەر ئەم بنچینەیە کردە سەرکوتکارەکانی رژێمە کۆلونیالیستەکان بە مەبەستی بێبەشکردنی خەڵکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی و ئازادییە بنچینەییەکان، مەحکوم کران.[22] بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمیش کۆمەڵەی گشتی خوازیاری ئەندامەتی گشت دەوڵەتەکان بوو لە کونڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان کە لەبارەی لایەنە جیاوازەکانی



تیرۆریزم ئیقرارکرابوون و جەختی لەسەر جێبەجێکردنی بە پەلەی ئەوان دەکردەوە.[23] هەروەها خوازیاری هاوکاری دەوڵەتەکان بوو لەگەڵ یەکتر لە رێگەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و بەستنی پەیماننامەگەلێك لەبارەی رێگری و خەبات لە دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی، جلەوکردن و دادگاییکردن و بەدەستەوەدانی ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە کارانە و بەدواداچوونی تیرۆریستە نێونەتەوەییەکان.[24] دواجاریش جەختی کردەوە لەسەر فراوانبوونی هاوکارییە چەندلایەنییەکانی کۆمەڵگای جیهانی بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشە تیرۆریستیەکان لە ئاستەکانی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا.[25]

## هەڵسەنگاندنی هەنگاوەکانی کۆمەڵەی گشتی

لێکۆڵینەوە لە هەنگاوەکانی کۆمەڵەی گشتی ئەوە دیاردەخات کە ئەم کوچکەیە، تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بە هەڕەشەیەك لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی لەقەڵەم دەدات. ئەم حاڵەتە لە بەیاننامەی کۆمەڵەی گشتی لەبارەی «هەنگاوگەلێك بۆ نەهێشتنی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی»[26] بە راشکاوی باسکراوە.[27]

کۆمەڵەی گشتی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە چەند بڕیارێکیدا بە بەڵگەی تاوان داناوە[28] و رێوشوێنگەلێکی بۆ رووبەڕووبوونەوەی راسپاردووە. کۆمەڵە گرتن، دادگاییکردن یاخود بەدەستەوەدانی بکەرەکانی تیرۆریزم لە رێگا کردەییەکانی خەبات لە دژی ئەم کێشەیە لەقەڵەم دەدات. هەڵبەت کاریگەری رێکارەکانی ناوبراو کە لە بڕیار و کۆنڤانسیۆنەکانی رێکخراوی نەتەوەکاندا هاتوون جێگەی باسکردنن.

مەبەست لە بەدەستەوەدان گەڕاندنەوەی گومانلێکراوان یاخود تاوانبارانە بۆ ئەو دەوڵەتەی داواکارە، بە مەبەستی دادگاییکردن و سزادان. پرەنسیپەکانی مافەکانی نێو نەتەوەیی هیچ مافێك بۆ گەڕاندنەوە، مەگەر لە چوارچێوەی پەیماننامەی بەستراوەوە بێت بە فەرمی ناناسێت.[29] لە سەر ئەم بنچینەیە، مەرجی گەڕاندنەوەی تاوانباران، بەستنی پەیماننامەیەکە لە نێوان دەوڵەتی داواکار و ئەو دەوڵەتەی دەیگەڕێنێتەوە. لە کاتی نەبوونی پەیماننامەدا هیچ ئەرکێك بۆ گەڕاندنەوە لەئارادا نییە.[30] ئەم بابەتە بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری هەیە لەسەر کارایی گەڕاندنەوە وەك ڕێگایەکی کردەیی بۆ کۆنترۆڵی تیرۆریزم.

جگە لەمە چەند تێبینی و سنووردارییەکیش لە پەیماننامەکانی گەڕاندنەوەدا هەن کە لە کاراییەکەیان کەمدەکاتەوە. لەو سنووردارییانەش نەگەڕاندنەوەی هاوڵاتی وڵاتێکە. هیچ وڵاتێك ناچار نییە هاوڵاتی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەتێکی بێگانە بە مەبەستی دادگاییکردن. خۆدوورگرتن لە گەڕاندنەوەی تاوانبارە سیاسیەکان هەڵبواردنێکی دیکەیە لە پەیماننامەکانی گەڕاندنەوەدا. لەبەر ئەوەی پێناسەیەکی دیار و ڕوون بۆ تاوانی سیاسی نییە **ئاشکرایە کە دەوڵەتەکانیش سەبارەت بەوە هەڵسەنگاندنێك و دیدگایەکی [وەکیەکیان]** نابێ چ ئەوەی تاوانباری تیرۆریستی وەك تاوانباری سیاسی سەیری بکەن و خۆ دووربگرن لە گەڕاندنەوەی. یەکێکی دیکە لە سنووردارییەکان پێویستی بەڵگەی باوەڕپێکراو تاوانباری تاوانبارەکە و چەند زەمانەتێکش لەم بارەوە کە ئەو تەنیا لەبەر تاوان یان ئەو تاوانانە دادگایی دەکرێت کە لە داواکاری گەڕاندنەوەدا تۆمارکراون.[31]

ناچارکردنی دەوڵەت بۆ بەدواداچوون و سزادان دەشێ یەکێك بێت لە میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی نێونەتەوەیی، بەڵام بەگشتی ناچارکردنی ناوبراو



پەیوەستە بە سەلاحیاتەکانی قەزایی. واتە ئەو وڵاتە دەتوانێت خۆی لەئاستی بەدواداچوون یان سزادان نەزانێت و لەم بارەوە هیچ جۆرە هەنگاوێك هەڵنەنێت. هەڵبەت لە ساڵەکانی کۆتاییدا چەند هەوڵێك دراون بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانە لە کونڤانسیۆنەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی نێونەتەوەیی کە باسێکی جیاوازی دەوێت.

بەهەرحاڵ ئەگەرچی ئەو ڕێوشونانەی کۆمەڵەی گشتی گرتونەتەبەر ڕەهەندێکی ڕاسپاردنیان هەیە و دەوڵەتان ناچار ناکەن تا جێبەجێیان کەن، بەڵام ئەو هەوڵانەی دراون شتێك نین هیچ بایەخێکیان نەبێت.

## بنەمای یاسایی دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی

هاوکات لەگەڵ هەنگاوەکانی کۆمەڵەی گشتی، ئەنجومەنی ئاسایشیش پەرژاوەتە سەر گوتەی تیرۆریزم. سەرچاوەی بایەخپێدانی ئەم کۆڵەگەیە ڕێکخراوی نەتەوەکان دەبێت لەسەر بنچینەی ئەرککگەلێك کە بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر شانی ئەوی داناوە، بەدوایدا بگەڕێین. بەپێی بڵاوکراوەکە، بەرپرسیاریەتی یەکەمی پاراستنی ئاشتی و ئاسایش بە ئەنجومەنی ئاسایش سپێردراوە[32] کە لەم بارەوە سەلاحیەتی تەواوی هەیە. ئەنجومەنی ئاسایش بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەپێی بەشی شەشەم و حەوتەمی بڵاوکراوەکە ئامرازگەلێکی لەبەر دەستە.[33]

هەركاتێك ئەنجومەنی ئاسایش دیار بكات كە بەردەوامی ناكۆكیەك لەوانەیە ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە، ئەوا بەپێی بەشی شەشەمی بڵاوكراوەكە رێوشونگەلێك بۆ پاراستنی ئاشتی رادەسپێرێت.[٣٤] بەڵام ئەگەر بوونی هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێو نەتەوەیی بە [شێوەیەكی] كردەكی بێت یان پێشێلی ئاشتی بكات و ببێتە دەستدرێژی، ئەوا ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بەشی حەوتەمی بڵاوكراوەكە بڕیارگەلێكی دەسەپێنێت.[٣٥]

لەبەرئەوەی لە بڵاوكراوەكەدا پێناسەیەكی دیاریكراو نییە بۆ «ئەگەری كەوتنە مەترسی ئاشتی»، «بوونی هەڕەشە لەسەر ئاشتی» یاخود «پێشێل كردنی ئاشتی» و، بە سەرنجدان لەوەی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی تاكە ژێدەری دەستنیشانكردنی ئەوەن، هەمیشە دەستی ئەنجومەنی ئاسایش كراوە بووە بۆ راڤەكردنی حاڵەتەكانی سەرەوە و دیاریكردنی چەمكی ئاشتی و ئاسایش، دواجاریش هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بە قەیرانەكانی نێونەتەوەیی.

لێكۆڵینەوە لە كردەی ئەنجومەنی ئاسایش لەم ساڵانەی دواییدا راڤەی بەربڵاوی ئەم كوچكە لەمەڕ چەمكی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی یاخود هەڕەشە لە ئاشتی. لە ٣١ كانوونی دووەمی ١٩٩٢ ئەنجومەنی ئاسایش بەیاننامەیەكی دەركرد و تیایدا رایگەیاند كە «تەنیا نەبوونی شەڕ و پێكدادان لە نێوان دەوڵەتاندا بە مانای ئاشتی نییە، بەڵكو ناسەقامگیری ئابووری، كۆمەڵایەتی، مرۆیی و ژینگەیش بە هەڕەشەیەك لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێو نەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێت."[٣٦] بەیاننامەی ناوبراو بووە سەرچاوەی گۆڕان لە چەمكی ئاشتی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا.



بەپێی ئەوەی باسكرا، دەبێت بەدوای هۆی بایەخدانی ئەنجومەنی ئاسایش بە تیرۆریزمی نێونەتەوەییدا بگەڕێین لە هەوڵەكانی ئەم دامەزراوەیەدا بۆ پاراستنی ئاشتی، واتە لە میانەی "چەمكی ئاشتی" و "هەڕەشەی ئاشتی"، ئەنجومەنی ئاسایش تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بە هەڕەشەیەك ناساندووە.

## تاوتوێكردن هەنگاوەكانی ئەنجومەنی ئاسایش لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی

لێكۆڵینەوە لە هەنگاوەكانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ لەناوبردنی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی، ئەو راستیە رووندەكاتەوە كە ئەنجوومەن هەمیشە پەیڕەوی لە میتۆدێكی وەكیەك نەكردووە و هەڵوێستی جیاوازی هەبووە لەگەڵ ئەم كێشە نێونەتەوەییە كە لە تێبینییەكانی سیاسی و بەرژەوەندییەكانی ئەندامانی هەمیشەیی سەرچاوەی گرتووە.

## گرتنەبەری رێوشونگەلێك لەسەر بنچینەی بەشی شەشەمی پەیمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی

لە دەیەی (١٩٧٠) وە كە بابەتی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە كۆمەڵەی گشتیدا خرایەڕوو، ئەنجومەنی ئاسایشیش بە ئیقراركردنی بڕیارنامەگەلێك[٣٧] بایەخی بەم مەسەلەیە داوە. لەم ماوەیەدا، بۆچوونی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بەم كێشە نێونەتەوەییە لەسەر ئەو بنچینەیە بوو كە لە نێوان تیرۆریزم و ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی پەیوەندی هەیە و تیرۆریزم دەتوانێت مەترسیەك بێت لەسەر ئاشتی

و ئاسایشی جیهانی. بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش مەترسی تیرۆریزم بە هێزێکی (بالقوة) دەبینێ و تەنیا بە مەحکوم کردنی ئەم هەنگاوە نایاساییانە ئیکتیفای دەکرد و لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی زێتر کارێکی دیکەی نەدەکرد.

لێکۆڵینەوە لە ئەرکی ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم ئاماژە بە مامەڵەگەلێکی جیاواز دەکات لەگەڵ ئەم کێشە نێونەتەوەییە. بەگشتی ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی ئەوەی ئەنجامدەرانی تیرۆریزم یاخود زەرەرمەندەکانی، خەڵکی چ وڵاتگەلێك بوونە هەڵوێستی جیاوازی وەرگرتووە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە بەرامبەر ڕووداوە تیرۆریستیەکان بە دەرچوونی ئیقراری دووبارەیی هەموو شێوەکانی تیرۆریزم مەحکوم کراون. لە هەندێك حاڵەتدا لەوانەش لەبارەی ڕفاندنی کەشتی ئاکیلێ لایوڤو[38] لە ئەیلولی ١٩٨٥ لەلایەن بەرەی میللی ئازادی فەلەستین، بە خوێندنەوەی بەیاننامەیەك ئیکتیفای کردووە. لە هەندێك حاڵەتیشدا تاوانبار و بکەرەکانی تیرۆریزم توانیویانە، بە هۆی پەیوەندییە تایبەتیەکانیان لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش سوود لە ڤیتو وەرگرن کە لەوانەش دەکرێ ئاماژە بە ڕفاندنی فڕۆکەی لیبی بکەین لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە لە ٤ شوبات کە بڕیاری مەحکوم کردنی ئیسرائیل لە ئەنجومەنی ئاسایش لەلایەن ئەمریکاوە ڤیتۆی بۆ وەرگیرا.

بە هەرحاڵ تا کۆتایی شەڕی سارد بەوەی مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایش چەندین جار وەرگیرا، ئەوا بە گشتی کوچکەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ زۆر قەیرانی نێونەتەوەیی و ڕووداوە تیرۆریستییەکان لاواز کردووە.



## گرتنەبەری ڕێوشونگەلێك بەپێی بەشی حەوتەمی پەیمانەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی (ئابلوقەی ئابووری)

لە ٢١ دیسێمبەری ١٩٩٨ فڕۆکەی بوینگ ٧٤٧ی هێڵی ئاسمانی پان ئەمریکان کە لە فرانکفۆرتەوە بۆ نیویۆرك دەفری، لە ئاسمانی شاری لوکەربی سکوتلەندا تەقیەوە. لەم ڕووداوەدا موسافیرەکان، خزمەتگوزار و یازدە کەس لە خەڵکی شاری لوکەربی گیانی خۆیان لە دەستدا.[39] دوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە و دەرکەوتنی ئەوەی دەستی دوو کەس لە خەڵکی لیبیا لە ڕووداوەکەدا هەبووە، دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرا لە میانەی بەیاننامەیەکی هاوبەشدا داوای غەرامە و گەڕاندنەوەی دوو لیبیەکەیان کرد بۆ دادگاییکردن لە ئینگلتەرا یان ئەمریکا.[40]

دەوڵەتی لیبیا بەو پاساوەی لیبیا هیچ پەیماننامەیەکی نەبەستووە لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرا و لەو نێوەشدا یاسا ناوخۆییەکانی لیبیا ڕێگەنادەن دوو هاوڵاتییە لیبیەکە بدەنە دەست دەوڵەتە بێگانەکان، خۆیلە پەسەندکردنی داواکاری بەدەستەوەدانی دوو تاوانبارە لیبیەکەی دوورگرت.

بۆیە بابەتەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش باسکرا و ئەنجومەن بە دەرکردنی بڕیارێك[41] لە چوارچێوەی بەشی شەشەمی بڵاوکراوەکەدا داوای لە لیبیا کرد هاوکاری دوو دەوڵەتە ناوبراوەکە بکات. ئەم بڕیارە لە بڕگەی ٣ خۆیدا ئامۆژگاری دەوڵەتی لیبیای کرد کە وەڵامێکی «تەواو و کاریگەر»ی بە داواکارییەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرا بداتەوە.



PDF 4 KURD

خۆدوورگرتنی لیبیا لە پەسەندکردنی بڕیاری ناوبراو بۆوە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە بڕیاری ئیقرارکراوی ژمارە ٧٤٨ خۆیدا،[٤٢] لە میانەی جەخت کردن لەسەر دەروەستەیی دەوڵەتەکان بەپێی برگەی چواری مادەی ٢ بڵاوکراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، داوا لە لیبیا بکات بەیاننامەی ناوبراو جێ بەجێ بکات.[٤٣] ئەم بڕیارە لە خۆیدا کۆمەڵە ئابلۆقەیەکی دیاریکردبوو کە لە کاتی جێبەجێنەکردنی ناوەڕۆکی بڕیارەکە و بەدەستەوەنەدانی تاوانباران تا کاتی دیاریکراو، لە دژی لیبیا پیادە بکرێن.[٤٤] بایەخی ئەم بڕیارە کە لەسەر بنچینەی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکە دەرچووبوو، لەوەدابوو کە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ یەکەمین جار دەستێوەردانی دەوڵەتێکی لە هەوڵە تیرۆریستیەکاندا بە هەڕەشەیەك لەسەر ئاشتی دەبینی و دەستپێشخەری دەکرد بۆ پیادەکردنی هەوڵە تەنبێکارەکان واتە ئابلوقەی ئابووری لە دژی لیبیا.[٤٥]

هەڵبەت ئەوە بە بیردەهێنێتەوە کە پێشتریش ئەنجومەنی ئاسایش تیرۆریزمی بە هەڕەشەیەك لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی ناساندووە، بەڵام تەنیا بە مەحکومکردنی ئەم جۆرە کارانە لە چوارچێوەی بەشی شەشەمی بڵاوکراوەکە" ئیکتیفای کردبوو. لە کێشەی داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکاش لە تاران لە ٤ نوڤێمبەری ١٩٧٩ لەلایەن قوتابیانەوە ئەنجومەنی ئاسایش تا قۆناغی ئابلوقەی ئابووری لەسەر ئێران چووە پێش بەڵام لەبەر ئەو کەشەی لە فەزای ئەنجومەنی ئاسایشدا زاڵ بوو کە بەرەنجامی سستەمی دوو جەمسەری بوو، دەوڵەتی سوڤیەت بە ڤیتو ڕێگری کرد لە ئیقرارکردنی بڕیاری ناوبراو لە دژی ئێران.

لەبەر ئەوەی دەوڵەتی لیبیا هیچ بایەخێکی بە بڕیاری کۆتایی ئەنجومەنی ئاسایش نەدا، ئەنجومەنی ئاسایش لە میانەی بڕیاری ٨٨٣ کە لەسەر بنچینەی



بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکە دەرچوو،[٤٦] ئەو ئابلوقانەی خرابوونە سەر لیبیا توندکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری ٧٣١ کە وەك ئاموژگاری وابوو، بە پێویست دانرا جێبەجێ بکرێت.

سەرنجدان لە چەندێتی و چۆنیەتی هەنگاوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی ڕووداوی لوکەربی و هەندێك قووڵبوونەوە تیایدا پیشاندەدات کە لەم بارەوە هەڕەشەیەکی کردەکی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی نییە، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش بە راڤە فراوانەکەی لە ئیختیاراتەکانی خۆی و لەسەر بنچینەی مادەی حەوتەمی بڵاوکراوەکە، جێبەجێنەکردنی بڕیارێك کە ناچارکردنی تێدانییە «بە هەڕەشەیەکی زانی لەسەر ئاشتی جیهان».

هەندێك قووڵبوونەوە لەبارەی بڕیارە وەرگیراوەکان، وێنەیەکی ڕوونتر لە گۆڕانی هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی نێونەتەوەیی پیشاندەدات. ئەنجومەنی ئاسایش لە بڕیاری ٧٣١ داوا لە لیبیا دەکات کە وەڵامێکی کاریگەری داوای ئەمریکاو بەریتانیا بداتەوە. لە کاتێکدا ئەنجومەنی ئاسایش بە پشت بەستن بە بەندی دووەمی مادەی ٣٣ تەنیا دەتوانێت داوا لە ئەمریکا و بەریتانیا بکات کێشەکەیان بە ڕێگاچارەی ئاشتیانە لەگەڵ لیبیا چارەسەر بکەن، چونکە بەپێی بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان «ئەنجومەنی ئاسسایش ناچارە شێوازەکانی چارەی کێشەکان بۆ دوو لایەنەکە بخاتەڕوو کە ئەو ڕێگاچارانە جێگەی پەسەندی خاوەن کێشەکان بن».[٤٧] یاخود ئەوەی شێوازی گونجاو بۆ چارەی کێشەکان پێشکەشی دوو لایەنەکە بکات[٤٨] لە کاتێکدا زمانی بڕیاری ٧٣١ ئەوە دەڵێت کە دەبێت لیبیا بەپەلە وەڵامێکی تەواو و کاریگەری دوو دەوڵەتی ئەمریکا و بەریتانیا بداتەوە.



PDF 4 KURD

لە لایەکی دیکەوە وادەردەکەوێت کە جێبەجێنەکردنی بڕیارێك (٧٣١) کە ڕەهەندێکی داواکارییانەی هەبوو بەناچاری هەڕەشەیەکی کردەکی و نزیك بێت لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی. چونکە کارەساتی لوکەربی چوار ساڵ بەر لە دەرچوونی بڕیارەکە ڕوویدابوو. «زۆرینەی زاناکانی یاسای نێودەوڵەتی لەو باوەڕەدان کە جێبەجێ نەکردنی داواکارییەکی ئەنجومەنی ئاسایش بە پێی بەشی شەشەم بەس نییە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کردەیەك بە پێی بەشی حەوتەم».[٤٩]

بابەتی بەدەستەوەدانی دوو گومان لێکراوی لیبی کە بڕیاری ٧٣١ جەختی لەسەر کردەوە، شیاوی سەرنجدانە. وەکو نەریت لە یاسای نێودەوڵەتیدا بەدەستەوەنەدان تەواوە و دەستووری لیبیاش بەدەستەوەدانی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەی بە دەوڵەتی بیانی پەسەند نەکردووە. دەوڵەتی لیبیا لە میانەی خۆدوورگرتن لە بەدەستەوەدانی دوو تاوانباری ناوبراو، دادگاییکردنی ئەوانی دەست پێکرد و تەنانەت ڕێگای بە پارێزەرەکانی دوو دەوڵەتی داواکاریش دا تاکو ئامادەبن لەو دادگایەی کە لە لیبیا دەکرێت .[٥٠] بەڵام دوو دەوڵەتی داواکار، بەو پاساوەی کە تاوانباران بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادگایی ناکرێن، ئەم شتەیان قبووڵ نەکرد و ئەنجومەنی ئاسایشیش لەژێر کاریگەری هێزی ئەمریکا و بەریتانیا، مافی دەوڵەتی لیبیای پشتگوێ خست کە بەدەستەوەنەدانی هاوڵاتییەکانییەتی بە دەوڵەتێکی بێگانە.

دەبێت سەرنج بدەین کە ئەنجومەنی ئاسایش کاتێك دەتوانێت بەپێی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکە، دەوڵەتێك ناچار بکات تا هاوڵاتیانی بداتە دەست دادگایەکی نێونەتەوەیی کە کردە تیرۆریستیەکان بە شێوەیەکی جیدی و کردەکی



هەڕەشە لە ئاشتی جیهان بکەن، نەك لەبارەی ڕووداوێك کە چوار ساڵ پێشتر ڕوویداوە.

حاڵەتی سودانیش یەکێکی دیکەیە لە بەڵگەکانی تیرۆریزم کە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا خرایەڕوو و ئەنجومەنی ئاسایش ڕێوشونگەلێکی گرتەبەر بەپێی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکە. لە دوای تیرۆری سەرنەکەوتووی سەرۆك کۆماری میسر لە ٢٦ کانوونی دووەمی ١٩٩٥ لە ئەدیس ئەبابا و پەناهەندە بوونی سێ گومانلێکراوی ڕووداوەکە بۆ سودان، مەسەلەکە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا خرایەڕوو. ئەنجومەنی ئاسایش سەرەتا بڕیارێکی[٥١] لە چوارچێوەی بەشی شەشەم ئیقرار کرد، کە لە بەندی چواردا داوای لە حکومەتی سودان کردبوو سێ گومانلێکراوی ناوبراو کە پەنایان بۆ ئەو وڵاتە بردبوو، بگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتی ئەسیوپیا.[٥٢] دوای ئەوە ئەنجومەنی ئاسایش لە میانەی بڕیاری ١٠٥٤ کە لەسەر بنچینەی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکە دەریکردبوو،[٥٣] جێبەجێ نەکردنی داواکاری ناوبراوی لە بڕیاری ١٠٤٤ لەلایەن حکومەتی سودانەوە بەهەڕەشەیەك لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بینی و ڕێوشونگەلێکی بەپێی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکە گرتەبەر و دواجار ئابلوقەی ئابووری بەسەر سوداندا سەپاند و دواتریش لە میانەی بڕیاری ١٠٧٠ ئەو هەنگاوانەی بڕیاریان لەسەر دابوو لە دژی سودان توندکردن.[٥٤]

لەم ماوەیەدا جگە لە ڕووداوەکانی لوکەربی و سودان، حاڵەتی دیکەش لە ڕووداوەکانی تیرۆریستی لە پرۆگرامی ئەنجومەنی ئاسایشدا جێگەیان گرتووە، کە ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا لەگەڵ ئەم دوو ڕووداوە هەڵوێستی توندی هەبووە و بەگرتنەبەری ڕێوشونی بەکۆمەڵ بەپێی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکە وەڵامی



PDF 4 KURD

ئەوانی داوەتەوە. لەوانەش هێرشە جیاوازەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستینیەکان و کوشتنی ئەوان لە ئەلخەلیل دەتوانین ناوببەین کە لەم بارەوە ئەنجومەنی ئاسایش، تەنیا بە ئیقرارکردنی بڕیارێك[٥٥] ئیکتیفای کرد، کە تیایدا ئەم جۆرە کردارانە مەحکوم کرابوون.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا بە راستی تیرۆری سەرنەکەوتووی سەرۆك کۆماری میسر هەڕەشەیەکی کردەکی بوو لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی؟ وا دەردەکەوێت کە درککردنی هەوڵەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم ناکرێ جیابکەینەوە لە سیاسەت و ئەرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی دوای شەڕی سارد و یەکشێوەیی رێژەیی بونیادی ئەنجومەنی ئاسایش. لە راستیدا کاریگەری و گوشاری وڵاتە یەکگرتووەکان لە رێنوێنی کردنی ئەنجومەنی ئاسایش لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمدا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم لایەنە (ئەنجومەنی ئاسایش) هەندێك هەنگاو بنێت کە حاڵەتیانە و هەڵبژێردراوانەن و، مامەڵەیەکی دووسەرە لەگەڵ ئەم کێشە نێونەتەوەییەدا بکات.



## گرتنەبەری رێوشونی زەبرئامێز لەسەر بنچینەی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی

لەگەڵ زۆربوونی چالاکییە تیرۆریستییەکان، بەتایبەتی لە وڵاتە داگیرکراوەکان و ئامادەیی و دروستبوونی گروپە تیرۆریستیەکان لە ئەڤغانستان و زیادبوونی کردە تیرۆریستییەکان لەو وڵاتە، لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە ئەنجومەنی ئاسایش بایەخێکی زێتری بە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی داوە و بەرەبەرە پەرچەکردارێکی توندتری لە بواری نەهێشتنی تیرۆر پیشانداوە.

لەبارەی هەنگاوە نایاساییەکان لە ئەفغانستان سەرەتا لە هەندێك حاڵەتدا بە ئیقرارکردنی چەند بڕیارێك[٥٦] تەنیا ئەم جۆرە کردارانەی مەحکوم کردوون یان هەندێجار بە سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری دەستپێشخەری کردووە. لەوانەش لە دوای هێرشکردنە سەر کۆنسۆلیەتی ئێران لە مەزارشەریف و گرتنی یازدە کەس لە فەرمانبەرانی کۆنسۆلیەتی ئێران لەلایەن گروپی تالیبانەوە[٥٧] ئەنجومەنی ئاسایش بایەخ بە مەسەلەکە دەدات و بە ئیجماع بڕیارێك دەدەن[٥٨] کە تیایدا هێرشکردنە سەر کۆنسۆلیەت و دەست بەسەرداگرتنی و بارمتەکردنی کارمەندەکانی ئێرانی مەحکوم کرد و دوای کوشتنی بارمتە ئێرانیەکان، ئەنجومەنی ئاسایش لە بڕیاری ١٢١٤ خۆیدا کە لەسەر بنچینەی بەشی شەشەمی بڵاوکراوەکە وەرگیرابوو[٥٩] کوشتنی دیپلوماتە ئێرانیەکان مەحکوم دەکات و لەم



PDF 4 KURD

کێشەیەدا سەرەڕای ئەوەی تاوانەکە دەسەلمێنرێت،[٦٠] ئەنجومەنی ئاسایش لە مەحکوم کردنی ئەم جۆرە کردەوانە زێتر، شتێك ناکات.

هەروەها لە دوای تەقاندنەوەی سەفارەتەکانی ئەمریکا لە کینیا و تانزانیا لە ٧ی ئوتی ١٩٩٨ کە درانە پاڵ گروپی تالیبان، ئەنجومەنی ئاسایش لە بیڕیارێکدا[٦١] لە میانەی مەحکومکردنی هەولّە تیرۆریستیە ناوبراوەکان، ئابلوقەی ئابووری بەسەر ئەفغانستاندا دەسەپێنێت. لێکۆڵینەوە لە دوو ڕووداوی تیرۆریستی سەرەوە و لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر نزیکدا و پەرچەکردارە جیاوازەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیار و پاساوە جیاوازەکانی ئەم کوچکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تیرۆریزمدا ڕووندەکاتەوە.

تا ئەم قۆناغە سەرەڕای چالاکیە تیرۆریستیەکان، هیچ جۆرە هەنگاوێکی زەبرئامێز لە دژی تالیبان نانرێت. لە ١٩٩٩، ئەنجومەنی ئاسایش لە پرۆسەی هەولّەکانی خۆیدا بۆ نەهێشتنی تیرۆریزم بڕیارێك[٦٢] دەدات لە بارەی هاوکاری نێونەتەوەیی لە شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریزمدا. ئەم بڕیارە کە لەبەر حاڵەتێکی تایبەتی وەرنەگیرابوو و بە شێوەیەکی گشتی تیرۆریزمی لە هەموو ڕەهەند و جۆرەکانیدا مەحکوم دەکرد، بە بایەخ و شیاوی سەرنجدانە. لە ڕاستیدا بڕیاری ناوبراو زەمینە خۆشدەکات بۆ ئەوەی تیرۆریزم وەك "هێرشی چەکدارانە" سەیر بکرێت: هێرشێکی چەکدارانە کە بنەمای «بەرگری شەرعی»[٦٣] بە دواوەیە.

لەم بڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایش لە میانەی ئەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بە هەڕەشەیەك لەسەر ئاشتی و ئاسایش دەناسێنێت، باس لەوەش دەکات کە لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاشتی و بەپێی بڵاوکراوەکە لە ئەستۆی ئەو



دایە، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، هەنگاوی پێویست لەسەر بنچینەی بەشی حەوتەمی بڵاوکراوەکە بە مەبەستی لەناوبردنی تیرۆریزم دەگرێتە بەر.

بڕیاری ناوبراو گۆڕانی هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش و ئامادەیی ئەم کوچکە لە ئەنجامدانی کردەگەلێکی زەبرئامێز و چەکدارانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەی تیرۆریزم ڕووندەکاتەوە و لە ڕاستیدا ڕێڕەوێکی گونجاوی فەراهەم کرد بۆ ئەنجامدانی کردەی زەبرئامێز کە ئەنجومەنی ئاسایش لەدوای هێرشەکانی تیرۆریستی ١١ سێپتێمبەری ٢٠٠٠، زەمینەی خۆشکرد.

ڕەنگە بتوانین هۆی گۆڕانی هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش لە سیاسەت و ئەرکی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم جۆرە حاڵەتانە و کاریگەری نفووزی ئەمریکا لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە بزانین. چونکە چەند حاڵەتێك لە هێرشە تیرۆریستیەکان لە دژی دەوڵەتی ئەمریکا هەبوون کە ئەم دەوڵەتە هەر لە خۆیەوە لە ژێر ناوی بەرگری لەخۆی هێرشی کردۆتە سەر ئەو دەوڵەتانەی گومانی تاوانی لێ کردوون.[٦٤] لەگەڵ ئەوەی ئەم دەوڵەتە لە هێرشی بۆ سەر لیبیا[٦٥] و دوای ئەوەش چەند جار ڕایگەیاندووە کە دەبێت تیرۆریزمی نێونەتەوەیی وەك دەستدرێژی سەیر بکرێت و بۆیە ڕێگە بە دەوڵەتان دەدرێت بەرگری شەرعی بکەن لە بەرامبەر تیرۆریزم و ئەم بەرگرییە دەبێت لە ڕێگەی پەنابردنە بەر توندوتیژییەوە بێت.[٦٦] لەبارەی هێرش بۆ سەر لیبیاش دەوڵەتی ئەمریکا بانگەشە دەکات کە لەسەر بنچینەی بڵاوکراوەکە دەستی بۆ هەمان کار بردووە و بە بەرگری کردن لەخۆی پاساوی بۆ هێناوەتەوە.

پەرچە کرداری ئەمریکا لە بەرامبەر هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سپتێمبەر بۆ سەر ناوەندی بازرگانی جیهانی و پنتاگونیش بە هەمان ئەو ئاراستەیەیە. لە

دوای هێرشی ناوبراو کاربەدەستە ئەمریکییەکان زۆر زوو گروپی تیرۆریستی قاعیدەیان بە بەرپرسیاری ڕووداوەکە ناساند و داوایان لە ئەفغانستان کرد بن لادن بداتە دەست ئەمریکا تا دادگایی بکرێت. لە دوای قبوولّ نەکردنی تالیبان، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند هێرش کراوەتە سەر ئەمریکا و ئەو دەوڵەتەش (ئەمریکا) بەرگری لە خۆی دەکات. بە پێی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئەمریکا هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان ئەوانەی کارە تیرۆریستیەکەیان ئەنجامداوە و ئەوانەی پەنایان دەدەن.

ڕووداوەکانی تیرۆریستی ١١ی سپتێمبەری ٢٠٠٠ نەتەنیا گۆڕانکاری لە تێڕوانین و هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمدا دروست کرد، بەڵکو بووە هۆی گۆڕان لە هەندێك گوتەی یاسای نێو دەوڵەتیش. لە دوای ڕوودانی ناوبراو، ئەنجومەنی ئاسایش دەستپێشخەری کرد بۆ دەرکردنی دوو بڕیار لەسەر بنچینەی بەشی حەوتەمی بلاوکراوەکە کە تیایدا جەخت لەسەر بەکارهێنانی ئامرازی زەبرئامێز کرابوو.

لەبارەی بڕیاری یەکەم کە ڕۆژێك دوای هێرشەکانی تیرۆریستی دەرچوو،[٦٧] گرنگە چەند خاڵێك ڕوون بکەینەوە. یەکەم ئەوەی بڕیاری ناوبراو بۆ هێرشەکانی تیرۆریستی ١١ سپتێمبەر و چالاکی گروپەکانی تیرۆریست لە ئەفغانستان، بڕیارێکی تایبەتە. دووەم ئەوەی کە بڕیارەکە، لەگەڵ مەحکومکردنی کردە تیرۆریستیەکان و جەخت کردن لەسەر مادەی ٥١ بلاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان[٦٨] بەرگری شەرعی بە شێوەی تاك و بە کۆمەڵ لە بەرامبەر قەیرانی ناوبراو بە ڕەسمی دەناسێنێت. بە دەربڕینێکی دیکە مافی پەنابردنە بەر کردەی چەکدارانە بە دەوڵەتی زیان پێکەوتوو دەدات. سێیەم ئەوەی ئەنجومەنی



ئاسایش لە برگەی ٥ بڕیارەکەدا ئامادەیی خۆی بۆ بەکارهێنانی گشت هەوڵە پێویستەکان بۆ وەڵامدانەوەی هێرشە تیرۆریستیەکان رادەگەینێت. بەم شێوەیە ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم زۆر بە فرەوانی کاری کردووە. لە یەکێك لە دەربڕینەکاندا بە کردەوە ئەو ئەگەرەی بۆ دەوڵەتەکان ڕەخساندووە کە سوود وەرگرن لە رێوشوێنەکانی مادەی (٥١)ی بلاوکراوەکە و پەنابردنە بەر زەبر و هێز بۆ بەرگری کردن لە خۆیان ، واتە لە کاتی پێویستدا، رێگەی کردەی عەسکەرییان پێدەدات.[٦٩] و لە هەمان کاتدا ئامادەیە کارەکە بگرێتە دەست و هەوڵی زەبر ئامێز هەر لەخۆیەوە پیادە بکات. ئەنجومەنی ئاسایش لە دووەم بڕیاریدا کە چەند ڕۆژێك دوای ڕووداوەکانی تیرۆریستی ١١ سپتێمبەر دەریکرد[٧٠] سەرنجی دایە بابەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی و خوازیارە دەوڵەتەکان سوود لەو ئامراز و میکانزمانە وەرگرن کە لە بڕیاری ١٣٦٨دا ئاماژەیان پێکراوە. وا دەردەکەوێت ئەنجومەنی ئاسایش خوازیارە بونیادێکی یاسایی پتەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ تیرۆریزم دروست بکات. بۆیە لەم بڕیارەدا، جەخت لەسەر بەکارهێنانی گشت ئامرازەکان کراوە بەپێی بلاوکراوەکە و رێوشوێن و ئەو هەنگاوانەی لە ١٢ کونڤانسیۆندا کە بوو ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی تیرۆریزم لە لایەن رێکخراوی وڵاتەکانی یەکگرتوو ئیقرار کرابوون[٧١]، هەروەها دەوڵەتەکان بە دەروەست دەزانێت لە جێبەجێکردنی ئەم پەیرەو و بەرنامەیە.

ئەو خاڵەی شیاوی باسکردنە ئەوەیە کە سەرەڕای خۆدوورگرتنی هەندێك لە دەوڵەتەکان لە پەیوەندیکردن بە هەندێك کونڤانسیۆنی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم،[٧٢] ئەنجومەنی ئاسایش داوایان لێدەکات ئەم کونڤانسیۆنانە جێ بەجێ بکەن. وا دێتە بەرچاو کە ئەمڕۆ ئیدی بوونی پلان یان لایحەیەك لە ئەنجومەنی

ولآتاندا بۆ هاوپێچکردنیان بەو کونڤانسیۆنانەی تایبەتن بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم، بەهای خۆیان لە دەست داوە و بەکردەوە ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت لە چوارچێوەی بەشی حەوتەم و لەسەر بنچینەی ماددەی (٢٥)ی بلآوکراوەکە[٧٣] بڕیاری خۆی بەسەر دەوڵەتاندا بسەپێنێت.[٧٤]

بەهەرحاڵ بڕیاری ناوبراو دەروەستەیی و بەرپرسیاریەتی زۆر قورسی خستوتە سەرشانی دەوڵەتان لە داهاتوودا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی تیرۆریستی، هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش لە بەرامبەر ڕووداوەکانی ١١ سپتێمبەر پیشاندەدات کە ئەم کوچکەیە بە کردەوە سوودوەرگرتن لە کردە زەبرئامێزەکان بۆ لەناوبردنی تیرۆریزم لەبەرچاو گرتووە.

## هەڵسەنگاندنی وەزیفەی ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەییدا

١- ئەنجومەنی ئاسایش مامەڵەیەکی سیاسیانە لەگەڵ تیرۆریزمی نێونەتەوەیی دەکات و لە ڕاستیدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم کێشەیە بەپێی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی هەمیشەیین کاردەکات.

٢- شەڕی سارد بە کردەوە بۆتە هۆی ئیفلیج کردنی ئەنجومەنی ئاسایش (پیادەکردنی مافی ڤیتۆ) لە بڕیاردان لەبارەی ڕووداو و هەلومەرجەکانی نێونەتەوەیی. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کومۆنیستی سوڤیەت لە دەیەی ١٩٩٠ و بزاڤی جیهان بەرەو سستەمی تاکجەمسەری، پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایش زیاتر بەرەو وەکیەکی چوو کە بووە هۆی بەهێزبوونی ئەم (کۆڵەگەیە) بۆ بڕیاردان لە قەیرانەکانی نێونەتەوەیی.



٣- لێکۆڵینەوەی هەوڵەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمدا، پیشاندەری ڕۆڵی دوالیزمی دامەزراوەی ناوبراوە لەم بارەوە. تایبەتمەندی سیاسی ئەنجومەنی ئاسایش و ئیختیارە زۆرەکانی ئەم کولەگەیە، بە تایبەتی لە ساڵەکانی دوای جەنگی سارد، وای لەم دامەزراوەیە کردووە ئیختیاراتی وای هەبێت کە لادەربن.

٤- بە جێگیربوونی سستەمی تاکجەمسەری، ئەنجومەنی ئاسایش بە تەفسیری فراوانی ڕۆڵی خۆی لە بلآوکراوە و بە فراوانکردنی "چەمکی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی"، ئیختیاراتی زۆری هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی نێونەتەوەیی.

٥- بە بۆچوونی هەندێك لە یاساناسان، وەزیفەی ئەنجومەنی ئاسایش هەندێجار لەگەڵ مافە ناوبراوەکان لە بلآوکراوەکەدا وێکنایەتەوە. بەڵگەی دیاری ئەم شتەش ئەوەیە کە ئەنجومەنی ئاسایش لە سنووری ئیختیاراتی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی ناکوکیەکان تێدەپەڕێنێت و بڕیاری ٧٣١ لە بارەی لیبیا ئیقرار دەکات کە ئەنجومەنی ئاسایش بە هیچ شێوەیەك بایەخی بەو بابەتە نەدا، کە بەپێی یاسای نێو دەوڵەتی هیچ دەوڵەتێك بەبێ بوونی پەیماننامەیەکی گەڕاندنەوە، ناکرێ داوای گەڕاندنەوەی تاوانبارێك بکات[٧٥].

٦- دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا هەمیشە هەوڵدەدات بە خستنەڕووی پێناسەیەکی بەرفرەوان لە تیرۆریزم و بەبێ لەبەرچاو گرتنی هۆکارەکانی و تەنیا سەرنجدان لە ئاکامەکانی، هەر جۆرە هەنگاوگەلێك کە دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی ئەو بێت بە تیرۆریزم تەماشای بکات و بە بەکارهێنانی



PDF 4 KURD

بڕیـاره نێودەوڵەتیـەکان بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ زاراوە یاسـاییەکەی دەسـت پێشخەری بکات.

٧- لەدوای ڕووداوەکانی ١١ سپتێمبەر، وادەردەکەوێت کە مافی بەرگری شەرعی لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ تیرۆریـزم گـۆڕاوە بـۆ جـۆرە ئـامراز و پاسـاوێك بـۆ هەنگاوگەلێکی دەسـتدرێژکەرانە و زامنکردنـی بەرژەوەنـدی زلهێزەکـان لەوانـەش ئەمریکا و ئەم دەوڵەتە بۆ زامنکردنی مافەکانی خۆی، بەبێ سەرنجدان لـە بـیروڕای ناوخۆیی و نێو نەتەوەیی، سوود لەم مافە بۆ بەرژەوەندی خۆی وەردەگرێت.

٨- یەکێك لە ئاکامەکانی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لە بارەی ڕووداوەکـانی ١١ سپتێمبەر، گۆڕان بوو لە چـەمکی هێرشـی چـەکدارانە و چـوون بـەرەو کـردە تیرۆریستیەکان. لە ڕاستیدا ئەنجومەنی ئاسایش هێرشی تیرۆریستی دامەزراوەیەکی تیرۆریستی وەك هێرشـێکی چـەکدارانەی وڵاتێـك سـەیر دەکـات و دوای ئـەوەش، چەمکی بەرگری شەرعی گۆڕا و چەمکەکەی بەرفراوان بوو.

بڕیاری ژمارە ١٣٦٨ ئەنجومەنی ئاسـایش کـە دوای هێرشـە تیرۆریـستیەکانی ١١ سـپتێمبەر دەرچـوو بڕیـارێکی گـشتیە هـەروەها بەرنامەگـەلێکی گـشتی بـۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم لەخۆدەگرێت. لەوانەیە لە داهـاتوودا بەرنامـەکانی ناوبرد، ببنە پێشینەیەکی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم و لەم حاڵەتەدا دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ ئـەمریکا کـە سـوود لـەم بڕیـارە وەرگرێـت بۆئـەوەی ڕووبەڕووببێتەوە لەگەڵ ئەو کردانەی لە ڕوانگەی ئەو وڵاتـەوە کـردەی تیرۆریـستین. لەسەر ئەم بنچینەیە، دەبێـت کۆمـەڵگای جیهـانی هـەوڵ بـدات کـە ئـەو بڕیـارە ناوبراوەی ئیقرار کرایـە و بڕیارەکـانی ئەنجومـەنی ئاسـایش لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگەڵ ڕەوشێکی تایبەتیدا لەبەرچاو بگرێت و جەخت لەسەر ئەوشتە بکاتەوە.



## پەراوێزەکان

1- Convention for the prevention and Punishment of Terror.

٢- حسین علی حسینی نژاد، حقوق کیفری، چاپ اول، (تهران، نشر میزان،١٣٧٣) ص ١٢.

3- D. H. Derby, "Coming to Terms with Terrorism, Relativity of Wrong fullness and the Need for a New Framework.", Toronto Law Review 32, 1987,pp, 152-160.

٤- بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ بڕیارەکانی:

E/CN.4/Res/ 2001/37.
E/CN.4/Res/ 1999/27.
E/CN.4/Res/ 1996/47.
E/CN.4/Res/ 2995/43.

٥- بەندی یەکەمی مادەی یەکەمی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٦- لە ڕێکەوتی ٣٠ مایسی ١٩٧٢ چەند کەسێکی یابانی ئەندامی سووپای سووری یابان کە لە خزمەتی بەرەی میللی بۆ ئازادی فەلەستین دابوون هێرشیان کردە سەر کۆمەڵە موسافیرێکی مەدەنی لە فرۆکەخانەی ((لۆد)) (Lod)ی ئیسرائیل کە بووە هۆی کوشـتنی چـەند کەسـێك. هەروەها لە ٥ سپتێمبەری ١٩٧٢ ئەندامەکانی ڕێکخراوی ئـازادیخوازی فەلەسـتین، هێرشـیان کردە سەر وەرزشکارەکانی ئیسرائیلی بەشدار بوو لە یارییەکانی ئولۆمپی لە میۆنیخ و یـازدە کەسی لێ کوشتن.

7- Dona M. Schlagbech, International Terrorism, An Introduction to the Concepts and actors, 1987p.122.

8- U. N. Doc. A/8791, 8 Sptember, 1972.

9- G. A/Res/ 30, 34. (1972). 18 December.

10- U. N., Yearbook of the United Nations, (New York; Department of Publik Information, 1972), p. 650.

11- Report of the Ad Hoc Committee on International Terrorism, G.A.O.R. Supp, (A 19028), 1973, p. 30; and also:
Schlagbech, op.cit., p. 123.

١٢- اسحاق ال حبيب، (( معضل تيروريسم و اقدامات سازمان ملل متحد براى مواجهه با ان))، فصلنامه مطالعات سازمان ملل متحد، سال اول، شماره ٣و ٤، (پاييز و زمستان ١٣٧٥)، ص ١٧٧.

13- G.A/Res/ 46/ 104, (1991), 31 October

١٤- هەڵوێستی وڵاتانی هیند، ئەلجەزایر، ئەرژەنتین، تونس، تورکیا و میسر لەبارەی تیرۆریزمەوە لە هەڵوێستی وڵاتانی رۆژئاوا نزیکە.

١٥- پاشکۆی بڕیاری ٤٩/٦٠ کۆمەڵەی گشتی لە ڕێکەوتی ١٨ نۆڤێمبەری ١٩٩٤.

١٦- بەشی حەوتەمی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەستە بەو هەنگاوانەی کە ئەنجومەنی ئاسایش بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو هەڕەشانەی ئاراستەی ئاشتی و ئاسایشی نێو نەتەوەییە. ئەم هەنگاوانە سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری یان ئۆپەراسیۆنی عەسکەری دەگرێتەوە.

17- Report of the AdHoc Committee on International Terrorism, G.A.O.R. Supp. 28 (A/ 9028), 1973, p. 13.

18- Ibid., p. 21.

19- U.N. Report of the AdHoc Committee on International Terrorism, G.A.- O.R. Thirty Forth Session, Supp. 37. (A/34/37), 1979, p.5.

20- G.A/ Res/34/143, (1979), para. 7
G. A/Res/ 38/130, (1983), para. 4
G.A/ Res/ 40/61, (1985), para. 4. and dso:
U.N. Report of the AdHoc Committee on International Terrorism, G.A.O.R. Thirty Forth Session, p. 30.

21- Ibid., pp. 7- 9.

22- G.A/ Res/34/145 (1979), para. 3- 4.



G.A/ Res/ 40/61 (1985), para. 1.

23- G.A/ Res/ 30/34 (1972), para. 5.
G.A/ Res/ 31/102 (1976), para. 5.
G.A/ Res/ 34/145 (1979), para. 8.
G.A/ Res/ 40/61 (1985), para.4.
G.A/ Res/ 38/130 (1987). Para. 5.

24- G.A/ Res/ 38/130 (1983), para. 6.
G.A/ Res/ 40/61 (1985), para. 8.

25- G.A/ Res/ 48/122 (1993), para. 6.

26- G.A/ Res/ 49/60, annex, (1994), 9 Deceber.

٢٧- شایانی باسە هەنگاوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و مامەڵەی ئەم کولەگەیە لە بواری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم، کاریگەری خستووتە سەر بۆچوون و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی کە تێڕوانینی کۆمەڵەی گشتی بۆ تیرۆریزم وەك هەڕەشەیەك لەسەر ئاشتی و پێشێل کردنی ئاشتییە.

28- G.A/ Res/ 44/29. (1989).
G.A/ Res/ 46/51. (1991).

٢٩- گرهاردفن گلدن، در امدى بر حقوق بين الملل عمومى، ترجمه دكتر سيد داوداقايى، جلد اول، (تهران: نشر ميزان، نشر دادگستر، زمستان١٣٧٨)، ص٢٧٣.

٣٠- ربەكاوالاس، حقوق بين الملل، ترجمه محمدشريف، (تهران: نشر نى، چاپ اول، ١٣٧٨)، ص، ١٨٩.

٣١- فەن گوڵدن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٦

٣٢- بەندی ١ مادەی ٢٤ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٣٣- بەندی ٢ مادەی ٢٤ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٣٤- بەندی ٢ مادەی ٣٦ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٣٥- مادەی ٣٩، پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

36- S/PV 3046, 31 January, 1992, p. 143.



PDF 4 KURD

37- SC. Res457 (1979), 4 December.

SC. Res266 (1970), 9 Sptember.

38- Achille Lauro.

٣٩- لەبارەی رووداوی لوكەربی بگەڕێوە بۆ:

هدايت الله فلسفی و ابراهيم بيگ زاده، "ايالات متحده امريكا، فرانسه و بريتانيا بر چد ليبی"، مجله تحقيقات حقوقی، شماره ١٤- ١٣، (پاييز ١٣٧٢ تا تابستان ١٣٧٣).

40- S/23308(1992), 27 November.

41- SC/Res731 (1992), 21 January.

42- SC/Res748 (1992), 31 March.

٤٣- ئەنجوومەنی ئاسایش بەندی چواری مادەی دووی بڵاوكراوەكەی بە جۆرێك راڤە كرد كە هەنگاوی زەبرئامێزی تیرۆریستی دەگرتەوە و دووپاتی كردەوە كە بەپێی بەندی ناوبراو دەوڵەتەكان دەروەستن خۆیان دوور بگرن لە رێكخستن، هاوكاری و بەشداریكردن لە كردەكانی تیرۆریستی یاخود رێگەدان بە كردەی رێكخراو.

٤٤- پێویستە بڵێین لە نێوان دوو دەوڵەتی سودان و ئەسیوبیا لە رێكەوتی ١٩٦٤ پەیماننامەی گەڕاندنەوە بەستراوە و بنەمای داواكاری ئەنجوومەنی ئاسایش لە سودان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو سێ كەسەی كردە تیرۆریستیەكەیان ئەنجامدا پشتی بەو پەیماننامەیە دەبەست.

٤٥-مادەی ٤١ پەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكان.

46- SC/Res 883 (1993), 11 November.

٤٧- بەندی ٢ مادەی ٣٦ پەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكان.

٤٨- بەندی ٢ مادەی ٣٧ پەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكان.

٤٩- فريده شايگان، شورای امنيت سازمان ملل متحد و مفهوم صلح و امنيت بين المللی، تهران: انتشارات دانشكده حقوق و علوم سياسی، چاپ اول: بهار ١٣٨٠، ص٨٩.

50- S/23574, 1992, 11 February.

51- SC/Res. 1044, (1996), 3 June.

٥٢- شایانی باسە كە

53- SC/ Res 1054. (1996), 26 April.



54- SC/ Res 1070. (1996), 16 August.

55- SC/ Res 904. (1994), 18 March.

٥٦- بۆ زانیاری بگەڕێوە بۆ:

SC/ Res/ 1214 (1998).

SC/ Res/ 1267 (1999).

٥٧- بۆ زانیاری لەبارەی روونكردنەوەی رووداوەكە بگەڕێوە بۆ:

مرتضی نجفی اسفاد، "بحران حمله به كنسولگری ايران در مزار شريف و حقوق بين الملل" نشريه دانشكده علوم قضايي و خدمات اداری، سال سوم، شماره ١١، سال ١٣٧٧.

58- SC/ Res/ 1193 (1998), 12 August.

59 SC/ Res/ 1214 (1998), 8 December.

٦٠- نجفی اسفاد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

61- SC/ Res/ 1189 (1998).

62- SC/ Res/ 1269 (1992), 10 October.

٦٣- مادەی ٥١ پەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكان.

٦٤- لە نیسانی ١٩٩٣ لەدوای دیداری جۆرج بۆش سەرۆك كۆماری ئەوكاتی ئەمریكا لە كوێت، ناوەندی هەواڵگری كوێت رایگەیاند بڕێك مادەی تەقەمەنی لەلایەن دامەزراوەی هەواڵگری عێراق لە ئوتومبێلێكدا دانرابوو كە بڕیار وابوو لە شوێنی گەڕانەوەی بۆش بتەقێنرێتەوە. وێڕای ئەوەی سەرۆك كۆماری ئەمریكا رایگەیاند تاكاتی روونبوونەوەی راستییەكان لە دادگای سزای كوێت، ئەمریكا هیچ جۆرە پەرچەكردارێك و هەنگاوێك نانێت. كەشتییەكانی جەنگی ئەمریكا هێرشێكیان بە مۆشەك لە ٢٦ حوزەیرانی ١٩٩٣ كردە سەر بارەگای دامەزراوەی هەواڵگری عێراقی. دەوڵەتی ئەمریكا پاساوی ئەوەی بەهەنگاوێك بۆ بەرگریكردن لە خۆی هێنایەوە.

٦٥- لە ١٩٨٦ دوای دانانەوەی بومبێك لە رێستورانتێكی بەرلینی رۆژئاوا كە بووە هۆی كوشتنی سەربازێكی ئەمریكی و برینداربوونی ژمارەیەكی دیكە، ئەمریكا ئەم رووداوەی دایە پاڵ دەوڵەتی لیبیا و هێرشی ئاسمانی كردە سەر لیبیا و پاساوی كارەكەی بە بەرگریكردنی

شەرعی لە خۆی هێنایەوە لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەکی پشت ڕاستکەرەوە بۆ هەبوونی دەستی لیبیا لەم ڕووداوەدا لەبەر دەست نەبوو.

66- Albrohoim D. Sofaer: Terrorism and the Law Foreign Affaris, vol 46. No. 5, Summer 1986, pp. 920- 921.

67- SC/Res/ 1368 (2001), 12 September.

٦٨- لەسەر بنچینەی مادەی ٥١ پەیمانی "پەنابردنە بەر توندوتیژی" جگە لەبارەی بەرگری کردن لە خۆی (بەرگری شەرعی) قەدەغە کراوە.

٦٩- بەپێی هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمریکا و بەریتانیا لە ٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ هێرشەکانی خۆیان لە دژی ئەفغانستان دەست پێکرد. هێرش بۆ سەر ئەفغانستان بە پاساوی بەدەستەوەنەدانی تاوانبارانی هێرشە تیرۆریستیەکان لەلایەن تالیبانەوە، وەك جۆرە ڕاگەیاندنێکی شەڕ وابوو لە ژێر ئاڵای بەرگری لە خۆکردن پاساوی بۆ هێنراوەتەوە.

70- SC/Res/ 1373 (2001), 28 September.

**٧١-** کونڤانسیۆنەکان بریتین لە:

١- کونڤانسیۆنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تاوان و کردە تاوانکارییەکان لە فڕۆکەدا (تۆکیۆ — ١٩٦٣)، لە ١٩٦٩وە جێبەجێ کردنی پێویستە:

٢- کونڤانسیۆنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕفاندنی نایاسایی فڕۆکە (لاهای –١٩٧٠) لە ١٩٧١وە جێ بە جێکردنی پێویستە:

٣- کونڤانسیۆنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەنگاوە نایاساییەکان لە دژی ئاسایشی فڕۆکەی وڵات (مۆنترال ١٩٧١)، لە ١٩٧٣وە جێ بە جێ کردنی پێویستە:

٤- کونڤانسیۆنی ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانەکان لە دژی ئەو کەسانەی پاسەوانی دەکرێت لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا لەوانەش دیپلۆماتەکان (نیویۆرک ١٩٧٣): لە ١٩٧٧وە جێ بە جێ کردنی پێویستە

٥- کونڤانسیۆنی نێو نەتەوەیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بارمتە گرتن (نیویۆرک ١٩٧٩): لە ١٩٧٧وە جێ بە جێ کردنی پێویستە:

٦- کونڤانسیۆنی پارێزگاری فیزیایی لە مادەی ناوەکی (ڤییەنا ١٩٧٩)، لە ١٩٨٣وە جێ بە جێ کردنی پێویستە:



٧- پرۆتۆکۆلی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کردەکانی نایاسایی توندوتیژ لەو فڕۆکەخانانەی لە خزمەتی فڕۆکەی وڵاتی نێونەتەوەییدایە (بە کونڤانسیۆنی مۆنترالی ١٩٧١ەوە پەیوەست کراوە) (مۆنترال ١٩٨١)، لە ١٩٨٩وە جێ بەجێکردنی پێویستە.

٨- کونڤانسیۆنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کردەکانی نایاسایی لە دژی ئاسایشی دەریاوانی، (ڕوما، ١٩٨٨)، لە ١٩٩٢وە جێ بەجێکردنی پێویستە:

٩- پرۆتۆکۆلی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کردەکانی نایاسایی لە دژی ئەو سەکو جێگیرانەی دەکەونە کەنارە دەریاییەکان، (پەیوەست کراوە بە کونڤانسیۆنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کردەکانی نایاسایی لە دژی ئاسایشی دەریاوانی) (ڕوما- ١٩٨٨)، لە ١٩٩٢وە جێ بەجێکردنی پێویستە.

١٠- کونڤانسیۆنی نیشانەکردنی (مارکلێدان) کەرەستەکانی تەقاندنەوەی پلاستیکی بە مەبەستی گواستنەوەیان (مۆنترال ١٩٩١) لە ١٩٩٨وە جێ بەجێ کردنی پێویستە:

١١- کونڤانسیۆنی نێو نەتەوەیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆمب دانانی تیرۆریستی (نیویۆرک ١٩٩٧) لە ٢٠٠١وە جێ بە جێکردنی پێویستە:

١٢- کونڤانسیۆنی نێو نەتەوەیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دابینکردنی دارایی تیرۆریزم (نیویۆرک ١٩٩٩)

**٧٢-** لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بکەین بە وابەستەبوونی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کونڤانسیۆنی نێونەتەوەیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆمب دانانی تیرۆریستی (١٩٧٧) و کونڤانسیۆنی نێونەتەوەیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دابینکردنی دارایی تیرۆریزم (١٩٩٩).

**٧٣-** بەپێی مادەی ٢٥ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەندامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕازی دەبن کە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی پەیمان پەسەند بکەن و ڕاپەڕێنن.

**٧٤-** گوتاری دکتۆر جەمشید مومتاز لە ژێر ناوی "ابعاد حقوقی مقابلە با تروریسم بین المللی"، بولتن مرکز مطالعات عالی بین المللی دانشگاه تهران، سال دوم، شمارە ١. دی ماه ١٣٨٠، ص١٠.

**٧٥-** شایگان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

*** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری اطلاعات سیاسی — اقتصادی وەرگیراوە.**

# یاسای نێودەوڵەتی
# ئامرازێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم

موریس فلۆری
و: بۆ فارسی: دکتۆر سەید قاسم زەمانی
و: لە فارسییەوە: کاوە چەم

## یاسای نێودەوڵەتی

### ئامرازێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم

زۆربوونی دەقی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەمەڕ تیرۆریزم بە لێکۆڵینەوەی بەرز و بەرچاو گەیشتووە[1]. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم لێکۆڵینەوانە بە شێوەیەکی گشتی تیرۆریزم چەشنی تاوانێك لەقەڵەم دەدەن، لە ناویاندا جەخت لە سەر بەرتەسکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، وەکو چەکێکی کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم کراوەتەوە.

جۆربەجۆربوون و ئالۆزی چالاکییە تیرۆریستییەکان، کاری لێکۆڵینەوەی دژوار دەکات و سەرەڕای پۆلینکردنەکانی ئێستا، بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستاش پێناسەی تیرۆریزم کە لەلایەنی یاساییەوە گشتی و گشتگیر بێت، نەخراوەتەروو.



ئەم نوسراوەیە باس لە رۆڵی یاسای نێودەوڵەتی لەو پانتایەوە دەکات و بەم هۆیەوە پێویستە لە سەرەتادا هێما تەواو ناوخۆییەکانی تیرۆریزم بەلاوە نێین. رفاندنی شەڕئەنگێزانە و ترسێنەرانەی مرۆڤەکان لەلایەن مافیاکانی ئیتاڵیا، لە چوارچێوەی یاساکانی ئیتاڵیادایە و بەرپرسانی پێوەندیداری ئەو وڵاتە لە بەرەنگاربوونەوەیدا بەرپرسیارن. پڕۆسە تیرۆریستیەکانیش کە کۆمەڵێك خواستی سیاسی لە پشتە، دەتوانێ لە سنووری یاسا ناخییەکاندا جێگای بێتەوە، بۆ نموونە بەرپرسیارێتی بەدواداچوون و سزادانی تاوانبارانی کردەوە تیرۆریستیەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی دوڕگەی "کورس" و ئەیالەتی "بریتۆن" دواجار لە سەر شانی حکومەتی فەڕەنسایە. یاسای نێودەوڵەتیش ئیرادەی خۆی تەنیا بۆ تیرۆریزمی دەرەوەی سنوور تەرخان دەکات، ئەمەش لەو بابەتانەدایە کە دەوڵەتی قوربانی پێش لە بەدواداچوونی یاسایی مەسەلەکە نەگرێت.

تاوانی سیستەماتیزەکراوە و تیرۆریزمی سیاسی ناتوانرێ بە شێوەیەکی سانا لە یەك جیابکردرێتەوە. لە تاوانی سیستەماتیزەکراودا بە زۆری لە کەسانی بەکرێگیراو سوود وەردەگیرێت، لە کاتێکدا کە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی سوود لە پاساوهێنانەوە سیاسیەکان وەردەگرێت. زۆربەی کات لە رەوتی گۆڕانکاری رووداوێك، هەر یەك لەمانە دەبێتە ئەوەی دیکە و جیاوازی نێوانیان کاڵتر دەکاتەوە. سەرباری دژواری ناسینی ئەم دوو جۆرەی تیرۆریزم، لێرەدا تیرۆریزمی سیاسی دەرەوەی سنوور(political cross-border terrorism) چەشنی جۆرێك کە پێوەندی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا پەیدا دەکات، دەخەینە بەرباس. جۆرەکانی دیکەی تیرۆریزم پێوەندیدارە بە یاسای سزادانی ناوخۆیی و هەندێ کات — بۆ نموونە سەبارەت بە پەنابەرێك — رەنگە پێویستی بە یارمەتی هێزە ئەمنییەکانی وڵاتانی دراوسێ هەبێت.

تیرۆریزمی سیاسی شتێکی زیاتر لە کردەوەیەکی تاوانبارانەی گرنگ و جیدییە. ئەم کردەوەیە هەڵگری پەیامێکیشە. تیرۆریزمی سیاسی بە سوودوەرگرتن لە هەڕەشە یان بەرتیل وەرگرتن، خوازیاری راکێشانی سەرنجی کەسانی دیکەیە. لەم جۆرەی تیرۆریزمدا هەرگیز قوربانیانی دیاریکراو بە رێکەوت دەستنیشان ناکرێن. تیرۆریستان بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك هێرش لە شوێنە گشتییەکانی وەکو شەقامێکی قەرەباڵغ، وێستگەیەکی شەمەندەفەر، فرۆکەخانە یان فرۆشگایەکی گەورە دەیانەوێ بە پێکهێنانی کەشێکی بەرفراوانی ترس و تۆقاندنی گشتی، حکوومەتەکان بخەنە ژێر گوشار. لە کردەوە تاکە کەسییەکانیشدا زۆربەی کات دیپلۆماتەکان یان بەرپرسانی گشتی وەکو نوێنەرانی حکومەت، کەسایەتیەکانی راگەیاندن بۆ کاریگەری خستنە سەر رای گشتی، قوتابیان و بیرمەندان بە مەبەستی مەحکوم کردنی هاوکاری فیکرییان لەگەڵ دەوڵەت و داگیرکەری فەرهەنگی یان پسپۆڕانی تەکنەلۆژیا، وەکو نوێنەرانی ئیمپریالیزمی ئابووری دەبنە ئامانج.

ئەو دەوڵەتانەی رووبەرووی ئەم کێشەیە بوونەتەوە دوو رێگەیان لە بەردەمدایە: سەرکوتکردنی سزایی تیرۆریستان، یان بەریەککەوتنی سیاسییانە کە پابەندە بە دیپلۆماسی و هاریکاریەوە. هەر یەك لەم شێوانە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی جیاواز وەستاون. بەرەنگاربوونەوەی سزادانی تیرۆریستان، زیاتر بوونێکی تەکنیکی هەیە و پشتەبەستێت بە یاساکانی سزادان و شێوە و مێتۆدەکانی دادوەری یاسایی کە لە هەر رژێمێکدا وەکو یاسای نیشتمانی ناسراوە. ئەم مێتۆدە بێ ئەوەی سەرنجێکی ناشیاوی بەرامبەر بە چوارچێوەی رووداني کردەوەی تاوانبارانە هەبێت، جەخت لەسەر بوونی رووداني کردەوەیەکی تاوانبارانە و دواتر بەدواداچوون و سزادان دەکاتەوە. رێبازی دووهەم، باسەکە بە شێوەیەکی ساناتر



دەکاتەوە و نە تەنیا خودی ئەو کردەوەیە، بەڵکو سەرنج دەداتە فەزای بە مەبەست گەیشتن و پەیامەکەشی. ئەم رێبازە گفتوگۆیەکی لێدەکەوێتەوە کە لە ماوەیەکی کورتدا لە ئاستی ئەنجامدەر یان ئەنجامدەرانی رووداوەکە ئەولاتر دەڕوات و دەوڵەتیش تێوەدەگلێت. ئەم رەوتە بە هۆی دوو کێشەوە، زۆربەی کات لە بۆشاییەکی ناو لێڵیدا دەمێنێتەوە. ئەم گفتوگۆیە بە جۆرێك لە هاریکاری ئاشکرا لە کردە ئەنجامدراوەکەدا لەقەڵەم دەدرێت و تەگەرە دەخاتە بەردەم بەرەنگاربوونەوەی کاریگەری دەوڵەت لەگەڵ ئەم کردە تاوانبارییەدا. ئەو کات دەستێوەردانی هەر دەوڵەتێك لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی هەمان دەوڵەت ئەنجام دەدرێت و بەم هۆیەوە دەتوانێ تەگەرە بخاتە بەردەم هەر جۆرە هەوڵدانێك بۆ هاریکاری راستەقینەی نێودەوڵەتی.

لە سێ یان چوار دەیەی رابردوو ئەم روانگەیە بۆ تیرۆریزم، هیچ دەرەنجامێکی لێنەکەتۆتەوە. لە لایەکەوە، نەبوونی پێناسەیەکی تەواو قبووڵکراو لە تیرۆریزم، تەگەرەی خستۆتە بەردەم بەرێوەبردنی رێبازی یاسایی (legal approach) و لە لایەکی دیکەوە پێویستی بەدەستهێنانی رێککەوتنێکی گشتی لە نێوان وڵاتانی پێوەندیدار و هەر جۆرە کەڵك وەرگرتنێکی لە ئامرازی سیاسی تووشی ئاستەنگ کردووە . لەگەڵ ئەمەشدا، چارەسەربوونی ئەم بەربەستە کۆنانە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١، دەتوانێ کۆمەڵێك پێشکەوتنی مژدەبەخش سەبارەت بە رۆڵی ئایندەی رێبازی یاسای لێبکەوێتەوە.

## ڕێبازی یاسایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم

ئەم یەکەم شێوەی بەرنگاربوونەوەی تیرۆریزم، چاوپۆشی لە هۆکار و زەمینەکانی دەکات و جەخت لەسەر خودی کردەی تاوانبارانە و ئەنجامدەرانی دەکاتەوە . هەر جۆرە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ تیرۆریستان یان پاڵپشتیکەرانی ڕەتدکرەێتەوە. ڕوانینی یاسایی، خۆی لە ناو چوارچێوەی هەڵسوکەوتی تەواو فۆرمی و ڕەسمی لەگەڵ کردەی تاوانبارنە، پابەند و سنووردار دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە ئەو میتۆدە تەنیا بە لێکدانەوەیەکی یاسایی ڕازیکەر لە قەڵەم بدرێت، بەڵام دەرەنجامەکانی کە لێیدەکەوێتەوە، ئەو شتە نییە کە لێی چاوەڕوان دەکرێت، چونکە بارودۆخی پێویست بۆ سەرکەوتنی  لەبەردەستدا نییە.

## بارودۆخی پێویست

ئەم ئاڕاستەیە پێویستی بە پێناسەیەکی قبووڵکراو لە کردەی تیرۆریستی هەیە. پێویستە نێودەوڵەتی بوونی تیرۆریزم، بەرەنگاربوونەوەی جیهانی لە ڕێڕەوی هاریکاری یاسایی زیاتری لێبکەوێتەوە. بەم شێوەیە قازی گیوم (guillaume) ئاماژەی پێداوە، کە پێویستە هەر کردەیەکی تیرۆریستی لە گشت وڵاتێك چەشنی تاوان بناسرێت. بەم پێیە دەبێ بەسەر ڕێبازە دادگاییە سزاییەکاندا بچینەوە و چاکسازی تێدا بکرێت. پێویستە سەلاحییەتی نیشتمانی دادگاکان، تەنانەت کاتێك کە کردەوە تیرۆریستیەکان لەلایەن کەسانی بیانیەوە لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێت، بە ئاسانکارییەکی زیاترەوە بە ڕەسمی بناسرێت. دواجار دەبێ تیرۆریستان دەستگیر، دادگایی و سزا بدرێن و ئەگەر نا ڕادەست بکرێنەوە[٢].



لە بارودۆخێکدا کە زۆربەی وڵاتان تا ئێستاش تیرۆریزم، چەشنی مەسەلەیەکی تەواو نەتەوەیی لەقەڵەم دەدەن، چۆن دەتوانرێت یاسای نێودەوڵەتی سەرەڕای هەوڵە سەرکەوتووەکانی دوای دوو شەڕی جیهانی کە تا ئێستاش لە قۆناغەکانی سەرەتایی نەشونما و پێشکەوتندا ماونەتەوە، سەربخرێت؟ پێدەچێت ئەم کارە گرنگە لە سەر شانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بێت، چونکە زۆربەی وڵاتان ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیەن و بەم هۆیەشەوە باشترین شوێنە بۆ دەرکردنی ڕێسایەکی جیهانی.

هەروەها ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك ئۆرگانی خاوەن سەلاحییەتی ناسراوی بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی لەم شێوەیە هەیە (وەکو کۆمیتەی شەشەمی ئەنجومەنی گشتی، کۆمسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی، کۆمیتە تایبەتیەکان و ... ) . لەگەڵ ئەمەشدا، تا ئێستا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بە هۆی دژایەتێکی ئاشکرای بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی، توانای بە جێگەیاندنی ئەم ئەرکەی نەبووە. بۆ نمونە کۆمیتەی شەشەمی ئەنجومەنی گشتی لە بە دەستهێنانی پێناسەیەکی قبووڵکراوی تیرۆریزم سەرکەوتوو نەبووە. دوابەداوی داواکاری ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە ٢٣ی سێبتامبەری ١٩٢٧، ئەنجومەنی گشتی پێشەکییەکی نوێی بە بەرنامەی کارەکەی زیاد کرد و ناونیشانی ئەم پێشەکییە دەریدەخات کە ئەم داهێنانە تووشی گرفت بووە:

کۆمەڵێك ئامادەکاری بۆ پێشگیری لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کە ژیانی خەڵکانی بێ تاوانی تووشی مەترسی کردووە و لێیان دەستێنێ یان ئازادییە بنەڕەتیەکان تووشی مەترسی دەکات، لێکۆڵینەوە لە هۆیە بنەڕەتییەکانی ئەو بەشە لە کردەوە تیرۆریستییەکان و کردە توندوتیژەکان کە بنجیان لە چارەڕەشی، بێ



PDF 4 KURD

بەشی، مەینەتی و دەرد و ئازاردا هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ کەس، ژیانی مرۆڤەکان بکەنە قوربانی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی.

ئەم هەوڵەی ئەنجومەنی گشتی پەرەی بە چالاکییەکی جیدیدا و لەمانەش راپۆرتی ئەمینداری گشتی لە رێکەوتی ٢ی نوامبەری ١٩٧١ سەبارەت بە گرێبەستی ٣٠٣٤ بوو. دوابەدوای ئەم راپۆرتە، بە بەشداری سی و پێنج ئەندام لێژنەیەکی تایبەت سەبارەت بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی پێکهات کە لە ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٩ دوو راپۆرتی سەبارەت بەم کێشەیە پێشکەش کرد. سەرەڕای ئەمانە، لە ئەنجومەنی گشتیدا گرێبەستەکان دوابەوای یەك خراونەتە دەنگدانەوە، چ ئەوانەی بە شێوەیەکی کاتی تیرۆریزمیان خستۆتە بەرباس، چ ئەو گرێبەستانەی کە رووداوێکی خوێناوی تایبەت هۆکاری هاتنە ئارایان بوو. ( بۆ نمونە گرێبەستی ٣٨/١٣٠ لە ساڵی ١٩٨٣، گرێبەستەکانی ٤٠/٦١ و ٤٠/٨٥ لە ساڵی ١٩٨٥ و گرێبەستی ٤٢/١٥٩ لە ساڵی ١٩٨٧). هەروەها کۆمەڵێك گرێبەستیش لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە پەسندکران (بۆ نمونە گرێبەستی ٥٧٩ لە ١٨ی دیسامبەری ١٩٨٥). تەنانەت دیوانی نێودەوڵەتی دادگای باڵا( international court of justice ) لە کێشەی بارمتەگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، لە دەرفەتی رەخساو بۆ خستنەرووی پێناسەیەك لە تیرۆریزم چاوپۆشی نەکرد. ئەم دەستەوەستانیە لە ئامادەکردنی بنیاتێکی هاوبەش، بە روونی لە ناوونیشانی دیاریکراو بۆ پرۆژەی ئەنجومەنی گشتی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، بەرچاو دەکەوێت. ئەنجومەنی گشتی کە ولاتانی جیهانی سێیەم تێیدا زۆرینە و کاریگەرن و ئەنجومەنی ئاسایش کە بۆ دوو بەرە دابەشکراوە، ناتوانن سەبارەت بە باشترین شێوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم رێکبکەون. هەروەها جیهانی سێیەم و



ولاتانی رۆژهەڵات بە ئاشکرایی دژ بە قبوولکردنی هەر جۆرە پێناسەیەکی رەسمی بۆ تیرۆریزمن [٣].

لەگەڵ ئەمەشدا، کاتێك خۆمان لە چوارچێوەی جیهانی بۆ کۆمەڵگایەکی هاوشێوە سنووردار بکەین، ئەگەر و سانایی گەیشتن بە سەرکەوتن بەهێزتر دەبێت. لەم نێوەندەدا ئەورووپا پێشەنگە. کۆنڤانسیۆنی ئێستراسبۆرگ ( ٢٧ی ژانویەی ١٩٧٧) لە پێناسەی تیرۆریزمدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کۆنڤانسیۆنە خاوەن پێناسەیەکی دیاریکراونییە بۆ تیرۆریزم، بەڵام لە بەشی یەکەمیدا پێرستێك لە کردەوەی تیرۆریستی خراوەتە روو، بە تایبەت ئەم کۆنڤانسیۆنە تیرۆریزمی سیاسی لە روانگەی وەرگرتنەوە بە جۆرێك لە کردەی تاوانبارانەی ئاسایی لەقەڵەم داوە. ئەمەش شێوەیەکە کە بە گشتی لە سەرووی بەدواداچوون و سزادانی خۆجێیی تیرۆریستان دانراوە[٤].

هەر ئەم تێڕوانینە بۆتە بنچینەی رێککەوتننامەیەکی دیکەش کە تێیدا باس لە بابەتی تیرۆریزم لە سنوورێکی تایبەت دەکەن. بەم جۆرە زۆر بە سانایی دەتوانرێ پێناسەی کردەوەی تیرۆریستی بکرێت. دیارترین نمونە لەم زەمینەیەدا کۆنڤانسیۆنی پێوەندیدار بە بەرەنگابوونەوە لەگەڵ رفاندنی فرۆکەیە ( کۆنڤانسیۆنی ١٩٦٣ تۆکیۆ، ١٩٧٠ لاها و ١٩٧١ مۆنترال) [٥]. بەم پێیە هیچ پێناسەیەکی گشتی پەسندکراو لە کردەوەی تیرۆریستی لە یاسای نێودەوڵەتیدا بەرچاو ناکەوێت. ئەم پێناسانەی لەبەر دەستدانە یان لە بەرفراوانبوونیدا بە جۆرێکی تایبەت لە تیرۆریزم سنووردار دەبێت یان تەنیا ولاتانێکی کەم قبووڵیانە.

ئیمکانی پەنابەربوونی ئەنجامدەرانی کردەوەی تیرۆریستی لەو ولاتانەی کە ملکەچی پێناسەی قبوولکراو نەبوونە، هەیە. ئەم پێناسانە بە بێ سەرنجپێدان بە



PDF 4 KURD

لایەنە سیاسییەکانی تیرۆریزم، تەنیا جەخت لەسەر ماهییەتی تاوانی زۆر قێزەون دەکەنەوە. ئەم سەرنجپێنەدانە بە لایەنی سیاسی تیرۆریزم لە رووخساردا دەتوانێ ئەوە بگەیەنێ، کە دەوڵەتان دەیانەوێت بۆ لاوازکردنی پەنابەریەتی، جۆرێك لە سیستەمی کاریگەری گەڕاندنەوە پراکتێك بکەن. [٦]. بە جێبەجێکردنی پرەنسیپی "وەرگرتنەوە یان سزادان" (extradition or prosection) پێویستە وەگرتنەوە یان سزادانی تاوانباران خودبەخود جێبەجێ بێت. بەڵام لە جیهانی واقیعدا، تا رادەیەکی زۆر دەوڵەتان مافی دیاریکردن بۆ خۆیان دەپارێزن. مافێك کە زۆربەی کات جێبەجێ نەکردنی هەمان رێسای لێدەکەوێتەوە کە لە رووخساردا پاڵپشتی لێدەکەن. بە واتایەکی دیکە، هەمان کۆنڤانسیۆنەکان کە تیرۆریزم تا رادەی تاوان نزم دەکەنەوە، خۆیان خاوەنی کۆمەڵێك بەندی پاڵپشتیکەر و دارشتنی دەستەواژە گەلێکی لێڵن، کە ئیزن بە دەوڵەتانی ئەندامی کۆنڤانسیۆن دەدەن، ئەگەر بە باشیان زانی، بە لێکدانەوەی خۆیان، یارمەتی لەم بەندە پاڵپشتیکەرانە وەربگرن. ئەم مەسەلەیە (گەی دی لاشارێری Guy de lacharriere هانداوە تا بڵێ: ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتان بە پێی هەڵسوکەوتێك کە لە قۆناغی ئامادەکردنی رێسا یاساییەکان ئەنجام دەدەن ،لێکیان بدەینەوە، پێویستە بڵێم دەوڵەتان خۆیان بنیاتنەر یان رێگەخۆشکەری لێڵی لە یاسای نێودەوڵەتین.[٧].

## ئەنجامەکانی ئەم لێڵیە

سەرنەکەوتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پێناسەی تیرۆریزمدا هۆیەکی سیاسی هەیە نە هۆیەیەکی تەکنیکی. دەوڵەتانی دۆڕاو، بێ دەسەڵات یان ئەوانەی



بوونەتە قوربانی تاوانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، یان ئەوانەی بەم شێوەیە خۆیان دەردەخەن، پێناسەیەکی تەواو فۆرمی یان بە پێی واقیعەکانی تیرۆریزم قبووڵ ناکەن. ئەو دەوڵەتانە بێ ئەوە بە ئاشکرا بە تیرۆریزمدا هەڵبڵێن، لە دوورەوە بە پۆزەتیڤ وەسفی دەکەن و زۆربەی کات چەشنی دوایین فێڵی بێ دەسەڵاتەکان سەیری دەکەن. پەسندکردن شوێنی خۆی هەیە، ئەوان تەنانەت ترسیان لە ئیمزا کردنی ژێر پێناسەیەکی تیرۆریزم هەیە کە ئازادی کارکردنیان سنووردارەدەکات و رەنگە مەحکوم بوونی جەنگاوەرانێکی لێبکەوێتەوە، کە لەلایەن گشت کەسێکەوە دەستخۆشیان لێدەکرێت. نمونەیەك لەم بابەتە، جەنگاوەرانی بەرەی بەرهەڵستی لە شەڕی دووهەمی جیهانیدابوون، کە لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە وەك تیرۆریست دەناسران، لە کاتێکدا لەلایەن هاوپەیمانانەوە چەشنی قارەمان لەناودەبران. کەمکاری لە پێکهێنانی میکانیزمێکی بان نەتەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، رەنگە پەرچەکرداری یەك لایەنانەی ولاّتانی قوربانی لێبکەوێتەوە. لە کاتی ئامادەکاری کاریگەر کە یاسای نێودەوڵەتی گەرەنتی کردبێت، زۆربەی کات ولاّتانی قوربانی لە ژێر ناوی بەرگری رێگەپێدراو (self-defence ) و بە سوودوەگرتن لە کۆمەڵێك شێوە، کە هەندێ کات هاوشێوەی هەمان شێوە کە خۆی بە قێزەونی داناون، یاسای نێودەوڵەتی پێشێل دەکات[٨].

چۆن دەتوانین لەو رێگا پووچەڵکراوەیە رزگار بین؟ ئایا بڕیار نییە لە رێبازی یەکەم سەرووتر بڕۆین و بە شێوەیەکی جیاواز سەیری تیرۆریزم بکەین؟

## سەرنجدان لە پەیامی سیاسی تیرۆریزم

جیا لە پێشوازی نەکردنی وڵاتانی قوربانی، ڕێبازی دووهەم گرفتێکی دیکەش دێنێتە ئاراوە کە هەمان کردنەوەی دەروازەی گفتوگۆ و هەندێ جار دانوستانی واقیعی لەگەڵ کەس یان کۆمەڵێك ڕێکخراوە، کە روو لە بە ڕەسمی ناسینیان وەردەگێڕین. تەنانەت پێوەندییەکی سەرەتایی و دوور، لە رووخساردا دەتوانێ وەکو جۆرێك ڕێگەپێدان بە ئامانجەکانیان لە قەڵەم بدرێت و ئەمە شتێکە کە ناکەوێتە بەر دڵی وڵاتانی قوربانی. بەڵام بە شیکردنەوەی زیاتر، ئەم گومانە بە خێرایی کاڵ دەبێتەوە. ئەم راستییە کە کردەوەی تیرۆریستی پاساوی بۆ نییە، نابێ تەگەرە بخاتە بەردەم هەڵسەنگاندنی سیاسیانەی بارودۆخ. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە قووڵایی سیاسی کردەوەیەکی تیرۆریستی دیاریکراو، بەلانی کەمەوە دانپێنان نییە بە کردەوەکە، کە لە هەر کاتێکدا تاوانبارانەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ناسینی ڕەهەندی سیاسی تیرۆریزم کاریگەر دەبێت لەسەر رووبەروبوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانە. بە هەر شێوەیەك دەبێ وەڵامی پەیامی تیرۆریستان بدرێتەوە و لەم رووەوە ڕەهەندی کاری ئەنجامدراو پێویستە دانی پێدابنرێت. لەم روانگەوە توانای باشتر ناسینی کردەی ئەنجامدراو هەیە و زۆربەی کات بەرەو رووبونەوەیەکی لەم شێوەیە بە سوودی تیرۆریستان کۆتایی پێنایە، چونکە ئەو ئەگەرە هەیە لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان یان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لە چوارچێوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بە تاوانبار و محکومیان بناسن.

ئەم روانگەیە، بوونی پەیامێکی سیاسی دیاریکراو بە پێویست دەزانێت . پەیامێك کە وڵاتێك بە راستی دەزانێت یان بە جۆرێك لەگەڵ سیاسەتی وڵاتێکی دیکە پێوەندی هەیە. ئەمڕۆ بەشی زۆری تیرۆریزم ( تیرۆریزمی عەرەب، ئێرلەندا، چریکەکانی ئەمەریکای ناوەندی)  لە ناو دڵی ئەم گریمانیەدا جێدەگرن. بە پێچەوانەوە، ئەم روانینە لەمەڕ جۆرێ لە چالاکی تیرۆریستی کە مەبەستیان بەرەنگاربوونەوەی ڕێکوپێکی ئابوورییە و لەلایەن کەسانێکی جیا لە یەك یان گروپێکی بچووك وەکو "بریگاردە سوورەکان" یان "بادێر مانیهێف" ئەنجام دەدرێت و دەوڵەتانیش جیا لە سەرکوتکردن هیچ کەرستەیەکی دیکەیان بۆ کۆنترۆڵ کردن لەبەر دەستدا نییە، بە سانایی جێبەجێ ناکرێت. ئەو کاتە، ئەم روانگەیە پێوستی بە گۆڕینی هەڵسوکەوتی وڵاتانی قوربانی هەیە. ئەوان پێویستە سەرنج بدەنە ئەو مەبەستە سیاسییەی کە لە پشت کردەوەی مەحکوم کراودا هەیە. لە راستیدا، لە پشت پەردەی دیپلۆماسی یان دەزگا سیخورییەکاندا، زۆربەی کات وڵاتان لە پێشەکیدا سەرنج دەدەنە ئەم لایەنە سیاسیانەی تیرۆریزم. لەم رووەوە، بە رواڵەت توانای رووبەروبوونەوە لەگەڵ هەر دوو جۆرە تیرۆریزم هاوکات و جیا لە یەکتریش هەیە. پێویستە کردەی تاوانبارانە بەدواداچوونی هەبێ و سزا بدرێت و لایەنە سیاسیەکەشی بە تەواوی هەڵبسەنگێندرێت. لێکۆڵینەوەی لایەنی سیاسی خۆی لە سەرەتادا جۆرێك وەڵامە. هێمایەکە بە جوانی باس لەوە دەکات کە پەیامی دەستنیشانکراو گەیشتووە و بە واقیع وەرگیراوە. وڵاتانی قوربانی بە ئاشکرا لە پێوەندیگرتن بەو کەسانەی بە تاوانباریان دەناسن، روو وەردەگێڕن و بەم هۆیەشەوە شێوەکانی دیکە وەکو لێکۆڵینەوە، ناوبژیوانی یان سازش دەتوانێ سوودمەند بێت. شێوەی تایبەتی سوود لێوەرگیراو، دواجار بە جۆری دژایەتی سیاسی بەرباسەوە پێوەندی هەیە. لە نمونە کلاسیکییەکاندا، داواکارییەکانی زەوی و مافی خەڵك بۆ ئۆتۆنۆمی  یان مافی کەمینە نەتەوەییەکان ( وەکو فەلەستین، ئەرمەنی یان ئێرلەندییەکان) بۆ مافی چارەی خۆنووسین دێتە بەرباس. جۆرێکی دیکە لە



PDF 4 KURD

دژیایەتی کە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییەکانی باکور و باشور. بە واتایەکی دیکە هەمان شەڕی نێوان سامان و هەژاری. نمونەیی نێودەوڵەتی و ئەمڕۆیی هەمان شۆڕشی برسییەکانە. ئەم باسە لەگەڵ ئاماژە پێکردن بە هەندێ سەرکردەی وڵاتانی جیهانی سێیەم کە بە وتارە ئاگرینەکانی خۆیان دەیانەوێ خەڵك هان بدەن و رای گشتی بخەنە پاڵ رای خۆیان و گشت تاوانەکان بخەنە پاڵ رۆژئاواوە، هەوێنی تیرۆریزمی سبەی دەبێت.

رێبازی سیاسی پێشوەچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەم هۆیەی کە تا ئێستا وڵاتان بۆ گرتنەبەری هەوڵێکی هاوئاهەنگ بۆ لێکۆڵینەوە لەم قەیرانە سیاسییە ئاڵۆزە هاوڕا نەبوونە. وڵاتانی قوربانی کە هەندێ جار خۆیان ئەرکداری ئەم کارە گرنگە بوونە، سەرکەوتنیان بە دەستنەهێناوە یان تەنیا رێگە چارەیەکی کاتیان دۆزیوەتەوە کە بە هیچ شێوەیەك توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیان نییە.

## بە هێزکردنی وابەستەیی نێودەوڵەتی

رووداوەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەری کاملکردنی ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوەیە دەخاتە ئاراوە. لە راستیدا ئێمە شایەتی کۆتایی سەردەمێکی پڕ لە توندوتیژی و بێبەزەیانە لە تیرۆریزمین کە لەم میانەیەدا جیا لە (جبەخانەی) ناسراوی تیرۆریستان، بارمتە گرتن بە شێوەیەك پەرەی سەندووە کە بۆتە راستیەکی ئاسایی. هیوادارین ئازاد کردنی تێری ئەندێرسۆن TERRY ANDERSON دوای ٢٤٥٤ رۆژ لە بەندبووندا، مژدەبەخشی کۆتایی یەکێك لە قێزەونترین سەردەمەکانی تیرۆریزمی نێودەوڵتی بێت.



روانینێکی ورد لەو رەوتەی کە ئەو ئەنجامەی لێکەتۆتە، پێویستی سوودوەرگرتن لە هەر دوو رێبازی یاسایی و سیاسی دەردەخات. کۆمەڵێك هەوڵ ( بە گشت کەموکوڕییە تەکنیکیەکانیەوە) کە ئەنجامدراوە تەنیا خاڵێکی دەستپێکە. ئەم هاریکاریە ئاشکرایە جەخت لە بێزاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە هەر جۆرە کردەی تیرۆریستی دەکاتەوە و لە چوارچێوەی کۆمەڵێك کۆنڤانسیۆن کە لە ساڵی ١٩٣٠ بە دواوە رێکخراوە، بە کردەیەکی تاوانبارانە لە قەڵەم دەدات. هەرچەند ئەم کۆنڤانسیۆنانە بە بێ کەموکوڕی نیین و تەنانەت هەندێکیان بە شێوەی پێویست پەسند نەکراون، بەڵام لەگەڵ چەندین گرێبەستی راگەیەنراو لەلایەن رێکخراوی نێودەوڵەتی و هەندێ لە رێکخراوە ناوچەییەکان، بنەمای یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان پێکهێناوە، جیا لەوەی رێگەیان بۆ هەوڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی والا هێشتووە. دەتوانین ئەم خاڵە لەبەرچاو نەگرین، بارمتەگرتن کە لە روانگەی رای گشتییەوە کردەوەیەکی بێ شەرمانە و ساختەکارانەیە، جیا لە سکاڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دادگای باڵا — کە حوکمی راگەیەنراوی دۆسیەکەشی پەیڕەو نەکرا — بەدواداچوونی یاسایی نەبووە[٩] . دەرد و ئازاری درێژخایەنی بارمتەکان، بەدواداچوونی بەڕێوەبەران یان جێگرەکانی ئەم تاوانەی لێنەکەوتەوە و ئەگەری ئەمەش هەیە لە داهاتووشدا بەم شێوەیە بێت. یاسای سزا ئەم تاوانەی چارەسەر نەکردووە و، ئەنجامە پۆزەتیڤەکانیش تەنیا بە هۆی کۆمەڵێك دەستێوەردان بە ئاگایی تەواو لە زەمینەی سیاسی کردەوەکە و بوونی بارودۆخی شیاو بووە.

دارِمانی یەکێتی سۆڤیەت و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی لایەنگری دیموکراسی، ئاڵوگۆڕی بەسەر دژایەتی تەقلیدی دەسەڵاتدا هێنا. لەگەڵ ئەم رووداوەدا، ئەو وڵاتانەی بە بێ هۆ پالپشتی تیرۆریزمیان دەکرد، نەوەکو هاوپەیمانێك، بە لانی

کەمەوە هاوسەنگێك کە توانای رۆژئاوای بۆ نیشاندانی کاردانەوەیەکی کاریگەری لاواز دەکرد، لە دەستداوە. شکستی عێراقیش دەریخست کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ( بە هۆی هاوئاهەنگی بەرچاوی رووسیا و ئەمەریکا) دەتوانێ بە پێی بەشی حەوت لە میساق، کاری سەرکەوتووانە ئەنجام بدات، سوریا کە لە ناردنی هێز بۆ عێراق بوو بە هاوپەیمان، ئیتر ناتوانێ لە لوبنان — کە لە ژێر کۆنترۆڵی نزیکی ئەو دایە — هانی تیرۆریزم بدات یان لە بەرامبەریدا نەرمی بنوێنێت. لیبیا ئێستا ناچارە لێکۆڵینەوە دادوەرییەکان لەمەڕ چالاکییە تیرۆریتسیەکان قبوول بکات، کە خۆی تاوانبارە بە هاندانیان. ئێستا تیرۆریستان لە حەشارگە و پاڵپشتیە سیاسییەکان کە پێشتر سوودیان لێ وەردەگرت، بێ بەشن.

پێوستە دواجار ئاماژە بەوە بدەین کە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرەڕای پێداگرێکی زۆر بۆ جیایی پرۆسەی کەنداوی فارس لە مەسەلەی فەلەستین[١٠]، نیشانی داوە کە بە باشی دەزانێت لە رێگای کۆنفرانسی ئاشتی، رێگا چارەیەکی گشتی بۆ مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدۆزێتەوە. بەم پێیە ئەمەریکییەکان ئیرادەی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەساییلی بنچینەیی کە لە ناو دڵی فەلەستین حەشاردراوە، راگەیاندووە. لە کەشێکی مژدەبەخشی لەم شێوەیەدا بوو کە ئەمینداری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان چالاکی دیپلۆماتی جیدی و پشت پەردەی خۆی دەستپێکرد. سەبارەت بەو بارمتانەی لە لوبنانن، پێدەچێت لەگەڵ ئەو زیندانییە عەرەبانەی لە ئیسرائیل دەست بەسەرن، گۆڕینەوەیان پێبکرێت. ئەنجامی دانوستانە سیاسییەکان، ماهییەتی تاوانبارانەی کردەوەکە حەشار دەدات. ئەم شێوەیە لەگەڵ گۆڕینەوەی زیندانیانی شەڕ پاش ئاگربەست لێکچوونێکی زیاتری هەیە تا بە هەوڵێکی دژ بە تیرۆریستی. لە پانتایی رووبەرووبونەوە لەگەڵ کارامەییەکەی، ئەنجامی بەدەستهاتوو لەم رەوتە زۆر



دڵخۆشکەر نییە. ئەگەر گۆڕینەوەی دیلەکانی شەڕ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لایەنێکی قبوولکراوە، دەستگیرکردنی بیانیان وەکو لایەنێکی مامەڵە بەم شێوەیە نییە. بەم شێوەیەی باسکرا لایەنێکی لەم شێوەیە بۆ چاخی ناوەڕاستمان دەگەڕێنێتەوە. ئەم پارادایمە یاسا و داد لەبەر چاو ناگرێت و کەمبوونی بەرەوامی تیرۆریزمی لێناکەوێتەوە.

## گەڕانەوە بۆ یاسا

ئایا لەم نمونەوە دەردەکەوێت کە یاسا چۆن رۆڵی خۆی بگێڕێت؟ کارێکی وەها لەمەڕ لوبنانەوە بەدوور دەبینرێت. لایەنە جۆراوجۆرەکان کارتەکانی خۆیان ئاشکرا کردووە و بەفیڕۆدانی کارتە ماوەکان هیچ گرنگێکی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا بەڕێوەبردنی رێسا یاساییەکان لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕییانەی کە هەیانە دەتوانن ئاڵوگۆڕ بەسەر دۆخەکەدا بێنن[١١]. پێویستە لە کەشی مژدەبەخشی ئێستا سوود وەربگرین کە رەنگە ماوەیەکی زۆر نەخایەنێت و بۆ تەواوکردنی یاساکان هەوڵبدەین.

سەبارەت بە بارمتەگرتن، پێویستی ئەو دەوڵەتەی کردەوەکە لە سنووری ئەو ئەنجام دەدرێت، بەرپرسیار بناسرێت و بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی هەوڵ بدات. لێخۆشبوون لە وڵاتانی لایەنگری تیرۆریزم رەنگە پەرە بە داوای بێتاوان بوون بدات. لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٩١ گروپێکی کاری پێکهاتوو لە نوێنەرانی ٤٠ دەوڵەت لە جنێڤ کۆبوونەوەیەکیان بەست و رەشنووسی راگەیەنراوێکیان لە پێوەندی لەگەڵ پشتگیری لە کەسانێك کە بەرەو رووی لە ناوچوون دەبنەوە، پەسند کرد. ئەم رەشنووسە کە رەوانەی ئەنجومەنی گشتی رێکخراوی

نەتەوەیەکگرتەووەکان کرا، رەوتی سیستەماتیکی مرۆڤ رفاندن وەکو تاوانێك بەرامبەر بە مرۆڤایەتی مەحکوم کرد. بە پێی مادەی پێنجی ئەم رەشنووسە ((سەرەڕای سزادانە تاوانییە شیاوەکان، مرۆڤ رفاندن لەخۆگری بەرپرسیارەتی مەدەنی (civil libility) بەڕێوەبەران، دەوڵەوت یان بەرپرسانی حکومییە کە ئەم رەوتە رێکدەخەن یان پەسندی دەکەن یان دانوستان و ئاسانکاری لەگەڵدا دەکەن. ئەم بەرپرسیارەتیە، ئەرکی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی پێوەندیدارە کە بە پێی یاساکانی یاسای نێودەوڵەتی لە سەر شانیەتی، رەت ناکاتەوە)).

هەروەها بە ئاشکرا راگەیەنراوە کە کردەوەی تیرۆریستی بە پێی هیچ بارودۆخێك رێگە پێدراو نییە [١٢].دەوڵەتانی قوربانی دەتوانن لێکۆڵینەوە دادوەرییەکانی خۆیان دەست پێبکەن. بەم پێیە بوو کە ویلیام بار (William barr)، داواکاری گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان رایگەیاند، کە دوو لێپرسراوی ئەمنی لیبیایی تاونباران لە هێرش بردنە سەر و تەقاندنەوەی کەشتی (پان ئەمەریکەن). رووداوێك کە لە دیسامبەری ١٩٨٨ لە لۆکەربی (Lockerbie) روویدا و بە هۆیەوە ٢٨٠ کەس گیانیان لە دەستدا. حکومەتی لیبیا لە بەرەو رووبوونەوە لەگەڵ کەشێکی دوژمنکارنە، دواجار لێکۆڵینەوەی دادوەری دەستی پێکرد و ئامادەبوونی چاودێرانی بەریتانی و ئەمەریکی بۆ دەرکەوتنی راستی و دروستی لێکۆڵینەوەکانی قبووڵ کرد. جیا لەمەش رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵگاکانی مافی مرۆڤ و کەسوکاری قوربانیانی رووداوەکە، رێگەیان پێدرا چاودێر و پارێزەر رەوانە بکەن. بەرپرسانی لیبیایی قبووڵیان کرد کە هاوکاری تەواو لەگەڵ لێکۆڵێرەوە سکۆتلەندی و ئەمەریکییەکاندا بکەن. ماوەیەك دواتر دەوڵەتی لیبیا لە ئاگادارییەکدا رایگەیاند کە بەرپرسانی ئەو وڵاتە لەگەڵ رادەست نەکردنەوەی تاوانباران، رێککەوتوون کە کۆمسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی



تایبەت، لێکۆڵینەوەکان ئەنجام بدات[١٣] . لە هەمان کاتدا دوابەدوای تاوانبارکردنی بەرپرسانی دەوڵەتی لیبیا لەلایەن قازییەکی فەڕەنسی، سەرۆك کۆماری فەڕەنسا رایگەیاند، کە وڵاتەکەی سەبارەت بە تەقینەوەی (یو تی ئەی دی سی ١٠) لە ئاسمانی نایجیریادا کە لە ٢١ دیسامبەری ١٩٨٨ روویدا، هەمان هەڵسوکەوت رەچاو دەکات. بەم پێیە لیبیا، پرەنسیپی ( دادگایی و لێکۆڵینەوەی دادوەری) قبووڵ کرد. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەر ئەو باوەڕە بوون، کە ناتوانرێ متمانە بە لێکۆڵینەوەی دەوڵەتێکی تیرۆریست بکرێت و لەم رووەوە داوای رادەستکردنی تاوانبارانی کرد. داواکاری ئەو دەوڵەتە لە گرێبەستی ٧٣١، رێکەوتی ٢١ی ژانویەی ١٩٩٢ پاڵپشتی لێکرا. دەوڵەتی لیبیا داوای رەچاوکردنی کارە ئەمنییەکانی لە دادگای باڵای نێودەوڵەتی کرد و بانگەشەی ئەوەی کرد کە بە پێی یاسا هاووڵاتیانی خۆی رادەست ناکاتەوە و دادگایی کردنیان لە سەر شانی دەوڵەتی لیبیایە. بەم پێیە لیبیا داوای دەرکردنی بڕیاری کاتی لە دیوان کرد، لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ دیوان بە پێی بڕگەی ٢٥ی جارنامە کە سەرەکییەتی داوەتە گرێبەستە نێودەوڵەتیەکان، داواکاری لیبیای رەتکردەوە. بەم پێیە، گرێبەستی ٧٣١ پەیڕەو کرا و لە ئەنجامدا گرێبەستی ٧٤٨ رەچاونەکردنی گرێبەستی ٧٣١ی بە هۆکاری ئابلۆقەدانی لیبیای لەقەڵەمدا.

پێشوەچوون لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم پابەندە بەوەی هەر جۆرە دژایەتی نێوان هەوڵدانی یاسایی و مەسەلەی سیاسی چارەسەر بکرێت. هەر چەندە بەدەستهێنانی دژوار بەرچاو دێت، بەڵام هیچ کاتێك مەحاڵ نییە. پێش لە هەموو شتێك پێویستە بە پێناسەیەکی قبووڵکراوی تیرۆریزم بگەین، کە سادە و پراکتیکی بێت و گشت شێوە و جۆرەکانی تیرۆریزم بگرێتەوە. دووهەم، پێویستە کەم و کوڕییەکانی رێسای "رادەستکردنەوە یان دادگایی کردن" بکەونە ژێر

تیشکی لێکۆڵینەوە تا جێبەجێ کردنی بەهێزتر بێت[١٥]. دواجار، پێویستە دەوڵەتان ئارەزووی سیاسی خۆیان بەرامبەر بە کاردانەوەی لەم جۆرە بابەتانە ئاشکرا بکەن و بەسەر ئارەزووی پاوانخوازی توندڕۆیی سەرچاوەگرتوو لە لێکدانەوە دیپلۆماتیەکان و ترس لە داهاتوو سەرکەون. ئەم ئارەزوویە ژان پۆل کۆفمانjean-pal Kauffmann )کە خۆی شایەتی تراژدیای (یو تی ئەی) بووە بەم جۆرە وەسفی دەکات: "حکومەتەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا کە زیاتر دڵڕاوکەیی جێبەجێ کردنی یاسایان هەبووە تا جێبەجێ کردنی داد و، تەواوی بیر و زەینیان مەسەلەی کوێت بوو، کەمتر سەرنجیان دایە بارمتانەی کە لە لوبنان دەستیان بەسەردا گیرابوو، کە یەکەم زیندانیانی راستەقینەی شەڕی ئەوان بوون[١٦].

پێویستە هاوکات ئەو باسە سیاسییەی کە خاڵی راگیربوونی تیرۆریستان پێکدێنێت، لە بنەڕەتدا بە داهێنانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستبەکار بکات، چونکە ئەمە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە کە لە رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان یان رێکخراوە ناوچەییەکان کۆمەڵێك کەرستەی بۆ ئەنجامدانی کار لەبەر دەستدایە[١٧]. کەم و زۆر ئەوە هەمان شتە کە بەرامبەر بە بارمتە دەستبەرسەرداگیراوەکانی لوبنان هاتۆتە پێش. کۆتایی نیزامی دوو جەمسەری، سەرکوتی شەڕئەنگێزی عێراق، تێوەگلانی دووبارەی سوریا دوابەدوای لوبنان و کردنەوەی کۆنفرانسی ئاشتی، کەشێکی سیاسی شیاوی پێکهێنا کە تێیدا گفتوگۆکان بۆ ئازادکردنی بارمتەکان ئەنجام بدرێت. لەمە بەدواوە پێویستە هەنگاوێك بەرەو پێش بچین و بیر و باوەڕی تیرۆریستان — ئەگەر بتوانین دەستنیشانی بکەین — بەدەست بێنین، ئەم ئەرکە قورس و دژاورە، بەهەمان شێوە کە بارمتەی پێشوو (ژان پۆل کۆفمان) نۆ مانگ پێش لە ئازادکردنی داویین



بارمتەکان لە لوبنان بەم شێوەیەی وەسف کردووە: ئێمە بەم هۆیە رفێندراین، چونکە حکومەتەکانمان پاڵپشتیان لە سەدام حوسێن کردبوو... من لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی لەگەڵ رفێنەرانم بووم و گفتوگۆم هەبوو، دەزانم کە ئەوان سەرکردەکانیان بەم دواییانە بوونەتە لایەنگری سەدام کە پێشتر لێی بێزاربوون... کاتی ئەوە هاتووە پرسیار لە خۆم بکەم کە لە راستیدا کێ ئەشکەنجەدەری ئەو کەسانەیە کە بێ دەنگ لە زیندانەکانی بەیروتدا دەست بەسەر دەکرێن، ئەوان زیندانی چ کەسێکن؟ سورياییەکان، ئەوان هاوپەیمانی ئێمەن! سەدام حوسێن؟ رفێنەران زۆر لەمەو پێش متمانەیان پێ نەمابوو... کەواتە پێویستە ئەو ئەنجامەی لێ وەربگرین کە خەڵك تەنیا لە ئاڕاستەی بەرژەوەندی خۆیاندا هەنگاو دەنێن... [١٨].

ئەگەر ئەو ئەنجامە رەشبینانەیە ئەگەری ئەوەی هەیە ئەمڕۆ حەقیقەت بێ، ئەم راستیە لە شوێن خۆی ماوە کە لە سەرەتادا پێوەندی لەگەڵ دەوڵەت و حکومەت گەلێکی تایبەت لە ئارادا هەبووە و لە سەرانسەری ئەم تراژیدیایە توانای دەستنیشانکردنی بەرپرسێکی نیشتمانی هەبووە. بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە پێویستە ئیرادەیەکی گشتی تەواو لە نێوان دەوڵەتانی قوربانیدا بێتە ئاراوە[١٩]. ئەمە هەمان شتە کە ئێستا بەرامبەر بە لیبیا وەڕاست گەڕاوە. بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن پێویستە لایەنی سیاسی ئەم توندوتیژی و تاوانانە لەبەر چاو روونبن. ئەگەر ئەو هەوڵانەی بۆ گەیشتن بە ئاشتی ئەنجام دەدرێن نەزۆك بمێنن، دەتوانرێ چاوەڕوان بکرێت کە تیرۆریزمی عەرەبی گیانێگی تازەی پێدادێتەوە.

## پەراوێزەکان

١ - بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بابەتە، بڕواننە

Guillaume <terrorisme et international > RCADI (1989) 111,t. 215,p.287 with complete bibliography ; h . labayle , < driot international et lutte le terrorisme > , AFDI (1986) ; p . 105 ; j. patrngogic and Z. Meriboute, <Terrorisme et et droit international>; Etudes polemologiques,38 (2) 1985,p. 133.

2 - Guillaume , op. cit,p .325

٣ - گرێبەستی ( ئەلف ٤٦/٥١ ڕێکەوتی ٩ی دیسامبەری ١٩٩١) سەبارەت بە هەوڵەکان بۆ بنبڕکردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی رادەگەیەنێت :" خستنەرووی پێناسەیەکی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کە پەسندی هەموو لایەنێك بێ، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم کاRامەتر دەکات". لەلایەکی دیکەوە ئەم گرێبەستە لەگەڵ مەحکوم کردنی هەر شێوەیەك لە تیرۆریزم و جەختکردنەوە لە ڕێگەپێدراوی شەڕی خەڵکی ژێر دەستی رژێمە چەوسێنەرەکانی و هەر جۆرێك لە دەسەڵات، دژایەتییەکانی ناو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هێما کردووە.

4- C.valee, <la convention europeenne des droist de I' home>> ,AFDI (1970) p.756

5- G . Guillaum, << la convention de la Haye de 1970 pour la repression de la captre illicited' aeronefs , AFDI (1970), p. 35; le terrorisme aerien et les sommets des sept industriels, les dwclarations de Boon (1978) et de Venise (1987) , RF de droit a aerien et spatial , Oct.-dec. (1989),p. 494.

6- Labayle , op.cit., p.120



7- G. de Lacharriere , la politique juridique exterieure , Economica , (1983), p.130

٨ – بگەڕێوە بۆ

Yves Daudet , << international action against State Terrorism>>, in Rosalyn Higgins & Maurice Flory (ed), Terrorism and international Law, London: Rotledge , 1997:

Labayle, op.cit.,p . 134

9- ICJ 24 May 1980. Ph Berton , << L' affaire des otages amoricains devant la CIJ >>, JDI 4 (1980) , p . 787 : E. Zoller , << L' affaire du personnel diplomatiqe et consulaire des EU a Theran >>, RGDIP (1980), p. 973

١٠- بە پێچەوانەی فەڕەنسا کە هەمیشە دەڵێ جۆرێك لە پێوەندی نێوان ئەو دوو مەسەلەیەدا هەیە.

١١- بگەڕێوە بۆ

11- Labayle , op. cit., p . 108: Patrnogic and Meriboute , op. cit., p . 136

١٢- هەوڵدانەکانی ئەم گروپە کارییە لە ١٧ی دیسامبەری پەسندکردنی گرێبەستی ٤٦/١٢٥ ئەنجومەنی گشتی لێکەوتەوە و لەگەڵ ڕەزامەندی دەربڕین، داوای کرد راگەیەنراوەکە بە مەبەستی پەسندکردن رەوانەی کۆبوونەوەی چل و هەشتی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ بکرێت.

13- Le monde 5 Dec., 16 Dec. and 18 Dec. 1991

14 - Le Figaro 16-17 Nov . 1991

١٥ – بگەڕێوە بۆ

15- Labayle , op. cit., p .123

16- J.P., Kauffmann , <<Qui ont les bourreaux de Terry Anderson >>, Le Monde, 16 Dec,1991.

١٧- بەم هۆیەی کە تیرۆریستان لە کۆمەڵێك شێوە سوود وەردەگرن و ئەمەش بۆوەتە هۆی ئەوەی لێیان نەبوردرێت و سزادانیان مسۆگەر دەکات ، باشتر ئەوەیە تیرۆریزم چەشنی تاوانی سیاسی هاوچەرخ بناسین. هەر چەند ئێمەش ئەو رایەمان قبووڵ کردووە، بەڵام ئەم پێویستیە بە واتای لێبوردەیی و دانوستان لەگەڵیاندا نییە.

18- Kauffmann, op. cit

١٩- بۆ تاوتوێکردنی هەڵسوکەوتی دەوڵەتان نامەی خاتوو ماری سیوارت  هاوسەری میشێل سیوارت جێی تێرامانە. هاوسەری خاتوو سیوارت لێکۆڵەرەوەیەك بوو کە لە ١١ی مەی ١٩٨٥ لە بەیروت رفێندرا و لە ٥ی مارس ١٩٨٦ کوژرا. ئەو نامەیە بۆ وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا رەوانە کراوە و کەمتەرخەمی حکومەتی فەڕەنسا بەرامبەر بە داواکاری ناوبراو بۆ راگوازتنی تەرمی مێردەکەی بۆ وڵاتەکەی دەردەخات. ئەو پێ لەسەر "گوێ نەدان ، نەزانی یان کەمتەر خەمی بەرپرسانی گەشتی" دادەگرێت.

٢٠- کۆفمان لە سەر ئەو باوەڕەیە کە " زۆربەی کات بیرمان دەچێتەوە کە ئەم دوژمنایەتیە لە هێرشی ساڵی ١٩٨٢ ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان دەستی پێکرد. بە زووترین کات داگیرکردنی سەربازیی یەکەم مرۆڤرفێنی، یانی رفاندنی بەڕێوەبەری زانکۆی ئەمەریکایی بەیروتی لە ١٩ی ژوئیەی ١٩٨٢ لێکەوتەوە .

## گووتاری تیرۆریستی: نیشانەکانی، دەوڵەت و سیستمەکانی توندوتیژی سیاسی جیهانی

نووسینی: جەیمز دێر دێریان
وەرگێڕانی بۆ کوردی: هیوا مەلا عەلی

لە ساڵی ١٩٧٨ کە وێنەی سەرۆك وەزیرانی رفێنراوی ئیتاڵیا (ئاڵدۆ مۆرۆ) کە نیشانەی (یەکەکانی سوپای سوور) لە پشتەوەی وێنەکەوە بوون، لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، تاکو ساڵی ١٩٨٩ کە (رێکخراوی چەوساوانی زەوی) لە لوبناندا فیلمی لە سێدارەدانی سەرهەنگ (ویلیام هیگینز)یان بڵاوکردەوە, بابەتی تیرۆریزم سەرەنجی زۆرێکی بۆ لای خۆی راکێشاوە و بەشێکی زۆریش لە لێدوانەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی تایبەت کردووە بەخۆیەوە، بەڵام بە دیدێکی ڕەخنەییانەی کەمترەوە لێی ڕوانراوە. کە هاوکات بوو لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان و فراوانبوونی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە تیرۆریزم و لێدوانەکانی سەرۆك کۆمارەکانی ئەمریکا، هێشتا ناسینی (شوناسی) تیرۆریزم و بەرەنگاربوونەوەی کارێکی سەخت و دژوارە[١].



ئەمەش بەهۆی سستی بیریاران و توێژەرەکانەوە نییە, زۆرێك لە وتارەکان, کتێبەکانی زانکۆ, راپۆرتە پیشەییەکان و بەرنامەکان و هەواڵی تایبەت سەبارەت بە تیرۆریزم خراوەتە ڕوو. کارناس و پسپۆران بە شێوەیەکی سەرەکی داکۆکی لەسەر لایەنە دەروونی و رێکخراوەییەکانی تیرۆریزم — پاڵنەرەکانی بیرکردنەوەی یەکلایەنە, ماهییەتی چاوەڕواننەکراو و تەکنیکە ئاڵۆزەکانی — دەکەن و مۆدێلی جۆراوجۆری ئاڵۆز و پڕ ئەزمون تا دەگاتە خاو و لە قاڵبدراو خستوویانەتە روو[٢]. گروپێکی تریش کە هەم لە ناوەندە چاپەمەنیەکان و هەم لە ناوەندە ئەدەبیەکاندا ئامادەگیان هەیە, لەوانەیە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە تیرۆرستان, بە دوای دۆزینەوەی دەستی شاراوەی پارێزەران و یارمەتیدەرانی تیرۆریزم دا بوون. گروپێکی تر کە هەرایەکی زۆریان ناوەتەوە، هەڵسوڕاوانی دژە تیرۆریزمین کە باوەڕیان وایە کەسانێکی وەکو ئاقجا (Akca)[*]، ئەبو نزال یان تیرۆرستەکانی تر لەلایەن سۆڤیەتی پێشوو, لیبیا, ئێران, یان دەوڵەتە ناسازگارەکانی ترەوە یارمەتی دەدرێن کە رابەرایەتی ناوەندی تیرۆریزمی نێودەوڵەتییان لە دەستدایە[٣].

لە نێوان ئەم دوو گروپەدا, شرۆڤەکارە لیبراڵییەکان هەیە کە لێکۆڵینەوە لەو تایبەتمەندیانەی سیستمی دیموکراسی — بێزاری لە بەکارهێنانی ئاشکرای هێز, ئازادی راگەیاندن, چاودێری دوولایەنەی دەست و پێ گیر — دەکەن کە ئەوان دەخاتە بەر هەڕەشەی تیرۆریستان. تیۆریوانە (منظرین) لیبراڵەکان بەگشتی سەرنجێکی زیاتریان داوەتە ڕەگە جۆراوجۆرەکانی ئایینی, کۆمەڵایەتی و ئابووری تیرۆریزم, کە لە نێوان دوو رێگەچارەدا دێن و دەچن، ئەویش چاکتر جێبەجێکردنی یاسا و کەڵك وەرگرتن لە هێزە دژە تیرۆرستییەکان[٤].

## پرسی میتۆد

سەرباری تەواوی هەوڵە زانستی و پیشەیی و چاپەمەنییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی, وا پێدەچێت بۆ گەیشتنە تیۆرێکی گشتی سەبارەت بە تیرۆریزم ماوەیەکی زۆرمان مابێ و ئێستاش نێوانمان بۆ بەدەستهێنانی پرۆگرامێکی دڵنیاکەر و گشتگیر بۆ لە رەگەوە دەرهێنانی تیرۆریزم لەساڵانی داهاتوودا زیاترە. بێگومان ((پسپۆڕانی تیرۆریزم))، بەتەنیایی یان زیاتر لە خەڵکانی تر کەمتەرخەم نین. هێزی بیرکردنەوە و داوەری ئێمە لەبارەی تیرۆریزم بەهۆی تێکەڵ بوون بە هەل قۆستنەوە فەرمیەکان, پڕوپاگەندەکانی راگەیاندن و هەڵچوونە گشتییەکان سنووردار کراوە. پەیوەندی بنچینەیی نێوان شیکردنەوەی بێ لایەنانە و سیاسەت دانان ئەوەندە شل بووە کە کە تەنیا هەڕەشەی هێرشێکی تیرۆرستی دەتوانێت لێکبترازێت.

بە ئاسانی دەتوانین کەسانێکی تایبەت بە هۆکاری دروستبوونی ئەم بارودۆخە بزانین. بۆ نموونە, دەتوانین ئاماژە بکەین بە ڕابەرانی سیاسی کە نایانەوێت بە (توخمێکی لاواز) بناسرێن یاخود بەرژەوەندخوازانی بواری ڕاگەیاندن یان ئەو توێژەرانەی کە لەم بوارەدا هاتووچۆ دەکەن. بەڵام ئەم جۆرە داوەریکردنە وەکو ناسینی قاڵبی ناسنامەی تیرۆرستانە کە ئێستا رێگەی لە هەر جۆرە تێکۆشانێکی جدی گرتووە بۆ دەرك و تێگەیشتنی تیرۆریزم.

ئەوەی دژوارتر و بێگومان نامۆترە، هەڵسەنگاندنی بەربەستە هزری و پێکهاتەییەکانی لێکۆڵینەوەی تیرۆریزمە.

یەکەمین بەربەست, خەسڵەتێکی ((مەعریفەناسی)) هەیە: هەتاکو وردترین و سەربەخۆترین توێژەرانی تیرۆریزمیش لەگەڵ رشتەیەکی زانستی بیر تەسکانەدا



ڕووبەڕوون. لەم ساڵانەی دواییدا, توێژینەوەکانی پەیوەست بە تیرۆریزم لەژێر کۆنترۆڵی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بووە؛ ئەو زانستانەی کە وەکو عەمباری پێناسەکان, جۆر ناسی و پێگەی زانیاریە پۆزەتیڤەکانە و ئەوەندە لەگەڵ رەخنەی متیۆدۆلوژی لە جەنگدایە کە تیرۆریزمی واقیعی تەحەدای سەروەری و سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات. بەربەستی دووەم, خەسڵەتێکی ئایدیۆلۆژی هەیە: بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی بچینە ناو باسی تیرۆریزم پێویستە ئامرازەکانی رەخنەگرتن وەلانێین و بچینە ناو پێڕی ڕیسواکەرانەوە، ئەگینا لەوانەیە سەرکۆنە بکرێین بە هاودەردی لەگەڵ تیرۆریستاندا. ئەمەش بەو مانایە دێت کە دوای دەرکەوتنی رووداوی تیرۆرستی — واتە لە کاتێکدا کە زۆرترین شڵەژان هەیە و پاراستنی دادپەروەری و عەقڵانیەت زیاتر لەهەر کاتێکی تر پێویستترە — هەر کاردانەوەیەك بێجگە لە ریسواکردنی بەپەلە و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە و بنەبڕکردن, بەکاردانەوەیەکی (نەرمی نوێن), یان هەتا هاودەست بوون دەناسرێت.

هەروەکو ئەوانی تر وتویانە, ئەم کارە هاوشێوەی رامکردنی ئەندێشەی ڕەخنەگرتنە بەهۆی یەکەمین هەڕەشەکانی رۆژگاری شەڕی ساردەوە لە دەیەکانی (١٩٤٠ و ١٩٥٠) و بارودۆخی وێرانکەری شەڕی ساردی دووەم لە سەرەتای دەیەی (١٩٨٠)دا . ئۆلیڤەر نۆرت (Oliver North) لەم دواییانەدا چەندین جار وتویەتی: ((بۆ خەڵکی ئەمریکا, تێگەیشتن لەمە زۆر گرنگە کە دنیای ئێمە پڕ مەترسیە و ئێمە لەناو مەترسیدا دەژین و ئەم نەتەوەیەش لەناو دنیای پڕ لە مەترسیدا لەگەڵ مەترسیدا ژیان دەباتە سەر))[٥]. بەڵام بە سەرنجدانی ڕووخانی بلۆکی رۆژهەڵات, دیتنەوە و دروستکردنی دۆژمنێکی بێگانەی ئاشکرا و دیار بەردەوام دژوارتر دەبێت.

لە دە ساڵی داهاتوودا, بەڕاستی مەترسیی دەرەکی پەیدا دەبن بەڵام بێگومان ئەوەی دەکەوێتە بەر مەترسی، ناسنامەی نەتەوەییمانە نەك نەتەوەکەمان. هەر لێرەشدایە کە سێهەمین هۆکاری دژواربوونی توێژینەوە لە تیرۆریزم واتە بەربەستی بووناسی (ئەنتۆلۆژی) دێتە پێشەوە: تیرۆریزمیش بەرێگەی نامۆکردنی (Alienation) خەڵکان و کردەکانیانەوە. دوچاری هەمان ئەو شێوازە کۆنەی پێناسە و سنووردارکردنی ناسنامەی خۆی بووەتەوە. هەرچەندە گریمانەی مەرگی ئێمە بەهۆی بەرکەوتنی هەورە بروسکە, رووداوی ئوتومبێل یان هەتاکو پێوەدانی مێش هەنگ زیاترە, کەچی زۆرێك هەڕەشەی تیرۆریزمیان ئەوەندە بە جیددی گرتووە کە خۆیان بە قوربانیانی دەستی تیرۆریزم دەزانن. لەگەڵ ئەمەشدا, هەتاکو لەو ڕاوەرگرتنانەی کە دوای هێرشە تیرۆرستییەکە یەکسەر وەرگیراون, زۆربەی ئەمریکیەکان ئارەزووی بەئەنجام گەیاندنی تۆڵەسەندنەوەی سەربازییان نەبووە[٦]. عەقڵی باو لەوانەیە ڕۆڵێکی پارێزگارانە (کۆنسێرڤەتیف) بگێڕێت: ئەگەر ڕاپرسی بکرێت زۆربەی ئەمریکیەکان پێدەچێت لەبەر چەندین بەڵگەی هاوشێوە حەز و ئارەزوویان نابێت بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر کارگەکانی ئوتومبێلسازی یان شوێنی مێشهەنگەکان بۆ کەمکردنەوەی گریمانەی ڕوودانی کارەساتە مەرگبارەکان. بەڵام من وادەزانم کە شتێك زیاتر لە عەقڵی باو لە ئارادایە، بە بەڵگەی ئەوەی کە تیرۆریزم لە هێزی زۆر جۆراو جۆر و تاکی سەرچاوە دەگرێت, ناتوانین لەبەرامبەر هەڕەشە تیرۆریستییەکاندا تەنها بۆچوونی یەك شوناس و یەك کارمان هەبێت. ڕاوەرگرتنەکان پێدەچێت باسی ئەوە بکەن کە دوای بەسەرهاتی ڤێتنام (و پێش شکستێکی تر لە لوبنان دا), زۆرێك ئەوە بە پەسەند دەزانن لە بەرامبەر دوژمنێکی ترسناك کە نەناسراوە و لە هەموو



شوێنێك ئامادەیە و لە هەمان کاتدا لەهیچ شوێنێکدا نیە, وەکو زۆرینەیەکی بێدەنگ بەڵام بێ زیان, بێ ناسنامە (بێ هەڵوێست)بن.

ئەمە بەو مانایە نیە کە دەبێ بۆ تێگەیشتن لە تیرۆریزم هاودەردی لەگەڵدا بکەین, وەکو بڵێی ئامانجی ئێمە لەم وتارەدا بریتیە لە تێگەیشتنی باشتر لە تیرۆریزم بەو جۆرەی کە هەیە. نامانەوێت بڵێین کە تێگەیشتنی تەواوی تیرۆریزم مومکین, چارەسەرکەر یان هەتاکو هەڵبژێرەرە (مرجع), وەکو بڵێی ئامانجمان لێرەدا دووبارە ڕێکخستنەوەی زانیاری خۆمانە لەبارەی تیرۆریزم و دژەتیرۆریزم و ڕەخنەگرتنە لە شوێنی سەرچاوە گرتنیان. لە ڕاستیدا, دەمانەوێت هەر لە سەرەتاوە بڵێین کە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی سوودبەخش لەبارەی تیرۆریزم پێویستکەری (مستلزم) تێکۆشانێکی دژوار بەڵام نائاسایی بۆ ڕزگاربوونە لە ناسنامەکانی تاکرەهەندی کە تیرۆریزم و کەلتووری ئاسایشی نەتەوەیی لە هەردوولای کێشەدا هێناویەتیە ئاراوە[٧].

ئەم جۆرە چالاکیە هزرییە لە ڕوانگەی هەندێکەوە لەوانەیە بە تێکدەر و وێرانکەر لەقەڵەم بدرێت. لە ڕاستیدا, جۆرج شۆڵتز (George Schultz), وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا, لە یەکێك لە وتارە گرنگەکانی خۆیدا لەبارەی تیرۆریزم وتی: ئەگەر ئەمریکیەکان بۆچوونێکی هاوبەشیان لەبارەی تیرۆریزمەوە نەبێت, ئەمریکا ناتوانێت کاردانەوەیەکی کاریگەری لە بەرامبەر ئەم دیاردەیە نیشانبدات: (بەبێ تێگەیشتن و پاڵپشتی گشتی و حەتمی ناتوانرێت ویست و ئیرادەی پێویست بۆ هەڵسان بەم کارە ئامادە بکرێت) بە وتەی شۆڵتز, بەبێ بوونی یەکخستنی بۆچوونەکانمان, ئێمە لەگەل ئەم هەڕەشەیەدا ڕووبەڕووین کە (وەکو هاملێت تووشی دڵەڕاوکێ و لەرزۆکیەکی بێ پایان لەبارەی کاردانەوەی

خۆمان دەبین)[8]. لەگەڵ ئەوەشدا, بە بڕوای من ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بەرەیەکی بێ لایەنانە سەبارەت بە تیرۆریزم دروستبکەین, بەرەیەك کە هیدلی بوڵ (Hedley Bull), تیۆرەوانی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان, بە (نهێلیزمی سیاسی Political nihilism) ناو زەدی کردووە و پشتگیری لێ دەکات[9].

بەهەرحاڵ, (کاتێك رۆژگار لێکتر دەترازێت), وەکو چۆن رۆژگاری هاملێت وابوو و پێدەچێت کات و رۆژگاری ئێمەش بەهۆی گۆڕانی بونیادی دە ساڵی ئەم سەدەیەی ئێستاش وەها بێت, لەوانەیە هاملێت (کە تێگەیشت دەوڵەتی روو لەئاوا بوو چەندە دەتوانێت پوشاڵی بێت) رێنماییەکی باشتر بێت بۆ نموونە لە هێنری پێنجەم (چونکە نەیدەزانی چۆن بەسەر وڵاتی خۆیدا فەرمانڕەوایی بکات بڕیاریدا کە شەڕ بکات لەگەڵ دراوسێکانیدا)[10]. لەوانەشە بگەینە ئەم نوکتەیەی کە لە ئاسمان و زەویدا شتانێك بەرزتر لە تێروانینی فەرمی بۆ تیرۆریزم هەیە و لەوانەشە بگەینە ئەو راستیە تاڵەی کە ڕووێکی هاوبەش لە نێوان ئێمە و تیرۆریستاندا هەبێت. کەواتە, وەڵامی من بۆ شۆڵتز زیاتر وەڵامێکی دیپلۆماسیە تاکو سیاسی: نامۆیی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان وا پێویست دەکات کە بە زانستێکی قوڵتر و فراوانتر لەبارەی تەواوی شێوازەکانی توندوتیژی سیاسی جیهانی بەردەوام تێبکۆشین، تاکو پردێك دروست بکەین لەنێوان هەوڵدانە تیرۆریستیەکان و کاردانەوە لە بەرامبەریدا. بێجگە لەمە, ناتوانین ئارەزوو بۆ جێبەجێ کردن لە خواستی زانستی و تیرۆریزم لە دژە تیرۆریزم جیا بکرێتەوە. ئەو کاتە پێویستمان بەشێوازێکی نوێ هەیە، چونکە پرسی تیرۆریزم گرفتێکی قووڵتر و ئاڵۆزتری دروستکردووە و ئێستاکە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ڕووبەڕووی وەستاونەتەوە. بارودۆخی ئێستا (جا چ بەسەرمایەداری دواکەوتوو, پۆست مۆدێرنیزم (Postmodernism), پۆست شەڕخوازی (Postwarring) یان, لە



روانگەی منەوە (نووسەر), سەدەکانی ناوەڕاستی نوێ (Neomedievalism) ناوزەدی بکەین) بارودۆخێکی نیگەرانکەرە، کە تیایدا وا دێتە بەرچاو فۆرمە نەریتییەکانی زانست و دروستبوونی ناسنامە, ئیتر ناتوانن ئەرکی دووبارە کرانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بگێڕن (چ بگاتە بەڕێوەبردنی ئەم پەیوەندیانە). دەوڵەتانی نەتەوەیی هیچ کاتێك کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتیان لەدەستدا نەبووە, بەڵام ئێستا زیاتر و بەرفراوانتر لەهەر رۆژگارێك دوای پەیماننامەی ویستیفالی (لە کۆتایی شەڕەکانی سی ساڵەی ساڵی ١٦٤٨) مەشروعیەتی ئەو کۆنترۆڵەی بەهۆی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەکنیکی و سەربازییەکانەوە ڕووبەڕووی تەحەدایەکی جیدی کردۆتەوە. دەوترێت کەوا بەستەیی دوو لایەنەی ئابووری, نیگەرانیەکانی ژینگەی جیهانی, کارتێکردن تەکنەلۆژیای چاودێری و راگەیاندن, سێ رەهەندی بوون و ناوەکی بوونی جەنگەکان, کە هەموویان رۆژ بەرۆژ زیاتر ئیمتیاز و بەڵێننامەکانی سەروەری دەوڵەتی سەر زەویان لەرزۆك کردووە[11].

ئەوەی کەمتر سەرنجی دراوەتێ و دەرك کراوە, دەرکەوتنی گوتارێکی تیرۆرستیە, واتە جۆرێ چالاکی نیشانەناسی جیهانی کە تیایدا, دەسەڵاتە توندوتیژگەرەکان و واتا شۆڕشگێڕییەکان بەیەك دەگەن[12]. بە سەرنجدانە بنبەستی دروست بوو لە ئەنجامی چەکە ناوکیەکانەوە کە زلهێزی پشت بەستوو بەهێزی سەربازی سنووردار دەکات و بە سەرنجدانە ئابووری زانیاریەکانی ئاستی جیهانی کە دەسەڵاتی نیشانەیی پشت ئەستوور بە سەرکەوتنی کەلتووری بەهێز دەکات, لە فەزای گوتاری تیرۆریزمە کە چارەنووسی قەیرانەکانی شەرعییەتی سیاسی, ناسنامەی نەتەوەیی و زانستی کرداری دیاریدەکرێت. کردارە تیرۆریستیەکان — وەکو مرۆڤ رفاندن, فڕۆکە ڕفاندن و کوشتن - کە هاوکات توندوتیژ, نەفرەت لێ کراوەو

سەرسوڕهێنەرە - بەتەنیا ناتوانێت ببێتە هۆی پەرەسەندنی تیرۆریزم بۆ ئاستی قەیرانی نێودەوڵەتی. لە گوتاری تیرۆریستیدا, شەڕێکی شاراوەتر — بە شێوەیەکی توندتر لەنێوان پێشڕەوانی دەسەڵاتە گەورە بەرزەفڕەکان و دواکەوتەکانی ئەوانی تر — بۆ دووبارە نووسینەوەی سنوورەکانی شەرعییەت لە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا لە ئارادایە.

بە کورتی, چوار خاڵی تیۆری گرنگ هەن بەڵام پشتگوێ دەخرێن:

یەکەم, لە توێژینەوەی تیرۆریستی دا, میتۆدی لێکۆڵینەوە جێگەی گرنگی پێدانە: لەگەڵ ئەمەشدا, لەم بوارەدا, ئەوەندە بە دیدێکی ڕەخنەیی تەماشای ئاستی گرنگی میتۆدی لێکۆڵینەوە نەکراوە.

دووەم, میتۆدی لێکۆڵینەوە, لایەنێکی بابەتی هەیە: بە سەرنجدان لە میتۆدەکانی هێمای تیرۆریزم, خاوخلیسکی رووبەڕووبوونەوەی فیزیایی لەگەڵ تیرۆریزم و شانۆی سادەکردنەوەی تیرۆریزم بەهۆی دەزگاکانی راگەیاندنەوە, خۆنیشاندانەوە تیرۆریستییەکان بەشێوەیەکی توندتر خۆی لە واقیعدا دەرخستووە.

سێهەم, بەهۆی دەرکەوتنی چەند گۆڕانکارییێك لە پێکهاتەی دەسەڵات کە تەحەددای فۆرمە نەریتیەکانی شەرعییەتی نێو دەوڵەتی دەکات, پێویستیمان بە میتۆدی رەخنەیی نوێ هەیە.

چوارەم, میتۆدی لێکۆڵینەوە بە تەنیایی ناتوانێت جێگەی تێڕوانینی بوونگەری (ئەنتۆلۆژی) پێویست بۆ ناسیی واقیعی تیرۆریزم بگرێتەوە: پێش ئەوەی هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیك بکەین لەبارەی تیرۆریزم پێویستە بزانین بە چ شێوەیەك ناسنامەی خۆمان بەهۆی گوتاری تیرۆریستیەوە دروست دەبێت.



ئەم تێبینییە رەخنەییانە لە شیکردنەوەی فۆرمە نوێیەکانی تیرۆریزم لە خوارەوەدا دەبنە جێگەی سەرنج. هەڵبەتە من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە کارەکەم تێر و تەسەلە. ستراتیژیەتی من هەڵوەشاندنەوە (Deconstructive) و هەروەها دووبارە سازکردنەوە (Reconstruction)یە: خستنەڕووی میتۆدێك کە لەوانەیە جێگەی میتۆدەکانی پێشووی روونکردنەوەی تیرۆریزم بگرێتەوە, رەخنەیان لێ بگرێت و وێنەیەکی مێژوویی لە بارەیانەوە بخاتە روو و لەهەمان کاتدا رێنماییێکی نوێ بداتە دەست بۆ لێکۆڵینەوەی تیرۆریزم لە فۆرمە ئێنتەرناشناڵیەکاندا[١٣].

من هەوڵ دەدەم لە میتۆدی ژێردەق (Sub textual) خۆم بپارێزم کە بەسەر زۆرێك لە دەقەکانی پەیوەست بە تیرۆریزم دا زاڵە: میتۆدێك بە سیستماتیزەکردنی تیۆری مەنزومەیەکی هزری کەمتەرخەم و نوێ تێدەکۆشێت تاکو جیاوازیەکان و دژایەتیەکانی تیرۆریزم چارەسەر بکات و بەم جۆرەش لە جیاتی لێکدانەوەی بابەتێك کە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت خەریکی (ڕامکردن و ملکەچکردنی) بێت[١٤]. لە راستیدا, ئامانجی من ئەوەیە کە بە خستنەڕووی میتۆدێکی ڕەخنەیی و لانی کەم زانستیی مێژووی پێویست, توانا بدەمە خوێنەر کە بێ بەشبوانی سیاسی لە ئەوانەی توندوتیژی بەکاردەهێنن جیابکاتەوە و لەگەڵ لێکۆڵینەوەی فۆرمی مومکینی پێکەوەژیان لەگەڵ گرووپی یەکەم دا, هانی هەوڵدانێکی دەستەجەمعی بێت دژی گرووپی دووەم.

## ڕێوڕەسمی چوونە ژوورەوە

سەرەتا پێویستە ئاماژە بکەم بە خاڵێکی لادان (انحراف) بۆ چوونە ژوورەوە لە دەرگای گووتاری تیرۆرستی، پێویستە جۆرێك لە ڕێوڕەسمی پاکسازی (Purification) — هەمان ئەو شتەی کە خەڵکانی تر بە پێناسە ناوزەدی دەکەن — جێبەجێ بکەین. ئەمە ڕێوڕەسمێکی دژوارە, بە تایبەتی بە سەرنجدانی ئەوە کە پەرێشانی واتا و تێکۆشان بۆ پاکژکردنەوەی چەمك و کۆنسێپتەکان تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵاوی پرۆسەکانی گوتاری تیرۆرستی و دژە تیرۆریستی بووە. چۆن دەتوانین تیرۆریست لە دز, تاوانبار یان چریکێکی ئازادیخواز جیا بکەینەوە؟ چ شتێك تیرۆریزم لە فۆرمەکانی تری شەڕ و پێکدادانی توندوتیژانە جیا دەکاتەوە؟ بۆچی توندوتیژی دەوڵەتێك بە تیرۆرستی و توندوتیژی دەوڵەتێکی تر بە دژەتیرۆریست دەزانین؟

لەسەر تارمایی (طیف) توندوتیژی, تیرۆریزم بە ئاشکرایی کەوتۆتە نێوان داوا (دعوی) و شەڕەوە. ئایا بەڕاستی وایە؟ لە ساڵی ١٩٨٥, کاسپەر وینبێرگەر (Casper Weinberger), وەزیری بەرگری ئەمریکا, ڕفاندنی فڕۆکەی تی.دبلیو.ئەی (T.W.A) و بە بارمتەگرتنی سەرنشینەکانی بە (شەڕێك و دەست پێ کردنی شەڕێك) ناوبرد[١٥]. شتێك کە وەکو فڕوفێڵێکی لۆژیکی (ئەگەر تیرۆریزم بە واتای شەڕە, کەواتە بۆچی شەڕ بە واتای تیرۆریزم نیە؟) یان لانی کەم شێواندنێکی کاتی (ئایا تیرۆریزم لە سەروی سەرەتا و دەستپێکی خۆیەوە، پێشڤەچوونێکی تاکی هەیە؟) دێتە بەرچاو, هەروەها دەتوانێت وەکو تێکۆشانێك دابنرێت بۆ خستنە رووی پێناسەیەکی حیساب بۆکراو بە مەبەستی وەرگرتنی ستراتیژیەکانی شەڕ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردەیەك کە لە رووی پێناسەوە



خۆی ناداتە بەر دەستی ئەم ستراتیژیانە. (وینبێرگەر) بە یەکسانکردنی تیرۆریزم لەگەڵ جەنگدا, سەرەتا پاساوێك بۆ کاردانەوەیەکی سەربازی دەهێنێتەوە و دواتریش بۆ زیاترکردنی ئیعتباری ئەم پاساوە دەڵێت کە (ئەم دەسپێکردنە شەڕێکە). ئەگەر بە بارمتەگرتن لەگەڵ شەڕدا وەك یەك بن، کەواتە بە واتای (دەسپێکردنی شەڕ)یشە, چونکە ئەمریکا لە پێناوی قەرەبووکردنەوەی فۆرمێکی ململانێدا سوود لە هێزی سەربازی وەردەگرێت. کە لە راستیدا لەگەڵ دەسپێکی (سوننەتی) — واتە تێك گیرانی دوو لایەن بۆ ماوەیەکی درێژ یان بە راگەیاندنێکی رەسمی — ناگونجێت. (ویبێرگەر) هەڕەشەی پێ بژاردنەوەی باشتر بوو لە واقیعەت, لەبەرامبەر دیاردەی کت و پڕ و نارێکی تیرۆریزم بەیەکسان کردنی تیرۆریزم و جەنگەوە خەریك بوو تاکو جۆرێك ستراتیژی رێگەگرتنی قەرەبوو کردنەوە بخاتە روو[١٦].

هۆکاری تریش یارمەتیدەرن بۆ ئەم شلەژانی واتاییە. ئاشکرایە کە جەنگ خەسڵەتێکی تیرۆرستیشی هەیە: درێسدێن (Dresden), هیرۆشیما, مای لای (Mai Lai) و ئەفغانستان, هەموویان بە زمانی حاڵ دەڵێن کە سەردەمی جەنگی تەواو, دەوڵەتان دەتوانن نیشانەی راست دابنێن لەسەر جینۆساید و لەناوبردنی دانیشتوانێکی گەورە.

لە لایەکی ترەوە, زۆرێك لە گروپە تیرۆریستیەکانیش سوود وەردەگرن لە چەمکەکانی جەنگ ((باڵی سەربازی سوور)), ((هێزە چەکدارەکانی رزگاری خوازی میللی)) , ((یەکە سەربازیەکانی سوور)), ((سوپای کۆماری خوازی ئایرلەندی)) , ((جەنگی پیرۆز)) و بەیاننامەکانی پڕ لە چەمکە سەربازیەکان و

زۆرێك لە تەكنیكە جەنگییەكانی وەكو هێرشی تەكتیكی غافڵگیركەر, هێرشە سەر لێشێوێنەرەكان و پرۆسەی دەروونی (جەنگی دەروون).

بەڵام من لە ئەنجامدا باوەڕم وایە، كە جەنگ و تیرۆریزم لە ڕوانگەی پێناسەوە لێكتر جیاوازن. جەنگ بەواتایەك جۆرێك توندوتیژی سیستماتیزەكراوە لەلایەن دەوڵەتان لەسەر ئەساسی چەند بنەمایەكی گشتگیر (ئەگەرچی هەمیشە ڕەچاو ناكرێن) بۆ پێشگیری كردن لە دانانی بۆمب، كوشتن، هێرشی چەكداری، مرۆڤ ڕفاندن، بارمتەگرتن و فڕۆكە ڕفاندن- واتە نزیكە (٩٥٪) تێكۆشانەكان ئەو پرۆسانە پێك دەهێنن كە زۆربەی جار بە تیرۆریزم ناودەبرێت- بە ئەنجام دەگەیەنرێت[١٧]. ئەمە لە حاڵێكدایە كە تیرۆریزم بەپێی بەكارهێنانی ناڕێكی پێشبینی نەكراوی توندوتیژی لەسەر بناغەی دەستكەوتنی ئەو ئامانجە جۆراوجۆرانەی كە هەیەتی وەستاوە[١٨]. ئەمە لە حاڵێكدایە، ماهیەت یان جۆری توندوتیژییەك كە تیرۆریستان بەكاردەهێنن پێوەرێكی تەواو بۆ پێناسەی تیرۆریزم دابین ناكەن. سەركوتكردن و قەدەغەكردنی چالاكی تیرۆریستان لەلایەن دەوڵەتانەوە دەبێتە هۆی ئەوە كە تیرۆریستان بۆ دەستكەوتنی ئامانجەكانیان، لە جیاتی سوود وەرگرتن لە تەكنیكە توندوتیژییە فیزیاییەكان، زیاتر پەنا دەبەنە بەر هێزی نابەرچاوی هێماكانی هەڕەشە و تۆقاندن. لەبەرئەوە، پێناسەكان و پۆلێنكردنەكانی تیرۆریزم زۆر هاوشێوەی سیستمەكانی ئاسایشی فڕۆكەخانەكان كاردەكەن كە بۆ ڕێگەگرتن لە تیرۆریزم داهێنراون: ئەم سیستمانە كە چەندین پلە پۆلێن كراون، ئەو هەڕەشانە ئاشكرا دەكەن كە دەتوانن گرنگ نەبن، ئەم سیستمانە كە بە جۆرێكی وشك و نەگۆڕ ڕێكخراون، لەوانەیە تەواو لە هەڕەشە نامادییە شلەكان كە كانزاكانیان تێدا بەكارنایەت و بەشێكی زۆری ئامێر و حەربەكانی تیرۆریستەكان بەكار دەهێنێت بێ ئاگابن، بەڵام بەبێ ڕەچاوكردنی



شێوازی ڕێكخستنیان، ئەم سیستمانە قەرارە بەهەمان ئەندازە كە هەڕەشەكان دەدۆزێتەوە و دەستنیشانیان دەكەن بەربەستێكیش بن لەبەردەم ئەم هەڕەشانەدا.

لێرەدا نامەوێت نموونەیەكی فیكری هاوشێوەیی سیستمێكی ئاسایشی دژەتیرۆریستی بخەمەڕوو. بەدوای ئەوەشدا ناگەڕێم كە خۆمان بە پێناسە، دۆزینەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی لە قاڵبدراو یان ڕێگەگرتنی تیرۆریستی سەرقاڵ بكەین. بەنیازین بەمیتۆدێكی جیاواز خەریكی وێنەكێشانی جیاوازییە فەلسەفی و مێژوویی و كەلتووری زۆرەكان بین كە ناسین و چارەسەری جۆرە جیاوازەكانی تیرۆریزمی تا ئەو ڕادەیە دژواركردووە. بەم ئاراستەیەدا، خۆم باوەڕم وایە كە تیرۆریزم بە جۆرە ستراتیژیەتێكی تۆقاندن و توندوتیژی دادەنێم، كە دەتوانین هەشت جۆری بۆ دەست نیشان بكەین: تیرۆریزمی ئەفسانەیی (Mytho-terrorism)، تیرۆریزمی ئانارشیزمی (Anarcho-terrorism)، تیرۆریزمی كۆمەڵایەتی (Socio-terrorism)، تیرۆریزمی ئیتنۆسی (Ethno-terrorism)، تیرۆریزمی مادده بێهۆشكەرەكان (Narco-terrorism)، تیرۆریزمی دەوڵەتی (State-terrorism)، دژە تیرۆریزم (Anti-terrorism)، تیرۆریزمی پاك (Pure-terrorism).

ئەم جۆرناسیە پێویستە بە جۆرێك ڕازاندنەوە و ڕێكخستن دابنرێت: هەروەكو ئەو سەربازانەی كە پۆل پۆل بە ریز دەڕۆن، ئەم ڕازاندنەوە هزریە بانگەشەی ئەوە ناكات كە ترس، پێشبینی نەكردن و بەربەریەتی تیرۆریزم بە باشی وێنەی دەخاتە ڕوو، بەڵكو ئەم پۆلێنكردنە تەنیا بە جۆرێكی كاتی بۆ والاكردن و بەسیستم كردنی تیرۆریزمە تاكو لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەسەری ئاسانتر بێت.



PDF 4 KURD

## تیرۆریزمی ئەفسانەیی

یەکەمین شێوەی تیرۆریزم (ئەگەر نەڵێین گرنگترین فۆرمی تیرۆریزم)، تیرۆریزمی ئەفسانەییە. تیرۆریزم تاڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای ترس، ئارەزوو و توندوتیژی دامەزراوە و ئەمانە هەمووی سازێنەری ئەفسانەن. لێرەدا، جۆرە ترسێکی بەرامبەر هەیە کە زادەی پەیوەندیێکە کە بەپێی ئەو، لاوازەکان لەهەمان کاتدا کە پێویستیان بە بەهێزەکانە، لێیان بێزارن، جۆرێك ئارەزوو بۆ دەستخستنی دەسەڵاتی نەتەوەیی، دەسەڵاتی چینایەتی یان بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتێکی زیاتریش هەیە بۆ دروست کردنی دنیایەکی جیاواز لە دنیای ئێستا، توندوتیژیەك هەیە کە ڕۆژگارێك دەردەکەوێت کە حەز و ئارەزووە دوو لایەنەکان بە جۆرێکی سوننەتی پێکدەگەن و ئیتر ڕام کردنیان بە ڕێگەی گفتوگۆ، جێگۆرکێ (Displacement) و بەرپێورەسمسازی (Reutilizations) دەستەبەر نابێت[١٩].

ئەفسانە و تیرۆریزم کاتێك دەرژێنە ناو یەکتر کە ڕێگەچارە چاوەڕوان کراوەکان بۆ پرسە دژوارەکان لە ڕێگەی ڕێورەسمە نوێیەکان یان نەناسراوی توندوتیژی بە دواداچوون بکرێت بۆیان.

تیرۆریزمی ئەفسانەیی چەند تایبەتمەندییەکی هاوشێوەی هەیە لەگەڵ فۆرمەکانی توندوتیژی خاوەن ڕیچواڵی وەکو جەنگەکان یان پروپاگەندەی گشتی کە تیایدا نەداران, بێ دەسەڵاتەکان,، ئۆپوزیسیۆنەکان، سەرکوت کراوان یان تەنیا ژێر دەستە کاتیەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژاوی لەگەڵ بەهێزەکاندا پێکەوە یەکدەگرن[٢٠]. بەڵام جیاوازیان (جیاوازیێك کە هەم هێز دەداتە تیرۆریزمی ئەفسانەیی و هەم دەبێتە هۆی شکستی) لەوەدایە کە ئەوانی تر ئامانج یان قوربانیانی دەستی تیرۆریزمی ئەفسانەیی بەقوربانیانی بێ گوناه- نەك



دەستنیشانکراوانی گوناهبار- دەناسن. شتێك کە لەڕووی تەکتیکیەوە ڕۆڵێکی کاریگەرتر لەدژی بەهێزەکان دەگێرێت، لەڕوانگەی ستراتیژییەوە کارەساتبارە، چونکە ئاراستەکردنی ئەفسانەیی تیرۆریستان دەتوانێت ترس و کاردانەوەی بەرپرسان دژی تیرۆریزم بوروژێنێت، بەڵام ناتوانێت پاڵپشتی ئەفسانەیی ((خەڵك)) کە کردە تیرۆریستیەکان بەناوی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت، مسۆگەر بکات. تیرۆریزمی ئەفسانەیی کە بەناوی ناسنامەی گروپێکی گریمانەیی، کە بە هەڵوەدا بوون بۆ ڕۆژگارێکی زێڕینی ڕابردوو یاخود بە ئومێدی دامەزراندنی شارێکی یۆتۆپی (نموونەیی) لە ئایندەدا کاردەکات دەتوانێت سیستمەکانی ئێستا بە بەکارهێنانی توندوتیژی لابدات، بەڵام بە پێچەوانەی خوان و سفرەی خواردنی ئێوارانی شیوی ڕەبانی یاخود بنەماکان و شێوازەکانی دیپلۆماسی یان پیشەی دادوەری خۆبەخۆ (سەربەخۆ) ناتوانێت مەراسیمی پێویست لە جیاتی توندوتیژی بهێنێتە دی. کاریگەرترین هێزی شاراوە لە تیرۆریزمی ئەفسانەیی دا بە شێوەیەکی ئاسایی خەسڵەتێکی ئاکامناسانە (Eschatological) و هەزارەگەریانەی (Millenarianistic) هەیە: بەواتایەکی تر، ئەوان بیر لە بەرەڵایی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و توندوتیژی نیشاندان بۆ گەیشتن بە سەردەمێکی نوێ دەکەنەوە. هەزارەگەری ئاکمناسانەی جەنگە خاچپەرستییەکان، جیهاد، شۆڕشە ئانابابتیستەکان (Anabaptists) لە سەدەی شانزدە و فۆرمی توندڕەوانەتری ئیلاهیاتی ئازادیبەخشی کاتۆلیك و بونیادگەرایی (فەندەمێنتالیزمی) ئیسلامی ئەمڕۆ کاریگەری و نیشانەی ڕاستیان لەسەر تیرۆریزمی ئەفسانەیی داناوە. تێکۆشان بۆ هێنانەدی حکومەتی خاوەند لەسەر گۆی زەوی لەگەڵ کوشتن و ڕاپەڕینە توندوتیژەکان و تەواوی جۆرەکانی شەهادەتدا هاوڕێ بووە. بێ مانا نیە کە زۆرێك لە مێژوونوسان دووبارە روویان لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست کردووە تاکو لێکۆڵینەوە بکەن لە پەیوەندییەکانی ئەودیوی مێژووی (فرا تاریخی) گریمانەیی نێوان ئەفسانە و تیرۆریزم[21]. هەتاکو لێکۆڵینەوەیەکی ڕووکەشیش بەئاشکرایی ئەوە نیشان دەدات کە هیچ جۆرە مەزهەبێکی ناسیۆنالیستانە یاخود ناسیۆنالیستی ئایینی بەتەنیایی هەبووی دەسەڵاتی تاکڕەوی نەبووە بەسەر تیرۆریزمی ئەفسانەیدا. هەر لە ڕەشەکوژی جووە ڕەگەزپەرستەکانەوە لە شەڕەکانیاندا دژی ڕۆمیەکان لە سەدەی یەکەمی زایینی تاکو کارەکانی تاقمی ئیسماعیلیە (حەشاشین) کە لە سەدەکانی دوازدە و سێزدەهەمی زایینی دا دەیانویست پاکسازی لە ئیسلامدا بکەن، هەروەها هێرشە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوەکانی جوولەکەی هاگانا و ئەرگۆن دژی داگیرکەرانی ئینگلیزی لە سەدەی دوازدەهەمی زایینی تا کوشتاری فەلەستینەکان بەدەستی ڤالانژیستەکانی مەسیحی و مینڕێژکردنەکانی ((حیزبوڵڵای ئیسلامی)) دژی سەربازە ئەمریکی و فەڕەنسیەکان، بگرە هەموویان پەنایان بۆ ئەفسانە بردووە و بۆ دەستکەوتنی ئامانجە نادنیاییەکانی خۆیان دەستیان داوەتە توندوتیژی. لە ڕاستیدا، لەناوخۆی ئەمریکاشدا چەند گروپێك هەن بەناوەکانی ((سیستم ( The order)، پەیمان (The convenant)، شمشێر (The sword)، دەستی خواوەند ((The arms of the Lord (CSA) کە بۆ هێنانە دی هەزارەی وەعدەدراوی مەسیح دەست درێژی دەکەنە سەر دادوەرانی ئەمریکی و کارمەندانی دەزگای (F.B.I).

لە تیرۆریزمی ئەفسانەییشدا وەکو جۆرەکانی تری تیرۆریزم کە لە چەند دێری داهاتوودا باسیان دەکەین، هیچ تخووب و سنوورێکی ئاشکرا سەبارەت بە پاڵنەر و ئامانجەکانی و ئەنجامدەرانی بوونی نیە. شتێکی ئاشکرایە کە لە لێکۆڵینەوەی هۆکاری پەنابردنی خەڵك بۆ تیرۆر، هۆکاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی



و هۆکاری تر ڕۆڵێکی زیادیان هەیە. لێکۆڵینەوەی مێژوویی (سوپای کۆماری خوازی ئایرلەندا -Provisional Irish Republican Army) بەجوانی ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە. بەڵام دەسەڵات و ڕۆڵی ئەفسانەیی کە ژمارەیەك لە گروپە تیرۆریستیەکان بە پاڵنەری جیا جیا هاندەدات و یەکیاندەخات- هەروەها ڕۆڵی ئەو لە دژوارکردنی بەدواداچوون یان کاردانەوەی تەواو ژیرانە- نابێ لەبەر چاو نەگیرێت. لە سیستمی مۆدێرنی پێکهاتوو لە دەوڵەتە میللیەکان، تیرۆریزمی ئەفسانەیی ڕادە و سنووری دەسەڵات دیاری دەکات، ئەمە هەر ئەو تخووب و سنوورەیە کە تیایدا، بەکارهێنانی ڕەوا و عەقڵانی توندوتیژی بۆ دەستکەوتنی ئامانجەکان لەبەرامبەر بەکارهێنانی ناڕەوا و ناعەقڵانی توندوتیژیدا دەوەستێت. لێرەدا، تیرۆریزم لەوانەیە بە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەیی زیاتر دەتوانرێت بناسرێت تا بە شیکردنەوەی عەقڵانی.

## تیرۆریزمی ئانارشیستی

ئەو وتانەی کە لە ساڵی (١٩٠٦ز) لە نیۆیۆرك تایمزدا بڵاوکراونەتەوە هەڕەشەی زیادبوونی فۆرمێکی تری بەدیارخست: ((لە کۆنفرانسی ڕۆمادا زۆر زوو ئاشکرا بوو کە هۆکارەکانی دبلۆماسیەت کارێکی ئەوەندە گرنگی لە دەستنایەت. بۆیە، من لەیەکەمین هەوڵدا پێشنیارم کرد، کەشازدە ئەفسەری پلە بەرزی پۆلیس کە لە چەندین وڵاتی جیاجیاوە کە لەو کۆنفرانسەدا بەشداریانکردبوو یاخود نوێنەرەکانیان ئەنجومەنێکی تایبەت و نهێنی پێك بهێنن و لەپشت دەرگا داخراوەکان و بەبێ ڕێکخستنی بەرنامەی دانیشتنەکە یان ڕاپۆرتی نووسراو، تویژینەوە لەباشترین هەنگاوە مومکینەکان بکەن))[22]. ئەم لێدوانە زۆر ئاشنایە

سێر ڤینسێنت هۆوارد (Sir Vincent Howard)، نوێنەری بریتانیا لە ((کۆنفرانسی دژە ئانارشستی ڕۆما» لە ساڵی (١٩٠٦) پێشکەشی کردبوو. تیرۆری تەزار ئەلێکساندەری دووەم لەلایەن ڕێکخراوی نارۆدنیا ڤۆلیا (Volia Narodnya) واتا ((ئیرادەی خەڵك)) لەساڵی (١٨٨١)، کوشتاری مەیدانی های مارکێت (Haymarket) لەساڵی (١٨٨٦)، هەوڵی ئانارشستێکی ڕوسیایی هێنری کلەی فریك (Henry Clay Frick) لە ((کۆمپانیای پۆڵای کارنگی)) لە ساڵی (١٨٩٢)، کوژرانی سەرۆك کۆماری فەرنسا بەدەستی ئانارشستێکی ئیتاڵی لەساڵی (١٨٩٤)، تیرۆری پاشای ئیتاڵیا لەساڵی (١٩٠٠)، گوولەباران کردنی یەکێ لە شوێنکەوتوانی ئیما گۆڵدمەن (Emma Goldman) بەرەو ڕووی مەك کینلی سەرۆك کۆماری کاتی ئەمریکا، لە ساڵی (١٩٠١) تیرۆرکردنی شاژنی نەمسا ئەلیزابێس: ئەمانە چەند نموونەیەکن لە دەرکەوتنی جۆرێکی توندوتیژی سیاسی نێودەوڵەتی کە نیشانەی تێکەڵبوونی دوو شتن ئەوانیش ئانارشیست و تیرۆریزم، یاخود تیرۆریزمی ئانارشیستیە.

نموونەی سەرەکی تیرۆریستانی ئانارشیستی سەدەی نۆزدەیەم کە لەرۆژنامە بەناوبانگەکاندا بڵاوکرایەوە - تیرۆریستان بەدەمووچاوێکی شێتانە کە لە دەستێکیاندا دەمانچە و لەدەستەکەی تریشیاندا بۆمبا هەبوو - هێشتا دوای لەبیرکردنی ڕەگەکانی ئایدیۆلۆژی و هەڵوەشانەوەی تەکنەلۆژیاکەی دیسان هەر دەبینرێن.بێگومان هەرجۆر تێك شکاندنێك و تێکەڵاوکردنێکی دوو چەمکی ئانارشیزم و تیرۆریزم هاورێیە لەگەڵ مەترسی بەهەند نەگرتنی بابەتی یەکێك لە گرنگترین باسە سیاسیەکانی نێوان هەندێك لە دیارترین بیرمەندانی رادیکالیزمی سەدەی نۆزدە - بۆنموونە: پرۆدۆن، باکۆنین، مارکس و کرۆپۆتکین - و



بەهێزکردنی هەڵەی باوەربوون بەیەکسانی نادروستی ئانارشیزم= کۆمۆنیزم = تیرۆریزم. بەڵام بۆ تێگەیشتنی بەشێکی زۆری مێژووی تیرۆریزم لە ئەوروپا لانیکەم پێویستیمان بە ناسینێکی ڕواڵەتی هەیە لەبارەی ئەو هێز و توخمە سەرەکیەکانی کە باڵا دەستتن بەسەر توندوتیژی سیاسی دژە دەوڵەتیدا، چونکە پەیامی ئانارشیستەکان بۆ نموونە لە گوتاری ((باڵی سەربازی سوور))ی ئەڵمانیا، ((یەکەکانی سەربازی سوور))ی ئیتاڵیا و کردەی یەکسەرە(Direct Action) ی فەرنسی دا دووبارە بوویەوە. لەوکاتەوەش، کاردانەوەی دژەئانارشیستی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە کۆنفرانسی دژەتیرۆریزمی سەرانی وڵاتان لە دە ساڵەی (١٩٨٠)شدا دەرکەوتووە. توخمی هاوبەش لە ئانارشیستیدا، پەنا بردنەبەر توندوتیژیە لە دژی دەوڵەت. چاکسازی دەردیان دەوا ناکات. چونکەئامرازکانی کە بریتیە لە لێکۆڵینەوە و هاندان لە بەرامبەر توندوتیژی شاراوەی دەوڵەت، زۆر لاوازە. وشەکان، دەشێوێن و نادیاری لەخۆ دەگرن: کردەوە توندوتیژییەکان خەسڵەتێکی نەوازە و یەکسەریان هەیە. هەرچەندە لەوانەیە تۆڵە سەندنەوە، نەفرەت لێکردن و بێ ئومێدی لە دڵی ئانارشیستیکدا شاراوەبێت و جووڵێنەری کارەکانی بێت، بەڵام لە ئانارشیستگەریدا سەرچاوەیەکی سەرواڵاکراوی ویستی وێرانکاری، بوونی هەیە، کە زۆربەی جار لە بەرچاو نەگیراوە[٢٣]. نموونەی دیاری ئەم کارە، کتێبی ١٨٦٩ سێرگی نیچاییڤە (Sergey Nechaev) بەناونیشانی ((بنەماکانی شۆرشگێری (Catechism of revolutionist) ئەو لە بیست و یەك (٢١) خاڵدا، ناسنامەی شۆرشگێرانی ئانارشیستی نیشانداوە: تاکێکی مەحکوم ... دوژمنی سازشنەکەری ئەم جیهانەیە ... ئەو تەنیا زانستێك دەناسێت:زانستی ڕووخاندن و وێرانکاری))[٢٤]. دروشمەکانی ئانارشستی لەم قۆناغەدا برەوی پەیداکرد، بەڵام لە باسەکانی زۆر داخ و پر لە حەماسەتی

نیچاییف و باکونین لەبەرامبەر مارکس و ئەنگلزدا دەتوانرێت ئەخلاقی تیرۆریستی تاکگەرایی و قارەمانانە نیشان بدرێت، کە سۆشیالیستەکان ڕەتی دەکەنەوە بەڵام هێشتا لە تیرۆریزمی ئانارشیستی گروپە تیرۆرستیە مۆدێرنەکانی ئەوروپا دا وەکو ((کردەی یەکسەرە))ی فەرەنسی و ((یەکە جەنگاوەرەکانی شەڕکەرانی کۆمۆنیست (Communist Combatant cell) ی (بەلجیکا) ماوەتەوە))[٢٥].

## تیرۆریزمی کۆمەڵایەتی

مانای نوێی تیرۆریزم، لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا لە دایك بووە، واتا کاتێك ڕۆبێسپیر (Robespierre)، سانت - ژوست (Saint-just) و ژاکوبنەکانی تر پاڵپشتیان کرد لە بەکارهێنانەکانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی بۆ حورمەت بەخشین بە ماف و عەقڵ و رزگار بوون لە شەڕی هەندێك لەدوژمنانیان[٢٦]. تیرۆریزم کە لە سەرە تادا واتایێکی کۆمەڵایەتی پۆزەتیفی هەبوو، بەهۆی کەڵك وەرگرتنی زیاد لە ڕادەبەدەری گیوتین(**) و نێو نەتەوەیی بوونی شۆڕشی فرەنسی کەوتەبەر گۆڕانە بنەڕەتییەکان.

لەساڵی ١٧٩٥ز دا، کاتێك«ئیدمۆند بورك (Edmond Burke)» ئاماژەی بە ((هەزاران بێرەحمی ناسراو بە تیرۆریزم)) کرد[٢٧]، چەمکی تیرۆریست بەروونی واتایێکی بێزێزی بەخۆوەگرتبوو. لەوکاتەوە بەم لاوە، ئەم چەمکە بەشێك بووە لە یارییێکی کۆمەڵایەتی — سیاسی بۆ ریسواکردنی هەندێك فۆرمی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و بەڕەوا زانینی فۆرمی تری.



لەساڵی(١٨٧١)دا جارێکی تر لە فەرەنسا باسی تیرۆریستەکانی کۆمەڵایەتی ((واقعی)) - کەسانێك کەپشتگیرییان لە شەڕی چینایەتی دەکرد ڕێنومایيان دەکرد- زیندو بوویەوە. ئەمە باسێکی گرنگ بوو چونکە دواتر کاریگەری قوڵی لەسەرهەڵوێست وەرگرتنی سۆشیالیستەکان و مارکسیە - لینینستەکان دانا سەبارەت بە تیرۆریزم. کاتێك چاپەمەنیەکانی ئینگلیز، کرێکارانی کۆمۆنەی (Replace) پاریسیان بە ((ئاگرتێبەردانی)) تیرۆریستی تۆمەتبارکرد، مارکس لەوەڵامدا، ئاماژەی کرد بە ((سەربازانی ئینگلیزی کە بەشێوەیەکی وەحشیانە تەقەیان لە ناوچەی کۆنگرەی ئەمریکا کرد لە واشنتۆن و ئاگریان لە کۆشکی هاوینەی ئیمپراتۆری چین بەردا)) و ((وێرانکاریەکانی (هوسمان Haussmann) کەدەستی هەبوو لەوێرانکردنی شاری مێژوویی پاریس تاکو ئەمشارە وا لێبکات کە ببێتە شارێك بۆگەشتوگوزاری))[٢٨]. بەڵام مارکس نەیدەویست ماهیەتی چینایەتی کارەکانی ئاگرتێبەردان یان بەرنامەڕێژی شار نیشان بدات. ئەو دەیویست ئەم تۆمەتە ڕەت بکاتەوە کە حیزبێکی شۆڕشگێری خاوەن دەسەڵات لە ناخی خۆیدا خەسڵەتێکی تیرۆریستی دەبێت و«ئەمەش بۆچونێك بوو کە بەهۆی لە سێدارەدانی (٦٤) بارمتە کە پێکهاتبوون لەپیاوانی ئاینی و ئەسقەفی گەورەی پاریس، کە بە دەستی ئەندامانی کۆمۆنی پاریسی هاتبووە ئەنجامدان))، وەڵامی مارکس ئەرزشی گێرانەوەی هەیە، چونکە لە لا یەکەوە بوو بە مەبنایێك بۆ هەڵوێست وەرگرتنی سۆشیالیستەکانی دواتر لەبارەی تیرۆریزم و لەلایەکی ترەوە، تێکۆشانی ڕۆژنامەگەری ساڵانی دوایی بۆ چەسپاندنی یەکسان کردنی کۆمۆنیزم = تیرۆریزم پوچەڵ دەکاتەوە.

مارکس لە سەرەتادا لە ڕوانگەی مێژووییەوە نیشانی دەدات، کە سۆشیالستە شۆڕشگێڕەکان و خەڵکی ژێر دەستەی داگیرکەران، هەرگیز بەپێی بنەماو

ياساكانی جەنگ نەپارێزراون: چینی بورژوازی و سوپاكەی لە مانگی شەشی ساڵی ١٨٤٨ ڕەسم و سوننەتێكی زیندوو كردەوە كەبۆماوەیەك لە زۆنی جەنگ دا ماڵئاوایی كردبوو: كوشتنی بەند كراوانی بێ پشتوپەنا. لەو كاتەوە، سەركوتكارانی شۆرشەكانی خەڵك لە ئەوروپاو هیندستان دا بە جورێك كەم و زۆر بەسەختی و بە شێوەیەكی جیدی پەیڕەویان لەم سوننەتە دڕندانەیە كردووە و ئەمەش بەڕاستی ((پێشكەوتنی شارستانیەت)) نیشان دەدات!

ماركس لە بارەی گفتوگۆكردنەكانی ئەندامانی كۆمۆنی پاریس كە ئەوان لەگەڵ كەسانێكی وەكو پروسیەكان و لوویی - ئادۆلف تیێر (Thiers)» سیاسەتمەداری فەڕەنسی كە بارمتەگرتنیان دەستپێكردبوو پێكیان دەگۆڕینەوە. ئەو كاتە، هەوڵەكانی ئەندامانی كۆمۆنی پاریس بۆ گۆڕینەوەی بارمتەكان بێ وەڵام مایەوە و ئەمەش بەباوەڕی ماركس ((دڕەندایەتی بێ هەوساری حكومەتە بورژوازییەكان)) نیشان دەدات: ((بكوژی ڕاستەقینەی ئەسقەفی گەورەی {پاریس} تیێرە ئەندامانی كۆمۆنی پاریسی چەندجار وتبویان كە ئامادەن ئەسقەفی گەورە و پیاوانی تری ئاینی بگۆڕنەوە بە بلانكی (Blanqui) كە لە چنگی (تیێر)دا بوو. تیێر ئەم پێشنیارەی بە شێوەیەكی سەرسەختانە ڕەتكردەوە. ئەو دەیزانی كە بلانكی سەری لاشەی كۆمۆنی پاریسە و مردووە، ئەسقەفی گەورە باشتر خزمەت بە ئامانجەكانی (تیێر) دەكات))[٢٩].

تیۆرییەوانەكانی دواتری سۆشیالیزم كەڵكیان لە بەڵگە هێنانەوەكەی (استدلال) ماركس وەرگرت، لەلایەك بۆریسواكردنی تیرۆریزم و لەلایەكی ترەوە بۆ ئاراستە كردنی بارودۆخە توندەكان كە تیرۆری لەبەرامبەر تیرۆر بە شتێكی پێویست دەزانی. لە گەرمەی شەڕی ناوخۆی ڕووسیا، "لیۆن ترۆتسكی Leon



Trotsky" وەكو فەرماندەی سوپای سوور وەهای نووسی: ((شۆڕش لە ڕوانگەی لۆژیكەوە پێویستكەری (مستلزم) تیرۆریزم نیە، ڕێك هەروەكو ئەوەی كە «لە ڕوانگەی لۆژیكەوە» خوازیای ڕاپەرینی چەكدارانەش نیە. ئەمە پرسێكی زۆر سادەیە! بەڵام شۆرش داوا لە چینی شۆرشگێری دەكات كە بە هەر ئامراز و میتۆدێك - لە حاڵەتی پێویست، هەتا لەگەڵ ڕاپەرینی چەكدارانە یان تیرۆریزم - بێت بگاتە ئامانجی خۆی))[٣٠]. بەرگری كردنی ترۆتسكی لە تیرۆریزم نیشانەی تێكەڵاوییەك بوو لە نێوان شیكردنەوەی چینایەتی ماركس، تیۆری ستراتیژی كلاوزویتز (Clausewitz) و سیاسەتی هێز (Realpolitik) ی "بسمارك Bismarck". تیرۆریزم لە خودی خۆیدا وەكو ئامرازێكی سیاسی هیچ سوودێكی نیە، مەگەر تەنیا بە شێوەیەكی كاتی دژی چینێكی كۆنەپارێز بەكاربهێنرێت. ترۆتسكی دەڵێت ((ترساندن و تۆقاندن هەم لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا و هەم لە ئاستی ناوخۆییدا چەكێكی بەهێزە ... و جەنگیش وەكو شۆڕش پشت بە ترس و تۆقاندن دەبەستێت))[٣١]. پرسە ئەخلاقیەكان لەم جۆرە كاتە توندوتیژ و هەستیارانەدا، بەكارنابرێت و هەروەكو ترۆتسكی بەساردیەوە دەیووت «ئێمە هەرگیز بیرمان لە قسە درۆیینەكانی قەشەكان و وتە عافیەتخوازانەی كانت و كویكەرەكان (Quakers) سەبارەت بە ((پیرۆزی ژیانی مرۆڤـ)) نەدەكردەوە. بەم حاڵەش، ترۆتسكی كەسێك نەبوو كە لە زەروورەتەوە بگاتە فەزیلەت. سوود وەرگرتنی بەرژەوەندیخوازانە لە تیرۆریزم نابێ ئامانجە بەرزترەكانی ماركسیزم بخاتە ژێرتیشكەوە «بۆ پیرۆزی بەخشین بەتاك پێویستە سیستەم و نیزامە كۆمەڵایەتیە بكوژەكانی لەناو ببرێن ... و ئەم كارەش تەنیا بە خوێن و ئاسن دەستەبەر دەبێت))[٣٢]. هەڵوێست وەرگرتنی لینینیش سەبارەت بە تیرۆریزم ڕوون و ئاشكرا بوو. لینین لە سەرەتای شەڕكردنی لەگەڵ حكومەتی

تەزاریدا هەوڵی دەدا تاکو بزوتنەوەی سوشیال دیموکرات لە ڕێکخراوی نارودنایا ولیا (ئیرادەی خەڵك) و باقی عەوامگەراکان و ئانارشیستەکانی پاڵپشتکەر و جێبەجێ کاری تیرۆر و کوشتنی بەرپرسانی تەزاری (کە زۆربەیان وەکو تەزار ئەلەگزاندەری دووەم لە ساڵی ١٨٨١ دا بە سەرکەوتووییی ئەنجام درا) جیا بکاتەوە. لینین لە ساڵی ١٩٠١ لە ڕۆژنامەی حیزبی ئیسکرا (Iskra) رەخنەی لە زیادبوون و بەرزبوونەوەی شەپۆلی تیرۆریزم گرت: «ئێمە هەرگیز بە شێوەیەکی بنەڕەتی تیرۆرمان ڕەت نەکردۆتەوە و ناتوانین ڕەتیشی بکەینەوە. تیرۆر یەکێکە لە جۆرەکانی کاری سەربازی کە لەوانەیە لە بارودۆخێکی تایبەت بە جەنگ تەواو سوودبەخش و زەرووری بێت. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە تیرۆر لە ئێستادا بە هیچ جۆرێك وەکو هێرشێکی سەربازی لە مەیدانی جەنگدا — واتە هێرشی بنەمایی لە گشت پرۆسەی شەڕدا — ئامۆژگاری پێ ناکرێت، بەڵکو تیرۆر فۆرمێکی سەربەخۆیە لە هێرشە قۆناغیەکان و بێ پەیوەندیە لەگەڵ سوپادا... ئێمە گرنگی گورزەکانی تاکی پاڵەوانانە ڕەت ناکەینەوە، بەڵام ئەرکی ئێمە وابڕیار دەدات کە سەبارەت بە کەوتنە ناو زەلکاوی تیرۆر و وەرگرتنی وەکو ئامرازێکی سەرەکی شەڕکردن بە توندی ڕیسوا دەکەین. و ئەمەش داوێکە کە ئێستا زۆرێك کەوتونەتە ناوی»[٣٣].

بەڵام لینین کاتێك گەیشتە دەسەڵات و گرفتاری جەنگ و قاتوقڕی هات پشتیوانی لە تیرۆریزم کرد. لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩١٨، لینین (نامەیەکی بۆ کرێکارانی ئەمریکا) بۆ (پراودا) نووسی: چۆن دەتوانین بورژوازی بە مرۆڤانە و ڕەوا بزانین؟ کرێگرتەکانی ئێمە بە تیرۆر تۆمەتبار دەکەن ... بورژوازی ئینگلیز کارەکانی خۆی لە ساڵی ١٦٤٩ و بورژوازی فەرەنسا کارەکانی خۆی لە ساڵی ١٧٩٣ لەبیرکردووە. کاتێك خودی بورژوازیا بۆ گەیشتن بە سوودەکانی خۆی لە



بەرامبەر دەرەبەگایەتی (فیۆدالیزم) دەستی دایە تیرۆر، ڕەوا و دادپەروەرانە بوو. بەڵام کاتێك کە کرێکاران و وەرزێرە هەژارەکان لە بەرامبەر بورژوازیا دەستیان دایە ئەم حەربەیە و تیرۆر بوو بە دیاردەیەکی سامناك و شایەن بە سزادان![٣٤].

چەند ساڵ دواتر، لینین ڕەخنەی لە کارەکانی حیزبی شۆڕشگێری کۆمەڵایەتی(Social Revolutionary Party) گرت و بە ئانارشسیت و تیرۆریست ناوی بردن[٣٥]. هەروەها ترۆتسکی - کە بە فەرمانی کەسێك دوور خرابوویەوە بە جۆرێکی بەربڵاو و دڕندانە لەسەر دوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەستی دایە تیرۆریزم - کەمێك دواتر کەوتە ناو پێگەیەکەوە کە پشتیوانی لە کارە تیرۆریستیەکانی خۆی کرد لە بەرامبەر ستالیندا[٣٦].

ئەمە چ شتێك پیشان دەدات ؟ هەتا بە شێکی بچووك لە ئەدەبیات و مێژووی سوشیالیزم ئەوە نیشان دەدات کە ناتوانین مارکسیزم لەگەڵ تیرۆریزم دا بە یەکسان دابنێین. تۆمەتی تا ڕادەیەك ئاڵۆزترە ئەوەیە، کە مارکسیزم دەبێتە هۆی برەوی جۆرێك لە ڕێژەگەری، کە نیشانەی ڕاست لەسەر تیرۆریزم دادەنێت. داوەری وردتر و بە ڕای من واقعیانەتر ئەوەیە کە بڵێین مارکس، لینین و تروتسکی بە ئاراستەیەکی مێژووگەرایی دەستیان داوەتە چەندین داوەری دژاور و ئاڵۆز دەربارەی کاریگەری و ئاراستەکردنی تیرۆریزم. ئەوەی کە ئایا دەست نیشانی ئەوان (بە سەرنج دانە سوود وەرگرتنە سەرەڕۆیەکەی ستالین لە تیرۆریزم) ڕاست بووە یان نە پرسێکی ترە. بەڵام بە ڕای من، ئەم جۆرە شیکردنەوەی تیرۆریزم بەپێی بارودۆخی مێژووی و کۆمەڵایەتی بۆ ناسینی پاڵنەر و کاری ڕێکخراوە نوێیە هاوشێوەکانی وەکو «بەرەی ئازادیخوازی میللی فارا بوندۆ مارتی Farabundo Mari National Liberation Front(FMLN)» لە سالڤادۆرا، «سوپای نوێی خەڵك» لە فیلیپین و گروپی «ڕێگەی درەخشان

Sendero Luminoso» لە پیرۆ کە سوود وەردەگرن لە نەزانراوی سنووری نێوان شۆڕشگێڕی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی تیرۆریستی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دەبنە قوربانی ئەوەی کە سوودمەندترین.

## تیرۆریزمی نەتەوەیی

ئارەزووی شانازی کردن، دادپەروەری، سەروەت و سامان و زەوی بە درێژایی مێژووی ڕژێمەکانی پێکهاتوو لە دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا بەردەوام پاڵنەرێك بووە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی. بەڵام لەپەڕینەوە لە مافەکانی خانوادەیی «میرەکان» بۆ مافی گشتی میللەتان، مەشروعیەتی توندوتیژی گۆڕاوە. وەفاداریە جۆراوجۆرەکان، هەندێك جار دژ بە یەك و **هەتا باڵاتر لەڕووی زەوی (فراسر زمینی) فیۆداڵەکانی سەدەکانی** ناوەڕاست و «حەسادەتەکان» یەکگرتنە ناپایەدارەکانی پاشایەتی زۆربەی جار زەمینەی بۆ جۆرێك توندوتیژی سیاسی چاوەڕوان نەکراو، وەلام نەگۆ یان - بە واتای ئەمڕۆکە - «ناعەقلانی» دەرەخساند. لەوانەیە لە ڕوانگەی مێژووییەوە گوماناوی - و لە ڕوانگەی ئەخلاقیەوە سەرلێشێوێنەر - بێت کە بڵێین یەکێك لە نیشانەکانی پێشکەوتن ئەوەیە کە بە زیادبوونی ڕۆڵی مافەکان لە نیزامی نێودەوڵەتی هاوچەرخ، ئەنجامی کۆتایی زیاتر بەهۆی جەنگی میللەتان دیاری دەکرێت تاکو بەهۆی کێشەکانی تاکی. بەڵام دەرکەوتنی هاوزەمانی بنەمای ئۆتۆنۆمی میللی و دەست تێوەرنەدان هاوکات لەگەڵ مافەکانی جەنگ بوونەتە مایەی دەرکەوتنی جۆرێك دیموکراسی ڕەسمی لە سیستمی نێو دەوڵەتی. سەیرتر ئەوەیە کە بنەما باسکراوەکانی یارمەتی دەرکەوتنی تیرۆریزمی نەتەوەیشی داوە: هەوڵ دانە



توندوتیژاویەکانی گروپێکی نەتەوەیی، ناوچەیی یاخود نەتەوەیی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. نەتەوەکان یان چەندین گروپی وەکو فەلەستینیەکان هەن کە بە ناوی یەك نەتەوە کاردەکەن و خوازیاری هەبوونی ئەو مەشروعیەت و پشتگیریەن، کە دەوڵەتان بەهرەمەندن لێی. هەندێك لە دەوڵەتە نەتەوەیەکانیش لەبەر زاڵبوونی دەسەڵاتی زلهێزەکان بەسەر پەیوەندییە دەرەکیەکانیاندا، سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداوە یان سەربەخۆیی تەواویان دەست نەکەوتووە (وەکو وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی لە سەردەمە جیاوازەکاندا). مێژووی دژایەتیکردنی داگیرکەر کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە وتیایدا، فۆرمە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی تیرۆریزم تێکەڵ بە تێکۆشانێکی توندوتیژاوی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت دەبن، بە باشی تۆمار کراوە[٣٧].

لە ڕاستیدا هەندێك لە شیکەرەوە توندڕەوەکان وەکو فرانز فانۆن (Franz Fanon) کە دۆزەخیەکانی ڕووی زەوی (The Wretched of the Earth) ی سەبارەت بە باکووری ئەفریقای نووسیوە باوەڕی وایە کە لە پرۆسەی دژایەتی داگیرکاری، تیرۆریزم هەم بۆ ئازادکردنی زەوی سروشتی و بۆ هەروەها ڕزگاری خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان لەو ساڵانەی کە لەلایەنی دەروونییەوە سەرکوتکراون، پێویست بووە[٣٨]. بەم حاڵەش، شەپۆلی دیکەی تیرۆریزمی نەتەوەیی لەوانەیە لە ناوچە کەنارییەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەربکەوێت، تاکو ناوچەکانی ڕۆژئاوا یان ناوچە تازەپێگەیشتووەکانی جیهان. هاتووهوریای دژە تیرۆریستی ئەو دە ساڵەی دوایی ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات کە ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ بەسەر دروستبوونی گروپێکی تیرۆریستی گرنگی ئەمریکای باکوور یان ئەوروپا (((یەکە جەنگاوەرەکانی کۆمۆنیست)) لە بەلجیکا) تێدەپەڕێت. لەم ماوەیەدا, گریمانەی دەرکەوتنی تیرۆریزمی نەتەوەیی لە بلۆکی ڕوو لە دارمانی

سۆڤیەتی پێشوو بە مەبەستەوە لەلایەن دوو گروپەوە ڕەچاو نەکراوە: یەکێکیان ڕاستڕەوەکانن کە یەکێتی سۆڤیەتیان بەردەوام بە دەوڵەتێکی یەك پارچە, تەواویەتی و نەگۆر دەزانی و گروپی دووەمیشیان چەپڕەوەکان بوون کە ئەمریکایان بە تەنیا دەسەڵاتێکی ئیمپریالیستی گرنگ دەزانی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا دوای شەڕی جیهانی دووەم. هۆکاری زۆرهەن بۆ تەقینەوەی توندوتیژی لە بلۆکی سۆڤیەتی جاران دا: سەدوچوار (١٠٤) نەتەوەی جیاواز لە پازدە(١٥) کۆمار, بیست(٢٠) کۆماری ئۆتۆنۆمی و هەژدە(١٨) ناوچەی میللی, تۆڕێکی بەهێزی دەسەڵات لە ناوەندی یەکێتی سۆڤیەتی جاران, و لە پەراوێزدا, بوونی بزووتنەوە گەلییەکان (تودەای) لە لیتونی, لیتوانیا, ئەستۆنیا, مۆڵداڤیا, گورجستان, ئەرمینیا, ئازەربایجان, ئۆکرانیا و ناوچەکانی تر کە تیایدا داخوازیەکانی سەربەخۆیی و دیموکراسی بەرەو زیاد بوون بووە. دیمەنی دەرکەوتنی تیرۆریزمی نەتەوەیی لەم ناوچەیەدا - چ تیرۆریزمی کەمایەتیە نائارامەکانی وەکو گەلانی زۆنی بالتیك یان قەفقازیا لە یەکێتی سۆڤیەت یان تیرۆریزمی زۆرینە نائارامە چەوسێنراوەکانی وەکو روسەکان لە ئەستۆنیا و مۆلداڤیا - هێشتا دەبێ بەشێوەیەکی جیددی توێژینەوەی لەسەر بکرێت. دەبێ دان بنێین بەوەدا کە ئەم گۆرانکاریە پۆزەتیفانە - رووخانی سیستەمێکی یەکپارچەی مارکسی - لینینی (کە بارودۆخی دەرکەوتنی تیرۆریزمی گشتگیرانەی رەخساندبوو), ڕەتکردنەوەی جیهانبینە سیاسیەکانی بریژنیڤ (کە پاساوی دەهێنایەوە بۆ دەستتێوەردانی سۆڤیەتی لە چیکۆسلۆڤاکیا), رەت کردنەوەی ئاشکرای رێکەوتنە نهێنیەکانی پەیمانی ١٩٣٩ی نێوان ئەڵمانیا و سۆڤیەت (کە ببووە هۆی پێوەلکاندنی کۆماریەکانی بالتیك) - لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە. هاوکات و هەندێك جار لەناو ناسیونالیستی ڕوو لە زیادی کۆمارەکانی بالتیك,



گورجستان, ئازەربایجان و ئەرمێنیادا, جۆرە نەتەوە پەرستییێکی کۆنە خوازانەشیان هەیە. بۆ نموونە, کاتێك کە ئەستۆنیەکان سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند، بەشێکی زۆری دانیشتوانی ڕوس نەژادی خۆیان لە مافی دەنگدان بێبەشکرد, ئەمەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دەمارگرژییە بەرفراوانەکان و زیادبوونی ململانێیەکان. ئەرمەنیە مەسیحیەکان و ئازەریە موسوڵمانەکان لەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناگۆرنۆ قەرەباغ کەوتنە کوشتنی یەکتری, ئەمەش بوو بە هۆی بەرقەراری حکومەتی عەسکەری و لە کۆماری گورجستان, سەربازانی سۆڤیەت دەستیاندایە سەرکوتکردنی ناڕەزایانی ناسیۆنالیستی کە دروشمەکانی گۆرباچۆفیان سەبارەت بە بیرۆسترۆیکا (دووبارە سازکردنەوەی ئابووری) و گلاسنۆست (فەزای کراوەی سیاسی) بە جیددی گرتبوو. لە رۆمانیا, یوگۆسلافیا, بولغاریا, ئۆزبەکستان و ئوکرانیاش دا هەندێك ڕەگی تیرۆریزمی نەتەوەیی — کێشەکانی زەوی (نێوان رۆمانیا و مەجەرستان), نا یەکسانیە ئابووریەکان (لە نێوان گرووپە نەتەوەییەکان لە یوگسلافیادا), جیاوازیە کەلتوریەکان (لە نێوان سلاڤیەکان و تورکەکان لە بولغاریا)- کە چەند ساڵێکە سەرکوتکراوە گیانی بە بەردا هاتۆتەوە.

ئەزموونی یەهودیەکان, باسکەکان, ئایرلەندیەکان, سیخەکان و نەتەوەکانی تر لە بەرامبەر دەسەڵاتە زاڵەکاندا, بۆ ماوەیەك دەستیان دایە تیرۆریزمی نەتەوەیی لەگەڵ بوونی جیاوازییە مێژووییەکانی ئەواندا خاڵی پڕ لە ئەزموونی تێدایە لە بارەی ئایندەی سۆڤیەتی پێشوو و دراوسێکانییەوە. وا دێتە بەرچاو سەرکەوتن یان شکستی هەندێك گرووپی تیرۆرستی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێك پەیوەستە بە تواناکانیان بۆ ڕاکێشان و چەکدارکردنی گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی دانیشتوانی ڕەسەن دژی دەسەڵاتەکانی داگیرکەر یان ستەمکار، کە ویست و ئیرادەی توانای

حوکمڕانییان لە دەستیان دەرچوو بوو. تیرۆریزمی ئەفسانەیی ڕێکخراوەکانی یەهوودی (هاگانا و ئەرگۆن), تیرۆریزمی ئانارشیستی ڕێکخراوی (دەستی ڕەشی سڕبیەکان Serbian black hand), یان تیرۆریزمی کۆمەڵایەتی (سوپای کۆماریخوازی ئایرلەندی) بە تەنیا بۆ دەستکەوتنی چەند ئامانجێك کە هەر کام لەم ڕێکخراوانە هەیانبوو بەس نەبوو. لە ڕوانگەی دەستکەوتنی ئامانجەکان, لەنێوان بزووتنەوە تیرۆریستەکان, تیرۆریزمی نەتەوەیی — کاتێك وەکو قۆناغێکی پرۆسەی گۆڕانی گەلان بۆ دەوڵەتان مەشروعیەتی وەربگرێت — باشترین پێشینەی مێژوویيە هەیە.

بەم حاڵەش, هەر ئەم توانایەی کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی سیاسیە کە بۆتە هۆی ئەوەی تیرۆریزم بکەوێتە ژێر کاریگەری کردە دەرەکیەکان و ببێتە مایەی دەرکەوتنی توندوتیژی ڕێکخراو،  لە ناو دەوڵەتانی جیاجیادا. بە درێژایی مێژوو, گرووپە تیرۆریستیە نەتەوەییەکان - هەندێك جار وەکو پێشڕەو و هەندێك جاریش وەکو نوێنەری خەڵکانی تر - لە خزمەتی ململانێیە ئێنتەرناسیۆنالەکاندا بووە، کە بوونەتە مایەی کێشە جیهانیەکانی ئەمڕۆ: ئەو تێکگیرانانەی کە پێش جەنگی جیهانی یەکەم  لەلایەن تیرۆریزمی سلاڤی و جێرمەنی بەدی هات و ئەو توندوتیژییە نەژاد پەرستانەی کە پێش جەنگی جیهانی دووەم باڵی بەسەر فاشیزمی ئیتاڵیا, ژاپۆن و ئەڵمانیادا کێشا.

دەتوانین ئاماژە بەچەند نموونەیەکیش بکەین سەبارەت بە جۆرەها گروپی شیعە وەکو (ڕێکخراوی دادپەروەری شۆڕشگێری), (ڕێکخراوی ستەم لێکراوانی زەوی) و گرووپەکانی سەر بە (حیزبوڵڵا) کە توانای خۆیان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کردەی زۆر ئەولاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان داوە.



## تیرۆریزمی مادده بێهۆشکەرەکان

بە دژواری دەتوانرێت مێژوویەك بۆ هاتنەدی تیرۆری مادده بێهۆشکەرەکان- تێکەڵ کردنی توندوتیژی بازرگانی نایاسایی مادده بێهۆشکەرەکان و هەڕەشەی سیاسی —دەستنیشان بکرێت. لە سەرەتاکانی ۱۹۸۰, دەسەڵاتدارانی پیرۆ ئەم چەمکەیان بە پەیوەست کردنی شۆڕشی گروپی مائۆئیستی (ڕێگەی درەخشان) لەگەڵ بازرگانی مادده بێهۆشکەرەکان خستەروو و کەمێك دواتر ئەم چەمکە سەبارەت بە باڵی سەربازی کارتلی مادده بێهۆشکەرەکانی مێدیلین Medellin بەکار برا. ئەوەی کە جەنگ دژی تیرۆریزمی مادده بێهۆشکەرەکان باشتر پیشان دەدات راپۆرتی تەلەفزیۆنی گرنگی نانسی و ڕۆناڵدریگان لە چەند ساڵی پێشتر بوو لە کاتێکدا کە لەسەر قەنەفە ڕەحەتەکانی کۆشکی سپی پاڵیان لێدابۆوە، سەبارەت بە (نەهێشتنی مادده بێهۆشکەرەکان) قسەیان دەکرد. لە کاتێکدا کە وا پێدەچوو گۆرباچۆڤ دەیەوێت بە شێوەیەکی یەکلایەنە کۆتایی بە شەڕی سارد بهێنێ و قەزافیش لە جیاتی بە کرداری کردنی هەڕەشەکانی خۆی بە پیێ ی بڵاوە پێکردنەوەی تیرۆریزم بۆ ناو خودی ئەمریکا, بەباشی زانی بچێتەوە بۆ ناو قاپێلکی خۆی, تیرۆریزمی مادده بێهۆشکەرەکان بوو بە خێراترین و جیددی ترین هەڕەشەی دەرەکی بۆ سەر ئەمریکییەکان. تۆمەتبارکردنەکان دەستی پێکرد: کارتێلەکانی کۆلۆمبیا بەقازانجە دەست کەوتووەکان لە بازرگانی مادده بێهۆشکەرەکان یارمەتی چریکە چەپرەوەکانیان دەدا, سورییەکان بۆ یارمەتی دانی نیمچە سەربازەکانی فەلەستین لە دۆڵی بیقاع خەریکی چاندنی خەشخاش (گیایەکە کە ماددەی سەرەکی دروستکردنی تریاکە) بوون، ساندینیستەکانی نیکاراگوا بە بازرگانی کۆکائین یارمەتی شۆڕشگێرانی سلڤادۆریان دەدا. کەلتوری ئەمریکاش بەرهەمێکی هاوشێوەی برەو پێدەدا, گوایە زۆربەی جار جێگەی

(پیاوی باش) و (پیاوی خراپ) تیایدا گۆڕاوبوو: زنجیرەی تەلەفزیونی (خراپەکارانی میامی) و فیلمەکانی (چەکی مەرگبار) و (باڵاتر لە یاسا), لەگەڵ زیندووکردنەوەی پرۆسەکانی پەیوەست بە قاچاغی مادده بێهۆشکەرەکان لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا لەلایەن کۆمپانیای فرۆکەوانی نهێنی دەزگای (CIA)بەناوی (ئێر ئەمریکا Air America) و دووبارە دەستکردنەوە بە کارە نهێنییەکانیان لە ئەمریکای لاتین, یەکەمین هەنگاویان نا بۆ ئەم سەروژوور کردنەوەیە[٣٩].

تەکتیکی گووتاری (تەنیا بڵێ نەخێر) بە خێراییەکی لەناکاو خۆی لەشەڕی دژ بە دوژمنی پلەیەکی نوێ خەڵك پیشان دا. بارودۆخێکی شڵەژاو هاتە ئاراوە: تیرۆریزمی ناوخۆیی لە شارەکانی ئەمریکا بە ڕابەرایەتی گرووپەکانی جامایکایی و کۆلۆمبیایی و باندە بەر فراوان خوازەکانی لۆس ئەنجلۆس, کریپس Crips و بڵەدز Bloods, تیرۆریزمی نێو نەتەوەیی لەلایەن قاچاغچیانی مەکسیکی مادده بێهۆشکەرەکان (کە بەرپرسانی"بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادده بێهۆشکەرەکان"یان کوشت) و گروپی (بازخواستکراوەکان Extraditables) ی مۆلدین (یان قاچاغچیانی مادده بێهۆشکەرەکانی دژی یاسای بازخواستکردنی تاوانباران لە کۆلۆمبیا) , (کە دادوەرو هەندێك بەرپرسانی فەرمی کۆلۆمبیاییان کوشت)، و پیشاندانی چرووپری ڕاگەیاندن بەتایبەتی لەرێگەی بەرنامەکانی کامێرای شاراوەی پۆلیس Cops و تاوانباران لەژێر بە دواگەرانی ئەمریکایی American most wanted». ئەوکاتەی کە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و شێوازی ژیانی ئەمریکاییەکان تووشی هەرەشە هاتبوو تیرۆریزمی مادە بێهۆشکەرەکانیش بەشێوەیەکی هەرەشە ئامێز ڕووی لە زیادبوون (Synergistic) بوو. لەبەرامبەر، کۆخ Koch سەرۆکی شارەوانی ئەو



کاتەی نیۆیۆرك پشتیوانی کرد لە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر شاری مۆدلین و درایل گیتسDray gates- بەرێوبەری پۆلیسی لۆس ئانجلوس کە بە هۆی سوود وەرگرتن لە هێلی کۆپتەر و زرێپۆشەکان لەهێرشەکانی دژی مادەبێ هۆشکەرەکان لەم شارەدا ناسرابوو- پێش «کۆخ»یش کەوتەوە و داوای هێرشی راستەوخۆی کرد بو سەر کۆلۆمبیا.فرۆکە جەنگیەکانی« ئاواکسی» دەستیان کرد بە سوورانەوە لە زۆنی کارائیب، زیاتر لە سەدو پەنجا هێلی کۆپتەر و فرۆکەی جەنگی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کردە سەربازیەکە لە کۆلۆمبیا، بۆلیڤیا و پیرۆ خرایە ژێر دەستی کاروباری دەرەوە، بەرێوە بەری گومرگ و گاردی سنوور «ناوەندێکی فەرماندەیی، کۆنترۆل، پەیوەندی وزانیاری» لە میانەی دامەزراند، و سنووری مەکسیکی خستە ژێر چاودێری باڵۆنی ڕادار دارەوە. هێزە تایبەتیە کلاوسەوزەکان دەستیانکرد بە ڕاهێنانی هێزە نیمچە سەربازییەکان لە ئەمریکای لاتین بۆ جەنگ دژ بە تیرۆریزمی مادە بێهۆشکەرەکان. دواتریش پرۆسە نهێنییەکان دەستیپێکرد و لە لاپەڕەی یەکەم وتارێکی رۆژنامەی کۆماری ئەریزۆناArizona republic ئاواهاتوە: «بە پێی پێشنیارێك کە لەلایەن وەزارەتی بەرگری خراوەتە روو سەربازانی گاردی کۆماری لە تەکساس لە پەنای شەودا دەتوان بە جل و بەرگێکی هاو شێوەی کاکتۆس بە سوژنە دڕکاویەکان بکەونە گیانی قاجاغچیان بکەونە شەڕی دژ بە مادە بێهۆشکەرەکان»[٤٠].

چۆن تیرۆریزمی مادە بێهۆشکەرەکان پێش جۆرەکانی تری تیرۆریزم کەوتەوە؟ مێژووی ڕەسمی بەیانکری شتێکە کە رۆژگارێك سەرۆك کۆمار ڕیگان بە «واقعیاتی گەمژەکان»

ناوزەدی کرد و مەبەستی لەو واقیعییەتە گیان سەختە بوو، کە ئەمریکاییەکان ساڵانە سەد(١٠٠) تا سەدوپەنجا (١٥٠) ملیارد دۆلار بۆ مادە بێهۆشکەرەکان سەرف دەکەن و ئەم کارەش داخوازیەك دێنێتە ئاراوە کە بە پێ ی راپۆرتی ١٩٨٩ وەزارەتی دەرەوە «ستراتیژی کۆنترۆلی ستراتیژیکی مادە بێهۆشکەرەکان لەئاستی نێونەتەوەیدا»، زیاتر لە پەنچاوشەش (٥٦) وڵات ئامادەن بۆ وەڵامی ئەم داخوازیە دەست بدەنە هەرکارێك لە پەروەردە و بەرهەمهێنانی مادە بێهۆشکەرەکانەوە بگرە تاکو قاچاغ و پارە بۆ تەرخانکردن[41].

دیسان نابێ بهێڵین ئەم زانیاریانە، گرنگترین واقیعییەت بشارێتەوە: مادە بێهۆشکەرە نایاساییەکان دەبنە هۆی خراپە و مەرگی خەڵك. بەڵام ئێمە ئەوەندە ئەم ڕاستییەمان بیستووە کە زانیاریە باسکراوەکان لەجیاتی ئەوەی بەشتێکی پڕوپووچ بدرێنە قەڵەم بوونەتە شتێکی سەرسوڕهێنەر. ئەوان جۆرێك لە تەمبەڵی و لێقەوماوی دەهێننە ئاراوە، جۆرێك ویژدانگەلێك کەدەبێتە مایەی وەرگرتنی ئەم بۆ چوونە ڕەسمیە کە تەنیاکارناسان، پۆلیس، یاسا و سیستەمەکان دەتوانن پرسی مادە بێهۆشکەرەکان چارەسەر بکەن. بەڵام چارەسەری ئەم پرسە بە ئاشکرایی هەتاکو لە دەرەوەی تواناکانی باشترین یەکەکانی «تیمە تەکتیکیەکانی مادە بێهۆشکەرەکان» (کە لە ماوەی هەفتەیەکدا ناوچەیەك لە قاچاخچیەکان پاك دەکەنەوە بەڵام هەفتەی دواتر لە دەستی دەدەنەوە) یان «بەرێوبەرایەتی نەهێشتنی مادە بێهۆشکەرەکانی ئەمەریکا» (کە بەم دواییانە بەرپرسانی لەمۆدلینی کۆلۆمبیا دەرکراون) دایە. ئێمە ێروانینێکی ئەهریمەنانەی وامان لە بارەی مادە بێهۆشکەرەکانەوە خستۆتەڕوو کە لە ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکانی بێ ئاگابووین.



بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم هەڵەیە پێویستە زانیاری زیاتر بخەینە ڕوو. توتن و مادە بێهۆشکەرەکان زیاتر لە سێ سەد هەزار(٣٠٠٠٠٠) نەفەر و کحول (بەتایبەتی لە کاتی لێخورینی ئۆتۆمبێل) سەد هەزار(١٠٠٠٠٠) نەفەر لە ساڵێکدا دەکوژێت، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٨٧، تەواوی ئەوانەشی کە بەهۆی بەکارهێنانی تەواوی مادە بێهۆشکەرە نایاساییەکان-کۆکایین،ماری جوانا، ئەنجڵ داست، ئێڵ.ئێس.دی L.S.D و..هتد گیانیان لە دەستدا، کەمتر لە چوارهەزار(٤٠٠٠) نەفەربووە[42]. بەپێی دوایین سەرژمێری پەیوەست بە ساڵی ١٩٨٩، بەکارهێنانی نایاسایی مادە بێهۆشکەرەکان لە ئەمریکادا بەرەو کەم بوونەوەیە. بەڵام جەنگ دژی مادە بێهۆشکەرەکان توندتر دەبێت. بەڕای من، ئەم بارودۆخە تەنیا بەپێی سەرنجدانی چوارچێوەی فراوانتری قۆناغەکانی ڕابردوو دەتوانرێت روون بکرێتەوە کە تیایدا بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لەگەڵ بەرژەوەندیە بازرگانییەکانی مادە بێهۆشکەرەکان یەکیان گرتووە. هەندێك باوەڕیان وایە کە ئەمریکا لە ناو تۆڕی مادە بێهۆشکەرەکاندا گرفتار بووە، بەڵام هەندێکی تر باوەڕیان وایە کە ئەمریکا یارمەتی دروستبوونی ئەم تۆرە جیهانیەی داوە[43].

لایەنگرانی تیۆری دووەم باوەڕیان وایە، کە ئەمریکا هەم جەنگی ڤێتنامی لە فەڕەنساوە بە میرات وەرگرت و هەم بازرگانی تریاکیش کە بەرێوبەرایەتی زانیاری فەڕەنسایی بۆ دابینکردنی ماڵی و سەرنجڕاکێشانی هۆزی ڤێتنامی «همونگ Hmong» دژی چریکەکانی ڤیت مین «Viet Minh» سوودی لێ وەردەگرت. هەتاکو پێش لەویش، لە ساڵی ١٩٤٨ بەدواوە، رێکخراوی (C.I.A) بەڕواڵەت سوودی وەرگرتبوو لە ڕێگاکانی قاچاغی माددە بێهۆشکەرەکان و بازرگانی لە «سێگۆشەی زێرین» وەك پۆشەرێك بۆ پرۆسە هەواڵگرییەکانی و



PDF 4 KURD

کاری میلیشیایی دژی کۆمۆنیستەکانی چین. هەروەها دەوترێت کەهەندێك لە ئەکتەرە سینەماییەکان کە دواتر لە بەسەرهاتی ئێران-کۆنترا بەشداربوون، سەرەتا لە دەیەکانی سالّی ١٩٦٠ **ماتریس چەك** - مادە بێهۆشکەرەکان - جەنگی شاراوەیان لە لائۆس دا تەواو کردبوو. لەو سەردەمەدا تیۆدۆرشاکلی Theodore shackly سەرۆکی دەزگای (C.I.A) لە ڤێنتیان (Vientiane) بوو، جەنەراڵ چۆن سینگلۆب John singloub سەرۆکی دەستەی توێژینەوە و پرۆسەکان بوو کە چەند پرۆسەیەکی نهێنی لە لائوس دا ئەنجامدا، و تۆماس کلاینز (Thomas clines)یش لە دەزگای (C.I.A) لە گەڵ سەرهەنگی پلە دوو سیکۆرد Secord لە ئەنجام دانی کاروبارەکانی ئامادەگیە ئاسمانیەکان بە شێوەیەکی شاراوە هاوکاری دەکرد. ڕاپۆرتی بەسەرهاتی ئێران - کۆنتراش چەند نیشایەك لە پەیوەندی ئەم بەسەرهاتە لەگەڵ مادە بێهۆشکەرەکاندا دەخاتە ڕوو، ئەو بەسەرهاتەی کە تیایدا بەڕێوبەرایەتی نەهێشتنی مادە بێهۆشکەرەکانی ئەمریکا لە پرۆسەکانی ئازادکردنی بارمتەکان لە لوبنان تووشی  هاتبوو و دەزگای (C.I.A) سوودی لەباندی ئاسمانی سانتائێلینا Santa Elena لە کۆستەریکا وەرگرتبوو بۆگواستنەوەی مادده بێهۆشکەرەکان و چەکە نایاساییەکان[٤٤]. بەڵگەی زۆرهەن کە ئەوە نیشان دەدەن بەرێوەبەرایەتیە دەوڵەتیەکانی ئەمریکا لەچەندین بابەت دا پەیوەندیان هەبووە بە قاچاغی کردن بە مادده بێ هۆشکەرەکانەوە. بەلای کەم پێویستە بگووترێت کە لەم سێ ساڵەی دوایدا، تیرۆریزمی مادده بێهۆشکەرەکان بەشێوەیەکی مەبەستدار بە هەڕەشەیەکی ستراتیژی بچووك هەندێك جاریش یەکبوون لە جەنگ لەگەڵ هەڕەشەیەکی زۆر گەورەتری کۆمۆنیزم لە قەڵەم دراوە[٤٥].



بۆچوونی خودی خۆم ئەوەیە کە تیرۆریزمی مادده بێهۆشکەرەکان بەو بەڵگەیە جیددی گیراوە کە فۆرمی تۆڕێکی ئینتەرناسیۆنالیستی گەورە- نەك سەرمایەداری سەرەتایی-ی بەخۆوە گرتووە وبەهەمان ئەندازەش خزاوەتە ناو دەسەڵاتی سیاسی[٤٦]. لەکۆلۆمبیا دا کە نزیکەی لە سەدا هەشتا (٨٠٪) کۆکاینی ئەمریکا دابین دەکات، میلیشیا سەربازیە ڕاستڕەوەکانی، گروپە چریکی- مارکسسیتیەکان و دوو کارتێلی سەرەکی مادە بێ هۆشکەرەکان، بە سوود وەرگرتن لە داهاتەکانی مادده بێهۆشکەرەکان، چەند پێگەیەکی دەسەڵاتی پەیداکردووە و سەروەری دەوڵەتی کۆلۆمبیای بەشێوەیەکی جدی خستۆتە مەترسیەوە. زۆر لەم بارەیەوە بیستوومانە کە قاچاغچیانی مادە بێهۆشکەرەکان لە ساڵی ١٩٨١ بەدواوە زیاتر لە دووسەد(٢٠٠) دادوەر و کارمەندی دادگاکانیان کوشتووە و لەم دواییەشدا چەند پالێوراوێکی سەرۆك کۆمارییان کوشتووە. بەڵام کەمتر ئاماژە کراوە بە ژمارەو ڕێژەی پیشەکان، ماڵەکان, خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان, زەویەکانی تۆپی پێ, یارمەتی لێقەوماوانی بوومەلەرزە و ئەو قوتابخانانەش کە مامەڵەچیانی مادده بێهۆشکەرەکان دروستیانکردوون — شتێك کە دەوڵەت ناتوانێت دابینی بکات[٤٧].

ئەوان بەرهەمی جوتیاران بە پارەی نەقد دەکڕن و دەیگەیەننە بازاڕە دوورە دەستەکان. ئەوان تەنیا بە تیرۆر حکومەت ناکەن. تیرۆریزم بۆ ئەوان - وەکو جەنگ بۆ زۆربەی وڵاتان - وەکو دوایین حەربەیە بۆ پاراستنی ئیمپراتۆری ڕوو لە گەشە سەندنیان. دابین کردنی ژیانێکی تا ڕادەیەك خۆش بۆ دانیشتوانێکی زۆر لە جووتیاران تاکو وردە فرۆشەکان - هاوکات بە بەرتیل دان بە هێزەکانی ئاسایش و سەربازی کەم داهات - بە هەمان ئەندازە کە دەتوانێت سەرچاوەی هەڕەشەی تیرۆریزم یان بە کرداری کردنی بێت, دەتوانێت سەرچاوەی دەسەڵاتیش بێت.



PDF4KURD

لەبەر ئەوە, هات و هوریای نەهێشتنی ماددە بێهۆشکەرەکان لە ڕێگەی پرۆسە دژە تیرۆرستییەکان,هەروەها ئەو پێشنیازانەش کە بۆ قەدەغەکردن و لەڕەگەوە دەرهێنانی بەرهەمهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان بالاترین ئەولەوییەتی بۆ دانراوە, بێگومان ڕووبەڕووی شکست دەبنەوە[٤٨]. هەر ئەم پرۆگرامە سەبارەت بە "ماری جوانا" جێبەجێ کرا، بەڵام تەنیا بوو بەهۆی زیادکردنی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و ناردنە دەرەوەی "ماری جوانا". چەند بەڵگەیەکیش هەن کە ئەوە نیشان دەدەن کارتێلەکانی ماددە بێ هۆشکەرەکانی کۆلۆمبیا کە هەستیان بە ترس کردووە, خەریکن پرۆسەکانی خۆیان بۆ دارستانەکانی بەرازیل دەگوازنەوە و هەتا ئەگەر ڕۆژێك بتوانین جۆرێك "داهێنانی بەرگری ماددە بێهۆشکەرەکان" , (واتە شتێك هاوشێوەی داهێنانی بەرگری ستراتیژی یان جەنگی ئەستێرەکان) بۆ پاراستنی ئەمریکا لە بەرامبەر ماددە بێهۆشکەرەکانی دەرەکی بەکار ببەین, ماددە بێهۆشکەرە دروست کراوەکان لە تاقیگەکاندا دەتوانێت بە خێرایی ئەم کەلێنە پڕ بکاتەوە[٤٩]. تیرۆریزمی ماددە بێهۆشکەرە نایاساییەکان تەنیا کاتێك لەناو دەچن کە خستنە ڕوو و داواکاری ماددە بێهۆشکەرەکان لەناو بچێت، ئەمەش ئەوە پێویست دەکات کە ئەمریکا خەریکی دابین کردنی دەرمان و فێرکردن, هێنانەدی پیشەی ئەلتەرناتیڤـ لە شارەکانی ئەمریکا, ناساندنی بەرهەمە ئەلتەرناتیڤییەکانی کۆکایین، هێنانەدی ژێرخانێکی ئیعتیباری و پەیوەندی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین بێت. بە بەڵگەی سیاسی وئابووری دوورە کە شتێکی وەها لە ئاییندەیەکی نزیك دا بێتە دی. لەبەرئەوە, خراپترین بارودۆخ ئەوەیە کە بەند کردن و زیندانی کە بەربلاوترین شێوازی نەهێشتنی ماددە بێهۆشکەرەکانە لە ئەمریکادا، زاڵبێت بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بچێتە دەرەوەی ئەمریکاش. کاتێك بەهۆی قەدەغەکردن, چاودێری و هەتاکو



ئابلۆقەدان هەوڵبدەین دەوڵەتانی نەتەوەیی (تاوانبار) زیندانی و بەند بکەین بنەمای یاسایی قەدەغەبوونی دەستگیرکردنی تاکەکان و ئەنجامدانی ئەرکە ئاساییشیەکان لەلایەن سوپاوە, زیاتر لاواز دەبێت.

## تیرۆریزمی دەوڵەتی

ئەگەر کەسێك لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ دا لە یەکێك لە ڕاپۆرتە لێدوانەکانی کۆشکی سپیدا یان یەکێك لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادە بووایە یان ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزی خوێندبایەوە دەگەیشتە ئەو باوەڕەی کە گوایە تیرۆریزم تەنیا چەند کارێکی توندوتیژاویە کە لەلایەن کۆمەڵێك وڵاتی توندوتوڕەی وەکو لیبیا, کۆریای باکوور, ئێران, سوریا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران ڕێکدەخرا, پاڵپشتی و جێبەجێ دەکرا.

لەو قۆناغەدا, چەمکی "تیرۆریزم" کە بێ ئەندازە بەکار دەبرا بەبێ ئەوەی توێژینەوەی زۆری لە بارەوە بکرێت, کەم کەم دەبووە چەمکێکی بێ مانا. وتە بێژە پارێزگارەکان وەکو جین کێرك پاتریك (Jeane Kirhpatrick), زمانزانە بەناوبانگەکانی وەکو کلێیەر سترلینك (Claire Sterling) و بلیمەتەکانی کۆشکی سپی برەویان بە چەمکێکی تر دەدا: تیرۆریزمی دەوڵەتی. مەبەستیان لەم چەمکە بریتی بوو لە (بەکارهێنانی توندوتیژی بەرنامە ڕێژکراو و کە پاڵنەری سیاسی هەبێ بەهۆی جێبەجێکارانی شاراوەی دەوڵەت لە دژی ئامانجە ناسەربازییەکان)[٥٠].

ئەوەی لەم گەمە ئایدیۆلۆژییە, واتاییەدا لەبەر چاو نەگیراوە مێژووی دووورودرێژی حوکمڕانی دەوڵەتانە بە هۆی تیرۆرەوە: لە قۆناغی نوێدا دەتوانرێت ئاماژە بە ئەڵمانیای هیتلەری, روسیای ستالینی, ئەندەنۆسیای سۆهارتۆ, (جەنگی توند Dirty War) ئەرجەنتین, ئۆغەندای ئیدی ئەمنی, پلنگە سوورەکانی پۆل پۆت. لە رۆژگاری نووسینی ئەم بابەتە کۆریای باشوور, ئەفریقیای باشووری پێشوو و کۆماری خەڵکی چین نموونەیەك لەو دەوڵەتانەن - بە ئابووری کۆمۆنیستی یان سەرمایەداری بەڵام دیکتاتۆری سیاسی - کە بۆ پاراستن و زیادکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەردەوام دەستیان داوەتە تۆقاندنی توندوتیژاوی و کوشتاری سیاسی.

توندوتیژی دەوڵەتی ناوخۆیی - یا شتێك لەوانەیە کە بە تەواوی بتوانرێت بە تیرۆریزمی ناوخۆیی (Endo-terrorism) ناو ببرێت - بە پاڵپشتی دەزگایەکی ئاسایشی, پۆلیسی یان سەربازی, بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری تیرۆریزمدا قوربانی زۆرتری لێ کەوتۆتەوە بەڵام "کێرك پاتریك" و "کۆمپانیای دژی تیرۆریزم" چاوی بڕیوەتە جۆرێکی تری تیرۆریزم: تیرۆریزمی دەرەکی (Exo-terrorism) دەوڵەتی.

ئەم جۆرەی تیرۆریزم کە بە واتایەك مرۆڤ رفاندن, بارمتەگرتن و کوشتن لەلایەن تیرۆریستە دەست نیشان کراوە بەهرەمەندەکانەوە لە پاڵپشتی دەوڵەتی ئەنجام دەدرێت بە شێوەیەکی سەرەکی وەکو گەرمکردن و بەردەوامی دان بە جەنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئامێرە نایاساییەکان لە قەڵەم دەدرێت: پاڵنەرەکان و کارەکانی گروپە تیرۆرستیەکان کە لە یاریگای (لابەللە Labelle) ی بەرلین تەقەمەنییان دانابوو, کەشتی ئیتاڵیای (ئاشیللە لائۆرۆ Achille Lauro)یان رفاند و "لیۆن کلینگۆ فەر (Leon Klinghohooffer) شیان کوشت،



رفاندنی فڕۆکەی تی.دەبڵیو.ئەی و کوشتنی (رۆبەرت ستێتم Rober Stethm)، و رفاندنی هێیگینز سەرهەنگی پلەدووی هێزی دەریایی، بە پێی ئەو پەیوەندیەی کە هەیانە لەگەڵ قەزافی لە لیبیا, و دەزگای هەالگری سوری, و رابەرانی بونیادگەرایی ئێرانی یان بە پاڵپشتێکی کەمی مۆسکۆ دەناسرێن و بە هەمان شێوەش لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکرێت. ئەم پرسە "شۆڵتز" وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا لە لێدوانێکدا سەبارەت بە سیاسیەتی خۆی بە راشکاوی روونی کردۆتەوە و دەڵێت: (ئەو وڵاتانەی کە پاڵپشتی لە کارە تیرۆرستیەکان دەکەن لە ساڵانی دواییدا سوودیان لە تیرۆریزم وەرگرتووە بۆ دەسکەوتنی ئامانجە ستراتیژیەکانی خۆیان)[٥١]. بەڵام ئەگەر خۆمان بە پێناسە وشك و وردەکەی تیرۆریزمی دەرەکی دەوڵەتی ببەستینەوە، ئایا نابێ هەندێك لە کارەکانی ئەمریکاش وەکو پاڵپشتی کردن لە شۆڕشگێڕانی نیکاراگوا, موشەك گەیاندنە موجاهیدەکانی ئەفغانستان, رفاندنی فڕۆکەی میسری هەڵگری تیرۆریستە رفێنەرەکانی کەشتی ئیتاڵیای (ئاکیللا لائۆرۆ) بە هۆی فڕۆکەی جەنگی (ئێف-١٤) لەساڵی ١٩٨٥, پرۆسەی فڕۆکەکانی (ئێف - ١١) ئەمریکا بۆ کوشتنی قەزافی لە ساڵی ١٩٨٦, رفاندنی (فائز یونس)ی تیرۆریستی گومان لێکراو لە ئاوەکانی نێودەوڵەتی نزیك قوبروس لەم ریزەدا دابنێین؟[٥٢]. ئایا تەنیا بە پێی پێوەر پێویستە خەریکی لێکجیاکردنەوەی توندوتیژی دەوڵەتی رەوا لە تیرۆریزمی دەوڵەتی نارەوا بین؟ هەڵوێستی رەسمی ئەمریکا ئەوەیە کە توندوتیژی ئەمریکا خەسڵەتێکی بەرگری, تۆڵەسەندنەوە - لەوانەیە - رێگەگرتن بێت. بەڵام ئایا بە زیادکردنی پێشگرێکی سادە - هێنانی پێشگری (دژ) بەرلە تیرۆریزمی خودی ئەمریکا - دەتوانرێ پاساوی ئەم لێکهەڵوەشاندنەوەیە بدرێتەوە؟

## دژە تیرۆریزم

دروستکردن و پاراستنی سنووری ئاشکرای نێوان تیرۆریزم و دژی تیرۆریزم وەکو یەکێك لە کارە سەرەکی و تایبەتیەکانی دەوڵەتی نوێی لێهاتووە. شۆڵتز وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٥ لە لێدوانێك دا سەبارەت بە سیاسەتی خۆی بە ئاماژەکردن بە راناوی (ئێمە)یەکی نادیار وتی کاتێك (ئێمە) لەسەر پێناسەی (خۆمان) سەبارەت بە تیرۆریزم دەگەینە رێککەوتن, جیاکردنەوەی تیرۆریزم و دژە تیرۆریزم ئاشکرایە: (ئێمە ناتوانین رێگە بدەین کە شێواندنی زمان بە جۆرێکی (ئۆرۆویلیان Orwellian)ی ببێتە هۆی لێڵکردن و تاریککردنی ناسینمان لە بارەی تیرۆریزم. ئێمە جیاوازی نێوان تیرۆریستان و شۆڕشگێڕانی ئازادیخواز دەزانین و کاتێك تەماشای دنیا دەکەین لە دەستنیشانکردن و لێکجیاکردنەوەیان لە یەکتر گرفتێکمان نیە)[٥٣].

ئەگەر پێناسەی تیرۆریزم گرنگترین بواری شەڕی واتایی بۆ دەسکەوتنی مەشروعیەتی نێونەتەوەییە، ئەوا دیاریکردنی سنوور لە نێوان تیرۆریزم و دژی تیرۆریزم دەبێتە خوێناویترین ناوچەی ستراتیژی ئەم شەڕە[٥٤]. لایەنی ڕەسمی ئەم شەڕە لە زۆربوون و بڵاوبوونەوەی هێزەکانی دژ بە تیرۆریزمدا بەرجەستە بووە. بە نزیکەی تەواوی دەسەڵاتە گەورەکان و زۆرێك لە دەسەڵاتە بچووکترەکان خەریکی دروست کردنی یەکەکانی دژە تیرۆرستی دەستەبژێرن، فەوجەکانی مەرگ یان یەکەکانی دژە تیرۆرستی ئیسرائیل، "هێزەکانی سنوورپارێزی(٩)ی Grenzschutzgrupper(9)" ی ئەڵمانیا و "خزمەتگوزارییە ئاسمانی تایبەتەکان" ی بەریتانیا (ئەگەر بە پێی ئەو فیلمە دروستکراوانە سەبارەت بە پرۆسەکانیان بۆ ڕزگاری بارمتەکان لە "ئەنتەبە" , "مۆگادیشۆ" و "لەندەن" دادوەری بکەین) چەند



نموونەیەکی سەرکەوتووتری ئەم گروپانە بوون[٥٥]. هۆلیود تا ئەندازەیەك حەزی خۆی سەبارەت بە پرۆسە خەیاڵییەکانی ڕزگاری لەلایەن هێزە تایبەتیەکانی دەریایی ئەمریکا و یەکەی دژە تیرۆرستی (هێزی دەلتا Delta Force) پێشانداوە، بەڵام سەبارەت بە پرۆسەکانی ڕزگاری ڕاستەقینە (واقعی) کە تیایدا هیچ کەسێك ڕزگاری نەبوو - وەکو (پرۆسەکانی پەنجەی هەڵۆ Operation Eagle Claw) لە ئێران دا لە ساڵی ١٩٨٠ کە لەگەڵ تێکچوونی هێلیکۆپتەرەکان و بەریەککەوتنی فڕۆکەکان و هەشت کوژراو بوو بە ئەنجامی شکستێکی کارەساتباری لێکەوتەوە - سەرنجێکی نەداوەتیٚ[٥٦].

بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی وردتر و بیٚ لایەنانەتر سەبارەت بە جیاکرنەوەی تیرۆریزم لە دژی تیرۆریزم ئەوە نیشاندەدەن کە جۆرە نادیارێك هەیە کە هەردوو لایەنی ئەم پۆلێنکردنە تێدەکۆشن لە ناوی ببەن. ئەم کارە زیاتر لە هەر شوێنێکی تر لە تێکگیرانە وێرانکارەکان و کوشندەی «بەیروت» ئاشکرا بووە، واتە هەر ئەو شوێنەی کەوا دێتە بەر چاو تەواوی ئەنجامدەرانی توندوتیژی - هەر لە دەوڵەتیەوە بگرە تا دژەدەوڵەتی و نادەوڵەتی- تەنیا کاتێك توندوتیژیە بیٚ پایانەکانی خۆیان دەوەستێنن کە بتوانن پیشان بدەن چ کەسێك، چ کاتێك یەکەمین گورزی وەشاندووە و لە ئەنجامدا چ کەسێك تیرۆریستی واقعی و یا دژە تیرۆریستی واقعیە.؟ ئیسرائیل، سوریا، ئیران و وابەستەکانیان لە لوبنان دا بە پەنابردنە بەر ئەفسانەی کۆنی «یەهودا و سامری»، «سوریای گەورە»، و «دارولئیسلام» جێگەی سەرنجی جیهاد) تێدەکۆشن کارەکانیان (هێرشە ئاسمانیە زۆر وردەکان، تیربارانکردنی ڕەشەکوژی، کوشتاری دەستەجەمعی ئۆردوگاکان، مین ڕێژکردنی ئۆتومبیلەکان یان ڕفاندنی مرۆڤ) وەکو هەوڵە دژە تیرۆریستیەکان لە دژی دوژمنانی خۆیان پاساو بدەن. لە ئاستێکی بابەتی تر و تایبەتتر،

جیاكردنەوەی تۆڵە سەندوە و تێكدان، توندوتیژی ڕێگر و وێرانكەر، و شۆڕشگێڕ و تێكدەر خەریكە واتای خۆی لە دەستدەدات. لە وەڵامدانەوە بۆ داخوازیەكانی دەستەیەكی عەرەبی- ئەمریكایی بۆ ئازادكردنی بارمتە بێ تاوانەكان، ئەندامانی «حیزبوڵڵا» كە دوو ئەمریكاییان بە ناوی "جۆزیف سی سی پیو Joseph Cicippio" و"تری ئەندێرسۆن Terry Anderson" بە بارمتە گرتبوو ڕایانگەیاند كە ئەندامانی خێزانەكانی ئەوانیش كە بەهۆی گوللەكانی تۆپی (١٦) ئینجی هەڵدراو لە ناوگانی سەربازی نیوجێرسی ئەمریكای لە ساڵی ١٩٨٤ و بۆمبەكانی ئەمریكایی فڕێدراو لە فڕۆكە ئەمریكایەكان بە لێخوڕە ئیسرائیلیەكان كوژراون، بە هەمان ئەندازە بێ گوناه بوون[٥٧].

كاتێك تیرۆریزم بەردەوامی دەبێت و كاتێك كارە توندوتیژییەكانی تیرۆریستی توند، خێرا و چڕ دەبێتەوە گەمە زارەكیە زاڵەكانی بەسەر گوتاری تیرۆریزمدا كارایی خۆیان لە دەستدەدەن. خەڵك بەڵگە ڕەسەنەكان و سەرەتاییەكان فەرامۆش دەكەن و ململانێی خوێناوی و خولی دووبارەی تۆڵەسەندنەوە زاڵدەبێت. لە وڵاتە «مۆدێرنەكان» دا، جێبەجێ كردنی سزا «زەروریەكان» كە قەبوڵ كردنیان لەلایەن خەڵكەوە دژوارە، زۆربەی جار ئەركی سەرشانی دەزگاكانی هەواڵگریە. چەند بابەتێك وەكو كارە تیرۆریستیە نهێنیەكانی ئیسرائیلیەكان دژی ئەندامانی ڕێكخراوی ئازادیخوازی فەلەستین (وەكو كوشتنی بەهەڵەی فەلەستینییێكی بێ گوناە لە نەرویج)، پاڵپشتی «ویلیام كیسی William Casey» سەرۆكی پێشووی دەزگای (C.I.A) مین ڕێژكردنی ئۆتۆمبیلی شیخ فەزل الله یەكێك لە ڕابەرانی شیعەكانی لوبنان كە لە تەقاندنەوەی پێگەی هێزی دەریایی ئەمریكا و ڕفاندن و كوشتنی "ویلیام باكلی William Buckley" بەڕێوەبەری دەزگای (C.I.A) دەستی هەبوو (ئەم مینڕێژكردنە نەبوو بە هۆی مردنی شیخ فەزل الله



بەڵام گیانی هەشتا كەسی كردە قوربانی)، یان كاری لەناو بردنی دەزگای ئاسایش یان پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت (K.G.B) لە ڕفاندن و هەتككردنی یەكێك لە خزمەكانی تیرۆریستێكی حیزبوڵڵا (كە بوو بە هۆی ئازادكردنی سێ بارمتە ڕوسیەكە) تاقە تێگیرانی ئاشكرابوون كە لەوانەیە لە پشتیەوە جەنگێكی هەواڵگری زۆر قوڵتر و فراوانتر بوونی هەبێت[٥٨]. لە وڵاتانی «كولتور دۆڕاو»ی وەكو لوبنان، كۆڵۆمبیا و سلڤادۆر كە تیایدا تیرۆری زنجیرەی گروپی جیاجیا دەبینرێت، هێزەكانی دژە تیرۆریست «پرسی» تیرۆریزمیان چارەسەر نەكردووە بەڵكو تەنیا بوونەتە یەكێك لە هێزە میلیشیاكانی و گروپی چریكی تێكگیراو لە ساحەكەدا.

## تیرۆریزمی بێوێنە(نایاب)

پەیوەندی هاوسەنگی نێوان ترسی (تیرۆری) ناوكی « Nuclear Balance of Terror » لەگەڵ تیرۆریزمی نوێدا زۆركەم سەرنجی دراوەتێ. كەمێك لەم بوارەدا، جۆرە پەیوەندییەكی نێوان ئەم دووانەیان پێشبینی كردووە، كە تیایدا ژمارەیەك تیرۆریست بە دزینی یان دروستكردنی ئامرازەكانی ناوكی- یان چەكە كیمیاییەكان، ماددەی نەخۆشی دروستكەری میكرۆبی یان ڤایرۆسەكانی ئینتەرنێت- ملیۆنان كەس لە یەك كاتدا بە بارمتە دەگرن. بەڵام ئەوەی شیاوی توێژینەوەیە جۆرێكی تری تیرۆریزمە و نەك ئەم بارودۆخە توندە كە دەتوانین بە «بان تیرۆریزم Hyper-terrorism» ناوزەدی بكەین.

سەرەتا دەبێ لێكۆڵینەوە بكەین لە لوغزێكی گریمانەیی، ئایا ئەو بنبەستەی كە لە چەكە ناوەكییەكانەوە دروست بووە — بە مسۆگەركردنی جۆرە ئاشتییەكی سنووردار لە خێزانی توندوتیژاوی میللەتان و بە واتایەكی وردتر بە ڕێگەگرتن لە

سەرهەڵدانی جەنگ بەهۆی گریمانەی تۆڵە سەندنەوەی بەرفراوان- یارمەتیدەری بڵاوبوونەوەی تیرۆریزم نەبووە؟

بەدوادا گەڕانی چەند نموونەیەك لە قۆناغە مێژووییەکاندا دەتوانێت یارمەتی دۆزینەوەی وەڵامی گریمانەیی بە ئەم پرسیارە بێت. بونیادە بەناوبانگەکانی داگیرکەر- زیادبوونی ئیمکانییەتی گواستنەوەی دەسەڵات، باشتر بوونی تەکنەلۆژیا و برەوی ترسی فراوان لە سزا و تۆڵە- سەرلەنوێ لە سیستمی ترس یان تیرۆری ناوکی زاڵ بەسەر پەیوەندیەکانی زلهێزەکاندا دەرکەوت. و هەروەکو بەرگریکارە بەراییەکانی داگیرکەر، کەسانێك کە بە تێروانینێکی جەزمیەوە ڕوانیویانەتە پێشگیرتنە ناوەکییەکان، «ستایشی «ئاشتی» ناوەکیان کردووە بەڵام لە وەرگرتنی بەرپرسیاری دروست کردنی فۆرمی نوێ توندوتیژی بۆ ململانێیەکان و دووبەرەکیەکانی بەردەوام بە هەڵەداچوون[٥٩]. "پاوڵ فێریلیو Paul Virilio"، ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی، ئەم ڕەوشەی بەرەو (جەنگی نایاب)ی بە جیددی بە دوایداچووە و دەڵێت (هونەری پێشگرتن) ڕێگە لە دەرکەوتنی جەنگی سیاسی دەگرێت بەڵام برەو بە هەوڵەکانی جەنگی بێ جەنگ- نەك کێشەکان- دەدات[٦٠]. لە جەنگی بێوێنەی جیهانی کە بەمجۆرە هاتە دی. تیرۆریزم وەکو خراپترین فۆرمی ئەوجەنگە دەرکەوت و بوو بە هۆی کاردانەوەیەك لە فۆرمی دژەتیرۆریزم کە بە بۆچوونی من وێرانکارتر بووە لە «نەخۆشی» بەرایی. هەڵبەتە مومکینە تیرۆریستانی کۆمەڵایەتی و تیرۆریستانی ئانارشیستیش، وەکو یەکە سەربازییەکانی سوور لە ئیتاڵیا و «بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی میللی توپامارو Tupamaros لە ئورگوا بانگەشە بکەن کە ئامانجی تیرۆریزم شتێك بێجگە لەمە نییە: ئاشکراکردنی ڕوخساری سەرکوتکاری دەوڵەت. بەڵام ئەم ئامانجە ئەخلاقیەی تیرۆریزم وەکو حەقیقەتێك کە تەنیا بەکردار دەتوانێت



بێتەدی، کاتێك دەبێتە هۆی ورووژاندنی دەوڵەت و ئاشکراکردنی خەسڵەتێکی توندوتیژاوی شتێك بێجگە لە خوێنڕێژی لێ ناکەوێتەوە و هیچ شتێك ناگۆڕێت. بێگومان لە ساتەکانی مێژووی جیهان وەکو شۆڕشەکانی فەرەنسا، روسیا و چین، کاتێك  حکومەتەکان توانا و ئیرادەی حوکمڕانیان (بە شێوەیەکی ئاسایی دوای شەڕێکی گەورە) لە دەست دەدەن و ئیتر گروپەکان یان چینەکان ڕادەپەڕن و بۆ وەرگرتنی دەسەڵات ئامادە دەبن، تیرۆریزم دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو بگێڕێت بە سەرەوژوورکردنەوەی کۆمەڵگەکان. بەڵام بابەتەکانی سەرەوە ئەوە نیشان دەدەن، کە قارەمانی یاری تیرۆریزم وەکو جێنشینێك بۆ بزوتنەوە گەلییەکان تەنیا بوونەتە هۆی بەهێزکردنی خراپترین تایبەتمەندی دەوڵەتی نوێ: ئارەزوو نیشان دان بۆ چاودێری و نهێنیکاری و چاوتێبڕین و سەرکوت کردن و توندوتیژی[٦١]. دیسان بە سوود وەرگرتن لە نموونەی خێزان دەتوانین بڵێین: تیرۆریستی نوێ کە بە هۆی ئاوابوونی توندوتیژی زلهێزەکان بەهێزبووە و لەلایەن ئەو خەڵکانەشەوە کە بە ناوی ئەوانەوە کاردەکەن پشتگیری ناکرێن لە چەند لایەنێکەوە وەکو منداڵێکی سەرکوتکراو وایە لە دوایدا دەبێتە بکوژی چەندین کەس و ناتوانێت دایك و باوکە گوناهبارەکە لە تەماشاکەرانی بێ گوناه بناسێتەوە.

لەولاوە، ئێمەش بە شێوەیەکی مەبەستدار «بارودۆخی نۆرماڵی و سروشتی» خۆمان بەپێی سەرلێشێواوی و لادانی تیرۆریستان دەستنیشان دەکەین و دەپارێزین.

ئەمەش بە واتایەك بێ ئەهمیەت نیشاندان نییە بۆ دارمانی ئەخلاقی تیرۆریستان یان بارودۆخی ستەمکارانە و نەگونجاو، کە دەتوانێت سەربکێشێت بۆ هێنانەدی

تیرۆریزم. لەراستیدا، ئامانجی ئێمە پیشاندانی خەسڵەتی سەرتاپاگیر و- لە تەواوی فۆرمەکانیدا- لەوانە جیهانیشە. هەروەکو چۆن لە سەرەتاوە وتمان، ئەو واقعیەتەی کە تیرۆریزم هاوکاتە بە کوژرانی خەڵك نابێ لە ژێر چەتری ئاپۆڕەی وشە و وتەکاندا بشاردرێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئەخلاقی و ماددی زاڵ، واتا و دەسەڵاتی تیرۆریزم ناتوانێت بە جۆرێکی گرفتناسی بەپێی قوربانییەکانی تێبگەین. فۆرمێکی نوێی تیرۆریزمی بێوێنە(نایاب)- کە بە هەمان ئەندازەی جەنگی نایابی "ڤێریلیۆ" نافیزیکی و بەربڵاوە- بە فۆرمی جۆرە ئابلۆقەیەکی سیاسی نێو دەوڵەتی هاتۆتەدی کە تیایدا، تۆقاندن و بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گومڕاکردنی و سەرلێشێواندنی بانگکراوەکانی (مخاطب) ڕاگەیاندنی جیهانی بۆتە هۆی دەرکەوتنی حاڵەتێکی سەرتاپاگیری ترس و نائارامی. ئەمە بەو مانایە کە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی هەڕەشەی تیرۆریستیش، لە بنەڕەتدا خەسڵەتێکی مەکانی یا سەرزەمینی territorial- وەکو جەنگێکی ناسراو- نییە بەڵکو خەسڵەتێکی زەمانی temporal هەیە: دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون لە والاکردن و بڵاوبوونەوەی ئێستای توندوتیژی لەلایەن تۆڕێکی پەیوەندیە جیهانییەکانەوە وەردەگرێت. بەڵام پێش ئەوەی بڵاوکەرەوەکانی توندوتیژی تیرۆریستی بە خراپە باسبکەین- هەروەکو "مارگرێت تاتچەر" سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وەهای دەکرد و بەردەوام هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بە «ئۆکسیژنی تیرۆریزم» ناودەبرد- پێویستە هێزی وەرگرتن وتەفسیری بانگکراوانی(مخاطب) ئاپۆرەیەك بناسین کە کارەکانی توندوتیژی تیرۆریستان بۆئەوان و زۆربەی جار بە ناوی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت[٦٢].

جارێکی تر کاری تیرۆریستی دەیەی ١٩٨٠ واتە کوشتنی ئاڵدومۆرۆ و سەرهەنگ هێیگنیز بێنە بەر چاوی خۆتان. کلێیەر سترلینگ سەبارەت بە



ڕفاندنی ئاڵدومۆرۆ لەلایەن یەکە سەربازیەکانی سوور ئاوای نووسیوە: «ئەم پرۆسانە لە ڕوی خێراییی، جوڵان، ناسین، پاڵپشتی، ئارامی و وردەکاریەکانی جەنگی دەروونی، پرۆسەیەکی بێ هاوتابوو»[٦٣]. ئەمە ڕاستە بەڵام ئەو بە ئاماژە بەم شتە ئاشکرایانە (بدیهیات)، بێ ئاگابووە لە خاڵێکی گرنگتر. تۆڕی تیرۆری واقعی، نە لەلایەن مۆسکۆ، لیبیا یان ئێرانەوە بەڵکو لە ڕێگەی فەزایەکی پەیوەندی ئەلیکترۆنی و نامەکانیەوە کاردەکات کە کارە تیرۆریستیەکان بۆ دانیشتوانی جیهانی دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە و قاڵببەندیان دەکات. "سترلینگ" بە لێکۆڵینەوەی لاسایی تیرۆریستانی کردووە و دەسەڵاتی زیادی گەڕاندۆتەوە بۆ تاکێکی «قارەمان» وەکو دروستکەری توندوتیژی، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی دووبارە سازکردنەوە و گەورە پیشاندانی هێزی تیرۆریزم دەسەڵاتی دەست تێوەردانی وڵاتان، شێوازەکانی والاکردنی ڕاگەیاندنەکان و لێکدانەوە هاودەردیەکانی بانگکراوانە(مخاطب). ڕۆژێك دوای ئەوەی یەکە سەربازییە سوورەکان وێنەی ئاڵدومۆرۆ یان لە کاتێکدا بڵاوکردەوە کە ڕۆژنامەی (٢٠) ئەپرێلی "لا ڕیپابلیکا La Repubblica"ی لە دەستدا بوو، ئەم وێنەیە لە لاپەڕەی یەکەمی زیاتر لە چل و پێنج (٤٥) ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی دنیادا بڵاوکرایەوە[٦٤].

من دڵنیام فیلمی ڤیدیۆیی لە سێدارەدانی سەرهەنگ هێیگنیز کەسانێکی زیاتری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بە ڕای من، لە بواری تیرۆریزم، بوارێك کە هێشتا زۆرترین ئەهەمیەتی هەیە لە هەمان کاتدا کەمتر توێژراوەتەوە، مەودا و ماوەیەکە کە لە نێوان ئەنجامدانی کردەیەکی تیرۆریستی و چارەنووسی ڕاگەیاندنەکەیدا هەیە[٦٥].

## ئاینده: پۆست مۆدێرن یان سەدەییێکی ناوەڕاستی نوێ

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەسەڵات لە نێوان سەروەریە تێکئاڵاوەکانی وەفادارییە ئایینیەکان، چینایەتی و نەتەوەیی دابەش کرابوو، سیستمە شپرزەکانی ئەو کاتە بەردەوام بە ڕفاندنی مرۆڤ، بارمتەگرتن و کوشتن تێکدەشکێنران و فۆرمێکی نوێتریان بەخۆوە دەگرت، و بێجگە لە شۆڕشە ناوازە و کورت خایەنەکان، گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری بە زەبری نێزەی تۆقاندن بەسەر زۆربەی خەڵکی جووتیاردا دەسەپێنرا. ئێستاش لە هەر ڕۆژێکدا دەتوانین چەند هەواڵێك سەبارەت بە «ئەربابەکانی» مادده بێ هۆشکەرەکانی لە ئەمریکای لاتین و بەکرێگیراوەکانیان (کە بە هۆی چەکە بچووکەکانیان، تەجهیزاتی دژە تانك و هێزە ئاسمانیەکانیان، تەحەددای سەروەری دەوڵەتان دەکەن) پیلانی شیعەکان بۆ هێرش کردنە سەر ئامانجەکانی ئیسرائیلی و ئەمریکایی یان بۆ ڕوخاندنی حکومەتە نائایینیەکەی میسر، و گروپە دەرگیرەکان لە لوبنان (کە یەکێك لەوانە لە وڵاتە مەسیحیەکان داوادەکات کە یارمەتی بدرێن بۆ تێکشکاندنی ئابڵوقەیێکی دەریایی پێنج مانگە و ئەوەی تریان هەڕەشە دەکات ئەگەر دەست تێوەردانی هەرکام لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕووبدات، «شەڕێکی پیرۆزی نوێتر» هەڵدەئایسێنن و بارمتەکان دەکوژن) بخوێنینەوە[٦٦].

ئایا تیرۆریزمی نوێ قەیرانێکی جڵەوکراوە یان نیشانەیەکە لە جۆرێك پاشگەزبوونەوەی قووڵ لەو سیستمە جیهانیانەی کە پێکهاتوون لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان بۆ سیستمێکی لێکهەڵوەشاوە و گروپ و گروپێکی پێکهاتوو لە دەسەڵاتە ئابووری، ئایینی و سیاسی دژبەیەکەکان؟ ئایا حاکمیەتی سەرلەنوێ تیرۆر و تۆقاندن لەسەر سیاسەتی جیهانی هەواڵدەری دەرکەوتنی جۆرێك **(سەرزەوی میحوەری نوێ)** نیە؟ وەکو تیرۆر و تۆقاندنی ئایینی و مەدەنی کە پێش لە جەنگی سی ساڵەی سەدەی حەڤدەهەم فەرمانڕەوا بوو؟ یان هەر ئێستا ئاوا بارودۆخێك هاتۆتەدی: بە فۆرمی نوێی پۆست مۆدێرنی سەدەکانی ناوەڕاست هاوکات لەگەڵ ئەکتەرەکانی ناوەندی پشتگیریکەری تەواو عەیاری ناسراو بە «ناوەندەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆل و پەیوەندیەکان و هەواڵگری»، بەڕووپۆشێکی «هاوشێوەکردنی نوێی دەنگ و باسی ئەی.بی.سی» لەلایەن پیتەر جێنینگز Peter Jennings و لە کاتی پێویستیدا لەگەڵ بەرەبەرەکانی و ململانێی سوپاکانی نهێنی و تایبەتی؟ بە کورتی، ئایا تیرۆریزمی نوێ وەکو نموونەیەك بۆ قەڵای جیهانی نوێ دەبێتە هۆی لەناوچوونی گوندی جیهانی جێگەی سەرنجی لایەنگرانی کەللەڕەقی پەیوەستی بەرامبەر و بە پێچەوانەوە دەرکەوتنی شتێك لە نێوان «شاری دیسنی Disneyland» و بەیروت واتە جیهانێکی تێکەڵ بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، توندی بێ بەزەیی و دڵ ڕەقی، و شڵەژانی ڕێکخراو (سیستماتیزە کراو)؟

ئەم تێڕامانانە لەگەڵ دیدی ئاشتیخوازانەی سەرەتای دەیەی ئێستادا پێچەوانەیە. لەوانەیە چەند بەڵگەیەك بۆ گەشبینتر بوون و ناسینی جێگرەوە نوێیەکان بۆ ناسنامە نەتەوەییەکان بەپێی ناکۆکیە توندوتیژاویەکان بوونی هەبێت. وەکو نیشانەیەك بۆ پارچە پارچە بوونی سیستمەکانی جیهانی، ئومێدی دیتنەوەی ڕێگەچارە جیهانییەکان- هەندێك جار لە سیمای جۆرێکی تری گەڕانەوە بۆ ڕابردوو- بەرەو زیاد بوونە. لایەنگرانی جیهانگیری «ئەندێشەی نوێی» گورباچۆف، حیزبە دیموکراتیەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیە نێو دەوڵەتییەکانی لایەنگری ژینگە زۆر گەشبینن[٦٧]. پلانەکانی

تایبەت بە «سەردەمی نوێ» خەسڵەتێکی دیارتریان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا برەویان هەبووە، ئەو پلانانەی کە لە ئامۆژگاریە زیهنی و ئایدیالییەکاندا بۆ هەڵاتن لە جەنگ تا دەگاتە پێشبینیە ووردەکانی ڕۆناڵد ڕێگان - کە لە یەکێك لە دوایین دانیشتنە پرسیار و وەڵامییەکاندا، وەکو داستانێکی زانستی خەیاڵی ئارەزووی هاتنی ڕۆژێکی کرد کە ترسێکی بەڕاستی دەرەکی ڕووبدات تاکو جیهان لە بەربەرەکانی کۆتایی نێوان خێر و شەڕ یەکگرن [٦٨]- لەخۆ دەگرێت.

بە پێچەوانەی جیهانگەراکان، من باوەڕم وایە کە لە جیهاندا، ناکۆکی توند و گرفتی زۆر هەیە و دەشبێ. لەبەر ئەوە، ئومێدەکانم سنووردارترە و لە هەمان کاتدا درێژەخایەنترە. وەکو نموونەی ئەلتەرناتیڤی تیرۆریزم لە ژێر ناونیشانی ئازادی نەتەوەیی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و باقی فۆرمەکانی ئۆتۆنۆمیدا، داکۆکی دەکەم لەسەر دەسکەوتە بەرجەستە و ناتەواوەکانی ڕاپەرینی فەلەستینیەکان، گۆڕانی بزووتنەوەی هاوبەندی پۆڵەندا و ڕاپەرینەکانی نەتەوەی (زۆنی بەڵتیك) لە چالاکی ژێر زەویەوە بۆ چالاکی پەرلەمانی، دەستکەوتنی ئازادی و سەربەخۆیی ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات، گۆڕانی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی پێشووی ئەمریکای لاتین بەرەو دیموکراسی. لە تەواوی ئەم بوارانەدا، تیرۆریزم لە تەواوی فۆرمەکانیدا ڕەتکراوەتەوە و جۆرە بەرگرییەکی (تاڕادەیەك) ناتوندوتیژاوی گیراوەتە بەر. ڕۆڵێك کە ئەم نموونانە لە بێ ئیعتیبارکردنی تیرۆریزمدا گێڕاویانە، زیاتر لە تەواوی سەرچاوە ڕەسمییەکانی گوتاری دژە تیرۆریستی بووە. و لەوانەیە بتوانین بڵێین کە ئەوان وانەیەکی گرنگ دەدەنە تەواوی ئەوانەی کە سوود لە گووتاری تیرۆریستی وەردەگرن، دەرسێك کە بلیمەتترین ئامۆژگاریکەری ناتوندوتیژی لە مێژوودا فێری کردین، کەسێك کە کاتێك پێشوازیکردن، پەرستگاکەی تۆق کراوە



لەلایەن دزەکانەوە، ڕۆحانییە گەورەکانی بە حاڵی خۆیان جێهێشت بەڵام تەواوی سەرڕافەکانی (صراف) وەدەرنا.

بەڵام هێشتا رووبەڕووی بابەتێکی زۆر خێراترین: دەبێ چی بکەین؟ من هیچ وەڵامێکی جیهانیم بۆ ئەو پرسیارە نیە و ئومێدەوارم کە ناساندنی جۆرە جیاجیاکان و ئاڵۆزی تیرۆریزم لەم نووسینەدا بە ئەندازەی پێویست هەڵەی سیاسەتمەدارە نەتەوەییەکان و هەروەها ئەو ڕزگارکەرە جیهانیانەی کە تەنیا یەك جۆری تیرۆریزم دەناسن نیشاندابێت. ئێمە ناتوانین گرفتی تیرۆرزم بەتەواوی چارەسەر بکەین، چونکە ناتوانین جیاوازییەکان و تایبەتییەکان لە جیهاندا تەواو لەناوبەرین و ئەگەر شتێکی ئاوا بکرابایە، نەك تەنیا جیهانێکی باشترمان دەستدەکەوت بەڵکو ڕێگەچارەی کۆتاییمان دەستدەکەوت. بە پێچەوانەوە، من دیمەنێکی زۆر خاکییانەتر بەڵام لە ناخی خۆیدا بونیادی تر نیشاندەدەم. ئەویش ئەوەیە کە بەلێکوالاکردن و لێکهەڵوەشاندنەوەی گووتاری تیرۆرستی، دەتوانین بگەینە هێزێکی دروستکەری نوێ، کە توندوتیژی سیاسی جیهانی بە یارمەتی وەرگرتن لێی ڕابەری دەکرێت.

## پەراوێزەکان

١- تیرۆریزم لە ریزی پێشەوەی خشتەی کاری بەرایی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە سەردەمی ڕێگاندا بوو. رۆژی دوای ئەو دانیشتنە لە ٢٧ی مانگی یەکی ١٩٨١ رەیگان ووتی: (تیرۆرستان پێویستە بزانن کە هەر کاتێك یاساکانی رەفتاری نێونەتەوەیی پێشێل بکرێت لەلایەن ئێمەوە سزایێکی خێرا و کاریگەر رووبەڕوویان دەبێتەوە). "ئەلەگزاندەر هیك" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رۆژێك دواتر لە یەکەمین لێدوانی رۆژنامەوانی خۆی لە پالپشتی بۆ قسەکانی رەیگان ووتی کە پرسی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی وەکو بەرزترین ئەولەویەتی دەوڵەتی رەیگان جێگەی پرسی مافەکان مرۆڤـ دەگرێتەوە. جۆرج بۆش کە پێشتر وەکو جێگری سەرۆك کۆمار لە سەرووی (هێزی تایبەتی نەهێشتنی تیرۆریزم) دابوو کە سیاسەتی ئەمریکای دانا لە ووتاری دەسپێکی قۆناغی سەرۆکایەتی کۆمارەکەیدا رایگەیاند کە دژایەتی کردنی تیرۆریزم و ماددە بێ هۆشکەرەکان لە ریزی پێشەوەی ئامانجەکانی دەوڵەتەکەی دایە.

بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی رووداوە تیرۆرستیەکان لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ بڕوانە:

Patterns of Global Terrorism,1988 (Department of State Publications, March, 1989, pp. 1-11 and 85)

٢- لەوانەیە باشترین سەرچاوە لەنێوان ئاپۆرەی سەرچاوەکان کتێبی ژێرەوە بێت:

Inside Terrorist Organizations ed. David Rapport, New York; Columbia University Press, 1988.

کۆمپانیای راند (Rand Corporation) بابەتی زۆری لەبارەی تیرۆریزم بڵاو کردۆتەوە، بۆ نموونە ئەم سەرچاوە گەورە و زۆر سوودمەندەی خوارەوە کە زیاتر لە (٣٥٠٠) ڕووداوی تیرۆریستی لەساڵی ١٩٦٨ وە تاکو ئێستا لەخۆ دەگرێت:

Chronology of International Terrorism

لەم زنجیرەیەدا، باشترین بابەتەکان بریتین لە بابەتەکاتی برایان جێنکینز (Brian Jenkins) لە بارەی ستراتیژیە جیاجیاکانی تیرۆریزم، بابەتی جێفری سیمۆن (Jeffery Simon) سەبارەت



بە تێگەیشتن لە تۆقاندنەکانی تیرۆریستی و بابەتی برۆس هۆفمەن (Bruce Hoffman) سەبارەت بە تیرۆریزمی توندڕەوی راستڕەو. وەرزنامەی ژێرەوەش تایبەتە بە تیرۆریزم:

Terrorism: An International Journal, edited by Yonah Alexander.

٣- بڕوانە:

Caire Sterling, The Terror Network, The Secret War of International terrorism, New York: Holt, Rinehart, and Winston, 1981; Christopher Dobson and Ronald Payne, Terror! The West Fights Back, London: Macmillan, 1982; Benjamin Netanyahu, Terrorism: How the West Can Win, New York: Farrar, Straus, and Giroux, 1968; Yossi melman, The Master Terrorist: The True Story of Abu-Nidal, New York: Avon books, 1968 and Fighting Back، Winning the War against Terrorism، ed. Neil C. Livingstone and Terrel E. Arnold Lexington, MA: Lexington Books, 1986.

٤- نموونەی باشی لەم جۆرە سەرچاوانە بریتین لە:

Paul Wilkinson, Terrorism and the Liberal State, London: Macmillan, 1977; Walter Laqueur, Terrorism, Boston: little, Brown and Company, 1977; and Terrorism, legitimacy, and power: The Consequences of Political Violence ed. Martha Crenshaw, Midletown, CT: Wesleyan University Press, 1983.

لە سەچاوەی خوارەوەدا، شیکارێکی فەلسەفی تر و مێژوویيتر خراوەتە روو:

Terrorism an International order, by Lawrence Freedman and other British international relations generalists, London: Royal institute of International Affairs, 1986.

سیاسەتی رەسمی ئەمریکا لەدەیەی ١٩٨٠دا لەنێوان دوو گروپی چالاکی دژە تیرۆریزم و لیبرالیەکان هەڵواسراو بووە، بەڵام هۆشمەندانەترین کاری تێکەڵاوکردنی نێوان ئەم دووگروپە لەووتاری شۆڵتز وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەئۆکتۆبەری ١٩٨٤ لەنیۆیۆرك دادەبینین :

"Terrorism and the Modern World" an October 1984 address at the Park Avenue synagogue in New York Bureau of public Affairs, Current policy No. 629.

بۆ توێژینەوەی ڕەخنەگرانەی دیدی لیبراڵی بۆ تیرۆریزم، بڕوانە :

Richar Rubenstein, Alchemists of Revolution: Terrorism in the Modern World, New York: Claremont,1986.

بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ تێڕوانینێکی ئانارشیستی بڕوانە:

Noam Chomsky, Pirates and Emperors: International terrorism in the Real World، New York: Claremont, 1986. سەرەنجام بەڕای من ئـەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە ناوبانگێکی تایبەتیان هەیە و بەسوود وەرگرتن لـەتیۆری ئـەدەبی و شیکردنەوەی کەلتووری، قسەی تازەیان کردووە سەبارەت بەتیرۆریزم:

Robin Wagner-Pacifici, the Moro Morality play: Terrorism as social Drama, Chicago: University of Chicago Press, 1986; and Khachig Toloyan, "Cultural Narrative and the Motivation of the terrorist," inside Terrorist Organization, op. cit., pp. 217-33.

5- Taking the stand: Testimony of Lieutenant Colonel Oliver North, New York: Pocket Books, 1987, pp. 26 - 27.

٦- کاتێك ڕفێنەرانی سەرهەنگ هێیگنیز کاسێتی ڤیدیۆیی پرۆسەی لەسێدارەدانیان بڵاوکردەوە، لەسەدا (٥٨)ی چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوەکان خوازیاری گفتوگۆو لەسەدا (٣٩) دژی گفتوگۆ بوون، ولەسەدا (٤٠) خوازیاری بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی کۆماندۆیی بوون بۆ ڕزگاری بارمتەکان هەتا ئەگەر هەندێکیشیان بکوژرێن ولەسەدا (٥٠) دژی جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە پرۆسانە بوون، ولەسەدا (٣٣) خوازیاری بۆمباران کردنی پێگەشاراوەکانی تیرۆریستان بوون لەلوبنان هەرچەند خەڵکی بێ گوناهیش بکوژرێن ولەسەدا (٦٠)یشیان دژی ئەم کارە بوون. بڕوانە:

Time, 14 August 1989, p. 15.



٧- ئەمە کارێکە کەخۆم پێش ئەمە بابەتێکم لەبارەی تیرۆریزم ئەنجام داوە:

"Arms, Hostages and the Importance of Shredding in Earnest: Reading the National Security Culture" Social Text, No. 22, Spring 1989.

8- Shultz, "terrorism and the Modern World،" pp. 5-6.

9- Hedley Bull, "International Relations as an Academic Pursuit," Australian Outlook, vol. 26, No. 3, December 1972, pp. 264-5.

هەرچەندە من بەڕوونی باوەڕم وایە کە سیاسەتی جیهانی ئێستا تەواو پاڵپشتی لەهەڵوێستێکی کلاسیکی بوول سەبارەت بە((هیچ گەری سیاسی)) دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا باوەڕم وایە کەئەم هەڵوێستە دەتوانێت بەئاڕاستەکانی ((پۆست کلاسیك)) یا ((پۆست نوێگەرن)) تەواو ببێت .

تێکۆشانەکانم دەتوانن لەم بوارەدا لەدوو بابەتی ژێرەوە داببینن:

On Diplomacy: A Genealogy of Western Estrangement, Oxford: Basil Blackwell, 1987.

لەم کتێبەدا، بەئاڕاستەیەکی نەژادناسی نیچەو فۆکۆ توێژینەوەی ئیمکاناتی پشت گوێ خراوی دیپلۆماسی دەکەم .

"Spy vs. Spy: The Intertextual Power of International Intrigue," International intertextual Relations. ed. J.Der Derian and M. Shapiro, Lexington, MA: Lexington, 1989.

لەم بابەتەدا، بەئاڕاستەیەکی گفتوگۆیانە ( dialogical ) باختین ( Bakhti ) شیکردنەوەم بۆ پرسی (جاسوسی)کردوە .

لەبەرامبەر ئەوانەی ئیدیعا دەکەن کەئاڕاستەکانی پۆست مۆدێرنیزمانە و پۆست بونیادگەرانە خەسلەتێکی هیچ گەری هەیە (وەکو واقع گەری کلاسیك؟)، باشترین وەڵامی تیۆری لە"لێکدانەوەی دانەدەروە(فرافکنی)"ەی "ویلیام کۆنۆلی" دەتوانین بدۆزینەوە کە"بزۆکی خۆی تا سنوورێك لەپەیوەندیەکانی کرداری وهەمیشەیی لەگەڵ ژیانی دادەگۆڕێت کەلە هەرجۆرە ناسنامەیەکی لەقاڵبدراو بەرزدەبێتەوە ... ئەم ئاڕاستەیە تێدەکۆشێت تاکو دیدگایێکی

چەقبەستووی گرفتار بوو بەشێوازێك ژیانی تایبەت هەڵبوەشێنێتەوە، تێگەیشتنی نوێ بخاتە ڕوو لەبارەی هەڕەشەکانی جەزمیەتی ناسنامە دواکەوتووەکان بۆئەو جیاوازی وناکۆکیەی کەهێناویەتیە بوون، ولێکدانەوەی جیاواز لەبارەی هەڕەشەو ئیمکاناتی لادراو بەهۆی سیستمە فکریە دواکەوتووەکان بخاتە ڕوو." بڕوانە:

William Connolly, Politics and Irony, Forthcoming from St. Martin،s press.

10- Willam Hazlitt, quoted in the Complete Works of Shakespeare, London: Collins, 1981, p. 277.

١١- بڵاوبوونەوەو خێراکردنی وابەستەیی بەرامبەر (متقابل) بەم دواییانە ڕووداوێك کەتەنیا جێگەیەکی کەمی لەڕۆژنامەی خوارەوە بۆخۆی تەرخان کردبوو دیار کەوت:

The New York Times, 7Janeway 1990, p. 15.

ئەمە کاتێك بوو کەبازاڕە ئابوورییەکانی دنیا بەهۆی بڵاوبونەوەی ئەو هەواڵە (نادروستە) کەگۆرباچۆف هەندێك لەچاوپێکەوتنەکانی خۆی لەگەڵ ڕابەرانی وولاتان هەڵوەشاندۆتەوە تاکو خەریکی پرسە ناوخۆیەکان بێت دووچاری لەکارکەوتن بوون. بۆ شیکاری تیۆری گۆڕانکاریە بونیادیەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بڕوانە:

Paul virilio, Defense populaire et luttes ecologiques, Paris: Editions Galilee, 1978; R.B.J. Walker, One World, Many Worlds: Struggles for a Just World pecee, Boulder, Co: Lynne, Reiner, 1988; and J.Der Derian, “The (s) pace of International Relations: Simulation, Surveillance, and speed,” in International studies Quaterly, June 1990.

١٢- لێرەدا، نیشانەناسی بە واتای ئەو دەستە لە سیتمەکانی بەکارهێنانی نیشانەکان - پێکدێت لە چەمکەکان، وێنەکان، هێمانکان، یان هەر جۆرە شێوازێکی دەلالەتی (Signifying Practices) (زمانەکان) — دێت کە پەیوەندیەکانی دەسەڵات دەگوازنەوە و واتا دروست دەکەن.



١٣- بۆ ئەوانەی کە هێشتا ئاشناییان لەگەڵ "لێك هەڵوەشاندنەوە"دا نیە، دەبێ بڵێین کە لێك هەڵوەشاندنەوە بە واتای خوێندنەوەی گومانبارانە (یان لە ڕوانگەی هەندێك، لە شوێنی خۆ لادان) دەقەکان - هەر جۆرە سیتەمێکی نیشانەیی کەلامی یان ناکەلامی کە نادیاری و دژایەتییەکانی هەر جۆرە واقیعیەتێکی لەدایك بووی زمان ئاشکرا دەکات.

١٤- ژان بۆدریار، ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی فەڕەنسی، بە قووڵبوونەوەیەکی زیاتر و بانگەشەیەکی هاوشێوەی هەیە: گەمژەیی و پیس و پۆخڵی تەواوی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە تیرۆریستەکان هەر لێرەدا شاراونەتەوە: لە هەموو شوێنێك تێکۆشان بۆ لەناو بردنیان لە ڕێگەی سەپاننی مانا و واتا لە ئارادایە کە کاریگەرترن لە گوللەی کۆماندۆسە پسپۆرەکان. بڕوانە:

Jean Baudrillard, “Our Theater of Cruelty”، In the shadow of the silent majorities and other essays، New York: Semiotext(e), 1983, p 177.

15- New York Times, 25 June 1985، p. 1.

لەم دواییانەدا، ئەلەگزاندەر هیگ، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، لە سەروتارێکدا بە شێوەیەکی ڕوون ووتەکانی "واینبێرگ"ی دووبارە کردەوە: (ئێمە ناتوانین ڕێگە بدەین کە ئابلۆقەیەکی بارمتەگرتن ئەوەندە دەوڵەت بە خۆیەوە مەشغول بکات کە لە هەموو شتێك بێ ئاگا بێت ... بەڵام دەبێ تەواو لەم حاڵە بگەین کە لەگەڵ جەنگێك، ئەو جەنگەی کە دژوارە و تەکنیکی نەناسراوە، دا بەسەر دەبەین و ئەم جەنگە، تێکۆشانێکی سەخت و بەردەوامی دەوێت نە کاردانەوەی قۆناغی.) بڕوانە:

New York Times, 15 August 1989, p. 21.

١٦- بە باوەڕی واینبێرگەر کە ئەمریکا کاتێك تەواوی خەڵك پاڵپشتی لە کۆنگرێسی ئەمریکا تەنیا وەکو دوایین نێزە دەبێ سوود لە هێزی سەربازی وەربگیرێت، دوای ووتارەکەی لە (ستادیۆمی رۆژنامەوانی نەتەوەیی) لە ١٨ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٤ سپاردرایە سندوقی ڕەسمی. وا دێتە بەر چاو کە ئەم باوەڕە ڕێگە دەگرێت لە پرۆسەکانی پێشگیری



PDF 4 KURD

یان لەناو بردن دژە تیرۆرستی و لە راستیدا واینبیرگەر دژی ناردنی هێزی دەریایی بۆ لوبنان و رفاندنی فڕۆکەی میسری هەڵگری تیرۆرستە رفێنەرەکانی کەشتی ئیتالیای ئاکیللە لائۆرۆ بە هۆی فڕۆکەی جەنگی ئیف-١٤ ناسراو بە (تۆم کۆت) بوو.شۆڵتز وەزیری کاروباری دەرەوە لە ووتەکانیدا سەبارەت بە تیرۆریزم راشکاوییەکی زیاتری نیشان دا سەبارەت بە یەکسان سەیرکردنی تیرۆریزم و جەنگ و زەرورەتی هەڵسان بە کاری یەخەگرتنی سەربازی: (ئێمە ئێستا گەیشتووینەتە ئەوە کە دوژمنەکانمان سوود لە تیرۆریزم وەردەگرن وەکو ئامرازێکی مۆدێرنی جەنگ. ئەمە شتێکی سەیر نیە. دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لەسالانی ئاییندەدا کاری تیرۆرستی دژی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانمان لەسەرتاسەری جیهاندا ئەنجام بدرێت بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەم جۆرە کارانە، ئێمە نابێ رقمان لە بەکارهێنانی هێز بێتەوە.) بڕوانە:

Jane Mayer and Doyle McManus, Landslide: Unmaking of the President, 1984-1988, Boston: Houghton Mifflin, 1988, pp. 52-54, 140-2; and Shultz, (Terrorism and the Modern World) p. 5.

17- Brain Jenkins, International Terrorism: The Other World War, Santa Monica, CA: Rand, 1985, p.12.

١٨- هەرچەندە ئاشکرایە کە مەبەستم جەنگی نێودەوڵەتی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتیە، بەڵام من لە سیفەتی (نێودەوڵەتی) لەبەر ئەوە کەڵکم لێ وەرنەگرتووە کە گومڕاکەرە: سەرهەڵدانی جەنگ و تیرۆریزم لە پانتاییە تاکی و، خێڵەکی و چینایەتییەکان و .. هتد دەتوانێت کاریگەرێکی رووکەشی هەبێت. لەوانەیە سیفەتی (جیهانی) بۆ چەمکەکانی جێگەی سەرنجی لێکۆڵینەوەی ئێمە باشتر بێت، بەڵام من ناتوانم بابەتی لێکۆڵینەوە بێ هیچ بەڵگەیەك سنووردار بکەم.

١٩- بۆ توێژینەوەی سەرچاوەیەکی سەرنج راکێش سەبارەت بە رەگەکانی توندوتیژی لە (ئارەزووی لاسایی کردنەوە) (mimetic desire) و تێکۆشانی مێژوویی بۆ کۆنترۆڵی توندوتیژی لە رێگەی رێورەسمی لە جێگا دانانی قوربانی، بڕوانە:



Rene Girard, Violence and the Sacred, Baltimore: johns Hopkins, University Press, 1977.

٢٠- بۆ نموونە، بڕوانە توێژینەەی جۆرج سۆرڵ سەبارەت بەوە کە چۆن ئەفسانەی کاری بەکۆمەڵ توندوتیژاوی بە شێوەی ڕاگەیاندنێکی گشتی دەتوانێت وەکو هێزێکی شۆڕشگێڕی کاربکات:

Georges Sorel, Reflections on Violence, Trans. T.E. Hulme and J. Roth, New York: Collier, 1961.

٢١- بڕوانە:

N. Cohn, The Pursuit of the Millennium, London: Poladin, 1970; David Rapoport, “Fear and Tembling: Terrorism in Three Religious Traditions” American Political Science Review, 38:3, September 1984, pp. 658-77.

22- New York Times, 17 June 1906.

٢٣- هەرچەندە ریچارد رۆنبستاین لە بەکارهێنانی چەمکی (کۆمۆنیزمی ئانارشیستی) ئەوە نیشان دەدات کە لە ڕوانگەی مێژوویی دەیەوێت چ شتێك بسەلمێنێ، بەڵام یەکەمین بەشی کتێبەکەی بەناونیشانی خوارەوە تا ئێستا باشترین لێکۆڵینەوە بووە سەبارەت بە هۆکارە دەروونی و سیاسی و مێژوویی زاڵەکان بەسەر تیرۆریزمدا:

Richard Rubenstein, “The Bogeyman, the Hero, and the Guy Next Door” in Alchemists of Revolution.

٢٤ - Sergey Nechaev, Catechism of the Revolutionist, in the Terrorism Reader, eds. W. Laqueur and Y. Alexander, New York: Renguin, 1987, pp. 68-72.

٢٥- بڕوانە سەرچاوە بەسوودەکانی ئەم کتێبە:

Walter laqueur, Terrorism Reader, pp. 47-49 and pp. 395-97.



PDF 4 KURD

26- Saint – Just, Fragments sur Les institutions republicans, ed. A. Soboul, Turin: Einaudi, 1952, p. 49, quoted by F.E. and F.P. Manuel, Utopian Thought in the Western World, Oxford: Blackwell, 1974, p. 567.

27- W. Laqueur, Terrorism, London: Weindenfield and Nicholson, 1978, p. 17.

28- Karl Marx, Political Writings Volume III, “The civil War in France”, New York: Vintage, 1974, pp. 228-31.

29- Ibid, p. 230.

30- Lean Trotsky, “Terrorism and Communism” The basic writing of Trotsky, ed. Irving Howe, New York: Vintage Books, 1965, pp. 142-53.

31- Ibid, p. 146.

32- Ibid, p. 15.

33- V.I. Lenin, “Where to Begin?” in Selected Works, Moscow, Progress Publisher, 1968, pp. 38-39.

34- Ibid, p. 459.

٣٥- هەروەها بڕوانە ووتاری ساڵی ١٩٢٠ی لینین بەناونیشانی (کۆمۆنیزمی چەپڕەو — نەخۆشییێکی منداڵانە) کە تیایدا ڕەخنەی لە (پارتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی) گرتووە، بۆچی؟ چونکە ئەم پارتە بە بەڵگەی کوشتن و تیرۆریزمی تاکیو خۆی تەواو بە شۆڕشگێڕ و چەپی دەزانیٚ“ شتێك کە مارکسیەکان بە توندی ڕەتیان دەکردەوە. بڕوانە:

Lenin, Selected Works, p. 521.

٣٦- بڕوانە:

Leon Trotsky, Their Morals and Ours, New York: Pathfinder Press, 1969.



ترۆتسکی لەم کتێبەدا بە پشت بەستن بە داخوازیەکانی قۆناغی جەنگی ناوخۆیی بەرگری لە فەرمانی ١٩١٩ (بەپێی بارمتەگرتنی خزمانی فەرماندە هەڵاتوەکانی سوپای تەزار) دەکات لە بەرامبەر (بارمتەگرتنی خێزانی دیپلۆماتەکانی سۆڤیەتی جاران بە فەرمانی ستالین بۆ ناچار کردنیان بە گەڕانەوە لە دەرەوەی وڵات ... ) بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٧-٩ کتێبی باسکراو.

٣٧- بۆ نموونە، بڕوانە:

Eric Wolf, Peasant of the Twentieth Century, New York: Harper and Row, 1969.

38- Franz Fanon, The Wretched of the Earth, Hammonds worth, England: Penguin, 1967.

٣٩- بە پێی پێشینەی یاریگەرانی سەرەکی وەکو شاکەلی (Shackley)، کلاینز (Clines) و سیکۆرد (Secord) کە دواتر لە ڕووداوەکەی ئێران — کۆنترایش دا دەستیان هەبوو، خەیاڵ لە واقیع ڕاستتر دێتە بەرچاو (یان بە لانی کەم جۆری ئەلیۆت ئابرامیەکەی Eliot Abram) بڕوانە بەردەوامی نووسینەکە.

40- Arizona Republic, 7 April 1989, p. 1.

٤١- بڕوانە:

The International Narcotics Control Strategy Report, Department of State Publications, March 1989.

شایانی باسە کە ئەمریکا لە بەشەکانی (پوختەی وڵاتانی و ناوچەکان) ئەم راپۆڕتەی لاپەڕە (١٩-٢٤) و ناوەڕۆکی پەیوەست بە (تەواوی بەرهەمی جیهان)"لاپەڕەی ١٥" ڕەچاو نەکراوە, لەکاتێکدا ئەم وڵاتە لە دەیەکانی رابردوودا بۆ پێشکەوتنەوە لە ڕکابەرەکانی وەکو کۆلۆمبیا، مەکسیك، بەرهەم هێنانی ساڵانەی خۆی لە ماری جوانادا بەرز کردۆتەوە. لەو شوێنەوە کە بەشی ٤٨١ یاساکانی ١٩٨٦-١٩٨٨ سەبارەت بە مادده بێ هۆشکەرەکان داوا لە سەرۆك کۆمار دەکات کە ڕوونی بکاتەوە ئایا وڵاتە بەرهەم هێنەرە سەرەکیەکانی و پەڕێنەرەوەکانی مادده بێ هۆشکەرەکان لە دژایەتی کردنیان لەگەڵ بەرهەم هێنانی نایاسایی مادده بێ هۆشکەرەکان تەواوی هاوکاری ئەمریکایان کردووە یان نە، جێگەی ئەم پرسیارەش دەمێنێتەوە

که ئایا وڵاتی ئەمریکا دەبێ یارمەتیەکانی خۆی بۆ وڵاتی خۆی یا بەلانی کەم بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرهەم هێنانی ماری جوانا لە ناوخۆیی ئەمریکادا بوەستێنێت یان نە.

٤٢- بڕوانە:

International Narcotics Control Strategy Report, op. cit, and Michael Massing, "Dealing with the Drug Horror" New York Renew of Books, 30 March 1989, pp. 22-26.

لەگەڵ ئەوشدا، بەپێی ڕاپۆرتی نیویۆرك تایمز، لەساڵی ١٩٨٨، ژمارەی پۆلیسە کوژراوەکان لە ڕووداوەکانی پەیوەست بە مادده بێ هۆشکەرەکان گەیشتۆتە (١٤) کەس (لە کۆی ٧٨ کەس).

بڕوانە:

"A Record 14 Officers Killed in ،88 in Drug Incidents" New York Times, 3 September 1989, p. 22.

٤٣- بۆ نموونە، بڕوانە سەرچاوە کلاسیکیەکەی خوارەوە:

Alfred McCoy, The Politics of Heroin in South East Asia, New York: Harper and Row, 1972.

هەروەها بڕوانە:

Peter Maas, Manhunt: The Incredible Pursuit of a CIA Agent Turned Terrorist, New York: Random House, 1986; Edward S. Herman, The Real Terror Network: Terrorism in Fact and Propaganda, Boston: South end Press, 1982; and Jonathon Kwitney, Crimes of Patriots, New York: Simon and Schuster, 1987.

٤٤- بڕوانە:

Report of the Congressional Committees Investigating the Iran- Contra Affair, Random House, 1988, pp. 130-31 and pp. 318-21.

٤٥- تیرۆریزمی مادده بێ هۆشکەرەکان و دژایەتی کردنی دەتوانێت پۆششکێش بێت بۆ شۆڕشگێڕی و دژە شۆڕشگێڕی : جوان میندز ( Juan E. Mendes) بەڕێوەبەری



جێبەجێکاری ڕێکخراوی (دیدەوانی کیشوەری ئەمریکا) ( American Watch)، لەم دواییانەدا هەواڵی لە ژێرەکی ڕێکەوتنی سوپای کۆلۆمبیا لەگەڵ کارتێلەکان مادده بێهۆشکەرەکان بۆ هێرشکردنە سەر ئەندام ولایەنگرانی گروپی چەپڕەوی یۆنیۆن پاتریوتیکا ( Union Patriotica) وبزوتنەوەکانی چریکی داوە، بڕوانە :

New York Times, 31Augast, 1989.

وادێتەبەرچاو کەلە (پیرۆ)ش دا گروپی مائۆنیستی ڕێگەی درەخشان دەستی داوەتە هاوکاری وپاڵپشتیکردنی بەرهەم هێنەرانی کۆکایین ودروست کردنی یەکێتیەتاکتیکیەکان لەگەڵ قاچاغچیەکانی مادده بێهۆشکەرەکان .

٤٦- بۆشی باوك سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمریکا شەش مانگ دواتر لەلێدوانێکدا پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی کرد. ئەو ووتی "کارتێلەکانی کۆکایین "خەریکە دەبنە هێزێکی جیۆپۆلیتیکی"ولەبەرئەوەش "سوپای ئێمە دەبێ بەهەمان شێوە لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو ببێتەوە، بڕوانە :

Address by George Bush at the Commonwealth Club of San Francisco, 7Febrewary 1990(White House Office text).

٤٧- بڕوانە:

Michael Massing. "Dealing with the Drug Horror, New York Review of Books, 30 March 1989, pp. 22-26.

٤٨- "بەڕێوەبەرایەتی نێودەوڵەتی پرسەکانی مادده بێهۆشکەرەکان" لەوەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا ساڵانە نزیکەی سەد(١٠٠)ملیۆن دۆلار خەرج دەکات کەلەم برەپارەیە تەنیا (٣,٦) ملیۆن دۆلار سەرفی لەجێگەدانانی بەرهەم وپارمەتیەکانی گەشەپێدان دەکرێت، لەکاتێکدا (٤٥)ملیۆن دۆلار بۆ ڕەگ هەڵکێشانی بەروبووم و(٣٥)ملیۆن دۆلاری تریش بۆجێبەجێکردنی یاساو قەدەغەکردنی خەرج دەکرێت. بڕوانە :

Massing, op. cit.

٤٩- کارێکی گەمژانە بەئاسانی دەتوانێت ببێتە هۆی ڕوودانی کارێکی گەمژانەی تر: لە١٨ی مانگی پێنجی ١٩٨٩، واشنتۆن تایمز ڕایگەیاند کە" نوێنەرانی دیموکراتی دوێنێ ووتیان

کەهەفتەی ئایندە هەوڵ دەدەن بەشێك لەبوودجەی تایبەت بە" داهێنانی بەرگری ستراتیژی" بۆجەنگی دژ بەمادده بێهۆشکەرە نایاساییەکان تەرخان بکرێت".

Washington Times, 18May1989, p. 2.

50- Patterns of Global Terrorism: 1988, p. v.

51- Shultz "Terrorism and the Modern World" Current Policy No. 629, p.2.

رەیگان لەقسەیەکدا لە یانە وەکیلەکانی ئەمریکا لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥ بە ئاوازێکی توندەوە تاڕادەیەك هەمان قسەی شۆڵتزی دووبارە کردەوە: " کەواتە ئێمە بۆ ئێران، لیبیا، کۆریای باکوور، کوبا و نیکاراگوا ڕووبەڕوین کەچەند میلێك دوورین لەیەکتر ولەکیشوەری جیاوازداین بەڵام ئامانجیان یەکە. منیش لەگەڵتان هاودەنگم لەوەدا کەبڵاوبوونەوەی تیرۆریزم لەساڵانی دواییدا هۆکاری بەشداری ڕوو لەزیادی ئەم وڵاتانە بووە لە هەوڵە تیرۆریستەکان لە سەرتاسەری جیهان. بەو ئێمە مەبەستمان نیە ئارام بگرین لەسەرهێرشەکانی ئەم وڵاتانە" ئەو وڵاتانەی کەلەلایەن کەسانێکی شێت و نەناسراو و تاوانبارانی پیس بەڕێوەدەچن کەلەدوای ڕایشی سێیەم نمونەی نەبووە" . وەرگیراوە لە:

"The New Network of Terrorist States" Bureau of Public Affairs, Current Policy No. 721, pp. 2-3.

٥٢- بە تایبەتی،بڕوانە بەشێکی ئەم سەرچاوەی خوارەوە بە ناونیشانی (تیرۆری ئاشکرا و پەنهان):

CIA‹s Nicaragua manual, Psychological Operations in Guerilla Warfare (Republished by Random house in 1985).

لە بەشێکی باسکراودا ئامۆژگاری شۆڕشگێڕەکانی نیکاراگۆئە دەکات کە (تەواوی بەپرسانی ڕەسمی یان فەرمانبەرانی دەوڵەتی ساندینیستەکان برفێنن و خۆیان شوێنیان بگرنەوە.)"لاپەڕەی ٥٢-٥٥".

53- Schultz, "Terrorism and the Modern World" p.3.



٥٤- هەرچەندە دژە تیرۆریزم (Antiterrorism) و کاونتەر تیرۆریزم (Counterterrorism) یان (تیرۆریزمی بەرامبەر) لە هەردوو گوتاری تیرۆریزمی ڕەسمی و زانکۆیدا زۆربەی جار لە جیاتی یەکتر بەکاردەبرێن، بەڵام من پێم باشە تەنیا چەمکی دژە تیرۆریزمی بۆ ئاماژە بەو کردارە توندوتیژانەی دژ بە تیرۆریزم ئەنجام دەدرێن بەکار بەرم. بەڕای من کاونتەر تیرۆریزم کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا زیاتر کەڵکی لێ وەردەگرێت دەلالەت بۆ ڕەقیب و جێگرەوەیەك دەکات (بە هەمان شێوە کە گرامیشی ئاماژە بۆ هەژمونی بەرامبەر (Counter-hegemony) یان فۆکۆ بە (دادپەروەری بەرامبەر -Counter Justice) ئاماژە دەکات کە دەتوانێت یان مەبەستیەتی جێگەی تیرۆریزم بگرێتەوە، گوایە ئەوە کە سیاسەتی ڕاگەیانراو ئاماژە بە گێڕانەوە و ئەگەر کرا نەفی کردنی تیرۆریزمە و نە جێگە گرتنەوەی شتێك لە جێگەی. بۆئاشنایی لەگەڵ سیاسەتی کاونتەر تیرۆریزمی ڕەسمی ئەمریکا کە وەستاوەتە سەر ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئیمتیاز پێدان، تۆڵە بە فیڕۆ دان، بەدواداچوونی یاسایی و یارمەتی جێ بەجێ کردنی یاسا. بڕوانە پێشەکی سەرچاوەی خوارەوە:

Patterns of Global Terrorism, pp. iii-iv.

بۆ باسێکی تیۆری سەبارەت بە جیاوازی نێوان (دژ – Anti) و (کاونتەر – Counter) بڕوانە:

A. Gramsci, Selections from Prison Notebooks, ed. And trans. Q. Hoare and Foucault, London: Lawrence and Wishart, 1971, pp. 206-76; and M. Foucault, "On Popular Justice: A Discussion with Maoists;" in Power/ Knowledge, ed. C. Gordon, New York: Pantheon, 1981, pp. 33-35.

٥٥- هەرچەندە ڕۆڵی هێزە دژە تیرۆرستەکان و دژە شۆڕشگێڕ و لۆژیکی کێشەی کەم توند (Low intensity conflict) و پرۆسەی نهێنی زۆربەی جار هاوپۆشی یەکترن، بەڵام تەنیا داکۆکی لەسەر دژە تیرۆریزم دەکەم، چونکە لە بابەتەکانی تر و لە شوێنێکی تردا بە جوانی خراونەتە ڕوو بۆ هەڵسەنگاندنی عەقڵانی جۆرەکانی یەکە سەربازی تێك گیراوەکان، بڕوانە:

John Adames, Secret Armies, New York: Bantam 1989.

بۆ لێکۆڵینەوەیەکی شیکارانەتری دیدگای ":کێشەی کەم توند" هەروەها بڕوانە:

Michael klare and Peter kornbluh, eds, Low Intensity Warfare, New York: Pantheon, 1988.

٥٦- لە گوتاری دژە تیرۆرستی، شتێکی زۆریش نابینرێت سەبارەت بە تێکۆشانی میسریەکان بۆ ڕزگاری فرۆکەیەکی ڕفێنراو لە مالْتا کە بووە هۆی کوژرانی (٥٧) کەس لە کۆی (٩٨) سەرنشین و خزمەتکارەکانی . دژە تیرۆریزم وەکو خودی تیرۆریزم تا ئەندازەیەك باس لە سەر ئەساس ئەفسانەی پۆلاّیین دامەزراوەو لەبەر ئەوە زۆر ئاماژە بۆ توانا خەیاڵیەکانی دەکرێت، بەڵام ئەوەندە ئاماژە ناکرێت بە بێ توانایی و نا کاملّیەکانی (تەنیا لە سیمای شکستە ئاشکراکانیدا یان درزکردنی هەندێك زانیاری لە چاپەمەنیەکان).

57. “The Captor‹s Reasons” New York Times, 27 August 1989.

٥٨- بڕوانە:

Bob Woodward; Veil: The Secret Wars of the CIA 1981-1987, new York: Simon and Schuster, 1987, pp. 396-8, 416.

٥٩- لەوانەیە هەر ئەم کارە بوبێتە هۆی ئەوە کە ڕابەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەخێرایی بانگەشەکانی ڕابەرانی وڵاتانی باشوور — کە لە ڕوانگەی مەشروعیەت، جۆرە خزمایەتێکیان لەنێوان دژایەتیەکانی دژە داگیرکاری و هەندێك فۆرمی نوێ ی تیرۆریزم دروست کردووە — بەهەل پەرستانەبزانن و ڕەتی بکەنەوە. لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی گفتوگۆکانی دوو ساڵی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە دوو دەیەی کۆتاییدا لەوانەیە بتوانێت تا سنوورێك ئەم پرسە ڕۆشن بکاتەوە.

60- Paul Virilio, Pure Ware, new York: Semiotext(e), 1983, p. 27.

هەروەها، بڕوانە سەرچاوەی خوارەوە کە تیایدا ڤێریللۆ پێشگرتنی ناوەکی لە هەمان کاتدا بە پرۆسەیەکی کارەسات ئامێز **(داگیرکاری تەواو عەیار)**(une colonization totale) داناوە (لاپەڕە ٣٥-٣٦):



P: Virilio, Defence populaire et lutes ecologiques.

٦١- (توندوتیژی بە توندوتیژی چارەسەر ناکرێت. بەکارهێنانی توندوتیژی تەنیا دەبێتە هۆی بەهێز بوونی توندوتیژی هەتا سنوری کۆتاییەکەی واتە دەسەڵاتی دەوڵەت تا باڵاترین حەددی خۆی زیاد دەبێت) بڕوانە:

P. Virilio, Purewar, p. 51.

٦٢- (دەتوانین چەند نیشانەیەکی کۆمەڵناسی، مێژوویی و سیاسی ئەم هاودەنگیەی شەیتان یا دێوی پیسی هاودەنگی لە ڕەفتاری نوێی کۆمەڵە خەڵکێکدا بدۆزینەوە کە لە هاودەنگی و سازگاری لەگەڵ نمونەکانی پێشنیارکراو بۆیان و لە ڕەنگدانەوەی ئامانجە سەپێنراوەکان بەسەریاندا و لە ئەنجامی ڕاکێشانی و پاڵنانی ئەوانیشدا زۆر باشن. لەم هاودەنگی و سازگاریەدا، هێزێکی خەڵەتێنەر و فریودەر بە واتای ووردی کەلیمە و جۆرێك لادان، شێواندن، ڕام کردن و سەرسامێکی پێکەنیناوی هەیە. جۆرێك ستراتیژی دیاری کەری هاودەنگی و سازگاری هەیە.) بڕوانە:

Jean Baudrillard, The Evil Demon of Images, Sydney: power institute, 1987

63- Sterling, The Terror network, p. 80.

٦٤- لە ڕاستیدا، دەستەکانی ئالدۆمۆرۆ نابینرێت و هەر ئەم پرسەش لەو ڕۆژگارەدا بوو بە هۆی دەرکەوتنی گومانەکان سەبارەت بە ڕەسەنی وێنەی ناوبراو. هونەرمەندێك بەناوی سارا چارلزوێرت (Sarah Charesworth) ئەم تۆڕەی پەیوەندی تیرۆرستی بە پیشان دانی (٤٥) وێنە لەو ڕۆژنامانەی کە وێنەی ئالدۆمۆرۆیان لە ڕۆژگاری ئەسیردا چاپ کردبوو خستە ڕوو. ئەم زنجیرەیە کە بەشێك بوو لە زنجیرەیەکی گەورەتر بەناوی مێژووی نوێ (١٩٧٧-١٩٧٩) لە هاوینی ١٩٨٩ دا لە (ناوەندی نێودەوڵەتی وێنەگری) پیشان دران. چارلز وێرت لەم زنجیرەیەدا، لەو خاڵانەی کە جێگەی ئاماژە پێ کردن سترلینگە (Sterling) بەرزتر دەڕوانێت کە یەکە سەربازیەکانی سوور لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی کاریگەر سوودیان لێ وەرگرتووە. چارلز وێرت بە لادانی تەواوی وتارەکان بێجگە لە ناونیشانی گەورەی ڕۆژنامەکان، دەسەڵاتی پێکهاتە یا زەمینە (context) لە



PDF4KURD

گوتاری تیرۆرستی ئاشکرا دەکات. بۆ نموونە رۆژنامەیەکی ئیتالّیایی ئیل میساجرۆ (IL Messagro) کە پێش لە خەڵکانی تر وێنەی ئالّدۆمۆڕی وەرگرتبوو، دوو لەسەر سێ لاپەڕەی یەکەمی خۆی تەرخان کردبوو بۆی بۆ رێگەگرتن لە لادانی سەرنجی خوێنەرانی، هیچ وێنەیەکی هەواڵی تری چاپ نەکرد، لە کاتێکدا لونیتا (L;unita) رۆژنامەی (پارتی کۆمۆنسیتی ئیتالّیا) وێنەیەکی زۆر بچووکتری لە ئالّدۆمۆڕۆ لەگەڵ دوو کەسی تر لە هێزەکانی پۆلیس لە گۆڕەپانی کردار چاپ کرد. تایمز لەندەنیش وێنەیەکی زۆر بچووکی لە ئالّدۆمۆڕۆی چاپ کرد کە لە ژێر وێنەیەکی گەورەتر دانرابوو کەوا پێدەچوو وێنەی شاژنە لەگەڵ نەوە تازەکەی. هەروەها کە وێنەکانی نیشان درا و لەلایەن چارلز وێرت پشت سەر بنێین و لە تایمز ئایرلەند، نیویۆرك تایمز و بالتیمۆرسان (Baltimore sun) بە وێنە هەواڵیەکانی تێدەپەڕین، دەگەینە تۆرنتۆ گلۆپ ئاند میل (Tronto Glob e and mail) لەگەڵ وێنەیەکی پاشای خەندان کە سێ ئەوەندەی وێنەی ئالّدۆمۆڕۆ بوو. بێ گوێدانە نیشانە کەلامیەکان، رۆژنامە ناوبراوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بە هەڵبژاردنی شکل، جێگە و ئەندازەی وێنەکان و پەیوەندیان لەگەڵ وێنەکانی تردا دەتوانرێت مانای کاریگەرتر پێش لە دانانی یەکەمین یادداشت یا ووتار بگوازنەوە. بینەر یان خوێنەر بۆ ناوەوە ڕادەکێشێت و تێدەگات کە هەتا ناسکترین لایەنەکانی سانسوری هەواڵی تیرۆریزم لە رێگەی ڕاگەیاندنەکان رۆڵێکی ئەساسی دەگێڕن لە گۆڕانی سەر زەوی ململانێی سیاسی جیهانی.

٦٥- هەڵبەتە بەرهەمی زۆر لەبارەی سانسۆری هەواڵی تیرۆریزم لەلایەن هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە بلاوکراونەتەوە، بۆ نموونە:

Alex schmid and janny de Graaf Violence as Communication: Insurgent Terrorism and the Western News Media, Beverly Hills, CA: Sage, 1982; and Terrorist Spectaculars: Should TV Coverage Be Curbed? New York: Priority, 1968.

بەلاّم بە بۆچوونی من، ژان بۆدریار یەکەمین کەسە پەیوەندی نێوان کەسە بەرامبەرەکانی جیهانی، ڕاگەیاندن و پەیوەندیە جەماوەریەکان و تیرۆریزم بە قوڵی دەرك کردووە و ئەمە وەکو بازنەیەکی هاوشێوەسازی دەزانێت کە نە تەنیا لە **مەصادیقە مادديەکان** جیا کراوەتەوە بەڵکو



ئێستا جۆرێك لە واقیعیەتی سیاسی مەجازی (Political hyper-reality) هێناوەتە بوون.

بڕوانە:

Jean Baudrillard, A. L‹ombre des majorite‹s silencieuses, Paris: Cahiers d‹Utopie, 1978, simulacra et simulation, Paris: Galilee, 1981, and les Strategies Fateles, Paris: Bernard Grasset, 1983; the edited translations in the foreign Agent series, New York: Semiotext(e), 1983, In the Shadow of the Silent majorities and Simulations; or Jean Baudrillard: Selected Writings, ed. Mark poster, Stanford, CA: Stanfor University Press, 1988.

٦٦- بڕوانە بە:

"Columbians Seize Drug Ring Suspect and 134 Aircraft": (p. 1); "Egypt Arrest 41; Sees Shiite Plot" (p. 6); and "France Says It Plans No Military Role in Lebanon" (p. 7) in New York Times, 22 August 1989.

٦٧- وا پێدەچێت کە دژایەتی کردنی تیرۆریزم (دوای پرسی چەك ڕامالّین) خەریکە دەبێتە یەکێك لە زەمینە سەرەکییەکانی هاوکاری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی جاران. سۆڤیەت کە ڕووبەڕووی زیاد بوونی کارەساتە تیرۆریستیەکان بۆتەوە (بۆ نموونە، کۆمپانیای فڕۆکەوانی ڕوسیا Aeroflot لە ساڵی ١٩٧٣ وە دووچاری لانی کەم یازدە ڕووداو ڕفاندنی فڕۆکە بۆتەوە — لە بەراورد لەگەڵ سێ کۆمپانیای فڕۆکەوانی دواتر واتە T.W.A.، ئێیەر فرانس و هێڵەکانی ئاسمانی کوەیت کە هەموویان دووچاری دوو حاڵەتی ڕفاندنی فڕۆکە بوونەتەوە)، یەکەێکی نوێی بۆ ڕزگارکردنی بارمتەکان دروست کردووە و خوازیاری هاوکاری زیاتری هەواڵگری لەگەڵ پۆلیسی نێودەوڵەتی (Interpol) و دەزگای هەواڵگری (CIA) دایە سەبارەت بە تیرۆریزم. هەروەها، گفتوگۆ لەسەر ئاستێکی بالاّ سەبارەت بە هاوکاری کردن بۆ نەهێشتنی تیرۆریزم ئەنجام دراوە: لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩، دە (١٠) کارناسی ئەمریکایی و دە (١٠) کارناسی سۆڤیەتی لە مۆسکۆ لەگەڵ یەکتر دیداریان کردووە" لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٩، جەنەراڵ (فیۆدۆر شێرباك Fjodor Sherbak) جێگری پێشووی دەزگای هەواڵگری سۆڤیەت) و جەنەراڵ (ڤالێتین

زێڤێردنکۆف Valentine Zvezdenkov  سەرۆکی پێشووی بەشی دژە تیرۆرزمی K.G.B) بۆ ئەنجام دانی گفتوگۆی نهێنی لە (کۆمپانیای ڕاند) لەگەڵ ویلیام کۆلبی (William Colby) سەرۆکی پێشووی دەزگای (CIA) و (ڕەی کلاین Raycline) جێگری پێشووی دەزگای (CIA) چاویان بە یەکتر کەوت" لە ساڵی ١٩٩٠، جەیمز بەیکەر وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا و ئیدوارد شیڤەرنادزە وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت قۆناغی دووەمی گفتوگۆ ڕەسمیەکانیان سەبارەت بە تیرۆریزم ئەنجام دا. بڕوانە:
Glenn Schoen and J. Derleth, “KGB Field New Hostage Rescue Unit” Armed Forces Journal International (October 1989), p. 22; and Robin Wright, “US and Soviets Seek Joint War on Terrorism” Los Angles Time, p.1.

٦٨- وتارەکەی لە مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٨٨ دا لە (کۆمەڵەی ستراتیژی نەتەوەیی) لە شیکاگۆ دا پێشکەشکرا و ئەو ئەم وڵامەی داوەتە کەسێك کە پرسیاری لەبارەی گرینگترین پرسی چارەسەر نەکراوی نێودەوڵەتی کردبوو. دوایین بەشی وەڵامەکەی دەڵێت: (بەڵام زۆربەی جار بیرم لەوە کردۆتەوە کەچی دەبوو ئەگەر تەواوی خەڵکی دنیا هەستیان بکردایە کە لەلایەن هێزێکی دەرەوەی گۆی زەوی و لەلایەن هەسارەیەکی تر کەوتۆتە بەر هەڕەشە. ئایا یەکسەر دەگەیشتینە ئەو ئامانجە کە ئێمە هیچ جیاوازێکمان لەگەڵ یەکتردا نیە و ئێمە هەموومان مرۆڤـ و هاوڵاتی ئەم جیهانەین و ئایا پێکەوە هەمووومان یەکمان نەدەگرت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە؟)

(*) (Akca) موحەمەد عەلی ئاکجا، ئەو گەنجە تورکەی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵی کوشتنی پاپا ژان پۆڵی پاپای ڤاتیکانیدا.

(**) گیوتین (Giyotin): دەزگایێکی لەسێدارەدانی تاونباران بوو لە فەڕەنسا لە شێوەی چوارچێوەیەك بوو کە لە ناوەڕاستیدا تێغێکی تیژ دانراوە کە لە پشتەوەیدا شتێکی قورس دادەنرێت کە تیغە تیژەکە لە سەرەوە بە توندی دێتە خوارێ و بەهۆی سەنگینیەوە ملی تاوانبار دەقرتێنیێ کە لەخوارەوە ئامادە کراوە.



PDF 4 KURD

# تیرۆریزم

ن: محمود ئەلمەراغی

و: ئارام ئەمین

ئەوەی لە ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر لە نیۆیۆرك و واشنتۆن ڕوویدا، شتێکی تەواو لە ناکاو نەبوو، بەڵکو نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەموو دۆخێکدا ئامانجی ئەم کردە تیرۆریستیانە بوو، هەروەها گرنگییەکی زۆریان دەدا بە کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاوەدونانی ئەو گروپانەی کە بەم کردەوانە هەڵدەستان ....واشنتۆن توانایەکی گەورەی کۆکردنەوەی زانیاری هەبوو، چ لە ڕێگای ئەو کەسانەی کە پەیوەستی ئەو تاوانانەن ، وەکو چۆن لە دادگاییکردنی دوو تاوانبارەکەی نیۆیورك ڕوویدا کە بەرپرسی تەقاندنەوەی باڵیوزخانەکانی ئەمریکا بوون لە نیرۆبی و دارولسلام. هەروەها وەکو ئەوەی لە دادگاییکردنی تاوانبارەکەی لەندەنیش ڕوویدا.

بە پێی یاسایەکی تایبەت وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە تیرۆری نێودەوڵەتی پێشکەش دەکا ، کە چەند لایەنێك لە چەند دەوڵەتێکی جیاواز دەگرێتەوە ، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا قوربانیەکانی تاکەکەس و گروپ و دامەزراوە ئەمریکاییەکان پێکدەهێنێ. ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەش بە کۆنگرێس کراوە، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە لە ماوەی پێنج ساڵی



دوایدا یارمەتیدەری تیرۆر بوون ، هەروەها ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کە بە دژی تیرۆر پشتگیری خۆیان پیشان داوە. بەم پێیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی خۆی لە مەڕ ساڵی ٢٠٠٠ لە ئەپریلی ٢٠٠١ بڵاو کردەوە.

گرنگی ڕاپۆرتەکە ئەوەیە کە هەموو ئەو زانیارییانە پوخت دەکاتەوە کە دەزگا هاوپەیمانەکانی لە مەڕ ئەم کێشەیە کۆیان کردۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەندێ زانیاری لەبەر باری ئاسایشی بڵاو نەکراونەتەوە. بە هەر حاڵ ڕاپۆرتەکە دیدگای ئەمریکاییەکان سەبارەت بەو ڕێکخراوە جیاوازانە پێچەوانە دەکاتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا پێناسەی جیاواز دەکرێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە چەمکی تیرۆر ((واتا توندوتیژی بە ئەنقەست ، کە پاڵنەری سیاسی دەیجولێنێ بۆ ئەوەی تاوانەکانی خۆی دژی لایەنە ناجەنگاوەرەکان ئەنجام بدا بە هۆی گروپە نا نەتەوەییەکان و کرێگرتە نهێنییەکانەوە ، مەبەستیش لە لایەنی ناجەنگاوەر، خەڵکی مەدەنی و ئەو سەربازانەی کە لە کاتی ڕووداوەکەدا ناچەکدار بوون یالە کاتی دەرەوەی خزمەتدا بوون. هەروەها دامەزراوە سەربازییەکان و ئەو سەربازانەی لە جێگای نا دووژمنکارانە بوون وەکو تەقینەوەکانی بنکە ئەمریکییەکان لە ئەوروپا و فیلیپین و ...)). ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ، هەروەها بەرگری یاسای داگیرکارانیش وەکو ئەوەی لە فەلەستین هەیە لە دیدگای واشنتۆنەوە هەر کاری تیرۆریستییە.

گرنگی پێناسەکەش لەوەدایە کە ئەو بازنە دیاری دەکات کە ئەمریکا جوڵەی تێدا دەکات و ئەو جێگایانەی بنکەی جەنگی تیادا ماوەتەوە.

هەروەها گرنگی ڕاپۆرتەکە لەوەدایە کە بەڵگەی کارە لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕووداوە گەورەکەی ١١ سێپتەمبەر کە بۆمان ڕووندەکاتەوە: بۆچی ئیدارەی



PDF 4 KURD

ئـەمریکی لـە مـاوەی چـەند کاتژمێرێکـدا لێکۆڵینـەوەی کـرد و ناسـاندی و تاوانبارەکەشی دیاری کرد. ئەوەی کـە بەڵگـەی کارەکـە مەترسـیدارتر دەکـات ئەوەیە کە ڕاگەیاندن و روونکردنەوە ئەمریکاییەکان بە قۆناغی دووەمی جـەنگی تیرۆری ناوزەد دەکەن. کە لە سەرەتای دەسـتپێکردنی جـەنگ دژی ئەفغانـستان لێڵیەکی پێوە دیارە.

راپۆرتەکە دەربارەی ٤٣ رێکخراو دەدوێ کە ٢٨ رێکخراوی چـالاکن ((نـەك ٢٩ وەکو لە راپۆرتەکەدا هاتووە)) ئەم راپۆرتە دەڵێ تیرۆر لـە هـەموو کیـشوەرەکان هەیە جگە لە ئوستورالیا ((تیرۆری ناوخۆیش لە ئەمریکا نییە)). ئاماژەی بـەوە کردووە و گروپە تیرۆریستانە دەکات کە لە ڕۆژهەڵاتی فیلیپینەوە درێژ دەبێتـەوە بۆ ڕۆژئاوای پیرۆ. ئەگەر ئەمە پشتێنی جەنگ بێ، چەند پرسیارێك دەوروژێنێ.

لاپەڕەکانی تۆمەتبارکردن و بەڵگەی کاری راپۆرتەکە ئاماژەی بە بەرز بوونـەوەی کردەوەکـان کـردووە لـە مـاوەی سـاڵی "٢٠٠٠" ژمـارەی قوربانیـانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـە تـەنها ١٩ کـوژراوە لـە نێـوان ٤٠٥ کـوژراو کـە کـۆی قوربانیەکانە.

راپۆرتەکە ئاماژە بە ڕەزامەندی هاریکاری نێودەوڵـەتی دەکـا، کـە بـەم دواییـە تەواو بوو ((ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری سزای سەپاندە سـەر تالیبـان بـە هـۆی داڵدەدانی ئوسـامە بـن لادن و ڕەتکردنـەوەی دانەدەسـتەوە و بەردەوامیـدان بـە سەربازگە راهێنەرەکان. لە ژێر چـاودێری واشـنتۆن لـە سـاڵی ٢٠٠٠ کـۆنگرەی ئاسیاوی بەسترا کە ٣٥ دەوڵەت بۆ نەهێـشتنی یارمەتیـدانی تـیرۆر ڕێکـەوتن و دەربارەی مۆڵگەی تیرۆرستان گفتوگۆ کرا.



بە پێی ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هـاتووە لـە مـاوەی ٢٠ سـاڵی ڕابـردودا کـردەوە تیرۆریستیەکان بەردەوامن ، کە لە ساڵی ١٩٨١ ژمارەیـان ٤٩٨ کـردەوە بـووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ ژمارەیان ٤٢٣ کردەوە بـووە. بـەڵام جێگـای رووداوەکـان وەکو لە نێوان ساڵەکانی ٩٥ - ٢٠٠٠ تۆمار کراوە رۆژئـاوای ئـەوروپا و دواتـر ئەمریکای لاتین، پاشان ئاسیا و دوای ئەو ئەفریقا، ئینجا رۆژهەڵاتی ناەڕاسـت و لـە کۆتایـشدا ئـەمریکای بـاکورە ((دەبیـنین رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت جێگـای پێنجەمـە)). ئامانجـەکان بـەرێکی: ٣٨٤ ئامـانجی ئـابوورین و ٣ ئامـانجی دبلۆماسین و ١٧ ئامانجی حکوومی و ١٣ ئامانجی سەربازی لەگەڵ ئامانجـەکانی دیکەیشدا.

هەرچەندە نەتەوەیەکگرتووەکان نیوەی کردەوەکان دژی ئەو ئەنجام دەدرێن، کەچی ژمارەی قوربانیەکانی لە ٧٧ کوژراو زیاتر نییە لە ماوەی ئەو پێـنج سـاڵەدا ٩٥ — ٢٠٠٠، ئەوەی مەترسیەکەشی مەترسیدارتر کرد, روداوەکەی ١١ سێپتەمبەر بوو کە ژمارەی قوربانیەکانی لە ٦٠٠٠ کەس زیاتر بوون.

لە پاشکۆیەکی تایبەت بە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باس لەو گروپانـە کراوە، کە سەرقاڵی کـاری تیرۆریـستین و یارمەتیـدەری خوێندنـەوەی نەخـشەی تیرۆریستین. لە دیدگای ئەمریکا و بە پێی زانیاری واشنتۆن دەتوانین بەم شـێوەیە باسی بکەین:

**یەکەم:** ئەوروپا و ئەمریکا دوو کیشوەرن کە دوانـزە جێگـای گروپـی تیرۆرسـتی دەگرنە خۆ ، بەڵام ئاسیا لە پێش ئەوروپا دێ لـە رێکخـستنە چـالاکەکاندا کـە هەشت رێکخراوی چالاك دەگرێتە خۆی لە بەرامبەر پێنج رێکخـراو لـە ئـەوروپا ((مەبەست لە ئاسیا دەوڵەتە ناعەرەبەکانە)).

لە دیارترین رێکخراوی ئەوروپی ((باسك لە ئیسپانیا کە لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزراوە)) پارتی کرێکاری کوردستانی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٧٤ دامەزراوە رێکخراوی ١٧ نۆڤەمبەری یۆنانی لە ١٩٧٥ دامەزراوە سەرباری بزوتنەوە چەکدارە توندو تیژەکانی ئیرلەندا.

لە دوای ئەو گروپی ئەبو سەیاف لە فیلیپین و بزووتنەوەی موجاهیدی پاکستان و بزوتنەوەی ئۆزبەکستانی ئیسلامی و سوپای سوور و گروپی حەقیقی سامی لە ژاپۆن و بەرەی پڵنگەکانی تامیل لە سریلانکا و موجاهیدی خەلق لە ئێران دێ.

رێکخراوەکانی ئەمریکای لاتینی دیارترینیان سوپای ئازادی نیشتمانی کۆلۆمبیا و هێزی چەکداری شۆڕشی کۆلۆمبیا و رێگای ((مونیر)) لە ((پیرۆ)) و بزووتنەوەی ((توپاك)) ئامارۆی شۆڕشگێڕ هەر لە پیرۆیە: ئەمانە جگە لە گروپی رێگای ((مونیر)) کە بە پێی راپۆرتەکە بیرو باوەڕێکی ماتریالیانەیان هەیە ، هەمویان رێکخراوی مارکسین و توندترین رێکخراون لە نیوە گۆی رۆژئاوادا کە لە ساڵی ١٩٨٠ نزیکەی سێ هەزار کەسیان کوشتووە ، ئامانجیشیان سیستەمێکی شۆڕشییە بۆ جوتیارەکان و دەسەڵاتی بێگانە ڕەتدەکەنەوە.

دواتر بازنەی عەرەبی دێ کە دە (١٠) رێکخراو لە خۆ دەگرێ بەپێی راپۆرتەکە هەموویان رێکخراوی چالاکن. کە شەشیان فەلەستینین ((گروپی ئەبونیزال ، حەماس ، جیهادی ئیسلامی ، بەرەی ئازادیخوازی فەلەستین ، بەرەی گەلی ئازادیخوازی فەلەستین))، ((سەرکردایەتی گشتی)). جەزائیر یەك رێکخراوی سەرەکی دەگرێتە خۆی کە ئەویش ((گروپی ئیسلامی چەکدارە)). هەروەها میسر دوو رێکخراو دەگرێتە خۆی ئەویش ((گروپی ئیسلامی و جیهاد)) کە جیهاد بەر پرسیاری کوشتنی سادات و هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیرانی پێشوو د.عاتف سدقی و



وەزیری ناوەخۆی پێشوو لیوا حەسەن ئەلفی و کردەوەکەی باڵیوزخانەی میسر لە ((ئیسلام ئاباد))ە. هەروەها راپۆرتەکە هێرشە بێ ئەنجامەکەی سەر باڵویزخانەی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٨ دەداتە پاڵ ، بەڵام لە کارکردن وەستاوە . کەچی راپۆرتەکە وا پێناسەی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات کە توندڕەوترین گروپی میسریە کە لقی دەرەوەشی هەیە کە قەسابخانەکەی سەیاحیان لە (الاقصر) ئەنجامدا و ٥٨ کەس بوونە قوربانی ، هەروەها ئەو گروپە بەرپرسیارێتی خۆیان لە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆك موبارەك لە ئەدیس ئەبابا لە ١٩٩٥ خستە ئەستۆی خۆی ، مەترسییەکیش بوون بۆ سەر ئامانجەکانی ئەمریکا ، بەڵام ئەویش چالاکی خۆی وەستاند.

دوای رێکخراوەکانی میسر و فەلەستین رێکخراوی لوبنانی ((حزب اللە)) دێ، ئەو رێکخراوەی کە ئەمریکا دوای رووداوەکەی ١١ سێپتەمبەر داوای لە لوبنان کرد، کە لە یارمەتیدانی ئەم رێکخراوە بوەستێ ، بەڵام لوبنان ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و ئاشکرای کرد، کە ئەم رێکخراوە بەرگری نیشتمانیە، نەك رێکخراوێکی تیرۆرستی.کەچی ئیدارەی ئەمریکی بە رێکخراوێکی دژ بە ئیسرائیل و ئەمریکا و بەرپرسی ئەو کردەوانەی دژ بە ئەمریکا ئەنجام داوە وەسف کرد.

**دووەم:** دەبینین هەموو رێکخراوەکان خاوەن ئامانجی سیاسی و خواستی ئاشکران. بۆ نمونە رێکخراوەکانی فەلەستین و لوبنان ئامانجیان ئازادکردنی نیشتمان و دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامین.

ئامانجی هەڵگەڕانەوەی سیستەمی حوکم لە زۆربەی وڵاتەکان دووبارە دەبێتەوە بە ئامانجی دروستکردنی سیستەمی ئیسلامی یا مارکسی ... هەندێ گروپی

ئیسلامی داوای گەڕانەوەی سیستەمی خەلافەت دەکەن ، بەڵام ڕێکخراوەکانی پیرۆ و کۆلۆمبیا ئامانجیان دروستکردنی سیستەمی مارکسین ، نمونەی ئەو گروپانەش کە داوای جیاخوازی و بانگەشەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ هەرێمێك تا تائیفەیەك یا گروپێك دەکەن دووبارە دەبێتەوە. وەکو گروپی ئەبو سەیاف لە فیلیپین و تامیل لە سریلانکا و پارتی کرێکاری کوردستان لە تورکیا و ئیتا لە هەرێمی باسك لە ئیسپانیا .... لەگەڵ ئەو ئامانجە گشتییانە دابەشکاری هاوبەش ((قاسم المشترك)) دێت کە لە ئەمریکای لاتینەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ((تەقاندنەوەی بۆڕی پترۆل لە کۆلۆمبیا زیاتر ١٥٠ جار لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٠)) بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ، ئەم دابەشکارە هاوبەشە نەیاری نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

**سێیەم:** سەرەڕای ئەو کردەوە توندوتیژییانەی کە ئاماژەمان پێدا ((کوشتن ، بارمتە ، ڕفاندنی فڕۆکە ، ڕووخان و هەڵتەکاندنی دەزگا و دامەزراوەکان))...سەرباری ئەوەش زۆربەی ڕێکخراوەکان ژمارەیەکی دیاریکراویان هەیە ، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ڕاپۆرتەکە لە مەڕ قەبارەی ڕێکخراوەکان دەڵێ ((نەزانراوە)).

**چوارەم:** تێبینی دەکرێ جیهانگیری دیاردەی تیرۆر لە ماوەی مامەڵەی هاوبەش لە سەر شێوەی تۆڕ یا پاڵپشتی کردنیان لە ڕێگای بەکارهێنان یا پارەدارکردن یا داڵدەدانیان لە لایەن دەوڵەتێکەوە یا ڕێکخراوێکی بیانییەوە ، دەردەکەوێ.

لە بەدواداچونێکدا لە نیۆیورك لە مەڕ ئەو تاوانبارەی کە کردەکەی دارولسلام و کینیای خرابۆوە ئەستۆ ، وەکو گۆڤاری ((لونوڤیل ئۆبزرڤاتیر)) بلاوی کردەوە کە چەند زانیارییەکیان دەستکەوتووە، کە ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوون دەکەنەوە.



**"جمال فەزل"** بە پێی ڕاپۆرتە ئەمریکایەکان لە سودان لە دایکبووە و یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی ئوسامە بن لادن وە لە کۆکردنەوەی پارە بۆ ئەفغانییەکان و دامەزراندنی لقێکی ئەلقاعیدە لە خەرتووم بەشداریکردووە ، هەروەها بەکرێگیراوی هەر جووتی ((ئەمریکا و ئەلقاعیدەیە)).

لە دوای ئەوە لە مەڕ هەمان کێشە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠١ ((حوسەینی کرشتو)) دێ کە لە دایکبووی مەعزلیە. لە کۆرسیکا کاری کردووە دواتر لە میلانۆ نیشتەجێ بووە پاشان چووە بۆ ئەفغانستان و بەشداری لە کردەوەکەی تورکیا لە ساڵی **١٩٩٨** کرد.

دواتر ((خەلفات جیش محمد)) دێ کە لە دایکبووی تەنزانیایە و پاشان چووە بۆ ئەفغانستان دواتر بۆ سۆمال، پاشان بۆ تەنزانیا لە باشوری ئەفریقا دەستگیر کراوە.

ئینجا ((محمد عوالی)) دێ کە لە بریتانیا لە ساڵی **١٩٧٧** لە خێزانێکی سعودی دەوڵەمەندا لە دایکبووە ، کاتێك کە کۆلێژی تەواو کردووە، بەشداری کردەوەکەی نایرۆبی کردووە و پاشان دەستگیرکراوە و ڕەوانەی ئەمریکا کراوە.

ئەو نمونانە تاکە کەسی نین، بەڵکو ڕێکخراوەکان خۆیان لە چوارچێوەی نیودەوڵەتیدا کاردەکەن کە خێرایی پەیوەندی وئاسانیگواستنەوەیپارمەتییەکان پشتگیرییەکی باشە بۆیان.

هەرجیهانگیریشە کە لە گواستنەوەی زانیاری و یارمەتییەکان لە گروپە تیرۆرستەکان سودی لێوەردەگرن. دیارترین ڕێکخراو کە لە چوارچێوەی نێو دەوڵەتیدا کار بکات، وەکو ڕاپۆرتەکە دەڵێ: ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە، کە لە

کۆتایی هەشتاکان لە دوو گروپ دروستبووە، کە لە جەنگی دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان بەشدارییان کردووە. ئەهلی سوننە کە ئامانجی جێگیر کردنی خەلافەتێکی ئیسلامی بوو، کە هەموو موسڵمانان بگرێتە خۆی هەروەها ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکا و حەڵاڵکردنی خوێنیان بوو.کە هەر کردەوەکەی نایرۆبی و دارولسەلام و خستنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی سۆمال و تەقاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عەدەن (١٩٩٢)یان درایە پاڵ.

هەروەها هەوڵی کوشتنی پاپا و کوشتنی کلینتۆنیان درایە پاڵ ، سەرەتا ئەو رێکخراوە پشتی بە سەروماڵی  بن لادن دەبەست، کە راپۆرتەکە ((تەنها میراتەکەی)) بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنێ.

رێکخراوەکە بانگەشەی خەلافەتێکی ئیسلامی دەکرد و هەروەها داوای چوونە دەرەوەی ئەمریکای دەکرد لە جەزائیر و دوورگەی عەرەب و چوونە دەرەوەی ئیسرائیل لە فەلەستین. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەگەڵ تاوانبارەکانی ئەلقاعیدە دەکرا، ئەوەی روون دەکردەوە، کە چالاکی و کاری دوژمنکارانە بۆ واشنتۆن لە دوای جەنگی کەنداو چوونە ناوەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ دوورگەی عەرەب زیادیکردووە، چونکە بە دیدگای رێکخراوەکە ئەمە پیسکردنی خاکی پیرۆزە.

پێنجەم: راپۆرتەکە بە تەواوەتی تیرۆری نێودەوڵەتی فەرامۆش کردووە ، بۆ نموونە ئیسرائیل کاری تیرۆرستی وایکردووە، کە فەلەستینیەکان نەیانکردووە، هەروەها رێکخراوی ((کاخ)) کە ئامانجی گەڕاندنەوەی تەوراتیە و دامەزرێنەرەکەشی ((مائیر کاهانە)) ، کە ئیسرائیل دوای پشتگیریکردنی ئەم رێکخراوە لە کوشتنی گۆلۆشتاین لە فەبرایەری ١٩٩٤ لە ((حرم الابراهیمی)) بە رێکخراوێکی تیرۆرستی پێناسەی کردن.



شەشەم: ئەم راپۆرتە تیشك دەخاتە سەر قۆناغی دووەمی جەنگی ((جلباب و صاروخ)) کە دوای ئەفغانستان ئەو ئامانجانەی دیکە دێن ، کە لە پاشکۆ تایبەتییەکان دەربارەی دەوڵەتە پشتگیریکەرەکانی تیرۆر دەیخاتە ڕوو، حەوت دەوڵەت دەگرێتەوە: کۆریای باکور و عێراق و لیبیا و کوبا و سودان و سوریا ئێران. راپۆرتەکە ئێران بە ترسناکترین و بلاْوترین یارمەتیدەری رێکخراوە فەلەستینیەکان لە نێوان دەوڵەتەکانیدیکە پێناسە دەکات ، کە چەمکی تیرۆر و بەرگری یاسایی داگیرکردن تێکەڵ دەکات.

سەرچاوە:

حرب الجلباب و الصاروخ "وثائق الخارجیة الامریکیة حول الارهاب "

## میدیاو تیرۆریزم: هەڵسەنگاندنێکی دیکە

ن: پۆل ویلکینسۆن

و: محەمەدئەمین عەبدولقادر

نووسەر لە دەستپێکی بابەتەکەیدا بەرەنگاری رەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە لەلایەن (مایکل وایڤیۆرکا)وە دەبێت، کە دەڵێ: پەیوەندیەکی هاوژینی لە نێوان تیرۆریزم و میدیادا هەیە. ئیستغلال کردن و بەکارهێنانی میدیا بۆ بەرژەوەندییەکانیان لەلایەن تیرۆریستانەوە، بە بەشێك لە جەنگی پرۆپاگەندەی تیرۆریستان لێکدەدرێتەوە. لە کۆتاییدا بابەتەکە بەو ئەنجامگیرییە دەگات، کە خۆکۆنترۆڵکردن و خۆرێکخستن لەلایەن خودی میدیاوە باشترین سیاسەتە، کە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا دەکرێ میدیا وەك وەڵامدانەوەیەك بەرامبەر بە تیرۆریزم بەکاری بێنێت، بەڵام ماس میدیا* دەبێ بە شێوەیەکی سەختتر کار

* ( لەم باسەدا زاراوەی (ماس میدیا) وەك هاوواتایەك بۆ (راگەیاندنە گشتییەکان) بەکارهاتووە.



بکات بۆ دەستنیشانکردنی پێوەرەکانی خۆکۆنترۆڵکردن بەشێوەیەکی گونجاو و کاریگەر.

سەرەتا پێویستە ئەو زاراوانەی لە ناونیشانی ئەم بابەتەدا بەکارهاتوون پێناسە بکرێن. میدیا زاراوەیەکی گشتییە کە بە واتای گشت میتۆد و کەناڵەکانی زانیاری گەیاندن و سەرگەرمی بەکار دێت. ماس میدیا رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و هەموو شێوازە گرنگەکانی تری گەیاندن وەك کتێب و فیلم و مۆسیقا و شانۆ و هونەرە بینراوەکان لەخۆ دەگرێت. ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم بە سەردەمی بەجیهانیبوونی کولتووری ماس میدیا ناوزەد دەکرێت، بەڵام نابێت ئەو راستیەش فەرامۆش بکەین، کە بەدرێژایی مێژوو شێوازە نافەرمییەکانی گەیاندن، وەك چپەچپ و قسەڵۆکی نێو مەیخانە و سەر شەقام و بازاڕەکان هۆیەکی گەیاندنی ستاندەربوون بۆ گواستنەوەی زانیاری لەسەر ئاستی ناوچەییدا، لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکانیش هێشتا ئەم کەناڵە نافەرمیانە هاوشانی دوایین تەکنەلۆژیای فرە میدیایی بوونیان هەیە. زاراوەی تیرۆریزم بەو شێوازەی کە لەم بابەتەدا بەکارهاتووە ئاماژەکردنە بۆ جۆرێکی تایبەت لە توندوتیژی. ئەم زاراوەیە بەگشتی وەك هاوواتا بۆ توندوتیژییەك کە پاڵنەری سیاسی هەبێت بەکارنایەت و پێنج تایبەتمەندی جیاکەرەوەی هەیە کە بریتین لە:

١- دیاردەی (تیرۆریزم) پێشتر بیری لێکراوەتەوە و بۆ دروستکردنی کەشێکی بارگاوی بەترسی زۆر دارێژراوە.

٢- تەنیا ئاراستەی قوربانییە دەستبەجێکانی ناکرێت و ئامانجی بەربلاوتری هەیە.

٣- بەشێوەیەکی سروشتی هێرشکردنە سەر کۆمەڵە ئامانجێکی هەڕەمەکی یان سەمبوولێکی وەك هاوڵاتیان لەخۆدەگرێت.

٤- لەلایەن ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا روودەدات بە ((نائاسایی)) لە قەڵەمدەدرێت، واتە ئەو رێسایانە پێشێل دەکات کە بۆ رێکخستنی مشتومڕ و پڕۆتستۆ و بیری جیاواز بەکاردێت.

٥- بەشێوەیەکی سەرەکی نەك رەها بۆ کارتێکردنە سەر رەفتاری سیاسی حکومەت و کۆمەڵگا و گروپە سیاسییە دیاریکراوەکان بەکاردێت.

چەکی تیرۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن ئەکتەرەکانی دەوڵەت یا لایەنی دیکە لە سیستەمی نێو دەوڵەتیدا بەکاردێت و لەوەتەی سالآنی ١٩٨٠ بەدواوە بە بەربڵاوی لەلایەن کۆمەڵە گروپێکی خاوەن پاڵنەری سیاسی بەکارهاتووە وەك میتۆدێکی ترساندنی دەسەڵاتداران یان چەتە رکابەرەکانیان و لەلایەن ئەو کەسانەدا بەکارهاتووە کە لە تاوانە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا بەشدارن، وەك مافیا و کارتێلەکانی مادە بێهۆشکەرەکان. تیرۆریستان لە پرۆسەی هەوڵدانیان بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تیرۆر لە نێو ئامانجێکی بەربڵاو، هەندێ کەناڵ یان ناوەندی گواستنەوەی زانیاری جا چ نافەرمی یا لۆکالی بێت بەکاردێنن. بۆ نموونە تایفەی (ئەساسین)ی شیعە مەزهەب، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەوڵی چاندنی تۆوی تیرۆریان دەدا لە جیهانی ئیسلامی، پشتیان بە قسەی سەرزاری خەڵك دەبەست بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی هێرشەکانیان.

هەروەها میتۆدی هاوشێوەی پەخشکردنی ترس لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن تیرۆریستە رووسی و بەڵکانییەکان بەکار دەهات. ئەم نموونانە و زۆر نموونەی مێژوویی دیکە بەڵگەی باشن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو تیۆرییەی کە گەشەکردنی



ماس میدیای مۆدێرن بە هۆکاری سەرەکی تەشەنەسەندنی تیرۆریزم دادەنێن. پێشتر باوەڕ وابوو چەکی سیاسی تیرۆر خزمەت بە دۆزی تیرۆریزم دەگەینێت، نەك رۆژنامەنووس و بەرهەمهێنەرانی تەلەڤزیۆن. شتێکی گێلانە دەبێت گەر نکۆڵی لەوە بکەین کە زۆر لە تیرۆریستە مۆدێرنەکان و هەندێ لە بەشە دیاریکراوەکانی ماس میدیا دەکەونە نێو جۆرە پەیوەندییەك کە سوودی دوو لایەنەی بەرچاوی بۆ هەردوولا دەبێت.

تیرۆریستان نەتەنها بۆ وەدەستهێنانی ناوبانگی زۆر و جیهانی دەیانەوێ لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆندا دەربکەون، بەڵکو بەدوای چنگکەوتنی ئەو شەرعییەتەن کە میدیا لە نێو شوێنکەوتوو و هاوسۆزانیانەوە بۆیان دەستەبەر دەکات. بەلای رێکخراوەکانی ماس میدیاوە گواستنەوەی هەواڵی تیرۆریزم بە تایبەت هەندێ رووداوی درێژخایەنی وەك فرۆکە رفاندن و بارمتەگرتن، دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی سەرچاوەیەکی بێکۆتایی لە هەواڵی وروژێنەر و باوەرپێکراو و لە ئەنجامدا زیادبوونی ژمارەی بینەر و خوێنەرانیان.

لایەنێکی هاوبەشی کردەوە تیرۆریستیەکان بریتیە لە هەڕەشە و کوشتن و بریندارکردن و کاولکردنی حکومەت یا گروپە بە ئامانجکراوەکانی تر بۆ ملدانە داواکارییەکانی تیرۆریستان. چونکە تیرۆریستان هەوڵدەدەن راستی هەڕەشەکانیان بە کۆمەڵێ کردەوەی کاولکاری و دڕندانەی سەرسوڕهێنەر بسەلمێنن، باوەڕ وایە کە راپۆرتەکانی میدیاش لەو بارەیەوە بە جۆرێك دەبێتە هۆی (دروستبوونی) تیرۆریزم. لە راستیدا دروستکردنی بزاڤ یان دەوڵەتێکی تیرۆریستی لە سەرووی هێز و دەسەڵاتی ماس میدیای مۆدێرنە. بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی لایەنگرانی تیرۆریزم، مرۆڤ دەبێ لە پاڵنەر و ئامانج و ئایدیۆلۆژیا و باوەڕە

ئایینی و ستراتیژییەکانیان بکۆڵێتەوە. بەهەرحاڵ کاتێك کە توندوتیژی تیرۆریستی لە ئارادابێت، ئەوا پەیوەندی نێوان تیرۆریستان و ماس میدیا دواجار بەرەو جۆرە پەیوەندییەکی پێکەوە ژیان دەچێت. لە زانستی کۆمەڵناسیدا زاراوەی (پێکەوە ژیان) بەواتای پەیوەندی وابەستەیی دوولایەن لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بەکاردێ، کاتێ ئەو گروپانە جیاوازن و پەیوەندییەکانیان تەواوکەری یەکترە، شتێکی گەمژانە دەبێ گەر نکۆڵی لەوە بکەین کە تەکنەلۆژیای میدیایی مۆدێرن و گەیاندن و سەتەلایتەکان و بڵاوبوونەوەی خێرای تەلەفزیۆن کاریگەرییەکی خێرایان بەسەر زیادبوونی پرۆپاگەندەی تیرۆریزمەوە هەبووە. نموونەیەکی سەرسوڕهێنەر لەم بارەیەوە گرتن و قەتلوعامکردنی وەرزشوانە ئیسرائیلیەکان بوو، لەلایەن تیرۆریستانی گروپی بلاك سێپتێمبەر (سێپتەمبەری رەش) لە ئۆڵۆمپی میونیخ. مەزەندەکان وا دەریدەخەن کە ئەم رووداوە لە رێی شاشەی تەلەفزیۆنەوە بۆ زیاتر لە (٥٠٠) ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهاندا گواسترایەوە. چونکە تا ئەو کاتەی ماس میدیا بوونی هەیە، تیرۆریستان تینووی ئەو شتەن کە (مارگرێت تاتچێر)ی سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا بە (ئۆکسجینی ناوبانگ) ناوزەدی دەکات.

تا کاتێك تیرۆریستان کردەوەی توندوتیژئامێز ئەنجامدەدەن، ماس میدیا بەردەوام دەبێ لە گواستنەوەی هەواڵی ئەو کردەوانە بە مەبەستی تێرکردنی ئیشتیای بینەر و گوێگرانی بۆ دەسکەوتنی هەواڵی درامایی و سەرسوڕهێنەر، کە بایەخ و سەرنجدانی جەماوەری زۆری لەسەرە بۆ زانینی ئەنجامدەران و قوربانیانی ئەو کردەوانە. تەنانەت لەو رووداوە تیرۆریستیانەی کە ئەنجامدەرانی کردەوەکە بەرپرسیاری خۆیان راناگەیەنن و ناسنامەیان نەزانراوە یان گومانی لەسەرە، وەك لە تەقینەوەکانی بنکەی ئەمریکی لە زەهرانی عەرەبستانی



سعودیە لە ساڵی ١٩٩٦، گواستنەوەی هەواڵی رووداوەکە بایەخێکی زۆری لەلایەن میدیای نێودەوڵەتییەوە پێدەدرێت.

(میشێل ویڤیۆرکا)ی کۆمەڵناسیی فەرەنسی لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (خولقاندنی تیرۆریزم) لە ساڵی (١٩٩٣)دا، هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ئەو بۆچوونە دەدات کە تیرۆریزم و میدیا پەیوەندییەکی پێکەوە ژیان لە نێوانیاندایە. ئەو پێیوایە کە چوار پەیوەندی جیاجیا لە نێوان تیرۆریستان و میدیادا هەیە. لە جۆری یەکەمی ئەو پەیوەندیانەدا کە بە (بێلایەنی و بێبایەخی تەواو) دەناسرێت تیایدا تیرۆریستان نە بەدوای ترساندنی گروپێکی دیاریکراوی دانیشتوانن، جگە لە قوربانیانی خۆیان نەبێت و نە هەوڵی بەدیهێنانی کودەتایەکی پڕوپاگەندەیی دەدەن لەرێی کردەوەکانیانەوە. هەڵبەت ئەمە ئارگۆمێنتێکی ناواقعییە چونکە تەنانەت ئەگەر مەبەستی تیرۆریستان بەرهەمهێنانی تیرۆر و تۆقاندن بێت لە نێو دەستەیەکی دیاریکراوی قوربانیاندا، ئەوا پشت بە هەندێ کەناڵ و ناوەندی گەیاندن دەبەستن بۆ بڵاوکردنەوەی هەڕەشەکانیان. ئەمەش چونکە ئەگەر مەبەستێکی بۆ چاندنی ترس و تۆقاندن لە ئارادا نەبێت ئەوا توندوتیژییەکە خاوەن ماهیەتی تیرۆریستی نابێت.

بەپێی پۆلێنکردنەکانی ویڤیۆرکا جۆری دووەمی پەیوەندی نێوان میدیا و تیرۆریزم، پەیوەندی بێلایەنی و بێبایەخی رێژەییە. لەم جۆرە پەیوەندییەدا ئەنجامدەرانی توندوتیژی بێبایەخن بەرامبەر بەوەی کە ببنە بابەتی مانشێتەکان، ئەمەش نەك بەهۆی گرنگی نەدانیان بەمیدیا بەهێزەکان، بەڵکو چونکە پێشوەخت هەندێ کەناڵی راگەیاندنیان لەبەر دەستە، کە لە رێیەوە هەڵوێستەکانیان باس و تاوتوێ دەکەن. ئەو جۆرە کەناڵانەی کە ((پێشوەخت

بوونیان هەیە)) و ویڤیۆرکا لە باسەکەیدا ریزیان دەکات بریتین لەچاپەمەنییەکی تاڕادەیەك ئازاد و رادیۆ و ناوەندەکانی رادەربڕینی ئازاد وەك زانکۆ و کڵێسا و مزگەوتەکان. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو کەناڵانەی (پێشوەخت بوونیان هەیە)، ئەگەر میدیای ئەلتەرناتیڤ نەبن، چین؟ جگە لەوە دەکرێ ئەنتەرنێتیش بۆ ئەم کەناڵانە زیاد بکرێ کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن تیرۆریستانەوە بەکاردێت. دووەمین پۆلێنی ویڤیۆرکا لێرەدا بابەتی باسەکە نییە.

سێیەمین شێوازی پەیوەندی بەلای ویڤیۆرکاوە کە بە (ستراتیژی رووەو میدیا) ناسراوە، خۆی لەخۆی دەدوێت. مەبەستی ئەو لەم جۆرە پۆلێنە ئەوەیە، کە هەوڵە تیرۆریستییەکان خۆیان میدیا دەوروژێنن. ویڤیۆرکا پێیوایە کە ئەمە تەنیا حاڵەتە تیایدا تیرۆریستان دەگلێنە نێو پەیوەندییەکی ئامرازی لەگەڵ میدیادا. بەڵام لە راستیدا بەشێکی غەریزی کرداری تیرۆر و تۆقاندن بریتییە لە بەکارهێنانی هەندێ شێوازی راگەیاندن وەك ئامراز بۆ پەخشکردنی پەیامی هەڕەشە و ترساندن.

ئەمە هەروەها بەسەر چوارەمین شێوازی پەیوەندی (ویڤیۆرکا)دا دەچەسپێت کە ئەو بە (دابڕانی تەواو"ی وەسف دەکات، کە بە رای من دەکرێ بە شێوەیەکی وردتر بە ((ناچارکردنی میدیا)) لە قەڵەمبدرێت. لێرەدا ویڤیۆرکا ئاماژە بەو حاڵەتانە دەدات کە تیایدا تیرۆریستان بەچاوی دوژمن سەیری رێکخراوەکانی میدیا و رۆژنامەنووسی و نووسەران و پەخشکاران دەکەن و پێیانوایە دەبێ سزابدرێن و بڕوخێنرێن. ئەو کەسانەی لە میدیادا کار دەکەن زۆرجار بوونەتە ئامانجی توندوتیژی تیرۆریستی لەو ناوچانەی کە ململانێی توندیان تێدا بووە، وەك ئیتاڵیا و تورکیای سالانی (١٩٧٠) و لوبنانی دەیەکانی (١٩٧٠) و



(١٩٨٠). هەندێ رۆژنامەنووس و نووسەر بەهۆی هێرشکردنە سەر بزاڤە تیرۆریستییەکان بوونەتە ئامانج. هەندێکی دیکەشیان هەڕەشەی هێرشکردنیان کراوەتە سەر، وەك هەوڵێك بۆ رێگرتنیان لە بڵاوکردنەوەی وردەکاری چالاکیە تیرۆریستیە سەرکووتکەرەکان. بەڵام ئەم جۆرە هێرشانە بۆ سەر بەشەکانی میدیا نیشانەی ئەوە نییە کە تیرۆریستان لە پڕێکدا پەیوەندییان بە میدیاوە نەماوە و یا وەك ئامراز بەکاریان ناهێنن.

لە راستیدا تیرۆریستان هەرچەندە دژی رێکخراوەکانی ماس میدیادا، هێشتا هەر پشت بە گواستنەوەی هەواڵی هێرشەکانیان لەلایەن میدیاوە دەبەستن بۆ ئەوەی دوژمنە میدیاکارە تایبەتەکانیان بتۆقێنن و ناچار بە بێدەنگی و خۆبەدەستەوەدانیان بکەن، یان بەلانی کەمەوە بیانخەنە دۆخێکی بێلایەنی ناکاراوە. جگە لەوە، ئەو گروپە تیرۆریستیانەی هێرش دەکەنە سەر دامودەزگاکانی میدیا زۆر بەدەگمەن هێرشەکانیان بە ئەلتەرناتیڤ بۆ ئۆرگان و پڕوپاگەندەکانی خۆیان دادەنێن کە بریتین لە بەیاننامە، بڵاوکراوە و مەلزەمە و گۆڤار.

بەگشتی ئۆرگان و هۆکارەکانی پڕوپاگەندەی تیرۆریستان تیراژێکی کەمیان هەیە، بەڵام وەك ئامرازێکی بەهێز بۆ بەرز راگرتنی ئایدیۆلۆژی لە نێو ئەندام و هاوسۆزان و بڵاوکردنەوەی ئایدیاکانیان بە نێو گروپە هاوسۆزەکانی تردا بەکاری دێنن. شتێکی کالڤامانە دەبێ گەر کاریگەری و بایەخی کەناڵەکانی پڕوپاگەندەی تیرۆریستان بەکەم دابنێین کە وەك هۆکاری جۆشدان و روونکردنەوەی سیاسەت و تاکتیکە نوێیەکانی سەرکردایەتی بۆ ئەندامان بەکاردێن. کاتێك سەرکردە تیرۆریستیەکان بناغە و ژێرخانی یارمەتیدانی تیرۆریزم لە دەرەوەی سنووری

ولاتەکانیان دادەمەزرێنن، بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە و کەناڵەکانی تری پڕوپاگەندە بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە بەشێکی سەرەکی چالاکیەکانیان.

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان تیرۆریزم و میدیا، باشترین شێواز بریتییە لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانینی تیرۆریستان دەربارەی کێشەی گەیاندن. لە کاتێکدا شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە بەکارهێنانی تیرۆریزم وەك چەکێك بۆ رووخاندنی حکومەتەکان و وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی زۆر ناکاریگەرە، بەڵام لە کۆمەڵگا کراوە و فرەییەکانی رۆژئاوادا هۆکارێکی سەرکەوتوو بوو بۆ ئاشکراکردنی دۆزێکی سیاسی و بڵاوکردنەوەی هەڕەشەی تیرۆریستی بە نێو ژمارەیەکی فراوان لە خەڵکدا.

کاتێك مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا دەڵێ ((تیرۆریزم))، مەبەستی ((میدیا))یە. چونکە تیرۆریزم بەپێی ماهیەتەکەی بریتیە لە چەکێکی سایکۆلۆژی کە بەندە لەسەر گواستنەوەی هەڕەشە بۆ کۆمەڵگایەکی بەربلاوتر. هەربۆیە لە جەوهەردا پەیوەندییەکی پێکەوە ژیان لە نێوان تیرۆریزم و میدیادا هەیە. ئاشکرایە کە میدیای ئازاد نوێنەرایەتی بەها تیرۆریستیەکان ناکات، ئەم جۆرە میدیایە بەگشتی دەرخەری بەها بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتییە. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا میدیاکان لە رکابەری توندوتۆڵدان بۆ وەدەستهێنانی جەماوەری زیاتر و بە بەردەوامی لەژێر گوشاری ئەوەدان کە یەکەم سەرچاوەی هەواڵ بن و زانیاری و وروژاندن و سەرگەرمی زیاتر لە رکابەرانیان پێشکەش بکەن.



کەواتە لێرەوە ناچار دەبن کە وەلامگۆی پڕوپاگەندە تیرۆریستیەکان بن، چونکە ئەو کردەوانە بۆ خۆیان هەواڵی ناخۆش و سەرسوڕهێنەرن. کەواتە هەروەك پێشتر باسکرا، میدیا لە جۆرە پەیوەنییەکی پێکەوە ژیانیدایە لەگەڵ تیرۆریزم. هەڵبەت ئەمە بەواتای کۆنترۆلکردنی میدیا لەلایەن تیرۆریستانەوە نایەت، بەڵکو بەو مانایە دێت، کە تیرۆریستان بە بەردەوامی لە هەولی ئیستیغلال کردن و قۆستنەوەی میدیای ئازادن بۆ ئامانجەکانی خۆیان. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە کەسایەتییە بەرپرسیار و پرۆفیشناڵەکانی نێو میدیا و جەماوەر دەبێ بە بەردەوامی خۆیان لەو هەولە تیرۆریستیانە بپارێزن کە بە مەبەستی قۆستنەوەی ئەوان بەکاردێت.

لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا، تیرۆریستان بە چاوێکی تەواو رەشبین و هەلپەرستانە سەیری ماس میدیا دەکەن و جگە لە سوکایەتی کردن بەبەها و تێڕوانینەکانی ماس میدیای دیموکراتی نەبێت شتی زیاتریان پێ نییە. بۆ نموونە ئەوان ((تیرۆریستان)) خەمخۆریی میدیا بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان بە دووڕوویی و سۆزداری لە قەڵەم دەدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە سەرکردە تیرۆریستیەکان باش ئاگاردارن کە دەکرێ بەهۆی راگەیاندنی نەیارەوە زیان بە دۆزەکەیان بگات. کەواتە بزاڤە تیرۆریستییە هۆشمەندەکان و بەرەو رێکخراوە سیاسیەکانیان وەك شین فێن (Shin Fein) و یا هەری باتاسۆنا (Herri Batasuna) کات و کوششێکی زۆر بۆ بەرپاکردنی جەنگی پڕوپاگەندە لە سەر هەردوو ئاستی نێوخۆیی و نێودەولەتیدا تەرخان دەکەن.

لە جەنگە پڕوپاگەندەکاندا تیرۆریستان بەردەوام جەخت لە سەر دادپەروەری و شەرعیەتی رەهای دۆزەکەیان دەکەن. ئەم بانگەشەی دادپەروەرییە لەسەر بنەمای

ئایدیۆلۆژییەکی سکۆلارەوە دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەمڕۆش بایەخی بۆژانەوەو سەرهەڵدانی پاساوە ئایینیەکان بۆ تیرۆر لە یاد نەکەین. باوەڕەکانی گروپە بونیادگەرا تیرۆریستەکانی سەر بە ئێران کە پێیانوایە کردەوەی توندوتیژی لەلایەن یەزدانەوە فەرمانی پێکراوە و شەهیدبوون لە رێگەی خەباتی دژ بە کافراندا دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت، هەڕەشەی زۆر جیدییە بۆ سەر نەیاران. بەهەرحاڵ جیا لەوەی کە ئایا تیرۆر لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی سکۆلار یان باوەڕی ئایینیەوە دامەزراوە، بڕوابوون بە دادپەروەری رەهای دۆزەکەیان سیفەتێکی ناسێنەری پڕوپاگەندەی هەموو رێکخراوە تیرۆریستیەکانە.

ئەم جۆرە باوەڕانە هەندێ دەرهاویشتەی گرنگیان لێدەکەوێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە تیرۆریستان دەتوانن و پەنا دەبەنە بەر ئەو بانگەشەیە، چونکە توندوتیژی ئەوان لە پێناو دۆزێکی دادپەروەرانەیە، کەواتە ئەوان جەنگاوەری ئازادی و سەربازی ڕزگارکەرن و جەنگەکەیان دادپەروەرانەیە. ئەوان زۆر بە هەست و سۆزەوە نکۆڵی لەوە دەکەن کە کردەوەکانیان دەچێتە خانەی تاوان یا کوشتن.

دەرهاوێشتەی دووەم ئەوەیە کە بەهۆی باوەڕبوونیان بەڕاستی و لەسەر هەق بوونی خۆیان، تیرۆریستان دەتوانن نەیارانیان نەتەنها وەك گومڕا بەڵکو بەشێوەیەکی تەواو ئەهریمەنی و وەك ستەمکاری بێچارە و گەندەڵ وێنا بکەن. جا لەبەرئەوەی کە دوژمنانیان گەندەڵ و بێچارەن، تیرۆریستان کوشتنی ئەوان (دوژمنان) و هەرکەسێکی تر کە رێگر و بەرەنگاریان دەبێت، بە ئەرکی خۆیان دەزانن.
سێیەم دەرهاویشتە ئەوەیە، لەبەرئەوەی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەو باوەڕەدایە کە لە خەباتێکی مانیگەرانەیە(١) لە دژی هێزە ستەمکار و دواکەوتووەکانی، بۆیە ناتوانێ تەحەمولی کەسانی بێلایەن بکات و دەڵێ: کە تۆ دەبێ یا لەگەڵ



ئێمەدابی یا لە دژمان. ئەگەر تۆ لەگەڵماندای، کەواتە لە ریزی دۆزەکەمان بەو لە دژی دوژمن بجەنگە و ئەگەر بە شێوەیەکی کارا لەگەڵمان نیت ئەوا بە خائینت لەقەڵەم دەدەین و مافی خۆمانە کە بتکوژین.

سا مەغزای پڕوپاگەندە کاری دیکە هەن کە توانای تیرۆریستان بۆ بەکارهێنانی بانگەشەی ئەخلاقیبوونی تەواو وەك چەکێکی سایکۆلۆژی پیشان دەدەن. بۆ نموونە بانگەشەی ئەخلاقیبوون بەکار دێنن بۆ لاوازکردنی هەموو بانگەشەکانی شەرعیەت لەلایەن کاربەدەستانەوە. (دوژمنان بە دژایەتی و نکۆڵیکردن دادپەروەری دۆزەکەمان، هەموو مافی خۆیان بۆ رێزگرتن و گوێڕایەڵبوونیان لە دەست دەدەن. ئەوان چیتر خودان شەرعییەت نین و ئێوە نابێ ملکەچی دەسەڵات و قسەیان بن، بەڵکو دەبێ باوەڕتان بە ئێمەی رێکخراوی تیرۆریستی هەبێت. ئەم مەغزای بە ئەخلاقیبوونە لەلایەن تیرۆریستانەوە بەکاردێت بۆ ئەوەی بەرپرسیاری هەموو توندوتیژییەك بخەنە ئەستۆی نەیارانەوە.

کاتێ بزاڤێکی (تیرۆریستی) دەست بە توندوتیژی دەکات دەڵێ: (توندوتیژی ئێمە کاردانەوەیەکی پاساو بۆ هێنراو بوو لە دژی ئەو توندوتیژییەی لەلایەن دوژمنانەوە بەسەرمانداسەپێنرابوو، کەواتە دەبێ بەرپرسیاری هەموو ئازارەکانی خەڵك بخرێتە ئەستۆی نەیارانمانەوە. جەماوەری خەڵك دەبێ دەرك بەم راستیە بکەن و تاوڵەی بەختی خۆیان لەگەڵ بزاڤەکەی ئێمەدا هەڵدەن، کە سەرەنجام بەشێوەیەکی حەتمی سەرکەوتن بەدەست دێنێت)). هەموو ئەم مەغزایانە دەکرێ لە پروپاگەندەی چەندین رێکخراوی تیرۆریستی هاوچەرخدا ببینرێت. ئێمە قەت نابێ شارەزایی گروپە تیرۆریستییەکان لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وەهمانە - لەنێو جەماوەر و سیاسەتوان و گروپە کاریگەرەکانی تر - بەکەم بزانین. ئەگەر



PDF 4 KURD

حکومەتەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەدییاتە هۆشمەندانەو لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ خراپەکاری سیاسی و سایکۆلۆژی تیرۆریستان سەرکەوتن وەدەست نەهێنن، ئەوا دەکەونە سەر سکەی کارەساتەوە.

باوترین تەکنیکی تیرۆریستی بۆ کارتێکردنە سەر ماس میدیا و گەیشتن بە زیاترین جەماوەر بریتییە لە ئەنجامدانی ڕووداوی تیرۆریستی و پڕۆپاگەندەی چەکداری بەمەبەستی فریودانی ماس میدیا بۆ ئەوەی پڕۆپاگەندەی زۆر بۆ تیرۆریستان بکەن و وەك هێزێکی ئەوەندە بە توانا وێنایان بکەن، کە بەرەنگاربوونەوەیان گێلایەتی بێت. گەر بە کورتی لە سروشتی پەیوەندی پێکەوە ژیانی نێوان تیرۆریستان و میدیا بدوێین، ئەوا مێژووی هاوچەرخی تیرۆریزم لە زۆر وڵاتی دیمۆکراتیدا دەرخەری ئەوەیە، کە تیرۆریستان لەسەر ئۆکسجینی پڕوپاگەندە و ناوبانگ دەژین و نکۆڵی کردن لەمەش شتێکی گەمژانەیە. هەڵبەت ئەوە بەو واتایە نایەت کە میدیای دیمۆکراتی لە بەهاکانیاندا لەگەڵ تیرۆریستان هاوبەشن، بەڵام پیشاندەری ئەوەیە کە میدیای ئازاد لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا قابیلی ئیستغلال کردن و قۆستنەوەیە لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستیە دڵڕەقەکانەوە. بەگشتی تیرۆریستان لە بەکارهێنانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و میدیای چاپەمەنیدا چوار ئامانجی سەرەکیان هەیە:

١- گواستنەوەی هەواڵ و پڕوپاگەندەی کردەوەکانیان و دروستکردنی ترس لە نێوان گروپە بەئامانجکراوەکان.

٢- کۆکردنەوەی پشتگیری زیاتر بۆ دۆزەکەیان لەنێو خەڵکی عام و ڕای نێودەوڵەتی، ئەوەش لە ڕێی جەختکردنە سەر کۆمەڵێ مەغزای وەك ڕاستبوونی دۆزەکەیان و حەتمی بوونی سەرکەوتنیان.



٣- بێهیوا کردن و لەباربردنی کاردانەوەی حکومەت و هێزە ئەمنیەکان، ئەمەش بۆ نموونە بە گوتنی ئەوەی کە هەموو ڕێوشوێنە پراکتیکیە دژە تیرۆریستیەکانی (حکومەت) زاڵمانە و زیان پێگەیەنەرە.

٤- کۆکردنەوە و هاندان و بەهێزکردنی لایەنگرە ڕاستەقینەکانیان و ئەوەش بە مەبەستی زیادکردنی سەربازگیری و دەستەبەرکردنی بودجەی زیاتر و ئیلهام بەخشین و هاندانی هێرشی زیاتر.

(ئالێکس پی شمید) لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی بەنرخ دەربارەی هەواڵدانی ماس میدیا دەربارەی ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکەی TWA Flight 547 بۆ بەیروت - لە کاتێکدا لە قاهیرەوە بۆ ڕۆما دەچوو - باس لەوە دەکات کە چۆن تیرۆریستان توانیان ئەو ڕووداوە ساختەیە بقۆزنەوە بۆ وەدەستهێنانی ناوبانگێکی بەربڵاو. شمید بۆ نموونە تێبینی ئەوە دەکات کە کەناڵێکی وەك NBC نزیکەی دوو لەسەر سێی کاتی هەواڵی خۆی بۆ ئەو قەیرانەی کە دەربارەی چارەنووسی بارمتە ئەمریکیەکانی نێو فڕۆکەکە لە ئارادا بوو، تەرخانکردبوو. ئەو بارمتانە بۆ ماوەی (١٧) ڕۆژ لە بەیروت ڕفێنرابوون. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە بارمتەکان دە ئەوەندەی تیرۆریستان لە هەواڵەکانی میدیادا گرنگیان پێدرابوو. هەروەك شمید دەڵێ ((خستنەڕووی هەواڵی بارمتە ئەمریکیەکان بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئەو ٣٩ بارمتە ئەمریکیە و ئەوەش وایکرد کە دەستبەرداربوون و قوربانی کردنیان لەلایەن حکومەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، زۆر گران لەسەر ئەو حکومەتانە بوەستێ)). ئەو هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاپرسییەکان پیشانیاندەدا کە زۆرینەیەکی بەرچاوی خەڵکی ئەمریکا ستایشی گواستنەوە و داپۆشینی هەواڵی ڕووداوەکەیان لەلایەن میدیاوە دەکرد.



PDF 4 KURD

لەو ڕکابەرییە چڕوپڕەی کە لە نێوان تۆڕە تەلەڤزیۆنییە سەرەکییەکانی ئەمریکادا بۆ ڕاکێشانی بینەران هەبوو، گرنگییەکی زۆریان بە گواستنەوەی هەواڵەکە و دەرخستنی بارمتەکان دەدا بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە زیاترین ژمارەی ئەمریکییەکان دەرك بە کێشەی بارمتەکان دەکەن. ئەمەش دواجار بووە هۆی زیادبوونی گوشار بۆ سەر حکومەتی ئەمریکی و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بۆ سەر حکومەتی ئیسرائیلی بۆ ئەوەی کە هەر سەودایەکی پێویست ئەنجام بدەن بۆ ئازادکردنی بارمتەکان. فڕۆکە ڕفێنەران کە سەر بە گروپی جیهادی ئیسلامی شیعەبوون داوای ئازاد کردنی ٧٧٦ بەندی شیعەیان دەکرد کە لە زیندانەکانی ئیسرائیلدا بوون. لە ئەنجامدا بەلانی کەمەوە ٧٥٦ بەندکراوی شیعە لە بەرامبەر ئازادکردنی ٣٩ بارمتەکەدا بەرەڵاکران. بۆیە ئالێکس شمید بە دروستی دەگاتە ئەم ئەنجامگریانە:

هەوڵدانی بەربڵاو دەربارەی خێزانی بارمتەکان و خەمەکانیان لەلایەن میدیاوە، بە قازانجی تیرۆریستان شکایەوە. ئەنجامەکە سەرکەوتنێك بوو بۆ بارمتەکان و تیرۆریستان و بووە هۆی لاوازبوونی سیاسەتی ڕاگەیەنراوی ئیدارەی ئەمریکی کە لەگەڵ بارمتەکان ((هیچ سەودا و تەنازولێك ناکات)) و ئەمەش ڕەنگە ئەگەری لاساییکردنەوەی کردەوەی هاوچەشنی دیکەی لەلایەن تیرۆریستانەوە زیاد کردبێت.

جگە لەوەش، فێڵ لە خۆمان دەکەین گەر بێتو باوەڕ بکەین کە ئەو زێدەڕۆییە ترسناکەی لەلایەن میدیاوە دەربارەی نمایشی تیرۆریستان دەکرا، تەنیا ئەنجامی کۆمەڵێ هەڵەی نەویستراوی ڕێکخراوەکانی میدیا بوو. تۆڕە سەرەکییەکانی ئەمریکا هەموویان زۆر بەتوندی لە ڕکابەریدان بۆ زیادکردنی بازاڕی بینەران و بۆ داهاتی ڕێکلامی زیاتر کە دەتوانن لە ڕێی ئیستغلال کردنی تامەزرۆی لەبن



نەهاتووی جەماوەر بۆ هەواڵی ڕووداوە تیرۆریستیە گەورەکان وەدەستی بێنن. بۆ نموونە لە سێ هەفتەی یەکەمی قەیرانی بارمتەکانی تاران لە ساڵی ١٩٧٩ دا، هەموو تۆڕە تەلەڤزیۆنییە سەرەکیەکانی ئەمریکا ژمارەی بینەرانیان بە ڕێژەی (١٨٪) زیادی کرد. بە پێی وتەکانی حەمید مەولانا لە ساڵی ١٩٧٩ دا تۆڕە تەلەڤزیۆنییەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر زیادبوونی هەریەك لەسەدا (١٪)ی ڕێژەی بینەران، توانیان داهاتێکی زیادکراو بە بڕی ٣٠ ملیۆن دۆلار لەو ساڵەدا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. بە واتایەکی تر ئەگەری ئەوە هەیە خاوەن و جێبەجێکارە سەرەکیەکانی ڕێکخراوەکانی میدیا لە کاریگەرییە بەربڵاوەکانی هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی جەماوەری زیاتر بێئاگا بن. لە ڕووداوی بارمتەکانی تاراندا، جەختکردنەوەی بەردەوام و نەگونجاوی تۆڕە تەلەڤزیۆنیەکان لەسەر چارەنووسی بارمتەکان و وێناکردنی ئیدارەی ئەمریکی بە شێوەیەك کە توانای ئازادکردنی بارمتەکانی نییە، بووە هۆی لاوازکردنی جیمی کارتەری سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا و ڕێخۆشکردن بۆ هەڵبژاردنی ڕۆناڵد ڕێگان. هەردوو نموونەی ڕووداوەکانی ڕفاندنی فڕۆکەی TWA Flight 847 و قەیرانی بارمتەکانی تاران، پیشاندەری ئاشکرای هێزی ماس میدیان. هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە کە ئاماژە بەوە بدات ڕێکخراوەکانی ماس میدیای ڕۆژئاوایی ئامانجی هاوبەشیان لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندا هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو تیرۆریستە هۆشمەندانەی کە تێگەیشتنی باشیان لە میدیا هەیە دەتوانن هێزی ماس میدیا بۆ مەبەستە خراپەکانی خۆیان بقۆزنەوە و بەکاری بێنن.

تا ئێستا ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان تیرۆریستان و میدیا بووین بەبێ ئەوەی یاریچیە سەرەکییەکانی تر، وەك دەزگاکانی جێبەجێکاری یاساو حکومەتی کاربەدەست لە بەر چاو بگرین. ئەوەی کە گرنگە

و دەبێ جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کە ئامانج و خەمەکانی دەزگا جێبەجێکارەکانی یاسا لە بارودۆخە تیرۆریستییەکاندا، نەتەنها جیاوازە لەوەی میدیا بەڵکو بە شێوەیەکی جەوهەریش دژ بەیەکن. ئامانجی ماس میدیا بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەوتۆ بەر لە رکابەرەکانیان کە ببێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی جەماوەر و بەم شێوەیەش ببێتە هۆی زیادبوونی بینەر و داهاتەکانیان. لە بەرامبەردا پۆلیس بەر لە هەموو شتێ بەتەنگ پاراستنی ژیان و چەسپاندنی یاسا و دەستگیرکردنی تاوانباران و راپێچ کردنیانە بۆ بەردەم دادگا و دادپەروەری. چەندین نموونەی وا روویداوە کە تێیاندا هەوڵەکانی پۆلیس بەشێوەیەکی راستەوخۆ کەوتوونە بەر هەڕەشەی رەفتاری میدیا، بۆ نموونە لە کاتی گەمارۆدانی باڵیۆزخانەی ئێران لە (پرەنسیس گەیت)ی لەندەن لەساڵی ۱۹۸۰، پۆلیسی لەندەن زۆر لە خەمی ئەوەدا بوو کە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی بارمتەکان لەلایەن هێزی تایبەتی ئاسمانی (SAS)یەوە بە نهێنی ئەنجامبدرێت. بەڵام وێنەگرێکی کەناڵی (ITN) بە پێچەوانەی رێنماییەکانی پۆلیس توانی وێنەی رزگارکەران بگرێت لە کاتێکدا بە گورێس لە دیواری باڵیۆزخانەکە دەچوونە خوارەوە. ئەگەر بهاتایە و ئەو وێنانە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر تەلەفزیۆن پیشانبدرایە، ئەوا دەبووە هۆی کەوتنە مەترسی سەرجەم پرۆسەی رزگارکردنی بارمتەکان. نموونەیەکی بەرچاوی دیکەی نا بەرپرسیاری میدیا لە کاتی رفاندنی فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی کوێت لەلایەن تیرۆریستانی حیزبوڵلاوە لە ساڵی ۱۹۸۸ روویدا. کاتێك فڕۆکەکە لە (لارناکا)ی قوبرس نیشتەوە، لەوانەیە دەرفەت بۆ رزگار کردنی بارمتەکان لەلایەن هێزێکی کۆماندۆی دەستەبژێرەوە هەبووایە. رێگری سەرەکی بەردەم ئەنجامدانی ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنە خۆتێهەڵقورتاندنی بەردەوامی میدیای نێو دەوڵەتی بوو کە بە



کۆمەڵێ کەلوپەل و کەرەستەی خودان تیشکی خوار سوور چوار دەورەی فڕۆکەکەیان دابوو و ئەمەش وایکردبوو کە تەنانەت لە کاتە تاریکەکانیشدا ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردن مەیسەر نەبێت.
جۆرێکی دیکەی نابەرپرسیاری میدیا بووە هۆی ئەوەی کە دادگایەکی بەریتانی لە کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۹۷ دا واز لە دادگاییکردنی پێنج تیرۆریستی سەر بە سوپای کۆماری ئێرلەندا (IRA) و دزێکی چەکدار بێنێت کە توانیبوونیان لە زیندانی وایتمۆر هەڵبێن، کە لە رووی رێوشوێنی ئەمنیدا زۆر توندوتۆڵ بوو. لەلایەن خۆیەوە، دادوەری دادگاکە رایگەیاند کە بڵاوکردنەوەی هەندێ شت لەلایەن رۆژنامەی لاندن ئیڤەنینگ ستاندارد ( Landon Evening Standard) بووەتە رێگر لە بەردەم دادگاییکردنی عادیلانەی تاوانباران.

لە کۆمەڵگایەکی کراوەی خاوەن میدیای ئازاد، گرێنتی ئەوەی کە ئۆپەراسیۆنە دژە تیرۆریستییەکانی پۆلیس لە مەترسی تێکدانیان لەلایەن میدیای نابەرپرسیارەوە دەپارێزرێن شتێکی زەحمەتە. لە راستیدا رەگەزێکی سەرەکی داڕشتنی ستراتیژییەکی سەرکەوتووی دژە تیرۆریزم لە کۆمەڵگای دیمۆکراتیدا بریتیە لە هەبوونی سیاسەتێکی زانیاری گشتی کاریگەر و مەعقول کە ببێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی ماس میدیا تاڕادەیەکی گونجاو.

ئەم توانایەی میدیا و سەرکردایەتی سیاسی لە مۆبیلیزەکردن و رێکخستنی رایەکی گشتی دیمۆکراتی بە دەرخەری یەکێك لە کەموکوڕییە بنەڕەتیەکانی ستراتیژی تیرۆریستان دادەنرێت. تیرۆریستان سوکایەتی بەڕای گشتی دیمۆکراسییەت دەکەن و پشتگوێی دەخەن. تیرۆریستان پێیانوایە ئەگەر توندوتیژییەکەیان بە رادەی پێویست توندبێت ئەوا دەبێتە هۆی تۆقاندنی ئەو

گروپ و ئامانجانەی کە ئەوان دەیانەوێت. هەروەها بڕوایان بە رووخانی حەتمی ویستی لایەنی بەرامبەر هەیە. ئەم بۆچوون و گریمانەیە تەنانەت گەر بە شێوەیەکی رووکەش لێی بڕوانین زۆرخۆش باوەڕانە و کاڵفامانەیە. بۆچی دەبێ ئەو خەڵکەی لە بەردەم هەڕەشەی تیرۆریستاندان هێندە گوێڕایەڵ و لاواز بن؟ تیرۆریستان بەم شێوەیە نە تەنها گۆڵێك لە خۆیان دەکەن، بەڵکو بەرەنگاری کۆمەڵگا لە دژی خۆیان توندتر دەکەنەوە و دەبنە هۆی وەرگرتنی رێوشوێنی توندتر و کاریگەرتر (لەلایەن کۆمەڵگا و حکومەت، دژ بە وان) کە رەنگە ببێتە هۆی تێکدان و لاوازکردنی هەمیشەیی بزاڤە شۆڕشگێڕییەکەیان.

هەندێ شێوازی گرنگی دیکە هەن کە بە هۆیانەوە لە سیستەمێکی دیموکراتیدا میدیای بەرپرسیار دەتوانێ ببێتە هۆی لەبارچوونی ئامانجەکانی تیرۆریستان. تیرۆریستان حەزیان لێیە خۆیان وەك رۆبن هۆدێکی شەریف و پاڵەوانی خەڵکی چەوسێنراو و ژێرپێخراو پیشانبدەن. بە پیشاندانی وەحشیگەری و توندوتیژی تیرۆریستان و ئەو رێگایانەی ئەوان بە هۆیانەوە مافی بێگوناهان پێشێل دەکەن، میدیا دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ لەنێوبردنی ئەو ئەفسانەیە. زۆر ئاسانە کە بە هۆی بەڵگەنامەی فۆتۆگرافی و ئاساییەوە پیشانبدرێت کە چۆن تیرۆریستان رەچاوی هیچ رێسا و یاسایەکی جەنگ ناکەن و بێبەزەییانە ژن و منداڵ و پیر و نەخۆش قەتلوعام دەکەن. ئەمەش چونکە لە روانگەی کردەوە تیرۆریستیەکانەوە کەسی بێگوناه و بێلایەن نییە و هەمووان دەکرێ ببنە قوربانی ئامانجە باڵاکانی دۆزی تیرۆریستان.

کەواتە میدیا دەتوانێ چ شتێکی تر بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ لە خەباتی دژە تیرۆریزم پێشکەش بکات؟ چەندین جۆر و شێوازی یارمەتی پراکتیکی هەن کە



میدیا دەتوانێ پێشکەشیان بکات. بۆ نموونە راپۆرتی وردو بەرپرسیارانە لە رووداوەکان دەتوانێ هۆشیارییەکی زیاتر لە نێو جەماوەردا دروست بکات بۆ ئەوەی رەچاوی کێشەو کەس و رەفتاری نا ئاسایی بکەن. لە ئاستی پراکتیکیدا میدیا دەتوانێ هوشداری و رێنمایی پۆلیس دەربارەی چۆنیەتی کاردانەوە لە کاتە نائاساییەکاندا بگەیەنێتە خەڵك. ئەو جۆرە میدیایەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کار دەکات، دەتوانێ زانیاری و سەرەداوی گرنگ دەربارەی بزاڤە بیانییەکان و پەیوەندی نێوان هەندێ کەسایەتی لەگەڵ رێکخراو و کەسایەتییە تیرۆریستیە جیاجیاکانی دیکە بەدەستەوە بدات. هەروەها دەتوانێ زانیاری و سەرەداو لەسەر جۆرەکانی چەك و هێماو نیشانەی هەڕەشەکانی داهاتوو فەراهەم بکات. دواجار میدیا دەتوانێ یانەیەکی گفتوگۆ بۆ تاووتوێکردنی ئاگایانە دەربارەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی تیرۆریزم و گەشەپێدانی سیاسەت و رێوشوێنی دژە تیرۆریستی شیاو دەستەبەر بکات. هەروەها ئەو میدیایەی نرخێکی زۆر بۆ ئازادییە دیموکراتیەکان دادەنێت، بە شێوەیەکی راست و پێویست دەسەڵاتداران دەربارەی بەرپرسیارییە بەربلاوەکانیان وەئاگا دێنن. ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی کە وەڵامدانەوەی حکومەت بەرامبەر بە تیرۆریزم بەپێی سەروەری یاسا و رێزگرتنی ماف و داواکارییە بنەڕەتییەکانە بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

بەکورتی دەکرێ بگوترێ بەشداری و رۆڵی میدیا لە جەنگی دژە تیرۆریزم هێندە بەنرخە کە زیاترە لە زیان و مەترسییەکان و ئەو زیانە حەتمیەی لەلایەن کەمینەیەکی بچووك لە رۆژنامەنووس و پێشکەشکارە نابەرپرسیارەکانەوە دروست دەکرێت. کارە پۆزەتیڤەکانی میدیاکان بە شێوەیەکی فراوان پشتگوێ دەخرێت و یان بە کەمی باسی لێوە دەکرێت. لە راستیدا هێرشکردنە سەر میدیا بۆ سیاسەتوانەکان کارێکی عادیلانەیە. هەڵسەنگاندنێکی دیکە ئاماژە بەوە



PDF 4 KURD

دەکات کە میدیا لە وڵاتە لیبراڵەکانی رۆژئاوا چەکێکە دەکرێ وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ شکست پێهێنانی تیرۆریزم بەکاربێت. میدیا دەبێ نەبێتە ئامرازێك بە دەست تیرۆریستانەوە.

ئێمە بەکورتی تیشکمان خستە سەر تێروانین و بۆچوونی دەسەڵاتدارانی بەرپرسیار لە چەسپاندنی یاسا سەبارەت بە هەوڵدانی میدیا دەربارەی تیرۆریزم. هەروەها تێبینی ئەوەمان کرد کە هەرچەندە لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا ئەگەری ئیستغلال کردنی ماس میدیا لەلایەن تیرۆریستان لە ئارادایە، بەڵام لە هەمانکاتدا میدیا دەتوانێ بەشدارییەکی بەنرخی لە شکستدانی تیرۆریزم هەبێت. کەواتە ئەو ئەگەرە سیاسیانە چین کە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا لە بەردەم میدیایەکەدا کە وەك کاردانەوە بەرامبەر بە تیرۆریزم پەنایان بۆ ببات؟ یەکەم، سیاسەتێك بە ناوی ((دەستێوەرنەدان)) هەیە کە پێیوایە ئاستی توندوتیژی و هەڕەشە و زەبروزەنگ هەرچەندە جیدی بێت، نابێ هیچ هەنگاوێکی دیاریکراو بۆ رێگرتن لە هەوڵدانی میدیا دەربارەی تیرۆریزم بهاوێژرێت. مەترسییەکانی ئەم تێڕوانینە ئاشکرایە، چونکە تیرۆریزمی هۆشمەندانە و ئاگادار دەربارەی میدیا هەڵدەستێ بە ئیستغلال کردنی دەسەڵاتی میدیا بۆ بەهێز کردنی پڕوپاگەندە دەربارەی کردەوەکانی و پەخشکردنی دۆزەکەی و باج وەرگرتنی زۆرەملێ لە حکومەت و کۆمپانیا و کەسایەتیە دەوڵەمەندەکان. لە باشترین حاڵەتدا ((تێڕوانینی دەستێوەرنەدان)) دەبێتە هۆی هاندانی هێرش و کەوتنە مەترسی ژیان و خانوبەرەی هاوڵاتیان. لە توندترین حاڵەتی توندوتیژیدا کە تیایدا ماس میدیا دەبێتە ملکەچ و دەستەمۆ و هاوپەیمانی هەڵمەتێکی تیرۆریستی، ئەوا ئەگەری هاتنە ئارای شەڕی ناوخۆ و هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری و بەردەوامی دیموکراسی لە ئارادایە.



دووەم سیاسەت کە میدیا دەکرێ وەك وەڵامدانەوە بەرامبەر تیرۆریزم بیگرێتە بەر بریتییە لە جۆرە سانسۆرێکی میدیایی و یان رێکخستنێکی سزایی. سەبارەت بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی میدیا جا چ بە چاکە بێت یا خراپی، جێی سەرسوڕمانە کە هەندێ وڵاتی دیموکراسی لە رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هەڵمەتە تیرۆریستیەکان هەوڵی رێگرتن لە دەستپێگەیشتنی تیرۆریستان بە سەکۆیەکی گرنگی میدیایی دەدەن. ئەمە یەکێك لە نیگەرانییە سەرەکیەکانی سەرۆك وەزیرانی جارانی بەریتانیا واتە (مارگرێت تاچەر) بوو کە داوای دەکرد تیرۆریستان دەبێ لە ئۆکسجینی ناوبانگ و ئاشکرابوون بێبەش بکرێن و لەو رووەوە حکومەتی بەریتانیا قەدەغەی لەسەر بڵاوکردنەوەی دەنگی وتەبێژەکانی تیرۆریستان دانا.

نزیکترین نموونەی هاوشێوە لە دانانی قەدەغە لەسەر میدیا، لە رێگرتن لە ئاماژەکردن بۆ سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندا (IRA) و شین فێن لە وڵاتی ئیرلەندا بەدیدەکرێت. بەپێی برگەی (٣١)ی یاسای دەسەڵاتی پەخش لە ئیرلەندا دەرچووی ساڵی ١٩٦٠، چاوپێکەوتن لەگەڵ IRA و شین فێن و وتەبێژە تیرۆریستیەکانی تر قەدەغە کرابوون. لە بەرامبەردا، شین فێن گلەیی ئەوەی دەکرد کە ئەوان پارتێکی سیاسی یاسایین لە کۆماری ئیرلەندا و مافی یاساییان هەیە بۆ هەبوونی کاتی پەخش. بەڵام (کۆنور کروز ئۆبرییەن) واتە ئەو وەزیرەی کە قەدەغەکەی سەپاندبوو دەیگوت کە شین فێن پارتێکی سیاسی شەرعی نیە بەڵکو ((ئاژانسی پەیوەندییە گشتییەکانی باندێکی مرۆڤکوژە)). هاوکات مشتومڕ و دیباتێکی هاوشێوە دەربارەی سەپاندنی قەدەغە لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە بۆ سەر شین فێن لە ئارادابوو.

کاردانەوە توڕەئامێزەکانی شین فێن بەرامبەر بەو قەدەغەیەی لەلایەن حکوومەتی



PDF 4 KURD

بەریتانیاوە بەسەر وتەبێژەکاندا سەپێنرابوو، ئاماژەیە بۆ دەرککردنی سەرکردەکانی شین فێن بەوەی کە قەدەغەکردنەکەی حکوومەتی بەریتانیا، بووەتە هۆی زیان پێگەیشتنی ڕێکخراوەکەیان. لەگەڵ ئەوەشدا پرۆگرامەکانی دەنگوباسی بەریتانیا هێندە شارەزاییان لەو بوارەدا پەیداکردبوو کە لەو فیلمانەی لە بارەی سەرکردەکانی (شین فێن)ەوە پەخش دەکران، دەنگی ئەکتەریان بەکاردەهێنا و ئەمەش قەدەغەکەی کردبووە گاڵتەجاڕی.

دوابەدوای قەتلوعامەکانی دانبلەین و تاسمانیا لە ساڵی ١٩٩٦ دا جۆرە تامەزرۆییەکی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی فیلم و تەلەڤزیۆن سەریهەڵدا. لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩٦ حکومەتی ئوستراليا جۆرە سانسورێکی نوێی لەسەر فیلم و ڤیدیۆکان ڕاگەیاند، کە بەپێی ئەو سانسۆرە دەبێ تەلەڤزیۆنەکان لەگەڵ V-Chip بگونجێن. V-chip بریتیە لە جۆرە ئامرازێکی قوفڵ کردن کە ڕێدەداتە دایك و باوکان بۆ ڕێگرتن لە پرۆگرامە توندوتیژی و شەڕانییەکان. شایەنی باسە ئوستراليا تەنیا وڵاتە کە تا ئێستا ڕێوشوێنی وای بۆ کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی فیلم و تەلەڤزیۆن گرتبێتە بەر. ئەمەش هەرچەندە کە حکومەتی ئەو وڵاتە دان بەوەدادەنێت ((کەس ناتوانێ بوونی جۆرە هێڵێکی پەیوەندی لە نێوان توندوتیژی ئەلیکترۆنی (تەلەڤزیۆنی) و توندوتیژی لە ژیانی ڕاستەقینەدا بسەلمێنێت)). ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە تا ئێستا ڕێوشوێنی لەو جۆرە لەو دەوڵەتانەی ڕێژەیەکی زۆری توندوتیژی هاندراویان تێدایە، نەگیراوەتەبەر. تەنانەت لە هەنگاوێکی زاڵمانەی وڵاتانی دیموکراسی بۆ بێبەشکردنی تیرۆریستان لە ناوبانگ و پڕوپاگەندە، ساڵی ١٩٨٤ حکوومەتی ئیسپانیا هەستا بە دانانی یاسایەك کە بە هۆیەوە پشتگیری و ستایش کردنی ((ئەو چالاکییانەی لە هی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەچن)) بەکردارێکی



تاوانکاری دەژمێردرێت. هەروەها بە گوێرەی هەمان یاسا، بڵاوکردنەوە و چاپکردنی کردەوە و مێژووی یادەوەری ئەندامانی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە لەلایەن میدیا و ریپۆرتاژ و هەواڵ و وێنەی گرافیکی و بەیاننامە و بەگشتی هەر جۆرە فۆرمێکی بڵاوکردنەوە (دەربارەی تیرۆریستان) قەدەغە دەکرێت. تەنانەت وەك ڕێوشوێنێکی تایبەت دادوەرە ئیسپانییەکان دەسەڵاتی داخستنی ئێزگە رادیۆییەکانیان پێدرابوو.

لە ساڵی ١٩٧٦ دا کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ هەستا بە دەرکردنی یاسایەك بەناوی "یاسای دژە دەستووری پارێزەر" کە هاندان و پشتگیری کردنی ئاشکرای کەسانی دیکەی بۆ ئەنجامدانی تاوان لە دژی سەقامگیری کۆماری فیدراڵ بە تاوان دادەنا.

بەگشتی ئەو وڵاتانەی تووشی پەتای تیرۆریزم هاتوون نایانەوێ سانسۆرێکی گشتگیر و هەمەلایەن بەسەر هەواڵدانی میدیا دەربارەی تیرۆریزمدا بسەپێنن. تێگەیشتنێکی فراوان هەیە لەمەڕ گرنگی ڕێگەنەدان بە ئیستغلال کردن و قۆستنەوەی میدیا لەلایەن تیرۆریستانەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئازادی میدیا بە قوربانی شەری دژە تیرۆر کرا، ئەوا واتای ڕێگەدان بە چەند گروپێکی بچووکی تیرۆریستان دەگەیەنێت بۆ لەنێوبردن و رووخاندنی یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی. سانسۆر لەژێر هەر ناو و پەردەیەکدابێت لە بەرژەوەندی دوژمنانی دیموکراسیدایە و جۆرە گاڵتەجاڕییەکە بە خەڵکی عامە و دەبێتە هۆی لاوازبوونی تەواوی متمانە بە ڕاستگۆیی میدیا. ئێمە دەبێ هەوڵی پشتیوانی کردن لە پرەنسیپی بنەڕەتی ئازادی ڕادەربڕین بدەین، کە دوو سەدە بەر لە ئێستا تۆماس جێفرسۆن تیایدا پێشڕەو بووە و گوتوویەتی: حەقیقەت مەزنە و ئەگەر ڕێگەی پێبدرێت سەردەکەوێت چونکە

حەقیقەت دوژمنی پێویستی شیاوی هەڵەیە و ئەگەر بێتو لە چەکە سروشتییەکانی کە وتووێژ و مشتومڕی ئازادانەیە دانەماڵرێت، ئەوا هیچ ترسێکی لە ململانێ نییە.

لە هیچ کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرپرسیاردا، ئازادی رادەربڕین بە تەواوەتی بێ سنور نییە. بۆ نموونە زۆربەی ئێمە لەو بڕوایەداین کە پۆرنۆگرافی دەبێ لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا قەدەغەبکرێت. هەروەها زۆر لە هاووڵاتیە بەرێزەکان تووشی ترس دەبن، ئەگەر بێتو ماس میدیا ببێتە سەکۆیەك بۆ بڵاوکردنەوەی رقی نەژادی و یا مینبەرێك کە لە رێیەوە هاندەرانی مادە بێهۆشکەرەکان و دەستدرێژی کارە سێکسییەکان بێنە سەر شاشە و بە شانازییەوە باس لە تاوانەکانیان بکەن و هانی خەڵکی دیکە بدەن بۆ ئەوەی تاوان بکەن.

ئەگەری سێیەم بۆ سیاسەتی میدیا لە هەواڵدان سەبارەت بە تیرۆریزم بریتییە لە دان بەخۆداگرتنی ئارەزوومەندانە بۆ خۆپاراستن لە ئیستغلال کردن لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکانەوە. ئەمە هەمان ئەو تێڕوانینەیە کە لەلایەن ماس میدیای بەرپرسیارەوە پشگیری لێدەکرێت. زۆر لە رێکخراوە سەرەکییەکانی میدیا، کۆمەڵی رێنمایی بۆ ستافەکەیان دیاریدەکەن بە ئامانجی رێگرتن لە کەوتنە نێو هەڵەی ئاشکرا. بۆ نموونە رێنماییەکانی کەناڵی CBS News ، رێکخراوەکە بە هەواڵدانێکی ((هزرمەندانە و بە ویژدان و سنوردار)) لەمەڕ تیرۆریزم پابەند دەکات. ئەمەش بۆ رێگرتن لە دەستەبەرکردنی ((سەکۆیەکی بەهێز بۆ تیرۆریست و رفێنەران)) و رێگەنەدان بە ((هەرجۆرە هەواڵدانێکی راستەوخۆ دەربارەی تیرۆریست و رفێنەران و خۆپاراستن لە دەستێوەردان لە گەیاندن و پەیوەندی دەسەڵاتداران)) (وەك هێڵی تەلەفۆن). ئەو کەناڵە لە دۆخەکانی بارمتەگرتندا راوێژکاری پسپۆر بەکاردێنێت بۆ خۆپاراستن لە هەندێ پرسیار و راپۆرتی ئەوتۆ



کە ((رەنگە ببێتە هۆی خراپبوونی بارودۆخەکە و گوێڕایەڵی هەموو)) رێنماییەکانی پۆلیس دەبێ. (بەڵام لە هەمانکاتدا سەرووی خۆیان لە هەرجۆرە رێنماییەك کە ببێتە هۆی سەرکوتکردن و ئاراستەکردنی هەواڵ ئاگادار دەکەنەوە). هەروەها ئەو کەناڵە هەوڵی دروستکردنی جۆرە هاوسەنگییەك لە درێژی هەواڵدا دەکات، بە شێوەیەك کە نەبێتە هۆی دروستکردنی بێزاری بەهۆی کەمبوونی هەواڵی دیکە (جگە لە هەواڵی تیرۆریستی).

ئەم رێنماییانەی سەرەوە زۆر جێگەی ستایشن و ئەگەر بێتوو بە شێوەیەکی بەردەوام و شیاو، پەیڕەو بکرێن دەبنە هۆی خۆپارێزی لە زیادەڕۆییە خراپەکانی هەواڵدان لەسەر تیرۆریزم لەلایەن میدیاوە. هەڵبەت بەڵگەیەکی کەم بەدەستەوەیە دەربارەی هوشیارکردن و مەشق پێکردنی سەرنووسەر و رۆژنامەنووسان لەم بوارە هەستیارەدا و هیچ بەڵگەیەکیش دەربارەی هەوڵی جیدی رێکخراوەکانی میدیا بۆ جێبەجێکردنی رێنماییەکانی خۆیان لەو بارەوە لە ئارادا نییە.

لە راستیدا ئەوەی وا لە هەندێ کەس دەکات پشتگیری لە سەپاندنی جۆرە رێکخستنێکی سزایی بکەن، بریتییە لە نائومێدی حکوومەتەکان دەربارەی کەمتەرخەمی میدیا بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی خۆیان.

ئەگەر ماس میدیا بە شێوەیەکی راستگۆیانە بیەوێ وردەکاری و بەرپرسیاری پێویست لە هەواڵدان دەربارەی بابەتێکی هەستیاری وەك تیرۆریزم رەچاو بکات، لەو بارودۆخانەی کە ژیان دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا پێویستە بەشێوەیەکی سەختتر کاربکات بۆ دانانی رێوشوێنی خۆپارێزی شیاو و کاریگەر.

* ئاماژەیە بەناوی (مانی) نیگارکێش و پێغەمبەری کۆنی ئێرانی دەکات کە بڕوای بە ناتوندوتیژی هەبووە.

## زنجیره باسێك لەسەر تیرۆریزم

**و: تەحسین تەها**

دوای ڕووخانی سیستەمی دوو جەمسەری، شاهیدی وەرچەرخانی نوێ و بەرفراوانین لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وەکو نەمانی سیستەمی دوو جەمسەری، نەمانی جەنگی سارد و پێکهێنانی دەوڵەتی تازە و سەربەخۆ. گۆڕان لە پەیوەندی و هەڵسوکەوتە نێودەوڵەتییەکان و لەبەریەکترازانی سیستەمی ئێستا لە جیهاندا بووە هۆی بەدیارکەوتنی گۆڕانکاری نوێ لە بونیاد و جەوهەری سیستەمی نێودەوڵەتیدا. یەکێ لەو گۆڕانکارییانە پەرەسەندنی تیرۆریزمە لە چوارچێوە و قاڵب و فۆرمە جیاوازەکانیدا. چەمکی تیرۆریزم لە ڕووی واتاییەوە مشتومڕ هەڵدەگرێ و پێناسەگەلێکی جیاوازی بۆ کراوە و هیچ یەکێ لەو پێناسانەش لە ئاستی جیهانیدا پەسەند نەکراون. فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی تیرۆریزم بەم شێوە پێناسە دەکات: ڕێبازێکە کە ئامانجی هێرشکردنە لە ڕێی وروژاندنی ترس و تۆقاندن لای دوژمن، بەکارهێنانی شێواز و میتۆدی هەڕەشە و داسەپاندنی بارودۆخێکی ترسێنەر و تۆقێنەرە. تیرۆریزم وشەیەکە زۆر بە زەحمەت مانا وەردەگرێ و ئاماژە بۆ مانا و چەمکێکی بابەتی دیاریکراو



ناکات و بۆ وەسفکردنی ئەو توندوتیژییەی لەلایەن دوژمنەوە مومارەسە دەکرێ وەکو حاڵەتێکی نائەخلاقی و شەیتانی بەکاردێ. تا ئێستا هیچ گروپێك خۆی بە تیرۆریست ناوزەد نەکردووە. بەتایبەتی دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان جەنگی دژ بە تیرۆری خۆی لە کاردانەوە لە هەمبەر هێرشی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا هەڵگیرساند، بەکارهێنانی ئەم چەمکە کایەیەکی بەرینترو بەرفراوانتری وەرگرت. ئەو پێناسانەی بۆ وشەی تیرۆریزم هەندێ پێوەری هاوبەش لە خۆ دەگرن کە ئەمانەن:

١- تیرۆر کردارێکی توندوتیژئامێزە؛
٢- کرداری تیرۆریستی پاڵنەری سیاسی یان ئایینی هەیە؛
٣- ئامانجی تیرۆریزم، هاوڵاتیانی مەدەنین؛
٤- ئامانجی تیرۆریزم وروژاندنی ترس و تۆقاندنە؛
٥- ئامانجی تیرۆریزم ترساندنی حکومەت یا کۆمەڵگایە.
٦- تاك یاخود گروپی تیرۆریست نادەوڵەتین.
٧- کرداری تیرۆریستی کردارێکی نایاساییە.

هیچ یەکێ لەو پێوەرانە لە ڕووی جیهانییەوە وەکو پێوەرگەلێکی زەرووری یاخود کافی بۆ پێناسەی تیرۆریزم نەناسراون. ئەو تیرۆرەی لە سەدەی هەژدەم لە فەرەنسا خرایە ڕوو و پێناسەکرا، لە پەیڤی (Terrorisme) و چەمکی تیرۆریزم لە وشەی (Deterrerr) بەمانای ترساندن (Terrer) دێ. ڕەگی ئەم وشەیە لە کارەکانی (ترساندن لە)ی زمانی لاتینی هاتووە. بەکارهێنانی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٩٥ کە بۆ وەسفکردنی کردارەکانی (ژاکوبن)ەکان لە فەرەنسا سوودی لێوەردەگیرا، حکومەتی ژاکوبنەکان بە حکومەتی تیرۆر ناوبانگی دەرکردبوو. هەرچەندە ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە، بەڵام دەگوترێ کە ژاکوبنەکان خۆیان

ڕایانگەیاندبوو کە بۆ ئاماژەپێکردنیان وشەی (تیرۆریستان) بەکاربهێندرێ. جێگەی سەرنج ڕاکێشانە، کە بزانین ئەو شێوازانەی ژاکوبنەکان سوودیان لێوەردەگرت بریتی بوون لە دەستگیرکردن و جاربەجاریش لە سێدارەدانی نەیاران. کەواتە، تیرۆریزم و تیرۆر دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو شێوازانەی کە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان بۆ جڵەوکردنی دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتیان لە ڕێی ترساندنەوە سوودی لێوەردەگرن، ئەو تەکنیکەی کە لە زۆر لە ڕژێمە تۆتالیتارەکانی وەك ئەڵمانیای نازی و یەکێتی سۆڤیەتدا بەدی دەکرا. حاڵی حازر تیرۆریزم زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی پۆلیسی و سوودوەرگرتنی باو لە وشەی تیرۆریزمی دەوڵەتی و، بەگشتی چەمکی تیرۆریزم ماناگەلێکی بەرفراوانی وەرگرتووە. دەکرێ تیرۆریزم دابەشبکرێتە سەر ئەم جۆرانە:

١- تیرۆریزمی دەوڵەتی: کە بەهۆیەوە ڕێکخراوە دەوڵەتی و حکومییەکان، خۆیان دەست لە کوشت و کوشتاری هاوڵاتیان دەدەن، لەو بارەیەوە دەشێ ئاماژە بە کرداری ڕژێمە داپڵۆسێنەر و دیکتاتۆرەکان بکرێ لە دژی هاوڵاتیانی خۆیان.

٢- تیرۆریزمی نێودەوڵەتی: بە پشتیوانی هەندێ دەوڵەت هەوڵی کرداری تیرۆریستی دەدەن لە وڵاتانی دیکەدا. دەشێ بۆ ئەم حاڵەتانە ئاماژە بکرێ بە چەکدارکردنی فالانژە* لبنانییەکان لەلایەن زایۆنیستەکان (جولەکە) دژ بە

* فالانژیزم لە وشەی (Falange) و ڕیشەی لاتینی (Phalanx) بەواتای ڕێکخستن و ئارایشتی جەنگی وەرگیراوە و ناوی حیزبێکی سیاسی و نیمچە فاشیستی ئیسپانیایە، کە لەسەر بنەمای ترادیسیۆنالیزم و لایەنگری نەتەوەیی و پابەندی و ملکەچی تەواو بنیاتنراوە (فەرهەنگی رامیاری نیگا) و: ئازاد وەلەدبەگی.



خەڵکی لبنان یان چەکدارکردنی نەیارانی شۆڕشی نیکاراگوای لە دژی خەڵکی ئەو وڵاتە لەلایەن ئەمەریکاوە.

٣- تیرۆریزمی خۆجێیی (محلی): کە تیایدا تیرۆریستان لەناو وڵاتی خۆیاندا دژ بە حکومەتی خۆیان کرداری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

٤- تیرۆریزمی بان نەتەوەیی: کە تیرۆریستان لە نەتەوەی جیاوازەوە لە وڵاتێکی دیکەدا کرداری تیرۆریستی ئەنجامدەدەن.

بەسەرنجدان لە پەرەسەندنی ڕۆژ دوای ڕۆژی دیاردەی تیرۆریزم لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم و ناکامی و شکستی کۆمەڵگای جیهانی لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوونی کارامە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، نووسینگەی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانی ئاژانسی دەنگوباسی قوتابیانی زانکۆی ئێران (ایسنا) کۆنفراسێکی (بەئامادەبوون / بێ ئامادەبوون)ی لەگەڵ پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆدا بە مەبەستی تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە سازداوە، لەم کۆنفراسەدا چوار پرسیار لەلایەن نووسینگەی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانەوە ئاراستەکراون. پرسیارەکان ئەمانەن:

١- تیرۆریزم چییە و بۆچی لە کۆمەڵگای جیهانیدا پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ ئەم دیاردە نێودەوڵەتییە نییە؟

٢- بۆچی دوای کۆتایی جەنگی سارد لە ساڵی ١٩٩٠ دا توندی و کایەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ڕووەو زیادبوون چووە؟



PDF 4 KURD

٣- ئایا هەنگاوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا بە گوێرەی پێویست و سەرکەوتوو بوونە و، نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە چ تایبەتمەندیگەلێکی هەبێ تاکو بتوانێ وەکو دوا بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم بێت؟

٤- هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ چ کاریگەرییەکیان لەسەر گۆڕانی مانای چەمکەکانی بەرگری ڕەوا (مشروع) و بەرگری پێشگیرانە و دەستپێشخەرانە هەبووە؟

لە خوارەوە وەڵامی سێ کەس لە بەشداربووانی کۆنفراسەکە دەخەینە ڕوو: (دکتۆر مائیتۆ دفلم) یاریدەدەری گروپی کۆمەڵناسی زانکۆی (کارۆڵینای باشوور)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. تیرۆریزم کایەی لێکۆڵینەوەکانیەتی. خاتوو (ئەفسانە ئەحەدی) و بەڕێز (حسێن عەسکەریان) لە شارەزایانی کێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانن لە دەزگای لێکۆڵینەوەی (ابرار معاصر تهران). دکتۆر مائیتۆ دفلم ئەو پێناسانەی بۆ چەمکی تیرۆریزم کراون زۆر لێکجیاوازنین، هەرچەندە هیچ پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ ئەم وشەیە نەکراوە، بە شێوەیەکی گشتی هاوڕایی و هاوبۆچوونی لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، کە تیرۆریزم بریتییە لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی هاوڵاتییە مەدەنییەکان بەنیازی بەرەوپێشبردنی ئامانجێکی سیاسی یاخود ئایدیۆلۆژی. لەو جیاوازییە گرنگانەی تیرۆریزم لەگەڵ جەنگدا هەیەتی ئەو توندوتیژییەیە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دژ بە هاوڵاتیان بەکاردەهێنرێت. هەمیشە لە جەنگدا هەوڵی هەردوولا ئەوەیە تاکو ژمارەی قوربانیان بەتایبەت قوربانییە مەدەنییەکان لە نزمترین ڕێژەدا بێت، هەرچەندە زۆرینە کۆك دەبن کە ئەوە پێناسەیەکی بەسوود و باشە بۆ تیرۆریزم،



بەڵام کاتێ دەمانەوێ ئەم پێناسە گشتییە لەگەڵ حاڵەتی تایبەتدا بگونجێنین تووشی گرفتی جیدی دەبینەوە.

بە بۆچوونی کەسانێك هەندێ لە کردار یان گروپەکان ڕاشکاوانە تیرۆیست نین، بۆیە ناکۆکی لەسەر پێناسەی چەمکی تیرۆریزم نییە، بەڵکو لەسەر دیاریکردنی نموونە بابەتییەکانی تیرۆریزمە. تیرۆریزم لە سەردەمی مۆدێرندا هەمیشە ئامادەیی هەبووە بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لە کۆتایی جەنگی ساردەوە، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەندووە. هۆکارێك کە گرنگە و دەستی لەم مەسەلەیەدا هەیە، بریتییە لە بارودۆخی جیاواز و جیای سیاسەتی نێودەوڵەتی و جیاوازی هاوکێشەی هێز لە نێوان نەتەوەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، بۆ نموونە تیرۆریزم لە هەندێ لەو نەتەوانەدا دەبینرێ کە پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەتن، چونکە ئەم نەتەوە نوێیانە تازە پێکهێنراون و ئایندەیان نادیارە. لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا تیرۆریزم پێوەندی هەیە بە ئاکام و ئەنجامەکانی جەنگی کەنداو، بارودۆخی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتە جیاجیاکانی ئەم ناوچەیە و هەروەها بە ئیسرائیل و ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمەریکاوە. هەڵبەت جیاوازی کولتووری وڵاتانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ئیسرائیل و ڕۆژئاوادا هۆیەکی دیکەیە، هەروەها ئەم راستییەش کە ئەمەریکا تاکە زلهێزی ئامادەیە لە ئاستی جیهانیدا لە زیادبوونی تیرۆریزم لە دژیدا ڕۆڵی هەبووە. فاکتەرێکی دی کە دەستی هەیە لە زیادبوون و پەرەسەندنی تیرۆریزم لە دوای جەنگی سارد ئەوەیە کە لە جۆری خۆیدا تیرۆریزم، تیرۆریزم پەروەردە دەکا و بەرهەمی دەهێنێ، مینرێژکردنەکانی ئەم دواییەی لەندەن و مینرێژکردنەکانی دیکە لەم شارەدا بە درێژایی مانگێك لە هاوینی ٢٠٠٥، نموونەگەلێکن لەم ڕاستییە.

سەبارەت بە هەنگاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، پێویستە بگوترێ کە هەنگاوەکانی ئەو ڕێکخراوە خۆی لەخۆیدا سوودبەخشن، چونکە نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر نەتەوەی جیهانی بەدەوری یەکدا کۆکردۆتەوە. کەواتە هەنگاو و بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە ئەرك و کارکردێکی سیمبولیانەی گرنگی هەیە. بەدەستەواژەیەکی بابەتیتر دەبێ بگوترێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەلات و هێزو توانستێکی ئەوتۆی نییە، چونکە بەپێی ڕێساو بنەمای نەتەوەکان دەبێ ئەم سیاسەتانە بخاتە خانەی جێبەجێکردن و پراکتیکەوە، ئەوان ناچار و پابەندنین کە پێڕەوی لە سیاسەتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن و ئەگەریش کار بەم سیاسەتانە بکەن، شتێکی بەردەوام و هەمیشەیی نییە. دەشێ، بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەبێ ئەنجام بمێننەوە، بۆیە وای بۆ دەچم کە زۆر گرنگترە نەتەوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە ئاستی فرەڕەهەندا هاوکاری بکەن و لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەوڵە ئابووری و دیپلۆماسییەکان و لە دوا قۆناغدا لە دەستێوەردانە سەربازییەکاندا چالاکانە بەشداری بنوێنن. پێویستە ئەم هەوڵە جۆراوجۆرانە جێی ڕەزامەندی گشت نەتەوەکان بێت، چونکە تیرۆریزم مەسەلەیەکی نێونەتەوەییە و تەنیا نەتەوەیی و خۆجێیی نییە، پێویستە نەتەوەکان لەگەڵ یەکدا هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی هەنگاوە جیاوازەکان بکارن پێکەوە بە شێوەیەکی هاوسەنگ و هاوئاهەنگ کاریگەربن. لەلای دیکەشەوە جیاوازی لە نێون واقعیەتی بابەتی و باری یاسایی دا هەیە. ڕاستیەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەمەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ بڕیاری خۆی لە جەنگی دژ بە عێراقدا سوودی لە ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر وەرگرت. ئەوە ڕاستییەکە هەرچەندە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دۆخەکە زۆر دژوارو ئاڵۆز و سەختە، چونکە بەکارهێنانی چەمکی (دەستێوەردانی



دەستپێشخەرانە) دژ بە وڵاتێك پشت بە بنەماگەلێکی سست و لەرزۆکی یاسایی دەبەستێ، لەبەرئەوەی هیچ هەڕەشەیەکی دیاریکراو لەلایەن ڕژێمی دەسەلاتدار لە عێراق لە دژی ئەمەریکا پێشبینی نەدەکرا و نەتەوەیەکگرتووەکان ئابڵۆقەی جۆراوجۆری لە دژی ئەو وڵاتە دانابوو. دواجار من پێموانییە کە یاسای نێودەوڵەتی، بەو جۆرەی ئێمە لە دنیای ئەمڕۆدا لەگەڵی ئاشناین، پاساوی بۆ وەها دەستێوەردانێکی ئاشکرا هێنابێتەوە. هەڵبەت بارودۆخەکە سەبارەت بە ئەفغانستان جیاوازە، چونکە دەوڵەتە نارەسمییە فەرمانڕەواکەی لەو وڵاتەدا بە ئاشکرا هاوکاری ئەلقاعیدەی دەکرد.

## خاتوو ئەفسانە ئەحەدی

هەروەك لە مانا لاتینییەکەیەوە هەڵدەهێنجرێ تیرۆریزم بە مانای ترسەو، لە زۆربەی پێناسەکاندا بە هەنگاو یا کردارەکانی ئەو گروپ یا کەسانە دەگوترێ، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی تایبەت هەڵدەستن بەتوندوتیژی یا بەقوربانی کردنی کەسانی بێ گوناه. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ پێناسەیەکی ستاندارد بۆ تیرۆریزم بخەینە ڕوو. ڕەنگبێ یەکێ لە هۆیەکانی ئەو مەسەلەیە بگەڕێتەوە بۆ جەوهەری تیرۆریزم، چونکە لە سەردەمە جیاوازە مێژووییەکاندا فۆرمی تایبەتی خۆی هەبووە، یەکێ لە یەکەمین سەردەمە مێژووییەکان کە دەشێ لەودا تێبینی بەکارهێنانی چەمکی تیرۆریزم بکرێ سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسایە کە لەو سەردەمدا بەمانای (حکومەتی ترس) بەکاردەهێنرا.

بەهەرحاڵ زۆرترین بەکارهێنانی وشەی تیرۆریزم لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوەیە، کە لەو سەردەمدا کرداری گروپەکان و بزاڤە سەربەخۆییخوازەکان

ئاوێتەی تیرۆر بوون. لەلایەکی تریشەوە دەبێ سەرنج لەوەبدەین کە چەمکی تیرۆریزم وەکو چەمکێکی پێناسەکراو و تەمومژاوی و نادیار، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێویستییە سیاسییەکان پێناسە دەکرێ. بۆ نموونە تا بەر لە هەرەسهێنانی سیستەمی دوو جەمسەری، گروپە تیرۆریستییەکان بەشێوەی جۆاروجۆر لەلایەن هەردوو جەمسەرەوە پشتگیرییان لێدەکرا و لەڕاستیدا ڕۆڵی ئامرازێکیان دەگێڕا بۆ ئەوان. ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان دوو جەمسەرەکەدا مومکین نەبوو، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە جەوهەر و کردارەکانی گروپە تیرۆریستییەکان تا کۆتایی جەنگی سارد پاساوکراوبوون. کۆتایی جەنگی سارد جگە لە هەموو ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی کاریگەری خستە سەر ئەو پاساوهێنانەوەیە، دەرکەوتنی گروپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بە تایبەتیش ئایدۆلۆژییەکان، بووە جێگەی سەرنجدان. لەو بەینەدا ڕووداوەکانی ١١ی سیپتەمبەر قوڵایی و هێزی کارەساتاوی و کارەساتباری ئەو گروپانەی دەرخست. لەو دەمە بەدواوە نەخاسمە میدیا و بەرپرسە ڕۆژئاواییەکان جەختیان کردە سەر پێویستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گروپە تیرۆریستییەکاندا، کە هەموو سنوورێکیان بەزاندبوو و خۆیان پابەندی ڕەچاوکردنی (یاساکانی یاری) کە لە نێوان دەوڵەتاندا پەسەندکراوە، نازانن. خەسڵەتێکی دیکەی ئەم گروپانە بێ نیشتمان بوون و نێودەوڵەتیبوونیانە کە تۆڕە ئاڵۆزەکانیان بە ئاسانی دەتوانن لە گشت وڵاتانی جیهاندا بڵاوە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین مەسەلە کە بووە هۆی ئەوەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لەلایەن وڵاتانەوە بایەخی تایبەتی پێبدرێ، پرسی پەرەسەندنی چەکە کۆکوژەکانە. تا ئێستا وڵاتان بۆ دروستکردنی ئاستەنگ و ڕێگەگرتن سوودیان لەو چەکانە و بەتایبەتی چەکە ناوکییەکان وەرگرتووە، وەلێ تا ئێستا ئەو نیگەرانییەی کە گروپە تیرۆریستییەکان بکارن ئەو چەکانە



وەچنگبێنن تیرۆریزمی کردۆتە باسێکی تەوەرەیی، بەتایبەتی کە ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر نیشانیدا تیرۆریستان بۆ پێکانی ئامانجە ڕەچاوکراوەکانیان لە بەکارهێنانی هیچ جۆرە چەکێك پاشگەز نابنەوە.

لەگەڵ ڕووداوی هێرشە تیرۆریستییەکاندا، نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدابووە تا جگە لە بەدەستهێنانی پێناسەیەکی ستاندارد بۆ تیرۆریزم ڕێگاگەلێکیش بۆ بەگژاچوونەوەی پێشنیار بکات، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە. یەکێ لە یەکەمین هەنگاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی جیاواز بووە لە ساڵانی ١٩٧٢ تاکو ١٩٧٩ کە بە ئامانجی پێناسەکردنی تیرۆریزم دەستپێکرا، وەلێ بە کردەوە هیچ سەرکەوتنێکی بە دواوە نەبوو. ئەمێستا ئەنجوومەنی ئاسایش تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەکو هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەقەڵەم دەدات، کە ئەرکی ئەنجوومەنی ئاسایشە وەکو ستوونی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بەرەو ڕووی ببێتەوە. سەرەڕای ئەوەش لاوازی و کەموکوڕییەکانی پێکهاتەی نەتەوەیەکگرتووەکان وایکردووە ئەو ڕێکخراوە تەنیا بڕیار دەربکات و هێرشە تیرۆریستییەکان ڕیسوا بکات. وا دێتە پێش چاو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم وەك یەکێ لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی (بۆش) لە ئارادا بێت، نەك وەکو یەکێك لەو بابەتانەی لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا جێگەی باسبێت. ئەم ڕێکخراوە تەنانەت نەیتوانیوە ڕۆڵێکی ئەوتۆی هەبێ لە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکگەلێکی وەك بەرگری ڕەوا و جەنگی دەستپێشخەرانەدا. لەگەڵ ڕووداوی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەردا، ئەمەریکا بەوناوەی کە چیتر ناتوانرێ چاوەڕێی هێرشی کاوڵکارانەی تیرۆریستان بکرێ و دواتر پەرچەکردار نیشان بدرێ چەمکی دەستپێشخەرانەی هێنایە گۆڕێ و دواتر هەر لەسەر ئەو بنەمایە لە ئەفغانستان و عێراق کاری کرد.

## بەڕێز حسێنی عەسکەریان

بەزۆری وەك چەمكێكی تەمومژاوی و نارۆشن و چەند ڕووخساری باس لە تیرۆریزم كراوە. بەشێ لەو چەمكە دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەر و ئامانجە شاراوەكانی تیرۆریزم كە لە پێناسەیەكی گشتیدا بۆ تیرۆریزم دەكارین بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی بكەین: تیرۆریزم بریتییە لە هەنگاونان، ڕێكخستن، پشتگیری، ئاسانكاری، دابینكردنی دارایی و هاندانی كردارە توندوتیژئامێزەكان، لە دژی دەوڵەتێكی دی، كە كەسەكان یاخود موڵكەكان بە ئامانجی هێنانەوەی ترس یاخود هەستی ترس لە ڕای گشتیدا، بەهەر تێبینیەك و ئامانجێكی سیاسی، فەلسەفی، ئایدۆلۆژی، ڕەگەزی و هتد... بۆ پاساوكردنی، دەكاتە ئامانجی خۆی. بەلاّم خاڵی نارۆشن لە بواری نەگەیشتن بە پێناسەیەكی روون و شەفاف و جێی پەسەند بۆ تیرۆریزم لەوانەیە جگە لە ناكۆكی لەسەر پێناسەكردنی ئەو چەمكە زێتر لەسەر گونجاندنی چەمكەكە بێت لەگەڵ نموونە بابەتی و بینراوەكانیدا. دەتوانین بڵێین هەموو وڵاتان بەجۆرێ لە جۆرەكان خۆیان دەستەویەخە دەبیننەوە لەگەڵ چالاكییەكان، یاخود پشتگیریكردن لەو كەسانەی لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیە بە تیرۆریست لەقەڵەم دەدرێن، بۆیە نەبوونی دڵنیاییەك دەربارەی چەمكی تیرۆریزم پتر مەسەلەیەكی سیاسییە تاكو یاسایی.

ئەم مەسەلەیە كۆمەڵگای جیهانی لە هەمبەر تیرۆریزمدا نەزۆك كردووە و بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێك لە وڵاتان خراپ كەڵك لەو مەسەلەیە وەبگرن و وەكو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان سوودی لێوەربگرن. بەهەرەسهێنان و ڕووخانی سۆڤیەت و گۆڕان لە پێكهاتەی هێزی جیهاندا، چاخێكی نوێ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا دەستپێكرد، كە لەناو ئەو گۆڕانكارییانەدا دەتوانین



ئاماژە بكەین بە بەجیهانیبوونی پێكهێنەرەكانی ئابووریی سەرمایەداری، ئیعتیباروەرگرتنی بەهاكانی كولتووری ڕۆژئاوا لەودیو سنوورەكانی ئەورووپاو ئەمەریكادا لەگەڵ شەرعییەت وەرگرتنی ئەو پێوەندییە كۆمەڵایەتیانەی لە ڕۆژئاوا بەرجەستەبوون. لەو نێوانەدا، تیرۆریزم كە لە سەردەمی جەنگی سارددا وابەستەی بەرژەوەندی هێزە گەورەكان و پێناسەیان بۆ ئەم چەمكە بوو لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ڕەگی داكوتا بوو لە ڕاڤە و لێكدانەوەی ڕۆژئاوا بۆ هەڵومەرجی زاڵ بەسەر وڵاتە ڕۆژئاواییەكاندا، گۆڕا بۆ پەرچەكرداری گروپە وەستاو و بێدەنگەكانی دەرەوەی جیهانی ڕۆژئاوا لە هەمبەر هەڵومەرجی زاڵ بەسەر وڵاتە نارۆژئاواییەكاندا. لە دیدی ئەو گروپانەوە وڵاتە ڕۆژئاواییەكان، دەسەڵاتیان بەسەر پێوەندییە ئابووریی و سیاسییەكانی جیهاندا بەكارهێناوە و لەلایەكی دیكەوە لە هەلومەرجی بەجیهانیبووندا پاشڤەڕۆیی ناوخۆ پێوەندییەكی نەپساوەی بە سیستەمی پاوانخوازی دەسەڵات لە ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا پەیداكردووە. لە بنەڕەتدا، دوای دامەزراندنی نەتەوەیەكگرتووەكان ئەو ڕێكخراوە پێڕەوی لەم تێڕوانینە كردووە كە بە گوێرەی حاڵەت پێناسەی تیرۆریزم بكات، كە بەرهەمی ئەو شتە بەستنی ڕێكەوتننامە و بەڵێننامەی جۆراوجۆر بووە بەپێی هەلومەرجی كاتی و شوێنی شێوە جیاجیاكانی تیرۆریزم لە فڕۆكە ڕفاندن تاكو بارمتەگرتن و دابینكردنی دارایی تیرۆریستەكانی بە كردارێكی تیرۆریستی لە قەڵەمداوە و ڕێوشوێنە جۆراوجۆرەكان و بڕیارەكانی ئاسایش، ئەو چاوەڕوانیانەی لە چۆنیەتی و ناوەڕۆكی كاردانەوەی نەتەوەیەكگرتووەكانەوە دەكرێ تەمومژاوین، سەرەڕای ئەوەی كە دەستێوەردانەكان لە كۆسۆڤۆ، ئەفغانستان و عێراقدا ئارەزووی بۆ دروستكردنی ڕێسا نێودەوڵەتییەكان لە پێناو پشتیوانی و پشتگیریكردن لە پرەنسیپ و نۆرمە



PDF 4 KURD

بنەڕەتییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی وەدەردەخات، بەڵام هیچ دیکۆمێنتێکی پەسەندکراوی نێودەوڵەتی بوونی نییە، کە ئەو بارودۆخانەی دەوڵەتان تیایاندا لە کۆنەوە هێزی دەستنیشانکردن و بەرەوازانینی خۆیانیان بەکارهێناوە بەشێوەیەکی کاریگەر شرۆڤە بکات. یاخود هەنگاوەکانیان بەناوی بەرگریکردن کردۆتە پاساو. ئەمە جگە لەوەی هەندێ جار شایەدی بەرژەوەندیخوازی و هەنگاوی جیاکارانەین لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەتایبەت ئەنجوومەنی ئاسایش وەکو کۆڵەکەیەك، کە بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لە ئەستۆدایە. ئەوەی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا گرنگە سەرنجدانە لەو خاڵەی کە هەنگاوە تیرۆریستییەکان و بەرەنگاربوونەوەی ئاکامە ئەمنییەکانی، پێویستی بەهاریکاری نێوان وڵاتانی سەرانسەری جیهان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری خراپ و سلبی ئەو دیاردەیە لەسەر ئاسایشی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی. لەو نێوانەدا نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێ بەرێکخستنی پۆلیسی نێودەوڵەتی بەباشترین شێوە بۆ بە بەدواداچوون و دەستگیرکردنی هەڵسوڕێنەرانی کارە تیرۆریستییەکان لەو بوارەدا ڕۆڵێکی کاریگەر لە ئەستۆ بگرێ، ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا خاڵێکی وەرچەرخانی دروستکرد لە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاسایشی نێودەوڵەتی و بابەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی کردۆتە یەکەمین بابەت لە باس و خواسی ئێستای نێودەوڵەتیدا. ئەم ڕووداوە لە چەند ڕوویەکەوە بووە جێی سەرنج و بایەخپێدانی ئەمەریکا:

یەکەم ئەو هەڵەی ڕەخساند تاکو پێناسەیەکی نوێ بۆ بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی و دەرفەتێك بۆ سەقامگیرکردن و چەسپاندنی پێگەی خۆی بخاتە ڕوو و دووهەمیش ئاسایش و سیستەمی نێودەوڵەتی پێکەوە گرێدا. ئەو دوو



پێکهێنەرە ڕێگەی بەکاربەدەستانی ئەمەریکا دا بۆ ئەوەی بەبێ گرنگیدان بەڕای گشتی و داخوازی ئەکتەرانی دیکەی نێودەوڵەتی، هەڕەشەکە بۆ سەر گشت ئاستەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی بەرفراوان بکەنەوە و لەسەر بنەمای ئەوەش ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ وڵاتانی نەیاری خۆی وەکو عێراق بکەن. بەو شێوەیە ئەوان نە تەنیا کرداری تیرۆریستیان لەبەرچاوگرت، بەڵکو مەبەست و نیازیشیان هێنایە گۆڕێ و بۆ خۆیان قایل بەم مافەش بوون کە بۆ پاراستنی ئاسایش و پێشگرتنی هێرشە تیرۆریستییەکان، بەر لە ڕوودانی هەرچەشنە هێرشێکی تیرۆریستی، هەنگاوی دەستپێشخەرانە بهاوێژن.

ئەو تیۆرانەی لەبارەی تیرۆریزمەوە داڕێژراون بریتین لە:

١. شرۆڤەکارییە کۆمەڵناسییەکان کە جەخت لەسەر پێگەو بارودۆخی تیرۆریستان لە کۆمەڵگادا دەکەنەوە؛

٢. تیرۆری ناکۆکی کە جۆری پێوەندی نێوان تیرۆریستیەکان لەگەڵ ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە دەگرێتەوە؛

٣. شرۆڤەکارییە ئایدیۆلۆژییەکان کە جەخت لەسەر جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان دەکەنەوە و هەروەها ئەوەش کە ئایدیۆلۆژیە جیاوازەکان ئامانجی جیاوازیان هەیە؛

٤. تیۆری میدیا کە کردارە تیرۆریستییەکان وەکو فۆرمێك لە پێوەندییەکان دەبینێت.

هەندێ لە تیۆرەوانانی دژ بە تیرۆریزم خۆیان دەپارێزن لە دەربڕینی هۆیەکانی ئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکان لەلایەن تیرۆریستانەوە، چونکە لەو بڕوایەدان

که بەیانکردنی هۆیەکان بە جۆرێ لە جۆرەکان پاساوهێنانەوەیە بۆ کردارە تیرۆریستییەکان. بە بۆچوونی ئەوان تیرۆریستان شتێ نین جگە لە کۆمەڵە مرۆڤێکی شەیتان سیفەت. هەندێ تیۆری ئەخلاقیی تیرۆریزمیش هەن کە هەوڵیانداوە بۆ پاساوهێنانەوەی ئەخلاقی تیرۆریزم و کردارە تایبەتییە تیرۆریستییەکان. ئەم تیۆرانە هیچ هەوڵێك بۆ شرۆڤەکردنی ڕەگوڕیشەی تیرۆریزم نادەن، ئەوان زۆربەی جار تیرۆریزم بەجۆرێك لە جەنگی عادیلانە دادەنێن و ئاماژە بۆ یاساو مافەکانی تاوانەکانی جەنگ دەکەن.

سیستەمی کۆمەڵایەتی حاڵی حازری نێو وڵاتان و سیستەمی جیهانیی ئێستا، رێککەوتن و سازشگەلێکی بنەڕەتی نێوان گروپەکان و قازانجە جیاوازەکان لە خۆدەگرن. ئەم سیستەمانە بە زۆری لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە و ڕەنگبێ کەمتر پێوەندیان بەبارودۆخی ئێستاوە هەبێ.

گروپ و قازانج (بەرژەوەندی)ە نوێیەکان پێشبینی ناکرێن. لیبراڵ دیموکراسی لە هەوڵی ئەوەدایە رێگە لەوە بگرێت کە گروپە بچووکەکان بەپێی نۆرمەکانی خۆیان سەرلەنوێ کۆمەڵگا دابڕێژنەوە. ئەو گروپە بچووکانە ناچارن لە کۆمەڵگایەك دا ژیان بەسەربەرن کە زۆربەی جار دەردەکرێن.

هەندێ لە تیۆری لەو باوەڕەدان کە گروپەکان کاتێ ڕوو لە تیرۆریزم دەکەن کە ڕێگەیەکی دیکە بۆ گۆڕانکاری، بۆ نموونە تێکۆشانە ئابوورییەکان، نارەزایی دەربڕینی ئاشتیانە، داخوازییە گشتییەکان و جەنگی پشت بەستوو بە (ratioultima) پێوەرە پەسەندکراوەکان، لە بەردەمیاندا نەمێنێ. ئەم مەسەلەیە پێوەندی بە پێوەری (دواین چارەسەر) لە تیۆری جەنگی هەیە. لەم گۆشەنیگایەوە، کردارە تیرۆریستییەکان ئەنجام دەدرێن بە ئاراستەی نابوودی



سیستەمی هەنووکەیی و هاندانی ناکۆکی و دژایەتیەکاندا، کەوا چاوەڕوان دەکرێ ئەنجامە وەدەستهاتووەکان سیستەمێکی نوێ بسازێنن. هەروەها ئەوەی کە تیرۆریستەکان ئەو کردارانە بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانیاندا بە نیسبەت شێواز و ڕەوتی دژ بە تیرۆریزمیشەوە ئەو تێروانیینە دەلالەتە لەسەر سیاسەتەکانی دروست کردن و پاراستنی رێگەچارەیەکی ئەلتەرناتیڤ و ئاشتیانە بەتایبەتی بەنسبەت گروپە دیمۆگرافییە پەڕوێزخراوەکان و ستەملێکراواکان، لەلایەکی دیکەشەوە، تیۆرییە ئایدۆلۆژییەکان بەزۆری دەلالەتن لەسەر ئەوەی کە هیچ شتێ ناشێ چارەسەر بکرێ، چونکە ئایدۆلۆژیگەلێکی باو هەن کە بەشێوەیەکی مەنتقی بەگژیەکداچوون. تیۆری پێکدادانی شارستانیەتەکانیش یەکێکە لەو تیۆرانەی شرۆڤەی تیرۆریزم دەکەن. لانی کەم لە تیرۆریزمی نێوان شارستانییەتەکاندا، ئەو تیۆرە پێیوایە لەڕووی مێژووییەوە تیرۆریزم شتێکی حەتمییە. ئەو تیۆرە مێژوو بەناکۆکییەکی هەزار ساڵە دادەنێ لە نێوان یەکەگەلێکی زۆر گەورەدا کە بەپێی بەها ناکۆکەکان بنیاتنراون. بەپێی ئەو تیۆرە، توندوتیژی بەشە سادەکەی پرۆسەی مێژووییە. ئەم تیۆرە لەگەڵ روانگەی ئەو کەسانە دەگونجێت کە جەنگی خاچپەرستی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدەرکەوتە و سیمای بەرچاوی کولتووری ڕۆژئاوا دادەنێن و جەنگ بە بەشێکی حەتمی و ئەو کولتوورە دەناسێنن.

یەکێ لە فاکتەرە تاڕادەیەك کاریگەرەکان، هیچ نەبێ لە ئەندام وەرگرتنی گروپە تیرۆریستییەکاندا، بریتییە لە سیاسەتگەلێکی زۆر تووندوتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم کە ئامانجی ئەو سیاسەتانە تێکشکاندنی گروپە تیرۆریستییەکان بووە. بۆ نموونە بانگەشەی ئەوە کراوە کە هەڵومەرجی زیندانییەکان لە کەنداوی گوانتانامۆ بە جۆرێکە کە دەتوانێ هەر کەسێکی مەعقوول و مەنتقی بەرەو

خۆراگری ڕاکێش بکات، بەتایبەتی کە ئاشکرا بووە هیچ جۆرە ئامرازێکی یاسایی بۆ دەرچوون لەو بەندیخانەیە تەسەوڕ ناکرێت. ئەگەر چەند بەشێکی فراوان لە دانیشتوان لەوە بترسێن کە لەوانەیە بەهۆی ئایین یاخود سەرچاوەی ئەتنیانەوە، ئەوانیش تووشی هەڵومەرجێکی لەم شێوەیە بن، ئا لەو کاتەدا سوڕێکی پووچەڵ و باتڵ دەکارێ گەشە بکات و تیرۆریزم ببێ بە وەڵامێکی بەرگریکارانە لە هەمبەر سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا.

## جوداییخوازی

بەدرێژایی زۆربەی زۆری ساڵانی سەدەی بیستەم، پەیڤی تیرۆریزم سەرەتا بۆ بزاڤە ناسیۆنالیستییەکان بەچەشنە جیاوازەکانییەوە بەکاردەهێنرا. زۆربەیان بزاڤی جوداییخوازبوون کە عەوداڵی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆبوون. هەروەها چەند حاڵەتێك لە توندوتیژییەکانی یەکگرتنخوازانی بێ دەوڵەت هەبوون کە لە دوای پێوەلکاندنی سەرزەمین یا قەوارەیەکی تایبەتی بەسەرزەمینە ڕەسەنەکەوە بوون. کردارو چالاکییە کلاسیکیەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بەفۆرمێك لە نەهێشتنی کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقاو ڕۆژهەلاتی ناڤین دەهاتە ئەژمار. ئەمرۆکە جەنگەکان و بەرەنگاربوونەوەی وەکو جەنگی (فلۆزی) کە بۆ میدیاکانی ڕۆژئاوا ناسراوبوون، فەرامۆشکراون، وەلێ ئەو توندوتیژیانەی سوودیان لێوەردەگرتن بە پێچەوانەی ڕێکخراوی ئەلقاعدەوە لە سەرزەمینە ڕەسەنەکانی ڕۆژئاوا دوور بوون و تایبەت بوون بەسنوورە کۆلۆنیالکراوەکانەوە. هەڵبەت پاڵنەری گروپە جوداییخوازەکانی وەك (باسك) لە ئیسپانیا هەمیشە لە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستییانەوە سەرچاوەی گرتووە و هەمیشە ناکۆکییەکی سەرزەمینی



لەبارەی ئەو بابەتەی کە چ دەوڵەتێك دەبێ چ شتێك بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لە ئارادابووە. لەو بۆچوونەوە، هیچ تیۆرێکی جیاواز لەبارەی هۆیەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی لە جودایخوازیدا بوونی نییە، چونکە توندوتیژی بەئامرازێکی ستاندارد دادەنرێت بۆ گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان. لەو ڕووەوە ئەو توندوتیژیەی لە ناکۆکی و دژایەتییە سەرزەمینیەکانەوە هەڵقولاوە بەکارێکی حەتمی دادەنرێت. ئەو پاڵنەرانەی لەلایەن گروپەکانەوە خراونەتە ڕوو: هەندێکجار ئەنجامدەرانی ئەو کردارانەی بە تیرۆر ناوزەدکراون دوای ئەنجامدانی کردارەکە، لەبارەیانەوە لێدوان یا بەیاننامە دەردەکەن. ئەوان زۆربەی جار زانیاری زیاترمان پێدەدەن. ناوەڕۆکگەلێك لەو بەیاننامانەدا دەخرێنە ڕوو کە دەشێ هەریەکەیان بەبێ حوکمدان لەمەڕ هەڵە یا ڕاست بوونیانەوە وەکو باسێك تەماشا بکرێن.

ئەو پاڵنەرە باسکراوانە بریتین لە:

١. ئایدیالەکانی (ئامانجەکانی) گروپ کە لە فاکتەرە گرنگەکانی پاساوکەری کردارو چالاکییەکانی گروپەکەیە لای خۆیان. بۆ نموونە لە گروپە جوداییخوازەکاندا، بەزۆری جەخت دەکرێت لەسەر ناو یاخود ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆی دوارۆژیان؛

٢. ئاماژەکردن بە نارەزایی و گلەو گازەندە مێژووییەکان، بۆ نموونە ئەو زوڵم و زۆر و ستەمەی دەرحەق بە گروپێکی ئەتنی یاخود ئاینی کراوە؛

٣. پەرچە کردار بە هۆی هەندێ کرداری تایبەتەوە بۆ نموونە ئەو جەنگە سەربازییانەی لە ئارادان؛



PDF 4 KURD

٤. باسكردن و دەربڕینی داخوازییەكی تایبەتی پەیوەندار بە هۆكارە ناوبراوەكانی سەرەوە. بۆ نموونە دەشێ ئاماژە بكرێ بەدەرچوونی هێزەكان لە عێراق.

## ئەنجامدانی كردارە تیرۆریستییەكان

كردارو چالاكییە تیرۆریستییەكان دەكرێ بەهۆی تاكەكەس، گروپ یاخود دەوڵەتەكانەوە ئەنجام بدرێن. باوترین وێنە بۆ تیرۆریزم ئەوەیە كە تیرۆریزم بەهۆی گروپی تاڕادەییەك بچووكەوە بە شێوەیەكی تەواو نهێنی ئەنجام دەدرێ كە بەپێی بەڵگەو هۆیەكی تایبەتەوە بۆ جێبەجێكردن و ئەنجامدانی كرداری تیرۆریستی دەوروژێنرێن. هەرچەندە هەندێ كرداری تیرۆریستی لەلایەن تاكەكەسانەوە ئەنجام دەدرێ و هەندێكی تریش لەلایەن دەوڵەتانی سەقامگیرو رەسمی و دانپیانراوەكانەوە پشتیوانیان لێدەكرێ. ئاژانسەكانی راپەڕێنەری یاسای وەكو (FBI) ناوی (تیرۆریزمی گورگی تەنیا) یان داوەتەپاڵ تیرۆریزمێك كە بەهۆی تاكەكەسێكی تایبەتیەوە ئەنجام دەدرێ و دەبێتە هۆی هێرشگەلێكی ڕانەگەیەنراو و نهێنی دژ بەهاوڵاتیان. ئەو كەسانە بەشێوەیەكی سەربەخۆ كاردەكەن، كەسانێك كە تەنیا لەبەر تەلقین، فێركردن و پشتیوانی گروپە ئۆرگانیزەكراوەكان كرداری تیرۆریستی ئەنجامدەدەن.

ئەوان بەپێی پشتگیری و دووپاتكردنەوە و قبوڵكردنی ناڕاستەوخۆی گروپەوە كاردەكەن و بەهۆی كردارەكەیانەوە وەكو تاك پشتگیری لەو دووپاتكردنەوەیە دەكەن. ئەو كردارە تیرۆریستییە باوانە لەلایەن ئەو گروپانەوە ئەنجام دەدرێ، كە كەم تا زۆر خاوەنی زنجیرەیەكی جێگیرن لە فەرماندەیی. نەك تەنیا تەلقین، بەڵكو



پشتیوانییەكان، دیاریكردنی كات و ئاراستەی چالاكییەكانیش بۆ ئەنجامدانی هێرشەكان جێبەجێ دەكرێن.

ئەو توندوتیژییەی لەلایەن خەباتكارانی دەوڵەتێكەوە لە جەنگە باوەكان پیادە دەكرێ، بەزۆری جێی پەسەندترە لە ئەنجامدانی كرداری تیرۆریستان، كە لەسەر بنەمای پێناسەكە ناچنە خانەی یاسایی نێودەوڵەتی جەنگەوە، بۆیە ناكرێ وەكو ئەو توندوتیژییە باوەی لە جەنگدا هەیە قبوڵبكرێ.

جیاوازی گشتی لە نێوان توندوتیژی دەوڵەتی و تیرۆریزمدا لەسەر ئەو بنەمایەیە كە ئەو ئامانجانەی تیرۆریزم هێرشیان دەكاتە سەر، خەڵكی مەدەنین و بۆیە زۆر نامەنتقی و ناعەقڵانیترە لە توندوتیژی دەوڵەتی كە لەودا ژیانی مرۆڤەكان زێتر لەبەر چاو دەگیرێ یا لایەنی كەم هاوڵاتیانی بێ چەك و مەدەنی كەمتر بەئامانجی هێرشكردن دادەنێت.

هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە كە ناتوانرێت كردارە ئەنجامدراوەكان لە جەنگی باودا مەحكوم و ڕیسوا بكرێن. كاتێ ژاپۆن (پرل هاربوور)ی لە ١٩٤١ بۆردوومان كرد، ئاستی توڕەیی ئەمەریكییەكان بەڕادەیەك بوو كە بۆ هێرشێكی تیرۆریستی چاوەڕێ دەكرێ، هەرچەندە ئەو بۆردوومانە لە پۆلێنكردنی تیرۆریزمدا جێی نابێتەوە.

هەڵبەتە مێژوو هەمیشە دووپاتی ئەو گشتاندن (تعمیم)ە ی نەكردووە كە لە سەرەوە ئاماژەیان پێكرد. ئەو دەوڵەتانەی دەچنە ناو جەنگی باوەوە بە زۆری بەدەر لە چوارچێوە و سنووری یاسا نێودەوڵەتییەكانی جەنگەوە هەنگاو دەهاوێژن و لە بەرامبەر هاوڵاتیانی مەدەنیشدا توندوتیژی دەنوێنن، ئەو كردارانەی بەدەگمەن مۆركی تیرۆریستی وەردەگرن.

ئەوانەی کە تیرۆریزم بە توندوتیژییەکی نائەخلاقی دوژمنێك دادەنێن، بەزۆری بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ هۆیەك نییە هێرشە ئامانجدار و بەنیازو مەبەستدارەکانی دژ بە هاولاَتیان بەهۆی دەولەتی دوژمنەوە پاساوکراوتربن لە هێرشە هاوشێوەکانی کە لەلایەن گروپە ناحکومییەکانەوە ئەنجامدەدرێن.

ئەگەر ئامانج لە هێرشەکان دەستەبەرکردنی ئامانجە سیاسییەکان بێ لە ڕێی ئەو تیرۆرەی کە هاولاَتیان دەکاتە ئامانجی خۆی، ئەوان بە تیرۆریزمی دەولەتی دایدەنێن. هەندێ دەولەت پشتگیریکردن لە کردارە تیرۆریستییەکانیان لە ولاَتانی بیانیدا مەحکووم و ڕیسوا کردووە کە بە ئەلتەرناتیڤێك دادەنرێ بۆ ڕاگەیاندنی ئاشکرای جەنگی ڕاستەوخۆ، پشتگیری و پشتیوانی دەولەتی لە تیرۆریزم بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن کۆمەلگای جیهانییەوە مەحکووم و ڕیسواکراوە.

## پێناسە ڕەسمییەکانی تیرۆریزم

پێناسەی زۆر بۆ تیرۆریزم کراون. ئەو پێناسانەی هەن بەرهەمی میدیاکان، سیاسەتمەداران و ئەکتەرانی دیکەی سیاسین بۆ نموونە کۆڕو کۆبوونەوەی بیریاری و هەروەها ئەکادیمی و سەرتر لە هەمووانیش حکوومەت. یەکەکانی جێبەجێکردنی یاساو ئاژانسەکانی زانیاری، زۆرێك لەو پێناسە ڕەسمییانەیان فۆرمەلە کردووە.

پێناسە ڕەسمییەکان کاریگەرییەکی قوولیان هەیە، چونکە بە ڕێبازەکانی دژ بە تیرۆریزم فۆرم دەبەخشن.



زۆرێك لەو پێناسانە پێوەرە سەرەتاییەکانی تیرۆریزمیان لەبەرچاوگرتووە، بۆ نموونە ئەو ئامانجەی دەکەوێتە بەر هێرش، ئامانج و پالنەری تیرۆریستان، ئەنجامدەرانی کردارە تیرۆریستییەکان و شەرعییەت یاخود یاساییبوونی کردارەکە.

## پێوەری توندوتیژی

بەگوێرەی پێناسەی (ڤۆلتەر لاکونیۆر) لە سەنتەری لێکۆلینەوە ستراتیژی و نێودەولەتییەکان، تاکە خەسلەتی گشتیی تیرۆریزم ڕێکەوتنێکی گشتییە لەسەر ئەوەی تیرۆریزم توندوتیژی و هەڕەشەکردن بەتوندوتیژی لەخۆدەگرێ. هەرچەندە پێوەری توندوتیژیی بەتەنیا پێناسەیەکی کافی و تەواو نییە، هەروەها ئاماژە بە زۆرێك لەو کردارانە دەکات کە بەگشتی بە تیرۆریزم لەقەلەم نادرێن وەکو جەنگ، سەرهەلدان، تاوانی ئۆرگانیزەکراو (ڕێکخراو) یا تەنانەت تیرۆرێکی سادە. ئەم پێوەرە تیرۆریزمی مەجازی و ئابلۆقەی ئابووریش ناگرێتەوە.

## پێوەری ئامانجی هێرش

بەشێوەیەکی گشتی ئەوە قبوولّ کراوە کە جەوهەری جیاوازی تیرۆریزم لە مەبەست و هەلبژاردنی خەلکی مەدەنی وەکو ئامانجی هێرشکردن، ڕەگوڕیشەی هەیە. جگە لەوەش پێدەچێ کردارێك بە تیرۆریستی بێتە هەژمار کە ئامانجی هێرشەکەی، جەماوەربێت تاکو نەك تاکەکەس یا گروپێکی تایبەت و، زۆربەی جار (هەلبەت نە هەمیشە) مەدەنییەکان دەکاتە ئامانجی خۆی بۆ ئەوەی تیرۆرمان بەهزردا تێپەڕێنێ. ئەم پێوەرە ئەو جەنگە باوەی کە بەپێی یاسای نێوەدەولەتی جەنگ ئەنجام دەدرێ، هەر چەشنە هێرشکردن بۆ سەر ئامانجی

سەربازی (وەکو ئەمەریکا لە کەنداوی عەدەن لە ساڵی ٢٠٠٠) جەنگی پارتیزانی (گەریلایی) و uss cole هێرشی خۆکوژیی بۆ سەر کەشتی شۆڕش (کاتێ سنووردار دەبێ ئامانجی سەربازییە) و تیرۆری سەرۆك حکومەتێك یاخود سەرکردەیەکی دی، کە لە ڕووی ناوبانگ و گرنگییەوە هاوشانی سەرۆك حکوومەت بێ، بۆ نموونە (مارتین لۆتەر کینگ) ناگرێتەخۆ. ئەم پێوەرە هەروەها ئەو کردارانەی لەواندا هێرشبەران هەوڵدەدەن ڕێژەی قوربانیانی مەدەنی دابەزێت، ڕەچاو ناکات.

## پێوەری هێرشکردن

هەروەك لە چەمکی تیرۆریزمەوە هەڵدەهێنجرێت، تیرۆریزم هەوڵێکە بۆ خوڵقاندنی ترس و تۆقاندن. بۆیە کردارە تیرۆریستییەکان لە هەوڵی ئەوەدان ڕای گشتی بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن و شۆکی گشتی، تۆقاندن و ترس بهێننە ئاراوە. هەروەها ڕەنگبێ مەبەستی تیرۆریستەکان وروژاندنی پەرچەکرداری نارێك و نابەجێی دەوڵەتان بێت. ئەم پێوەرانە هۆلۆکۆست و حاڵەتی دیکەی ڕەگەزکوژیی کە بە مەبەستی لە ناوبردنی بە کۆمەڵ ئەنجامدەدرێن تاکو دروستکردنی ترس و بەزۆریش بەشاراوەیی دەهێڵدرێنەوە تاکو بە ئاشکرایی دەربڕێن، ڕەچاو ناکات.

## پێوەری پاڵنەر

کردارە تیرۆریستییەکان بەنیازی گەیشتن بە ئامانجی سیاسی یا ئایینی ئەنجامدەدرێن، نەك ئامانجی شەخسی. بۆ نموونە، گروپێکی (گەنگستەری) لە



دزانی بانك کە بەرێوەبەری بانك دەکوژن و قاسەکە دەتەقێننەوە و بەدزینی هەموو شتێکی ناوەوەی هەڵدێن، لە بنەڕەتدا بە تیرۆریست لەقەڵەم نادرێن، چونکە پاڵنەرێکی شەخسییان هەبووە. وەلێ ئەگەر بێت و گروپێکی گەنگستەری تیرۆرێکی بەم چەشنە بەمەبەستی هێنانەوەی قەیران لە متمانەی گشتیدا بۆ سیستەمی بانکی و دوابەدوای ئەوەش ناسەقامگیرکردنی ئابووری ئەنجام بدەن، ئەو گروپە دەکەوێتە خانەی گروپە تیرۆریستەکانەوە. ئەم پێوەرە تاوانە ڕێکخراوەکان (بۆ نموونە مافیا) لە بەرچاو ناگرێ.

## پێوەری ئەنجامدەری تاوان

هەندێ کەس پێیانوایە کە حکومەتێکی شەرعی بەپێی پێناسەکە، ناتوانێ ئالوودەی تیرۆریزم بێ بەهەموو شێوەو جۆرەکانییەوە. بەم پێیە، دەوڵەتێك دەکارێ تاوانی جەنگی یان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامبدات، بەڵام ئەم کردارانە جیاوازن لە تیرۆریزم. ئەم پێوەرە، جەنگی نێوان دەوڵەتان، زوڵم و ستەمی حکومەت دەرهەق بە هاوڵاتیان، هۆلۆکۆست و بۆردومانی ئەتۆمیی هیرۆشیما و تەنانەت مین چاندنی لۆکەربی ڕەچاو ناکات.

## پێوەری شەرعییەت (ڕەوایەتی)

زۆر لە پێناسەکان هەڵگری ئەو مەرجەن کە کرداری تیرۆریستی دەبێ نایاسایی و ناشەرعی (ناڕەوا) بێت. بەسەرنجدان لە نەبوونی ڕاڤەکارێکی بابەتی بۆ

ماددەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئەم پێوەرە زەینیترین پێوەرە لە پێناسەی تیرۆریزمدا. بۆ نموونە، بەشێوەیەکی گشتی یاسا نێودەوڵەتییەکانی جەنگ لەمەڕ بەئامانجکردنی خەڵکانی مەدەنی بێدەنگی نواندووە، بە جۆرێ کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا هیچ پرسیارێك لەوەدا نامێنێتەوە کە کردارگەلێکی وەك بۆردومانی ئەتۆمی هێروشیما و بۆردومانە قورسەکەی (سدن)، ئەنجامدرا، بەئاگابوون لەو مەسەلەیەی کە قوربانیانی مەدەنی زێتر دەبن لە قوربانیانی سەربازی، هەرچەندە لە ڕووی یاسابییەوە ئەو کردارانە پاساویان بۆ هێنرایەوە، چ بە پەنابردنەبەر مافی بەرگری لەخۆکردن و چ لەسەر بنچینەی ئەو پاساوهێنانەوەیەی کە ئەوان بە زووتر کۆتاییهێنان بە جەنگ ڕێگەیان لە زیادبوونی قوربانیان بە هۆی بەردەوامی جەنگەوە گرت.

هیچ پێناسەیەکی تەواو لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ تیرۆریزم پەسند نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێناسە ئەکادیمیەی کە لە لایەن هەمووانەوە پەسەندکراوە و بە هۆی (ئەی. پی. شمیت)، کە یەکێکە لە شارەزایانی بواری تیرۆریزم خراوەتە ڕوو، لە ئاستێکی بەرفراواندا لەلایەن زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە سوودی لێوەرگیراوە. بەپێی ئەو پێناسەیە تیرۆریزم بریتییە لە: بەکارهێنانی شێوازی دووبارەکردنەوەی کرداری توندوتیژئامێز بە ئامانجی هێنانەوەی دڵەراوکێ و پەشێوی و نیگەرانی بەهۆی ئەکتەری شاراوە یان نیمچە شاراوەی تاکەکەسی و گروپەکانییەوە یاخود (Assassination)ی حکومی بۆ هۆکاری شەخسی، تاوانکاری یاخود سیاسی. بە پێچەوانەی تیرۆر، لە تیرۆریزمدا ئەو ئامانجە ڕاستەوخۆیانەی کە توندوتیژی لە بەرامبەریان بەکاردەهێندرێ، ئامانجی سەرەکی تیرۆریستان نین. قوربانیانی بەکارهێنانی توندوتیژی بەگشتی بەپێی ڕێکەوت (ئامانجەکانی دەرفەت) یاخود هەڵبژاردن (ئامانجە



سیمبولییەکان) لە ناو کۆمەڵە مرۆڤێکدا وەکو ئامانج هەڵدەبژێردرێن و، وەکو دروستکەرانی پەیام کاردەکەن. پرۆسە پێوەندییەکانی پشتبەستوو بە هەڕەشە یان توندوتیژیی نێوان تیرۆریستان یان ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و ئەو ئامانجە سەرەکییانەی دەکەونەبەر هێرێشکردنی بۆ کاریگەری خستنە سەر مەخاتەبە سەرەکییەکانی کرداری تیرۆریستییەکان و کردنی بە ئامانجی ترساندن، ئامانجی داواکاری یان ئامانجی جێگەی سەرنج و بایەخ، بەندن بەوەی کە کامە حاڵەتی ترساندن، ناچارکردن یان ڕاگەیاندن بایەخی پێدرابێ. هەروەها شمیت پێناسەیەکی یاسایی کورتی بۆ تیرۆریزم پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە، بەو شێوەیەی کە کرداری تیرۆریستی دەبێ وەکو هەنگاوێکی هاوشێوەی (تاوانەکانی جەنگ لە کاتی ئاشتیدا) بخرێتە پێش چاو. ئەو پێناسەیە پرسیار لەسەر شەرعییەت دەورژێنێت.

پێناسەکانی تیرۆریزم جێگیرنین: تیرۆریزمیش هەر وەك گشت چەمکە بە سیاسیکراوەکان، پەرەسەندنی مێژوویی بەخۆیەوە دەبینێ. سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا لە وەڵامی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا، تیرۆریزمیان لە دەقێکی دژایەتی ئامێزی جیهانی دژ بە دیموکراسییەکانی خۆیان پێناسەکرد. ئەم مەسەلەیە ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە لە پێناسەکردنی تیرۆریزمدا جەخت لەسەر جەوهەری حکومەتی وڵاتێك بکرێتەوە نەك ئامانجەکانی هێرشێکی تایبەتی یاخود شێوازە تایبەتییەکانی، هەروەها ئەوەش دەگەیەنێ کە ناچارکردن هیچ پێوەندییەکی بە پێناسەی تیرۆریزمەوە نییە. تیرۆریستان نایانەوێ حکومەت هیچ کارێکی تایبەت ئەنجام بدات، بەڵکو ئەوان داوای ونبوون و لابردنی حکومەت دەکەن.

یەکێتی ئەوروپا لە پێناسەی خۆیدا بۆ تیرۆریزم لە ساڵی ٢٠٠٤، تیرۆریزمی بە ناسەقامگیرکردن (لەرزۆککردن) یان تێکدان و شێواندنی بونیادە سیاسییەکان، دەستوور، بونیادە ئابووری یا کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتێك ناوزەد کردووە، بیرۆکەی جەنگی دژ بە دیموکراسی پێوەندی بە تیۆری پێکدادانی شارستانییەتەکانەوە هەیە.

## بیرکردنەوە لەسەر تیرۆریزم

ئەو دەستەواژەیەی کە دەڵێ ئەو کەسەی بە تیرۆریست ناوزەد دەکرێ هەمان ئەو کەسەیە کە بە تێکۆشەری ڕێگای ئازادی دادەنرێ بەقەد مێژووی جەنگی دژ بە تیرۆریزم کۆنە. لە کاتی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ەوە، وشەی تیرۆریزم بەشێوەیەکی بەرفراوان بەسیاسی کراوە. چونکە ئەم چەمکە مانایەکی ناڕاستەوخۆ و لاوەکی سلبی هەیە بەبێ ئەوەی پێناسەیەکی یەکگرتووی پەسەندکراوی بۆ کرابێت، بۆیە ئارەزوویەکی یەکجار زۆر بۆ سوودوەرگرتن لەو چەمکە لە ئارادایە، بەڵام تەنیا کاتێ کە لە ڕووی سیاسییەوە بەردەست بێت.

لە ڕاستیدا پێناسەی ڕاستەقینەی تیرۆریزم زۆر دەلالەت ناکاتە سەر ئەوەی کە دەبێ چ گروپێك و چ کردارێکی توندوتیژیئامێز بە تیرۆریست ناوزەد بکەین. دەشێ ئەم ناوە بەتێپەڕینی کات گۆڕانی بەسەردا بێت. ئاماژە بەگوتەی (ڕێگان) لە بەیاننامەیەکدا کە بەبۆنەی ڕۆژی سەربەخۆیی ئەفغانستان لە ساڵی **١٩٨٣**دا بڵاوی کردەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەم گۆڕانە. لە بەشێك لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو کە ((تراژیدیای ئەفغانستان)) لە قاڵبی پشتیوانی و هەوڵ و تەقەلای ئازایانە و چاونەترسانەی خەباتکارانی ئازادیی ئەفغانستان لە بەرامبەر هێزی دڕندانەی یەکێتی سۆڤیەت و داگیرکردندا، بەردەوام دەبێت... هێزەکانی سۆڤیەت



کەوتوونەتە داوی دوژمنایەتی و شەڕێك لە دژی خەڵکێکی نائاسایی و جیاواز کە ئیرادەیان بۆ پاراستنی خەسڵەتی سەرزەمینە دێرینەکەیان لەپێناو خۆڕاگرییەکی کاریگەردا ڕێکخراوە و وەها بەرگریکردنێکیشیان لە سەرتاسەری وڵاتدا بڵاوکردۆتەوە. خۆڕاگری و کۆڵنەدانی تێکۆشەرانی ئازادیی ئەفغانستان نموونەیەکە بۆ گشت مرۆڤێکی جیهان لەمەڕ تێکنەشکانی ئامانجەکانمان، کە لەو وڵاتەدا بەڕێز و عیززەتێکی تەواوەوە پارێزگارییان لێدەکرێ، ئارمانجەکانی ئازادی و سەربەخۆیی. بە بۆچوونی زۆرێك لە ڕەخنەگرانی سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، ئەم سیاسەتە پێویستی بە سەرنج و بایەخێکی تیۆریی زۆرتر هەیە، بەتایبەتی سەرنجدانی تیۆری لە کەڵك لێوەرگرتنە ناوخۆییەکانی. لەو بۆچوونەوە، تیرۆریزم لە سەرەتادا بە ساختەیەکی (ساختەکارییەکی) کۆمەڵایەتی دەمێنێتەوە، بەتایبەتی ساختەیەکی سیاسی. بەڕای (تۆماس تیۆریم) بیروباوەڕەکان توانای ئەوەیان هەیە کە واقیعەتە سیاسییەکان دەستنیشان بکەن. تەنانەت ئەو شتە ڕاسترە کە بیروباوەڕەکان بەهۆی دەوڵەتەوە دەپارێزرێن.

بۆ نموونە، جەنگی دژ بە تیرۆریزم کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بنەڕەتی لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا جێهێشتووە، هەر چەندە ناتوانرێ کاریگەرییەکەی لەگەڵ ئەو کاریگەرییەی لەسەر بەرەی ناوخۆیی بەدرێژایی جەنگی دووەمی جیهانی جێهێشتووە، بەراورد بکرێ.

(نوام چۆمسکی) لە رەخنەگرە هەمیشەییەکانی سیاسەتی دەرەوە و سەربازیی ئەمەریکا، دەڵێ: چەمکی تیرۆریزم بەشێوەیەکی ستاندارد بۆ گەڕانەوە بۆ تیرۆریزمێك بەکاردەهێنرێ، کە (ئەوان) لە دژی (ئێمە) بەکاردەهێنن، هەر

کەسێك دەکرێ ئەم (ئێمە)یە بێت؛ تەنانەت خراپترین تاوانکاران بۆ نموونە نازییەکانیش رەوتێکی وایان پێ قبوولە. چونکە سامان و هێز، پەیڤ و زاراوەکانی جێی بایەخیان بەگرنگ دەردەخەن، بۆیە چەمکی تیرۆریزمیش لە کردەوەدا بۆ ترسێك سنووردار کراوە کە ئەمەریکا و کڕیارەکان و هاوپەیمانەکانی دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

چۆمسکی لەو بڕوایەدایە کە تیرۆریزم بەشێوەیەکی بابەتیانە بۆ وەسفکردنی هەموو جورێکی تایبەت لە ڕەفتار بەکارنابردرێت، بەڵکو وەکو تایبەتمەندییەك بەکاردەبردرێ کە دوژمنی جێی مەبەست، بە ئاڕاستەی بەرزکردنەوەی بێزاری و توندتیژی ئەخلاقیدا بە دێوڕەفتار نیشانبدات. پەرچەکرداری باو بریتییە لە جیاوازی بیروبۆچوون لەسەر ئەوەی تیرۆریزم بدرێتە پاڵ تاکەکەس یاخود گروپێکی ئامانجێکی تایبەت. بەزۆری ئەم چەمکە تێکەڵاوی تۆمەتبارکردنی بەرامبەر دەبێت. ناکۆکی و ناتەبایی لەسەر (ئیکۆ تیرۆریزم) نموونەیەکی باشە لەو مەسەلەیەدا. ئەم زاراوەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆ گەڕانەوە بۆ هەنگاوەکانی ئیکوتاژ ئەو کۆمیسیۆنەی کە لە لایەن پیشتیوانانی ژینگەوە بنیاتنراوە، بۆ نموونە هەنگاوی دژ بە مشارەماکینەییەکانی داربڕین، بەکاردەهێنرێ. ئەو کەسانەی لەگەڵ لایەنگرانی ژینگەدا هاودەردی و هاوسۆزی دەنوێنن، کۆمپانیاکانی تەختە دارەکان وەکو ئیکو تیرۆریستی ڕاستەقینە دەناسێنن. چونکە دارستانەکان تێکدەدەن و ئیکۆسیستم لەناودەبەن. وا پێدەچێ لە درێژخایەندا ئەو جۆرە کێشمەکێشەو ململانێیە ببێتە هۆی بەجەمسەرییبوونی دانیشتووان لە دەوروبەری فیرقە و گروپی یار و نەیاری ئەم بابەتە و ڕەنگبێ هەر ئەم کێشمەکێشە شەرعییەتی سیاسی دەوڵەتان بتوێنێتەوە. بە واتایەکی دی، ئارەزووی خەڵك بۆ قبووڵکردنی حکومەت و بڕیارە دادوەرییەکانی حکومەت،



تەنانەت گەر ئەوان لە ڕووی شەخسییەوە لەگەڵیدا ناتەباو دژ بن، بەرەو کزی و دابەزین بچێ.

ئەگەر چەند بەشێکی گەورە لە دانیشتووان یەکتری بە تیرۆریست ناودێر بکەن، ئەگەری ئەوە زۆرە کە هاوبەشبوون لە بەهاکان و ڕێزلێکگرتن چیتر ناتوانێ کارایی هەبێ. پێدەچێ ئەوە باس و گفتوگۆیەکی جیددی بێت نەك تەنیا بەکارهێنانی وشەیەك. گفتوگۆگەلێکی هاوشێوەش هەیە لە نێوان ئەو گروپانەدا کە پێیان دەگوترێ (پشتیوانی ژیان) و (پشتیوانی هەڵبژاردن) لەمەڕ باسی (کوشتنی کۆرپەلە). لە زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەمجۆرە بەرەنگاربوونەوە و کێشمەکێشی سیاسی لە ئارادایە کە بەڕاستی کێ تیرۆریستە؟ بۆ نموونە نوام چۆمسکی لەو بڕوایەدایە کە تیرۆریزم لە جۆری خۆیدا بەهۆی هەندێ حکومەت و لەڕێی ڕێکخراو، پشتیوانی دارایی یا مەشقپێکردنی گروپەکانی مەرگ و گروپە نیمچە سەربازییەکانەوە، پشتگیرییان لێدەکرێ و بەکاردەهێنرێ و، سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو کارە بەزۆری بەناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم ئەنجام دەدرێ. بەڕای ئەو هۆیەکانی تیرۆریزم بریتین لە هەوڵگەلێك لە پێناو دەستخستن یاخود پاراستن و پەرەپێدانی دەسەڵات بەهۆی پاڵپێوەنانی گروپەکان بۆ دوژمنایەتیکردنی یەکتر بەجۆرێك کە ببن بە دوژمنی کەللەڕەقی یەکتری. ئا بەمجۆرە جەمسەربەندی کۆمەڵایەتی ڕووەو زیادبوون دەچێ. سیاسەتی ئەمەریکا لە نیکاراگوای بەپێی بۆچوونی چۆمسکی وەکو نموونەیەك لەو بابەتە باسکراوە. تۆمەتباکردنی دوولایەنەی بابەتەکە دۆزینەوەی پاڵنەرەکانی تیرۆریزم ڕەتناکاتەوە. مینرێژکردنەکانی میترۆی مەدرید لە ١١ی مایسی ٢٠٠٤ دا دوای ئەو لێدوانە سیاسییانە ڕوویدا کە لە بارەی جێگیرکردنی هێزەکانی ئیسپانیا لە عێراق لە لایەن حکومەتی (ئازنار) لە ئارادابوون و دەستێکی کاریگەریان هەبوو

لە شکستی ئەودا، لە هەڵبژاردنە میلییەکانی ئیسپانیادا. کان لۆینگستۆن، بەڕێوەبەری شارەوانی لەندەن دوای تەقینەوەکانی لەندەن لە لێدوانێکیدا گوتی: ٨٠ ساڵ دەستێوەردانی ڕۆژئاوا لە سەرزەمینە عەرەبیەکاندا بەهۆی پێویستبوونی بە نەوت یەکێك بووە لە هۆیەکانی مینرێژکردنەکانی لەندەن لە ٢٠٠٥ دا.

گروپە جیاجیاکان تیرۆریزم ڕیسواو ئیدانە دەکەن و لە بارەی لایەنگرو پشتیوانەکانییەوە سوود لە وشەی لەکارخستن یاخود وشەی ئیجابی وەردەگرن و کردارەکانیان بە خەبات لە پێناو ئازادیدا دەزانن و، بە خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی یاخود نیمچە سەربازییەکان ناوزەدیان دەکەن. بەکارهێنانی وشەی لەمجۆرە لەبەر ئەوەی کە زاراوەگەلێکی وەك نیمچە سەربازی یاخود شۆڕشگێڕ مانایەکی کەمتر سلبیان هەیە بۆ وشەی تیرۆریزم.

**سەرچاوە:**

ئەنتەرنێت. htt:www.noandish.com/vergen3.php?id=85

**تێبینی:**

ئەم وتارە پێشتر لە (٣) بەشدا لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە.